ج١اسماء الله الحسنى /ن.محمدعزيزلۆتەرى.

چۆن بەتێگەیشتن وزانین ودوعاپێ کردن وستاییش پێکردنی اسماء الله الحسنى شایانی چوونە جەننەت دەبین؟؟بەشی یەکەم



کۆکردنەوەوئامادەکردنی:محمد عزیز لۆتەری.

پێڕستی بابەتەکان:

ج١اسماء الله الحسنى /ن.محمدعزيزلۆتەرى.

بەشى يەكەم

پێشەكى:

پايەوگرنگى شارەزابوون لە اسماء الله الحسنى لە زانستى عەقيدەدا.

بنەماكانى عبادەتكردن بە و ئيسمە پيرۆزانە.

بۆچى الله حوسنا وجوانترينى بۆ ئيسمەكانى هەڵ بژارد وئەقوى وبەهێزترين وهيچ پێوەرێكى ترى بۆ ئيسمەكانى هەڵنەبژارد؟

هەر ئيسمێك پەرستشێكى تايبەت بەخۆى هەيە.

زانينى هەندێك لە نهێنيەكانى مافەكانى الله لەسەر بەندەكان و مافەكانى بەندەكان لەسەر الله.

هيچ شتێك(الشيء)نەكردن بەهاوبەش بۆالله واتاى چيە؟

ج١اسماء الله الحسنى /ن.محمدعزيزلۆتەرى.

الله بەهیچ شتێکی مەخلوق وتایبەت
مەندیەکانیان وچۆنێتیەکانیان ودۆخەکانیان
ناچێ.
ددانەکانی کلیلی(لا اله الا الله محمد رسول الله)
تێگەیشتنە لە ئیسمەجوانەکان:
جیاوازی ئیسم و موسەمما چیە؟
ئایائیسمی عەرەبی بەرامبەرناوە لەکوردی؟
گرنگی ئەم بابەتە لەقورئاندا:
ئیلحاد لە ئیسمەکان لای ئیبن عوسەیمین:
ئایا دەستەواژەی الله،اللهم ،ئیلوهیم، ئیل،ئینلیل
دەتوانرێ وەربگێڕدرێ بۆ دەستەواژەی تر ؟؟
دەستەواژەی الله ،ئینلیل،ئیلۆهیم ،ئیل
لەزمانەکانی سۆمەری وئەکەدی وئارامی
وعیبریدا.
چەند پرس و وێستگەیەکی گرنگ لەتێڕوانین
بۆ بنچینەکانی ئیسلام ناسی:

ج١اسماء الله الحسنى /ن.محمدعزيزلۆتەرى.

بابەتى وەرگێڕانى ئيسمى الله بۆ خوا وخودا وگۆد:

بەڵگەكانى هێشتنەوەو وەرنەگێڕانى دەستەواژەى الله بۆ هيچ دەستەواژەى زمانێكى تر:

هۆكارەكانى جياوازى دەربڕينى دەستەواژەكان :

گرنگى ئەم بابەتە لە سونەتدا:

ئەوئيسمانەى شايانى الله ن دەكرێن بەم بەشانەوە لەفەرمودەدا:

گرنگى دەستەواژەى شەهادە لەقورئاندا.

ئايا اله تەنها بەمانای معبود وپەرستراوی حەقە وهيچ واتايەكى ديكەى نيە؟:-

بەڵگەولێكدانەوەوشرۆڤەى زانايان بۆزاتێكى داڕنراو لە سيفات:

ج١اسماء الله الحسنى /ن.محمدعزيزلۆتەرى.

١-ئايا لەكاتى نزول ودابەزينى پەروەردگارلەسێيەكى شەواندا عەرش لە الله خاڵى دەبێ ؟

ئايا الله نفس و ئيسمەكانى هەيە؟ يان زات وسيفاتەكان؟؟

ئايائەوەى لەسەرعەرشە نەفسە يان ذاتە؟

ئايا بوونى كەسێک يان شتێک لە يەک كاتدا لەچەند شوێنێک پێچەوانەى عەقڵە؟

ميعراجى بيروهۆشێكى سەرسام لەپەراوێزى سورەتى سوبحاندا:

هەڵسەنگاندنى ڕووداوى الإسراء والمعراج لە تەرازووى زانستى سەردەم دا.

دابەش كردنى سيفاتەكان بۆ سيفاتى زات وسيفاتى فعل وسيفاتى خەبەرى كەى وچۆن كراوە؟

ئايا بڕيار دانى سيفات بۆ الله دروستە؟

ج١اسماء الله الحسنى /ن.محمدعزيزلۆتەرى.

حلول وئيتحادى خالق و مەخلوق لەنێوان ئەندێشەو وڕاستيدا .

چۆنێتى پەيوەندى خالق وبەديهێنەر بە بونەوەرو گەردوون و جيهانەوە.

چۆنێتى پەيوەندى نێوان ڕوح ولاشە لە مرۆڤەكاندا.

نهێنيە شاراوەكانى ڕوح و مردن .

-ژيانناممەى وليدى كوڕى موسليم،گێڕەرەوەى ئەو فەرموده كه ٩٩ئيسمه جوانترينەكانى الله ى كۆكردۆتەوە:

-هەندێک لەوزانايانەى كەهەوڵى سەرژمێرى ئيسمه حوسناكانى الله يان داوه.

بەشى دووەم:

-پێوەرى نوسەر بۆ سەرژمێرو ڕيزبەندى ئيسمه جوانترينەكان:

-ڕیزبەندی ٩٩ئیسمەکان بەپێی
زۆرتردووبارەبونەوەیان لەقورئانی پیرۆزدا :
-الله(٢٧٢٤) لا اله الاهو :١-الرب(٩٨٠)
٢-٣- الرحمن الرحيم(٤٠٠)
٤-العليم(١٥٧)
٥-العزيز(٩٢)
٦-الغفور(٩١)
٧- الحكيم(٩١)
٨-الحميد الحمد(١٧+٤٣=٦٠)
٩-الاعلم علام الغيوب عالم غيب السموات والارض(٥٠)
١٠-القدير(٤٩)
١١-الخبير(٤٥)
١٢-السميع(٤٥)
١٣-الاله(٤٣)

١٤.-البصير(٤٢)

١٥-السبحان(٣٣)

١٦-العلي الاعلى تعالى المتعال العليا (٢٨)

١٧-الولي المولى(٢٨)

١٨--فضل الله -ذوالفضل العظيم-الكبير(٢٥)

١٩-الواحد الاحد (٢٣)

٢٠-الملک المليک المالک(٢٣)

٢١-الخير(٢١)

٢٢-شديد العذاب والعقاب المنتقم وذوانتقام (٢٤)

٢٣-الشهيد والشاهد(٢١)

٢٤-الغني المغني(١٩)

٢٥-الحسيب، حَسْبِ،سريع الحساب اسرع الحاسبين.(١٨)

٢٦-الخالق الخلاق(١٥)

٢٧-الوكيل(١٤)

٢٨-عالم الغيب والشهادة(١٣)

٢٩-الحق(١٣)

٣٠-القادر (١٢).

٣١-التواب وقابل التوب:(١٢)

٣٢-القوي،ذوالقوة(١٢)

٣٣-الحليم(١١)

٣٤-الرءوف(١٠)

٣٥-الواسع(٩)

٣٦-الغافر الغفار ذوالمغفرة الواسعة(٩)

٣٧-الله لا اله الاالكبير الاكبر المتكبر وله الكبرياء(٨)

٣٨-المحيط:(٨)

٣٩-القاهر القهار:(٨)

٤٠-تبارك(٨)

٤١- اللطيف (٧)

٤٢-الشاكرالشكور:(٧)

٤٣-الله لا اله الا هو العظيم(٦)

٤٤-لا اله الا الرازق الرزاق(٦)

٤٥-الحكم احكم الحاكمين.(٦)

٤٦-الحافظ الحفيظ.(٦)

٤٧--الفاطر،فاطر السماوات والارض(٦)

٤٨-الله لا اله الا هو جاعل ال....(٦)

٤٩-الكريم الاكرم الاكرام.(٥)

٥٠-العفو(٥)

٥١-الناصرالنصير(٥)

٥٢-الحي(٥)

٥٣-القيوم القيام القائم ا(٥)

٥٤-فعال لمايريد٢+فاعلين٣=٥

٥٥-المنزل(٤)

٥٦-الوهاب (٣)

٥٧-الوارث:(٣)

٥٨-لا اله الا البارىء(٣):

٥٩-الله لا اله الا هو القريب:(٣)

٦٠-الله لا اله الا هوالرقيب(٣)

٦١-الفتاح خير الفاتحين(٢)

٦٢-الجامع،جامع الناس:(٢)

٦٣-الله لا اله الا هو البديع:(٢)

٦٤-الله لا اله الا هو القدوس(٢):

٦٥-الله لا اله الا هو الهادي(٢):

٦٦-الله لا اله الا هو الودود(٢):

٦٧-الله لا اله الا هو ذوالجلال والاكرام(٢):

٦٨--الله لا اله الا هو فالق الاصباح وفالق الحب والنوى(٢)

٦٩--الله لا اله الا هو المحي المميت مخرج الحي من الميت (٢):

٧٠-المجيد(٢)

٧١-المستعان(٢)

٧٢--الله لا اله الا هو الصادق الاصدق(٢)

٧٣-الله لا اله الا هو عدو الكافرين(١)+مخزي الكافرين(١)=(٢)

٧٤-اهل التقوى واهل المغفرة(٢)

٧٥-الصمد(١)

٧٦-البر(١)

٧٧-المتين(١)

٧٨-الغالب على امره(١)

٧٩-شديد المحال(١)

٨٠--رفيع الدرجات(١)

٨١-الله لا اله الا هو-الكافي(١)

٨٢--الله لا اله الا هو-المنذر(١)

٨٣--الله لا اله الا هو ذي الطول(١)

٨٤--الله لا اله الا هو ذي المعارج(١)

٨٥-الله لا اله الا هوالاول(١)

٨٦-الله لا اله الا هوالاخر(١)

٨٧-الله لا اله الا هو الظاهر(١)

٨٨-الله لا اله الا هوالباطن(١)

٨٩-الله لا اله الا هوالمؤمن(١)

٩٠-الله لا اله الا هوالمهيمن(١)

٩١-الله لا اله الا هوالسلام(١)

٩٢-الله لا اله الا هوالجبار(١)

٩٣-الله لا اله الا هوالكفيل(١)

٩٤-الله لا اله الا هوالمقيت(١)

٩٥-الله لا اله الا هوالمصور(١)

٩٦-الله لا اله الا هوالمبين(١)

٩٧-الله لا اله الا هوالمجيب(١)

٩٨-الله لا اله الا هوالبالغ امره(١)

٩٩-الله لا اله الا هو نور السماوات والارض (١)

١٠٠-الله لا اله الا هو الحفي.(١)

كۆى هەموويان=٢٧٠٧

كۆى دووبارە ئيسمى الله لەقورئاندا=٢٧٢٤هێشتا لەكۆى هەر٩٩ئيسمەكە لەقورئاندا زياترە.

بەشى يەكەم

پێشەكى:بايەخى ئەم زانستە لە ژيانى مرۆڤايەتيدا:

ج١اسماء الله الحسنى /ن.محمدعزيزلۆتەرى.

بنەماكانى عبادەتكردن بە و ئيسمە پيرۆزانە.

بۆچى الله حوسنا وجوانترينى بۆ ئيسمەكانى هەڵ بژارد وئەقوى وبەهێزترين وهيچ پێوەرێكى ترى بۆ ئيسمەكانى هەڵنەبژارد.

هەر ئيسمێك پەرستشێكى تايبەت بەخۆى هەيە.

پيرۆزترين پێزانين وزانيارى ودانايى، بريتيە لە زانين وتێگەيشتن وكاركردن وعبادەتكردن بە ئيسمە شكۆدارەكانى الله وبە ئەوتايبەتمەندى وجياكەرەوانە كەلەو ئيسمانە بۆ الله دانراوە.

يان بەدەربڕينى ئيبن القييم:...زانينى ئيسمەكانى وئاماروبژاردنيان بنچينەوبناغەى هەموو زانستەكانە،بۆيە هەركەسێ بتوانێ ئەم ئيسمانە وەك پێويست بژمێرێ ئەوە واتاتوانيويەتى هەموو زانستەكان بژمێرێ وئاماربكا..

چونكه هەموو پەيام بەران بۆ ناساندن وڕێنمايى كردن بۆچۆنێتى عبادەت وڕازى كردنى الله نێردراون(ان اعبدوا الله واجتنبوا الطاغوت)

وەجيهان و مرۆڤ وجنيش هەرلەبەر پەرستش وعبادەتى ئەودروستكراون

(وماخلقت الجن والانس الا ليعبدون).

،بۆيە هەموو بوونەوەر لە پێناوى ئەم زانين وناسين وپەرستش وعبادەتەى مرۆڤ وجنەكان بۆ الله دروست كراوە.

بەڵام ئەوعبادەتە دەبێ بەو پێزانينە بێ كە دينى ئيسلام لە قورئان وسونەت سەبارەت بە الله وئيسمە شكۆدارەكانى زانيارى پێداوين ،كەئەم بنەمايانە لەخۆدەگرێ:

١-ئەوئيسمانەى كە الله بۆخۆى هەڵبژاردون وكردونيە ئيسمى خۆى هەمويان حوسناو جوانترين وباشترينن، باوەڕمان بەهەموويان

هەیەو هیچ ئیسمێک کە اللە بۆ خۆی داناوە لەڕێ لانادەین ولەکاری ناخەین وبە هیچ لە دروستکراوەکانی ناچوێنین .

وەبۆیەش لەوئیسمانە پێوەری احسن وحوسنای بەسەر
اقوی=بەهێزترین،اکثر=زۆرترین....هتد
هەڵبژارد چونکە دەکرێ ئیسمێک بەهێزترین بێ ولەهەمان کاتدا قەبیح وناقۆڵاو ناشیرین بێ، وە ئیسمێک زانایی بێ بەڵام زانایەکی
ڕەتکراوەوبێزراوبێ،بەڵام حوسنا وئەحسەن، جوانترین ووباشترین هەرچەندزۆربێ هەرگیز ڕەتکراوە وبێزێنراونابێ، بۆیە حوسناوئەحسەن لە هەموو واتاوبەهاکانی بۆخۆی هەڵبژاردووە.

٢-فێربوون وتێگەیشتن لەوئیسمانە ڕێگای ڕەزامەندی وقبوڵ بوونی عبادەت
وکردەوەکانمان بۆ دەکاتەوەو بێجگە لەوڕێگایە هەموو ڕێبازێکی دیکە لەڕوومان داخراوە

بۆیە زانینیان لەهەموو زانیاریەک
پێویستترە،چونکە بەبێ زانینی
ئەوئیسمانە شایەتمانی:

(اشهد ان لا اله الا الله واشهد ان محمدا رسول الله) یەکەی ئیسلامەتیمان دانامەزرێ.

٣-بنچینەی ئیمان وزیادبوونی ئیمانیش
بەستراوە بە زانین وتێگەیشتن وکار کردن بەو ئیسمانە بۆیە شەش پایەی ئیمان و پێنج
کۆڵەکەی ئیسلام بەبێ ناسینی الله ی تاک وتەنیانابێ، ناشتوانین بەتەواوی الله بناسین تا ئیسمە جوان وشکۆدارەکانی نەزانین
وبەتەواوی تێیان نەگەین ولە پەرستش و هەڵس وکەوتمان ڕەنگ نەدەنەوە.

٤-ئیین قەیم دەڵێ:هەر ئیسمێک پەرستش وعبادەتێکی تایبەت بەخۆی هەیە،کەدەبێ مرۆڤ لەوڕێگایەوە بەندایەتی بۆ بکا وبە یەقین بزانێ کە بەتەنیا الله شایانی پەروەردگارێتی و

پەرستشە،تەنیائەوە کە دەتوانێ سود وزیان بە بونەوەران بگەیەنێ، هەرئەوە بەخشندەو لێگرەوە،هەرئەوە کە هەموو نهێنی وئاشکرایەکی زانیوەودەزانێ و دەبینێ ودەبیستێ بەبێ ئەوەی سنورێک بۆ زانین وبیستن وبینین وشارەزایی ئەوهەبێ ،هەربەتەنیا الله یە کەدەژییێنێ ودەمرێنێ و ڕۆزی دەداوبەدی دێنێ ولەناودەبا،هەرئەوە شایانی پشت پێ بەستن ومتمانە پێ بوون وخۆشەویستی وهۆگری، وەهەرئەو شایانی لێترسان ولێسڵەمینەوەوشەرم لێکردنە.

دەبێ هەمیشە مرۆڤ خۆلەوشتانە بەدووربگرێ کە الله پێی ناخۆشەو ڕقی لێیەتی تابەر تورەیی ونەفرەت وبێبەشکردنی ئەو نەکەوێ.

وەدەبێ هەمیشە بەوکارانەهەڵسین کە لای الله خۆشەویستمان دەکاو لێی نزیک دەبینەوە کەهەموو جۆرەکانی پەرستشە لە شەش پایەی

ئیمان و پێنج کۆڵەکەی ئیسلام و ڕەوشتی جوان ودوعاو لاڵانەوە بەتەنیا لە اللە بکەین.

بەڵام ئێمە چۆن عبادەتی هەریەکێک لەو ئیسمانە بزانین ؟ بێگومان کە واتاو پێناسەکانیان نەزانین ،ناشزانین چیمان لێ داوادەکەن،چونکە هەرئیسمێک لەوئیسمانە لایەنێکی لێوەشاوەیی وگەورەیی وپیرۆزی وتوانادارى وبێ سنورى وهەمیشەیی اللە مان پێ دەناسێنێ.

کاتێ لەوفەرمودانەی سەروەرمان علیه الصلاة والسلام دەخوێنینەوە لەبارەی حق ومافی بەندە لەسەر اللە ئەوەیە کە معاذ کوڕی جبل بۆمان دەگێڕێتەوە کە ڕۆژێک لە پاش کۆی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم سوارى گوێدرێژێک بووە.پێی فەرموە: ((ئەی مُعَاذُ، دەزانی حەق ومافی اللە لەسەربەندەکان چیە؟ئەی دەزانی مافی بەندەکان لەسەر اللە چیە؟)) گوتم : اللهُ

وَرَسُولُهُ زاناترينن. فەرمووى: بەدڵنيايەوە كە مافى الله لەسەربەندەكانى ئەوەيە كەتەنياعبادەتى ئەوبكەن وهيچ شتێک بە شەريک وهاوبەش بۆئەودانەنێن،مافى بەندەكانيش لەسەر الله ئەوەيە كە هيچ ئازارێكى ئەوكەسانەنەداكە بەڕاستى هيچ شتێک ناكەنە شەريكى ئەو.....)). مُتَّفَقٌ عَلَيهِ.

الله بەهيچ شتێكى مەخلوق وتايبەت مەندیەكانيان وچۆنێتيەكانيان ودۆخەكانيان ناچێ.

مەرجێكى زۆر ڕۆشن وساده هيچ شەيئ وشتێک بۆ الله مەكە شەريک وهاوبەش ،تابچيە بەهەشت، شتەكان ودياردەكان ودۆخەكانيان و چۆنێتى و وابەستە بوونيان بەكات و زەمان وشوێن ، خالقى بوونەوەر بەهيچ شێوەيەک لەهيچ تايبەتمەندیەک دا بەدروستكراوەكانى

ناچێ ولەوتايبەتمەندیان هاوبەشی هیچ کامیان نیە، چونکە ئەوتايبەتمەندی ودۆخ وچۆنێتیانە بۆ دروستکراوە شتەکان پێویستن بەڵام الله هەرگیز هیچ پێویستیەکی نیە .

بینینی ئێمە پێویستی بە تیشک هەیە تابببینین، بیستن وشەپۆلی دەنگی ئێمە پێویستی بەناوەندی هەوایی وئاوی هەیە تادەنگەکانمان بۆ بێنێ، جولّەو ڕۆیشتن وهاتن وچونمان پێویستی بە کات وشوێن هەیە ، بەڵام بینین و بیستن وڕۆیشتن وهاتنی الله هیچ پێویستی بە و ناوەندانە نیە ، الله لەسەروعەرشەوە کەلەسەرو هەموو دروستکراوەکانە لەهەموو شەودا هەمیشە نزول دەکابۆو شوێنانەی سێیەکی شەویان لێ دەبێ ، لە پانتایی گەردوونێک کە بە ملیۆنەها مەجەرەو ترلیۆنەهائەستێرەی تێدایە و لە دووریەک کەبە ڕەوتی تیشک ملیۆنان ساڵی تیشکیە ، ئەی چۆن الله ئەو هەموو دووریە دەپێچێتەوە؟ ئەم پرسیارە بۆکەسێکە کە

وابزانێ الله وەک شتەکان تایبەتماندە مادیەکانی شتەکان بەسەریدا دەچەسپێ، نەخێر لای الله مەسافە ودووری وکات کاریگەریان نیە لەسەر هاتن ونزولی ئەو .

جاهەروەک تایبەتمەندی دووریەکان هیچ کاریگەریان لەسەرخالق نیەو تەنیا کاریگەریان لەسەر دروستکراوو مەخلوقەکان هەیە ، کات وشوێنیش هەروایە وهیچ کاریگەریەکی لەسەرخالق نیە ولای خالق ئەودیاردانە وەک نەبن وایە .

هەندێک زانا کە پرسیاری کلیلی بەهەشتیان لێ کرا،گوتی کەڕاستە کلیلەکە(لااله الا الله) یە بەڵام هەمووکلیلێک ددانی هەن.

شەریک دانەنان وەک لە فەرمودەدا هاتووە شاراوە تر و پەنهان تر‌ە لە جوڵەی پێی مێرولە یەک لە تاریکە شەوێکی ئەنگوستەچاو لەسەر تاشە بەردێک ، بۆیە کە بمانەوێ لەم تاوانی

شەریک دانانە زۆرپەنهانەدەرچین وشایانی کلیلی (لااله الاالله محمدرسول الله) بین، دەبێ لە هەموو بوار و ڕوویەکەوە ئەم پاشایە دەسەڵاتدارە و بەدیهێنەرە شکۆدارە کە الله یە بناسین، ناسینەکەمان وەهابێ کە تەنیا الله بەئاشنا ودۆست ونزیک ویارمەتی دەری خۆمان بزانین، وەتاکەهۆکارو ڕێگەودەروازەش بۆ ئەو ناسینە ئەوەیە کە هەموو زانیاریەکی شاراوەو ئاشکرا لەسەر ئیسمە شکۆدارەکانی بزانین،بەوان بانگی بکەین،لێی بپاڕێینەوە،هاواری لێ بکەین،بەوان لێی نزیک بینەوەوخۆ لەتوڕەیی ئەو بپارێزین.

شارەزابوون وعبادەتکردن بەماناکانی ددانەکانی کلیلی (لا اله الا الله محمد رسول الله)تێگەیشتنە لە ئیسمەجوانەکان:

ئەوئیسمەجوانانە ددانەکانی کلیلی(لا اله الا الله محمد رسول الله) ن.

ج١اسماء الله الحسنى /ن.محمدعزيزلۆتەرى.

كەئەوانە نەزانين و بەكارنەهێنين،كليلەكەمان بێ ددان دەبێ ودەرگاكە ناكاتەوە.

محمد نەجدى لە پێشەكى كتێبى نهج الاسمى دەڵێ:

ئيسم لە سمو و شكۆدارى وعەلامەت ونيشانە وبڵندى يەوە هاتووە .

زجاج دەڵێ :ئيسم لە سمو داتاشراوە كە سمو واتە بڵندوشكۆدار.

ئيبن سەيدە دەڵێ:ئيسم ئەودەربڕينە يە كەدانراوە بۆ كرۆك وجەوهەروكاڵايەك يان بۆدياردەو وڕوداوێک.

تاكو كرۆك وشت وديارەو ڕوداوەكان لێک جيابكەينەوەو هەريەكەيان بناسينەوە.

ئيسم بۆ دانراوبە ئيسمەكەيەوە بڵند دەبێ وشكۆداردەبێ،چونكە ئيسم بەڵگەوئاڵاونيشانەی ئيسم لێنراوە،بۆيە زۆرشتى بێ ئيسم

هەیە،نەدەناسرێ ونەدەردەکەوێ ونەبڵند دەبێ،بڵکو چونکە بێ ئیسمە هەربەشارەوەیی دەمێنێتەوە.

هەربۆیە ئیماندارانی. هەردەم ئیسمەکانی الله لەسەر زمانیانە،بەوئیسمانە دەپپەرستن وخۆشیاندەوێ ولێی دەپاڕێنەوەو یادی دەکەن.

بەڵام مولحیدەکان کە نکولی لە ئیسمەکانی دەکەن، بۆیەدڵ ودەروونیان زۆر دوور و

بێئاگایە لە عبادەت وئیمان وخۆشەویستی الله، جاکاتێ ئەوان هەمیشە هەبووی شکۆداریان بیرکرد کەبوونی ئەوان وهەموو شتێک پاشکۆی وجودی ئەوە، الله خۆشی لەبیربردنەوە، نسوا الله فنسیهم-سورەتی تەوبە٦٧.

نسوا الله فانساهم انفسهم. سورەتی حەشر١٩

ئیسم هەم بە ئیسم ودەربڕینەکەو هەم واتا و ماناکەش دەگرێتەوە کە لەناودڵدایە ،جاری واش

هەیە کە ئیسم دەگوترێ ،مەبەست تەنیا دەربڕینەکەیە .

ئیبن تەیمیە لە باسی ئەوپرسیارەکە ئایا ئیسم موسەممایە یان نا دەڵێ:

مەبەستی جەهەمیەکان لەم بابەتە ئەوەیە کەبیسەلمێنن کە کەلامی اللە هەمووی ولەناو ئەوکەلامەش ئیسمەکانی دروستکراوو مەخلوقن چونکە کاتێک بووە اللە هەبووەوبەڵام هیچ ئیسمی نەبووە بۆیە ئیسمەکان مەخلوقن بەڵام موسەممائیسم بۆدانراوەکە مەخلوق نیە.

تەحاوی دەڵێ:هەندێک جاران کە ئیسمێک دەگوترێ مەبەست موسەمایە،کە کەسێک دەڵێ رحمن ورحیم ئیسمی اللە ن ئەوەڵێرە ئیسم وموسەمما بە یەک واتان.

بەڵام کە یەکێک گووتی ئیسمی رحمن ،رحیم ،حکیم ...چەند ئیسمێکی عەرەبین ،ئەوەڵێرە ئیسمەکە هەردەستەواژە دەربڕدراوەکە

ج١اسماء الله الحسنى /ن.محمدعزيزلۆتەرى.

دەگرێتەوەوموسەممای هەمیشە رحیم وحکیمی ئەزەلی وئەبەدی ناگرێتەوە.

کەواتە کە مەبەستی بێژەر بەو ئیسمە کێ وچ بوو ،ئەوە ئیسمی هەر موسەمایەک لەقەدەر خۆیەتی.بۆیە ئەهلی سونە دەڵێن ئیسم بۆ موسەمایە ولەقەدەرئەوە.

کەیەکێ شتێک یان کەسێکی لاشارەوەیە دەڵێ :سمە، واتە ئیسمەکەی بڵێ تا بیناسم
،لەعەرەبیدا سمە واتە ئەوشتە شاراوە
دەربخەوئاشکرای کە..)

ئیسم لە سمو و شکۆداری وعەلامەت ونیشانە وبڵندی یەوە هاتووە و وەک ناو ونام ونایم نیە کە ئاماژەی کرۆک وپێک هاتەی کیمیایی و چەندێتی لاشەیی مەبەست بێ.

پێویستە بڵێم کە دەستەواژەوگوزارشتی زمانە سامیەکان زۆر زەحمەت وەردەگێڕدرێن بۆ سەر زمانە یافسیە ئاریەکان ،چونکە زمانە

سامیه کان سمو و شکۆداری ڕوحانیەتیان
تێدایه بەڵام زمانه یافسیه ئاریەکان زیاتر
سروشتی مادەولاشەو پێک هاتەی لاشەیی
بەسەریاندا زاڵەو لای وان بوونیاد و هەبوون
تەنیا لەمادەو ناوەرۆک وکاڵای
بەرجەستەوبەرهەستدا دەبینن.

بۆیەش هەردوای تێکەڵ بوونی دینه
ئیبراهیمیەکانی یەهودی وسابئەونەسرانی
وئیسلام لەگەڵ ئەوگەله یافسیانه کێشەی
فەرهەنگی وڕۆشنبیری وعەقەدی
وبیروباوەڕی گەورەیان بۆ دروست بووه.

بەنمونه له یەهودیدا بۆته گۆڕەکەپەرستی
ولەلای سابئه بۆته ئەستێره پەرستی وله
مەسیحیەتدا کێشەی نێوان ڕوح و لاشەسەری
کێشاوه بۆ پەرستنی سێ ئقنۆم وله ئیسلامیش
ئاشوبی ئایا ئیسم و موسەما وتەسمیه یەکن یان
جیان؟ کێشەی نێوان موعتەزیلەو حەسەنی

بەسرى وپاشان موعتەزيلەى جەھەمى لەگەڵ ئيمام ئەحمەد لەسەر خەلقى قورئان ولەنێوان بوخارى و حەنبەليەكان لەسەركەلامى لەفزى ولەنێوان ئەشعەرى و دژەكانى لەسەركەلامى نەفسى و...هتد

هەموو ئەم كێشانە لەبابەتى ئيسم و موسەما وەهاتن ،چونكە لاى سامیەكان ئيسم پەيوەندى لەگەڵ موسەماكەى ئيعتبارى و ڕوحى وڕەمزيە و پەيوەندیەكى ئەندامى وئۆڕگانى نيە.

كەچى لاى ئاريەكان ئەم پەيوەندیە ى نێوان ناوو لاشە ئەندامیە ،كاتێ ئاريەك لە ناونراوێک دەپرسێ ناوت چيە ؟ واتە لێى دەپرسێ تۆ وەک پێک هاتەولاشە لەچى پێک هاتووى ؟لەچ ناوەند وبارودۆخ وتوخمێک پێک هاتووى؟

بەڵام کەسامیەک پرسیارلە ئیسمی
موسەمایەک دەکا واتە لێی دەپرسێ
نیشانەونمونەی هەرەباڵاوهێمای
شکۆمەندوهەرەبەرزوپیرۆزی تۆچیە؟

بۆیە ئەم دوو فێرگە زۆرزەحمەتە لەیەک بگەن ،وەلەدەق وبەڵێنەکانیش دین وڕوحانیەت و وەحی ونیگا دوای نوح وسام دراوەبە ئیبراهیم ونەوەکانی علیهم السلام ،بۆیە زۆرئەستەمە کە ئاریە یافسیەکان وحامیەکانیش کە ئەمڕۆ زیاد لەسەدا هەشتای جیهانن لەو ئیعتبارانە تێ بگەن.

جاچونکە واتای ئیسم لەگەڵ ناو جیاوازن ویەک واتانادەن بەدەستەوە من هەر ئیسمم بەکار هێناوە .

وەفەرمودەکەش زۆربەڕاشکاوی دەفەرموێ کە مەرجی ڕەزامەندی الله ئەوەیە کەهیچ شت=شیئ نەکرێ بەهاوبەشی.

ناو تەنیابۆ ناوەندە شتیەکان بەکاردێ وئیسم بۆ ڕوحانیەت بەکاردێ ،بۆیە مادام اللە خۆی شت نیە و هیچ شتێک شەریکی ئەونیە بۆیە ناکرێ بە ناویش ئاماژە بە ئیسمەکانی بکرێ، چونکە ناوتەنیابۆشتەکان بەکاردێ واللە وئیسمەکانی شت نین.

ناوناخە،نزمە نەویە، کرۆک وپێک هاتەی مادیە ولەمەدا ناوک سەنتەروگرنگە ،بەڵام لەلای سامیەکان سمو ، سیما توێکڵ گرنگە لەڕوحدا سەنتەر گرنگ نیە ،ڕۆخ وتوێکڵ گرنگە ،بۆیە عەرش کەتوێکڵی مەخلوقاتە ڕوحانیەکانە لە کورسی وئاسمانەکان گرنگترە، ئاسمانەکان تالەسەرەوەبن گرنگترن ئەوانیش لەزەوی پیرۆزتروگرنگترن، لە پەیکەری ڕوحیدا تالەتوێکڵی سەرەوە نزیکتربی سامی تر و پیرۆزتری ،بەڵام لەمادەدا تالەناوناختردابی گرنگتری.

٥-دڵمان تەنیا پەرستگای الله بێ بە زیکرو ویردو دوعاو خۆشەویستی وپشت پێ بەستن ولێترسان ومتمانە پێ بوون.

وەپاک کردنەوەی دڵ لەهەموو خڵتەوخاڵێکی حەسەدو ئیرەیی وچاوچنۆکی وبەدگومانی ودڵ ڕەشی ودڵ ڕەقی و دڵ پیسی وبەدنمەکی و تەڵەکەبازی و ڕژدی وچروکی.

هەروەها بەکارهێنانی هەموو ئەندامانی لاشە بۆ پەرستش وچاکەکاری و گوێڕایەڵی بۆ هەموو ئاکار وڕەوشتێکی جوان وباش ودوورکەوتنەوە لەهەموو بەدکاری و خراپەیەک.

گرنگی ئەم بابەتە لەقورئاندا:

-وَلِلَّهِ الْأَسْمَاءُ الْحُسْنَىٰ فَادْعُوهُ بِهَا وَذَرُوا الَّذِينَ يُلْحِدُونَ فِي أَسْمَائِهِ سَيُجْزَوْنَ مَا كَانُوا يَعْمَلُونَ (الاعراف 180)

تەنها بۆ الله يە هەموو ئيسمە جوان و پيرۆزەكان، جا (ئەى ئيمانداران) بەو ئيسمانە دۆعا و نزا بكەن و هاناو هاوارهەر بۆ ئەو بەرن، واز بهێنن لەوانەى كە لە ئيسمە پيرۆزەكانى ئەو دا لادان دەكەن و ، لە ئايندەدا سزاى ئەو كارو كردەوانەيان وەردەگرن كە ئەنجاميان داوە.

- قُلِ ادْعُوا اللَّهَ أَوِ ادْعُوا الرَّحْمَٰنَ أَيًّا مَّا تَدْعُوا فَلَهُ الْأَسْمَاءُ الْحُسْنَىٰ وَلَا تَجْهَرْ بِصَلَاتِكَ وَلَا تُخَافِتْ بِهَا وَابْتَغِ بَيْنَ ذَٰلِكَ سَبِيلًا (الاسرا 110)

پێيان بڵێ: ئێوە لە نزاو دوعاتاندا هاوار لە (الله) بكەن، يان بەئيسمى پيرۆزى (الرحمن) هاناى بۆ بەرن، بەهەر ئيسمێكى جوان و بەرز لەو دووانە هاوارى لێبكەن و نزا بكەن دروستە، چونكە ئەو خاوەنى هەموو ئيسمە پيرۆزو جوانەكانە. لەكاتى خوێندنى قورئان لە نوێژەكاندا دەنگ بەرز مەكەو زۆريش نزمى

مەكە، لەو نێوانەدا حاڵەتێكى لەبارو مامناوەندى ئەنجام بدە.

-اللَّهُ لَا إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ لَهُ الْأَسْمَاءُ الْحُسْنَىٰ (طه 8)

الله تەنيا يەكێكە كە جگە لەو پەرستراوێكى تر نيە، هەرچى ئيسمە پيرۆزو جوانەكان هەيە هەرتەنها شايستەى ئەوە.

-هُوَ اللَّهُ الْخَالِقُ الْبَارِئُ الْمُصَوِّرُ لَهُ الْأَسْمَاءُ الْحُسْنَىٰ يُسَبِّحُ لَهُ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَهُوَ الْعَزِيزُ الْحَكِيمُ (24)

هەر ئەو الله يە تاكە هەميشە بەديهێنەرو تاكەدروستكارە، (لە نەبوون هەرچى بيەوێ بەدى دەهێنێت)،هەرئەو نەخشە و وێنە كێشەرە، ئيسمە هەرە پيرۆزترين و جوانترينەكان، هەمووى شايستەى ئەون، هەرچى لە ئاسمانەكان و زەويدا هەيە ستايشى ئەو دەكەن ولەپێناوى نوێژكردن بۆ ئەو

دەجوڵێنەوەومەلەدەکەن، بەڕاستی هەر ئەو باڵادەستترین و داناترینە .

ئیلحاد لە ئیسمەکان لای ئیبن عوسەیمین:

شێخ محمد عوسەیمین لە بارەی ئەو ئیلحادەی کە ئایەتەکەی ئەعراف ئیماندارانی ئاگادارکردۆتەوە کە ئیلحاد لەبارەی ئیسمە جوانترینەکانی اللە دا نەکەن ،بەڕێزیان ئەو ئیلحادە لە چوار شێوەدا چڕدەکەنەوە کەئەمانەن:

١-نکولی کردن لەهەندێ لەوئیسمانە ونەچەسپاندنی ئەو ئاوەڵ ئیسم و تایبەتمەندیانەی لەو ئیسمەجوانترینانە وەردەگیرێ بۆاللە وەک نکولی کردن لەئیسمی الرحمن کەلەسەردەمی نەفامی نکولیان لێ دەکرد.

یان ئیسمەکەی بۆ بڕیاربدەی بەڵام نکولی لەوجیاکەرەوەو ئاوەڵئیسمەکەی بکەی کە

ئەوئیسمە جوانترینە لەخۆی دەگرێ وەک بیدعەکارە لەکارخەرو پێچوێنەرەکان-المعطلة والمشبهة- دەیکەن ودەڵێین الله رحیمە بەڵام ڕەحمەت و میهرەبانی نیە ،سمیعە بەڵام نابیستێ وبیستنی نیە...یان بیستن وبینین وهەموو واتای ئیسمەکانی الله بە هی دروستکراوەکان دەچوێنن....هتد

بەڵکو دەبێ ئیمانداربا وەڕی وابێ کە الله ی رحیم میهرەبانترینە، سمیعە وبەبێ سنور بیستەرترینە.وەلەو ئیسم وجیاکەرەوەشدا بەهیچ کام لە دروستکراوەکانی ناچێ..

٢-جۆری دووەمی ئیلحاد لە ئیسمەکانی الله ئەوەیە کە هەندێ ئیسم بەسەر الله دا بسەپێنی کە ئەو لە قورئان وسونەت بۆخۆی بڕیارنەداوە،چونکە ئەوەدەچێتە خانەی قسە هەڵبەستن بە دەم الله وە بە بێ ئەوەی زانستت

پێی هەبێ ، چونکە ئەوکردەوە بەدە بەئایەتی قورئانی قەدەغەکراوە و کردنی سنوربەزاندنە

-لا تقف ماليس لک به علم...- ،چونکە ئیسمەکانی الله تەوقیفین ،دروست نیەکە کەسێک هیچ ئیسمێکی لێ بنێ کە الله بۆ خۆی هەڵنەبژاردبێ .

ئەمەش وەک کاری هەندێ لە فەیلەسوفەکان کە ناوی دەنێن هۆکاری کارا،یان مەسیحیەکان ناوی دەنێن ئاب وئقنۆم .

٣-جۆری سێیەمی ئیلحاد ئەوەیە کە کەسانێک وابزانن کەئەوئیسمانە بەهەندێ ئاوهڵئیسم و تایبەتمەندی دروستکراوەکان بچوێنن.

هەرکەسێ پێی وابێ ئیسمەکانی الله واتە پێچونی بە دروستکراوەکانی ئەوەلەڕێڕەوی واتای خۆی لایداوەو پێی وایە کەلە فەرمایشتی قورئان وسونەت دا بانگەشە بۆ بێباوەڕی وکوفرکراوە،چونکە پێکچواندنی الله

بەدروستكراوەكانى كوفرە ،وەقورئانيش دەفەرموێ : {ليس كمثله شيء وهو السميع البصير=هيچ شتێ وەک ئەو ناچێ وئەو بيستەرترين وبيناترينە}.

نەعيمى كورِى حەماد ى خوزاعي مامۆستاى بوخاري دەڵێ:

هەركەسێ الله به دروستكراوەكانى بچوێنێ كافردەبێ،وەهەركەسێكيش نكولى لەو تايبەتمەندى و ئاوەڵ ئيسمانەبكا كه الله بۆخۆى هەڵبژاردوون كافردەبێ ،وەئەوتايبەتمەندى وئاوەڵئيسمانەى الله بۆخۆى هەڵبژاردوون هيچ تەشبيه و پێچواندنێكيان تێدا نيه.

٤-داتاشينى ناوى بت و پەيكەر و پەرستراوو خواوەندە درۆينەكان لەهەندێ لە ئيسمە جوانترينەكانى الله وەک داتاشينى اللات لە ئيسمى الله ،وەداتاشينى العوزى لەئيسمى عەزيز ،وەداتاشينى ناوى مەنات لە

ئیسمی المنان ،چونکه ئیسمەکانی الله
تایبەتمەندن بەو ،بۆیەنابێ ئەو ئیسمانه به
ناسێنراوی تر ولەگەڵ ئەلف ولامی تەعریف
وناساندن بۆناونانی پەرستراوه
دروستکراوەکان بەکاربێن ،واته نابێ بەکەس
بڵێین الحکیم ،العزیز ،القوی...هتد..چونکه
هەڵدانی ئەوئیسمانه لەسەرئەودروستکراوانه
درۆیەکی شاخدار وبوختانێکی بێ
بنەمایه،چونکه کەسیان ئەوەنین که پێیان
گوتراوه..

تاکو هەموو عبادەت وپەرستشەکان بەتەنیا بۆ
الله بن چونکه هەرئەوشایانی هەموو
پەرستشێکه..]

کەواته ئەم ئیسمه جوانترینانه چەند وێستگەو
نیشانەیەکن بۆ تەنیا یەک موسەما که الله یه ،
تاکو بەندەکان وئیمانداران بەم ئیسمانه دوعاو
پاڕانەوەو پەرستش وعبادەتەکانیان پێشکەش به

ج١اسماء الله الحسنى /ن.محمدعزيزلۆتەرى.

و تاكه موسەمماو هاوارلێكراوەبكەن كه الله يه كەهەڵنەستن بەوكاره ئەوه پشت هەڵكردو گونەهبارن، كەلەو سنورەش لايان دا ئەوه دەستدرێژكار وسنوربەزێنن و بەجۆره ئيسمێک داوايان لە ناونراوو موسەمايەک كردوه كه -ما انزل الله به من سلطان-

الله هيچ دەسەڵاتێكى بەم شێوه دوعاوپەرستش و پەناپێ بردنه نەداوه .

چەند پرس و وێستگەيەكى گرنگ لەتێڕوانين بۆ بنچينەكانى ئيسلام ناسى:

ن/محمد عزيز لۆتەرى.

پەيام و بەرنامەودينەكانى ئاسمان هەموويان بۆ مرۆڤه پڕهۆش وگۆش وعاقڵمەندەكان هاتوون وهەميشه چونكه مرۆڤ هەڵگرى عەقڵه بۆيه

هەمیشە ئەو مەبەست ودوێنراوو سەنتەری
وەحی وشەرعەکان بووەوهەموو پەیام
وپەیامبەرەکان بۆ نۆژەنکردنەوەوبەکارهێنانی
ئەوتاییەتمەندیەی عەقڵە هاتوون کە مرۆڤ
خاوەنیەتی، واتە هەمیشەوهەردەم نەقڵ گوڵێک
بووە بەتەنیالەکۆشی عەقڵ هاویژراوە، ئەو
چەپکەگوڵی نەقڵە کە پێشکەشی عاقڵ
کراوە،بۆیە عەقڵیش بە گۆڕانی
ژینگەودوروبەروکات وشوێنەکان
ئینجانەوگوڵدانی جیاجیای بۆوچەپکە گوڵە
کردوە، بێگومان کەعەقڵ لەسەرزەوی نەبوایە
دڵنیابن یەک خونچەش لەم چەپکەگوڵی
نەقڵەدانەدەبەزی بۆسەرزەوی، کەواتە باکەس
هەوڵی ئەوەنەداکە چەپکەگوڵی نەقڵ لەئینجانەو
مەشتەلی عەقل دەرێنێ وپێی وابێ ئەودەتوانێ
خزمەتی بکا،چونکە لەوئینجانەی عەقڵەدانەبێ
ئەوچەپکەگوڵی نەقڵە وشک دەبێ
وهەڵدەوەرێ.

بۆیە لەم هەژدە پرسەدا هەوڵم داوە کە ئەو گۆڕانکاریانە پیشاندەم کەلە ئینجانەی عەقڵ ڕویانداوە،لەوەتی ئەم چەپکە گوڵەیان بۆهاتووە، ڕاجیایی ئێمە ی ئوممەتی محمد وبگرە هەموو مرۆڤایەتی هەموو بەهۆی ئەوگۆڕانکاریە وردوشاراوەوپەنهانانەیە کەلە ئینجانەوکۆشی عەقڵ دا ڕویان داوەوهەندێ کەس ئەم گۆڕانانەیان لێ بۆتە بەشێک لە چەپکە گوڵەکە.

هەروەها نەناسینی یەکەم کۆشی کەچەپکە گوڵەکەی بۆهات کە رسولی ئەکرەمە علیه السلام وڕوپێوو لێکدانەوەی جزئی وبەشی بۆهەندێ بنەماگشتگیرەکانی وکورت هەڵێنانی بنەماگشتگیرەکان لە چەند تێگەیشتنێکی جوزئی سەرچاوەی زۆربەی تێنەگەیشتن وئاڵۆزی وقەیرانەکانی ئوممەتی ئیسلام ومرۆڤایەتین.

ج١اسماء الله الحسنى /ن.محمدعزيزلۆتەرى.

هيوادارم ئەم بنەماوڕێسايانە مافى خۆيان پێ بدرێ وببنە چارەسەرى زۆرلەوقەيرانانەى كەلەم ڕۆدا هەن..

پرسى يەكەم:

تەفسيركردنى استوى بە ئيستيلا وبەسەردازاڵ بوون لەخودى ئەبو حەسەنى ئەشعەرى هوە(260 - 324ك) نەگێڕدراوەتەوە بەڵكوپێش ئەو شارەزايانى زمان وەك زەجاج ،وتەفسيرزانەكان وەك محمد كوڕى جرير الطبري (لە 310ك مردوە) گوتويانە يەكێك لە هاوماناكانى ئيستوا ئيستيلاو ئيستيحوازە واتە بەسەردازاڵ بوون وبۆخۆبەركەنار كردن ،ئەى بۆ ئەشعەرى لەم بابەتەداناوى دێ وئەم گووتە بۆپاڵ دەدرێتە لاى ئەو؟

پرسى دووەم:ئەگەر ئيستيلا و ئيستحواز هاومانا بن ئەوانەى ئيستيلا بۆ الله سابت كەن دەبێ حەيز وگۆشەوجيهە وئاڕاستەشى بۆ

سابت كەن،بەڵام ئەوان حەيز وجيهەتى بۆ بڕيارنادەن،ئايائەم بەريەک كەوتنە لەوەوە هاتووە كەئەوان نازانن هەركەسێ ئيستيلا سابت كا واتە جيهە وئاڕاستەشى بۆالله بڕياردواوە؟

پرسى سێيەم :

زۆربەى زانايانى زمان وشارەزايانى زانستى تەوحيد بۆيە لێكدانەوەى ئيستيوا بە ئيستيلا ڕەت دەكەنەوە ،چونكە دەڵێن الله هەموو كات وهەرلەئەزەلەوە بەسەرهەموو شتێكدا ئيستيلاى كردوەوهەميشە زاڵ بووە بەسەرشتەكان،بەڵام كە بگوترێ سەردەمێک بوو الله دەسەڵاتى بەسەرعەرش دانەبوو دواتر زاڵ بوو،ئەوەپاڵدانى دەستەوستانيە بۆ الله.

بەڵام لەدەستەواژەى تەوحيديش هەمان واتاهەيە، زۆرلەزانايانى زمان اتحادوتوحيديان

بەوەلێک داوەتەوە کە الإِتِّحَادُ : صيرورة الشيئين الموجودين شيئا واحدا، التوحيد لەڕوی زمانەوانی: ((چاوگی وَحدَ يُوحِد،واتە جعل الشيء المتعدد واحِداً=شتەکەپێشدالەت وپەت وچەندين دانە بوو ئەو کردنی بەیەک))

هەربۆخۆی توحيد لەبابی تەفعيل ە،واتە فيعل وکردەوێک بۆخۆی کارانەبوو،بەڵام کەسێک هات کارای کرد، لێرەدا ئەوکەسەی شتەپەرتەکان یەک دەخاتەوە هێزو ئیرادەیەکە لەدەرەوەی شتەپەرتەکان ،ئەودێ یەکیان دەخا،بۆیەهەمان پرسیاری ئیستیواوئیستیلا لێرەش ڕووبەڕووی ئەوانە دەبێتەوە کە باسی تەوحید دەکەن،کەمادام الله هەرلەئەزەلەوە واحد ە ئەی چ پێویستی بەتەوحیدویەک خستنە؟، خۆ الله هەرگیز لەت وپەت نەبووە؟؟ ئەوجا تەوحید ویەکخستنی پارچەکانیشی الله خۆی نەیکا،بەڵکو بەندەکانی هەڵسن بەوکارە؟؟؟

ج١اسماء الله الحسنى /ن.محمدعزيزلۆتەرى.

پرسى چوارەم:

ئەبوحامدى غەزالى(٤٥٠-٥٠٥ك)

لە كتێبى ژياندنەوەى زانستى دين كەباسى زاراوەى تەوحيد دەكا،دەڵێ يەكەم جار موعتەزيلەكان ئەم زاراوەيان وەك يەكێک لە ڕوكنەكانى بيروباوەڕەكەيان داناوە بەناوى عدل وتەوحيد ،بەڵام دوايى كەسانى تريش بەماناولێكدانەوەى جياواز ئەو دەستەواژەيان بەكارهێنا..

بەربەهارى(233 ک / 329 ک لە شرحى سونەدادەڵێ:

ئەمانەنيشانەكانى ئەهلى بيدعەو-أهل الأهواء- هەوەس بازەكانن:

هەركەسێ خەڵكى تۆمەتباربكا بەتەشبيە بزانە ئەوە جەهەميە.

ج١اسماء الله الحسنى /ن.محمدعزيزلۆتەرى.

هەركەسێ خەڵكى تۆمەت باربكا بەوەى ناسبى ن بزانە ئەوەڕافزيە.

هەركەسێ بە تەوحيدەوەخەريک بێ وپرسيارت لێ بكا تەوحيدت چۆنە وتەوحيدم بۆ شى كەوە،بزانە ئەوە خەوارج و موعتەزيلەيە.

يان كەگوتى ئەوخەڵكە بۆتە جەبرى و باسى عدل بكا بزانە ئەوەقەدەريە.

چونكە هەموو ئەم زاراوانە - التشبيه،ناصبي،التوحيد،الإجبار،العدل.

چەند دەستەواژەوچەمكێكى داهێنراوو بدەن وئەهلى ئەهوا-دايان هێناون

پرسيارلێرەدائەوەيە كەكاسانى وەک ئيبن خوزەيمە (223 ك - 311 كـ)وزۆرێک لە ئيمامەكانى دواى ئەويش كە لەڕوالّەتدا زۆردژى موعتەزيلەن،كەچى دەچن ناوى ڕوكنێک لەڕوكنەكانيان لێ دەخوازن ودەيكەنە

مەبەست وپایەوڕوکنی بنەڕەتی دین وشەرع وپەیامەکانی گشت پەیامبەران،ئایائەمە ئەوەناگەیەنێ کە هەرلەسەرەتاوە گرنگترین بەشی دین بە ئیعتزال کراوە؟ .

پرسی پێنجەم :

بدعه وشوبهەی تەوحیدیش لەوەوە هات کەدوای ئەوەی بەهۆی ئەم شوبهەی نەحویەکان لەبابەت ئیسم وچاوگ و بابەتە سەفسەتەکانی جەهمی کوڕی سەفوان 78ک_128ک بووەهۆی گومڕاکردنی کۆمەڵێک بە ناوی موعتەزیلە ئەوان کە لەناوکۆمەڵێک چوارچێوەی خەیاڵی پێناسە بۆ الله دەکەن کەناویان ناوە عەقڵ ،بەڵام ئەوچوارچێوانە عەقڵی نین وخەیاڵین.

لەدوای ئەوەی لەبیری ئەوفەلسەفانە خۆیان گومڕاکرد کە الله دەستەوستانە وتوانای بەسەر کرداروکردوەی دروستکراوەکان نیە،ئەوتەنیا

ج١اسماء الله الحسنى /ن.محمدعزيزلۆتەرى.

ئەسڵەکەیانی بەدی هێناون، دواتروازی لێ هێناون ودەسەڵاتی بەسەرجوڵان ونەجوڵانیان نیە،لەوانەش کردەوەکانی ئادەمیزاد هەمووی مرۆڤ خالقیانە.

وەدواترهاتن لەقورئان گوتیان بوونی ئەم هەموو ئیسمە قەدیمانە بۆ خالق دەبێتە هۆی باوەڕبوون بە تعدد القدما ،زۆربوونی خالقە بێ سەرەتاکان ،واتە بوونی العلیم بێ سەرەتا الحکیم بێ سەرەتا،الخالق بێ سەرەتا.....هتد کەواتە لێرە فرەیی وزۆر خالق پەیدادەبن وئەمە وحدانیەت ویەکتاپەرستی نیە.

ئەم بنچینەی موعتەزیلەکان ناویان ناوە توحید وعدل و واسلی کوڕی عەتا٨٠ -١٣١ک

ئەم بیرۆکەی لەجعدی کوڕی درهم 46 ک/666ز-105 ک/724ز وەرگرت.

بنەمای توحید وعدل یان دانا ، توحید لای وان واتە اللە تەنیابەزاتی قدیمە وئەوئیسم

وسیفەتانەی وەک علیم وحکیم و... ئەوانە وەک زاتی اللە ئەزەلی وقدیم نین وداهێنراون کەواتە بەشێک نین لەزات وبۆیە دەبێ تەعتیل بکرێن ولەکاربخرێن، کەواتە یەکخستنەوەی اللە واتە پەک خستن وتەعتیلی هەموو ئیسم وسیفەتەکان کەلەقورئان هاتوون بەمەش لە تعدد القدما وفرەیی خالقە هەمیشەییەکان نەجاتمان دەبێ وتەنیا زاتی اللە دەمێنێتەوە
کەهەرئەوبەتەنهاقدیمە بەم کردارەش دەڵێن توحید واتە مراندن وتەعتیلی هەموو ئیسمەکان بەتەنها هێشتنەوەی زات ئەوە یەکخستن وتەوحیدە، وەبێ ئەوپەک خستن وتەعتیلی ئیسمەکان هەرگیز تەوحید بەدی نایە.

بنچینەی دووەمیان بنچێنەی عەدل ،مەبەستیان لەعەدل ئەوەیە کە اللە کرداروئەفعالی هیچ مەخلوقێکی دروست نەکردوەو هیچ قەدەرو ئەندازەگیریەکی ڕابردوی بەسەردانەسەپاندوە، بەڵکو مرۆڤ بەڕەهایی موخەیەرەو خۆی

خالقى كردارەكانيەتى ،وە لاى وان باوەڕبوون بەقەزاوقەدەر باوەڕبوونە بەزاڵمى وستەمكارى الله

بۆيە هاتن لەسەربنچينە فاسدەكەيان كە الله بێ دەسەڵاتە وئەگەرئێمە ئەم بابەتە چاک نەكەين ئەوپێى چاک نابێ.

هاتن گوتيان تاكە چارە كە گەورەترين كارێكە مرۆڤەكان وەک خزمەتێک پێشكەش بەالله ى بكەن توحيد ويەكخستنى الله يە، ئەمەش تەنيابەوەدەبێ كە تعدد القدما لابەين ،تعدد القدما بەوە لادەچن كەدەبێ جارێ ڕێگايەک بۆتەعتيل ولەكارخستنيان بدۆزينەوە، جامادام ئەم ئيسمانە سەرەتاكەيان چاوگ بوو ،كەواتە چاوگ لە ئيسمەكان كۆنترە كەواتە ئيشەكە ئاسان بوو ،الله يەک تاقانە قەديمە وئەوانى تر هيچيان قەديم نين ، لێرەدا هاتن هەموو ئيسمە قەديمەكانيان لە الله دارنين و لەكاريان خستن

وتەنيا يەک بونيادیان هێشتەوە کەتەنيائەو ازلی وئەبديە ئەوانی دی پاشکۆو زيادەن، بەڵام ناويان لەوتاقانە ئەزەليەش نەنا الله ،بەڵکوناويان نا الذات وخود.

پرسيارەکە ئەوەيە کە ئايا سەپاندنی کەليمەی توحيد تەعتيلی ئيسمەکان نيە؟ ئەی کەوايە بۆ ئەوزانايانە کە ئەوهەموو هەرايەيان دژی ئاشوبی خەلقی قورئان ناوەتەوە ،ئەی چۆن تەوحيديان بەبەر ئەوبابەتەهەستيارەداکردوەو ئەوسەهوە گەورەيان کردوە؟ ئەدی ئەوە بە موعتەزيلەکردنی سەرەکيترين بنچينەی ئيسلام نيە؟

پرسی شەشەم :

دابەشکرانی تەوحيد بۆسێ بەشی تەوحيدی الوهيه وربوبيه وئەسماو سيفات ئەويش يەکێکە لەبيدعەکان .

ج١اسماء الله الحسنى /ن.محمدعزيزلۆتەرى.

بەڵام تايبەت كردنى الله بۆ پەرستش دانان وتايبەتمەندكردنى الرب بۆ بەديهێنانى بونەوەران لەقورئاندا ولەفەرمودەكان ڕەت دەكرێتەوەو قورئان هەموو دروستكران وبەديهێنانى بونەوەران وشتەكان پاڵدەداتەلاى الله وزۆر عيبادەتيش پاڵ دەداتە لاى الرب كەواتە ئەم دابەشكردنە بيدعە كەبەريەككەوتەى لەگەڵ سەدان ئايەتى قورئان وفەرمودەهەيە بۆ خەڵک هەر لەسەرى بڕۆن وبۆ پابەندى بن ولەسەرى دژايەتى يەكتربكەن؟؟

ئەم دابەش كردنە پێش هاتنى ئيبن تەيميە(661 كـ - 728كـ/1263ز - 1328ز) بەوشێوە نەبوو،بەڵكوزانايانى پێش ئيبن تەيميە

لە شيعەكان وحەنبەليەكان وئەشعەرى وماتوريديەكان تەوحيديان دابەش دەكرد بۆ:توحيدى زات وتەوحيدى سيفات وتەوحيدى

ئەفعال .بۆیە زۆرێک لەزاناکان کتێبیان دژی ئەم دابەش کردنە نوێیە نوسیوە.

پرسی حەوتەم:

بۆدەبێ واتای ووشەی الاله کورت هەڵبێنین لە واتای العباده وپەرستش، لەکاتێکدا ووشەی الاله دەیان واتای تری هەیە؟

لەدەرهاویشتەکانی ئەم کورت هەڵێنانەشە کە ئیسمی الله وئەوەش پێی دەڵێن بیدعەی تەوحیدی الالوهیة کورت هەڵێنراوە لەسەرعبادەت وپەرستش لەکاتێکدا ووشەی الاله ئەم واتایانەشی هەیە:

-لا عالي ولارفيع بحق الا الله.

-ولا اهل ولاجدير ولا مستحق لكل الكمالات مطلقا بحق الا الله.

-لاظاهر ولابارز ولاجلي الا الله.

-لا محتجب ولا مستتربحق الا الله

-لا محبوب بحق الا الله

-لا مألوف بحق الا الله

-لا يستحق الخضوع المطلق الا الله.

-لا يستحق الاستكانة المطلقة الا الله

-لامطاع بحق الا الله

-لا كاشف للحيرة بحق الا الله

-لا ملجاء من الضياع بحق الا الله

-لا منقذ من الحيرة بحق الا الله.

-لا واهب للإطمئنان والحنان والثقة بحق الا الله

-لا ملجاء من الرعب والروع والهواجس بحق الا الله.

-لا معبود بحق الا الله.

-لامنقذ من الفزع بحق الا الله.

-لا انيس ولا قريب بحق الا الله

لاواهب الاطمئنان و والثقة الا الله

لەم هەموو مانايانەى (ألإله) ، تەنها يەك مانايان وەرگرتووە ئەويش المعبود .

بەواتاى وان، الله ، لەووشەى

ألإله وەرگيراوە ، وە ألإله بەماناى المعبود دێت. بۆيە، الله واته المعبود.

ئەگەر وايە ئەدى ماناكانى ترى ألإله چيان لێهات؟

بۆ تەنها يەك مانا وەردەگرن؟

پرسى هەشتەم:

ووشەى عەقد وئيعتقاد لە مێژوودالە بنەڕەتدا بۆگرێبەستى كڕين وفرۆشتن وبەڵێن وپەيمان لەقورئان وفەرموده بەكارهاتووە.

دواتر ئەهلى عيرفان بۆ بەشێک لەكارەكانى دڵ بەكاريان هێناوە ،دواتر شارەزايانى ئيمان

لەجێی ناوی ئیمان وباوەڕ عەقیدەیان بەکارهێناوە.

پرسیار لێرەدائەوەیە کە دەستەواژەیەکی گرنگی وەک ئیمان کەواتای بەخشینی ئەمن وئاسایش ودڵنیایی وحەوانەوەومتمانە بەدڵ ودەروونی مرۆڤی ئیماندارەگەیەنێ ولەهەزاران ئایەت وفەرمودە بەبنچینەی دین دانراوە ،چۆن دەبێ بگۆڕدرێ بەدەستەواژەیەکی تر؟ ئایا ئەمانەش بیدعەی گومڕاکارنین؟ خۆ دین بەرلەوەی کۆمەڵێک شێوازوڕوخساروجل وبەرگ وهەڵس وکەوت بێ ،کۆمەڵێک چەمک ودەستەواژەو تێگەیشتن وهاوکێشەیە،بۆکەکەسێک بیدعەیەکی کەمیش لە ڕوخساروبەرگ وهەڵس وکەوت دەکا قیامەت هەڵدەستێ؟ کەچی بیدعەوگۆڕینی چەمکەهەرە بنەڕەتیەکان کەس بەبیدعەی نازانێ؟ بۆنمونە گۆڕینی الله بۆخودا کەنەلەڕووی زمانەوانی نە نەحوی نەسەرفی

ج١اسماء الله الحسنى /ن.محمدعزيزلۆتەرى.

هیچ پەیوەندیەکیان بەیەکەوەنیە، یان گۆڕینی صلاةبەنوێژ ونماز صوم بەڕۆژوو عبادة بە پەرستن جنة بەبەهەشت جهنم بەدۆزەخ ،کەئەگەر بە وەرگێڕانیش بێ ئەودەستەواژەعەرەبیانە ئەو واتایانە نادەن،وەئەو واتایانە لەبنەڕەتدا زاراوەی ئاینی ناوئاوێستان ولەلایەن مسوڵمانان داگیرکراون،ئەی باشترنەبووکەیان زاراوەعەرەبیەکانیان بەکاربێنایە یان هەرئەوزاراوەیان وەرگێڕانایە بۆ کوردی وفارسی

پرسی نۆیەم:

بابەتی ئیجتهاد لە بنچینەکانی دین دا یان حەق یان گومڕاییە،بەڵام لە فروع ولقەکانی دین یان ڕاست وسەوابە یان هەڵەو خەتەئە ،ئەم

دابەشکردنە ئیبن تەیمیە دەڵێ کە هیچ بنچینەیەکی نیەو هەموو ئیجتیهادێک لەدین دا لە عەقیدەدابێ یان لەفروعدا کە پێکای دوو پاداشتی هەیەوکەنەی پێکا پاداشتێک، بەڵام هەرخودی ئیبن تەیمیە ئەوهاوکێشە بۆ ئەو موجتەهیدانەی ئیجتهادیان لەعەقیدەداکردوە وەک ئەوانەی ئیجتهادیان لەفەرعەکان کردوەدانانێ.

پرسیار ئەوەیە:ئایاهەموو موجتەهیدەکان لەهەموو بەشەکان دین هەموو خاوەن پاداشتن؟ کەوایە ئەم هەموو تەکفیروتەفسیق ولەدین دەرکردنەی یەکترچیە ڕووی داوە؟

پرسی دەیەم:

زۆرێک لەشارەزایانی عەقیدە وەک:
مەقریزی(764 کـ 845 ك) (1364 - 1442ز)

لە تجريد التوحيددا دەڵێن:ئەم دابەشكردن وپەيكەربەندیەی بابەتی دابەشكردنی ئیسمەكان وسیفاتەكان بۆ سیفاتی زاتی و سیفاتی فیعلی وسیفاتی خەبەری پێشینان نەیان زانیون ودواتر داهێناون.

پرسیارئەوەیە كەئەم بابەتەداهێناوەهێندەگرنگ بووە كەخەڵک یەكتری لەدین پێدەركرد ،بۆچی لەسەرەتای دیندا باس نەكرا؟ وەكەهێندە گرنگ نیە بۆ لەسەدە پاشینەكان هێندەگرنگی پێدرا؟

پرسی یازدەهەم:

بەهەمان شێوە لەبابەتی دابەشكردنی الله بۆ دووبەشی زات وئیسمە كان، ئیبن عوسەیمین1929 - 2001). دەڵێ واباشترە لەجیاتی زات نەفس بەكاربێنرێ چونكە نفس بۆ الله لەقورئان وفەرمودەی دروست بەكارهاتووە ،بەڵام زات بەو واتایە بەكارنەهاتووە ،بەڵكو ڕستەی في ذات الله واتە

لە پێناوى اللە وەووشەى وذو العرش واتە خاوەنى عەرش ،ئايا وازهێنان لەهەڵەيەک کە زۆرێک لە ئيمانانى پێشين ئيجتهادى هەڵەيان تێداکردوە بۆ هێندە لەبەر شوێن کەوتوان گرانە؟

پرسى دوازدەهەم :

هەندێک بەدواداچوون وتوێژينەوەهەن لەقورئاندا ولەزمانى عەرەبيدا پێيان وايە سيفەت و وەسف کردن لەقورئاندا بەواتاى بەهرەنواندن لەدرۆکردن وهەڵ خەڵەتاندن وفريودان بەکارهاتووە،وەسيفەت و وەسف هاومانای نەعت و تەمييز نيە ، ئەگەر واتاى:

سُبْحَانَ اللَّهِ عَمَّا يُشْرِكُونَ (الحشر23) تەنزيە وبەرى کردنى اللە بێ لەشيرک وهاوبەش ،ئەدى بۆ ئايەتى:سُبْحَانَ اللَّهِ عَمَّا يَصِفُونَ (الصافات

159 واتای ئەوەنەبێ کە اللە تەنزیە وبەری بکرێ لە وەسف و سیفات ،دیارە سیفەت دانان بۆ اللە وەک شەریک دانان بۆ اللە مەترسیدارە ..

کەوایە بۆ زانایان وشارەزایانی عەقیدە لەباتی بڵێین سیفاتی اللە دەستەواژەی نەعت وتەمییزیان بەکارنەهێناوە تانەکەونە پاڵدانی بەهرەنواندن لەدرۆوهەڵخەڵەتاندن بۆ اللە ؟

پرسی سێزدەهەم:

لەم کۆمەڵە پرسیارەدابۆ بەڕێزان دەرکەوت کەهەموو فەن وهونەروزانستە ئیسلامیەکان کە خەڵک لەسەربنچینەی ئەوان دابەش بوون بۆچەند دەستەوتاقم ومەزهەبێک هەموویان چەند موجتەهیدێک دایان هێناون
ولەسەرەتانەبوون، مادام لەسەرەتاش نەبوون کەواتە بەشێکی بنچینەیی نین لەدین،بۆیە نابێ لەبەرئەوداهێنراوانە ئوممەت بکرێتە چەند

دەستەوتاقم وپێک وەربن ودوژمنایەتی یەکتر بکەن ،ئایا واباشترنیە کە بە بنچینەی عفا الله عما سلف ،ئوممەت ئەم پەڕەی ناکۆکیانە هەڵداتەوەو پەڕەیەکی نوێ لەگەڵ یەک بکەنەوە وسود لە ئەو هەڵانەش وەرگرن کەڕابردوان تێی کەوتوون وجارێکی تر ئیجتهادی لەوشێوە نەکەن؟

پرسی چواردەهەم:

ئوممەتی ئیسلامی هەرچەندە لەڕووی سیاسی وئیداری لەت بوو لەدوای هاتنی ئیمام علی، بەڵام ئەوەی لەت بوونەکەی قوڵترکردەوە ولە لەت بوونێکی سیاسی کاتی ئەم لەت بوونەی کردەهەتاهەتایی بەعەقیدەکردنی ئەم لەت بوونە بوو، ئەوەی هەموجیاوازیە شکڵی ودەروونی وژینگەیی یەکانی ئوممەتی خستە چوارچێوەی عەقیدە وە،بریتی بوو لە دانانی مەتنەکانی عەقیدە وبەمەش ئوممەت لە پەیوەندی

ڕاستەوخۆ بەقورئان وسونەت دوورخرایەوە، ئایا پێتان وانیە کە دانانی مەتنەکانی عەقیدە وەک شەڕی جەمەل وسەفەین کارەساتێکی گەورەبوو؟ ئایالەمێژوودا ئوممەت هیچ کات لە سەرمەتنێک لە مەتنەکانی عەقیدە کۆبوونەوە؟ وەبۆ لەمەودوا دەتوانرێ ئوممەت لەسەر مەتنێکی عەقیدە هەموویان هاوڕابن؟

کەنەتوانرێ ئەی واباشترنیە وازلەوهەموو مەتنانە بێنین کە هۆکاری پەرتەوازبوون و ناکۆکیەکانی ناوئوممەتی ئیسلامین ، و تەنیا قورئان وفەرمودە کەهۆکاری یەکگرتنی ئوممەت بوون ،لەئێستاشدا هەرقورئان وفەرمود بکەینە ئەو مەتنەی کەهەموومان لەسەری کۆبینەوە؟

پرسی پازدەهەم:

قورئان لە سورەتی الزمر دەفەرموێ:

﴿ اللَّهُ نَزَّلَ أَحْسَنَ الْحَدِيثِ كِتَابًا مُّتَشَابِهًا مَّثَانِيَ تَقْشَعِرُّ مِنْهُ جُلُودُ الَّذِينَ يَخْشَوْنَ رَبَّهُمْ ثُمَّ تَلِينُ جُلُودُهُمْ وَقُلُوبُهُمْ إِلَىٰ ذِكْرِ اللَّهِ ۚ ذَٰلِكَ هُدَى اللَّهِ يَهْدِي بِهِ مَن يَشَاءُ ۚ وَمَن يُضْلِلِ اللَّهُ فَمَا لَهُ مِنْ هَادٍ﴾ [الزمر: 23]

الله جوانترين وباشترين پەيام ونوسراوى ناردۆتەخوار موتەشابهه واته ئايەتەكانى وێک چووەوهەماهەنگه ،مَّثَانِيَ واته ئايەتەكانى دووبارە بوونەو چەندبارەبوونەوەى تێدايه هەرجارەى بۆ مەبەست وئامانجێک.

كەواته لێرە لەم سورەتە مەكيه دا هەموو قورئان موتشابهه .كەچى لەسورەتى ال عمرانى مەدەنى دەفەرموێ:

﴿ هو الذي أنـزل عليك الكتاب منه آيات محكمات هن أم الكتاب وأخر متشابهات فأما الذين في قلوبهم زيغ فيتبعون ما تشابه منه ابتغاء الفتنة وابتغاء تأويله وما يعلم تأويله إلا

الله والراسخون في العلم يقولون آمنا به كل من عند ربنا وما يذكر إلا أولو الألباب ﴾ [آل عمران: 7]

پرسیارلێرەدا ئەوەیە ئایالە ٨٥سورەتی مەکی دا هیچ کام لەوئایەتانەی تێدانیە کە ئوم الکتابن وپێشەواوتەفسیرکارولێکدەرەوەی سەدان ئایەتی موتەشابیهن؟ کەواتە پێتان وایەکەدەبێ بۆ تەفسیرولێکدانەوەوتەئویلی ئایەتە موتەشابیهەکان تەنیا لەسورەتە مەدەنیەکان بگەڕێین؟

پرسی شازدەهەم:

ئاشکرایە کەقورئان هەموو وەحیە بەبەڵگەی :

وكَذَلِكَ أَوْحَيْنا إِلَيْكَ رُوحًا مِن أَمْرِنا ما كُنْتَ تَدْرِي ما الكِتابُ ولا الإيمانُ ولَكِنْ جَعَلْناهُ نُورًا نَهْدِي بِهِ مَن نَشاءُ مِن عِبادِنا....الشورى:52

یەکێک لە مرادیف وهاوماناکانی وەحی رمز وهێمایە وەک لەم دوو ئایەتەهاتووە:

ج١اسماء الله الحسنى /ن.محمدعزيزلۆتەرى.

فَخَرَجَ عَلَىٰ قَوْمِهِ مِنَ الْمِحْرَابِ فَأَوْحَىٰ إِلَيْهِمْ أَن سَبِّحُوا بُكْرَةً وَعَشِيًّا (مريم.11

قَالَ رَبِّ اجْعَلْ لِي آيَةً قَالَ آيَتُكَ أَلَّا تُكَلِّمَ النَّاسَ ثَلَاثَةَ أَيَّامٍ إِلَّا رَمْزًا وَاذْكُرْ رَبَّكَ كَثِيرًا ..41 ال عمران.

كەواتە هەرقورئان بە ئاماژەكردنە ڕەمزى وهێماكانى زەكەريا بۆ شوێنكەوتوانى هەم بە وەحى وهەم بە ڕەمز باس دەكا ،جامادام قورئان هەموو وەحى وڕەمز بێ ئايا كەس بەبێ لێكدانەوە لە ڕەمزوهێما تێدەگا؟ كەواتە هەموو قورئان پێويستى بەتەئويل هەيە چونكە بەبێ تەئويل كەس لە ڕەمزناگا.

ڕەمزو هێماش ئاماژەيەكە كە ڕاستەوخۆ تێى ناگەين وپێويستى بەتەئويل ولێكدانەوەوشيكارهەيە.

ئايا پێتان وانيە كە هەربۆيەشە قورئان ڕەمزێكە پێويستى بەلێكدانەوەهەيەو زۆربابەت

لەناوقورئان چەندین لێکدانەوەی
جیاوازهەڵدەگرن؟ ،ئاائەوەهۆکار نیە
کەڕاجیایی لەنێوان پێشەواکان و
کیشوەروژینگەکان وسەردەمە جیاوازەکان
دروست بووەکە لێکدانەوەی جیاوازیان بۆ ئەم
ڕەمزوهێماو وەحیە کردوەودیکەن؟؟

پرسی حەقدەهەم:

بەنمونە لێکدانەوەی یەکێک لەئایەتەکانی ئەم
وەحی وهێمایە کەقورئانە:

ئەوئایەتەی سوڕەتی نوح کە خۆرو مانگ
لەهەرحەوت تەبەقەی ئاسمانێ نورو چران ،

(أَلَمْ تَرَوْا كَيْفَ خَلَقَ اللَّهُ سَبْعَ سَمَاوَاتٍ طِبَاقًا
وَجَعَلَ الْقَمَرَ فِيهِنَّ نُورًا وَجَعَلَ الشَّمْسَ سِرَاجًا

لەڕووی زانستی ئەمڕۆ وبۆ
فەرمودەوئایەتەکانی دیکەش ڕاستیەکی
ڕێژەییەو خۆرومانگ لەزانستی ئەمڕۆدا تەنیا
بۆ کۆمەڵەی خۆرو مانگ تەنیابۆزەوی نورە.

كەچى ئایەتەكە دەفەرموێ القمر والشمس ،مانگەكە وخۆرەكە

،كەعەرەب ئەم ئەلف ولامەیان ناوناوە ئەلف ولامی ناساندن ،واتە مانگەكە وخۆرەكە كەلای هەموومان ناسراون ئەوان مەبەستن بەم ئایەتە نەک هەسارەوئەستێرە ئاسمانیەكانی تر.

لێرەدا بەم تەفسیرولێكدانەوەتوشی بەریەک كەوتن دەبین لەنێوان ئایەتەكەو ڕاستیە زانستیەكانی ئەمڕۆ.

جابۆئەوەی لەم بەریەک كەوتنە دەربازمان بێ دوو ڕێگامان هەیە:

یان ئەوەبڵێین كە ئایەتەكە قسەوجیهانبینی نوحە علیە السلام ،ئەو وای زانیوە كەخۆرەكە ومانگەكە لەهەموو تەبەقەكانی ئاسمانێ تیشک وڕوناكین وقورئانیش ئەم جیهانبینیەی نوحی بۆگواستوینەوەو ئەمە پێزانینێک نیە كەالله پێی دابین ،بەڵكوبۆچوونی نوحە.

يان ئەوەكە بڵێين كە نەخێر ئەم ئايەتە ڕاستيەكى ڕەهايە بەڵام ئەوياسانەحويەى كە زانايانى نەحو بەسەرعەرەبيدا سەپاندويانە كە بەو ئەلف ولامە شمس وقمر لەسەرمەبەست بوونى ئەم خۆرومانگە تاپۆكراون ڕاست نيە .

هەروەها قيرائەو خوێندنەوەيەكى ديكەشمان هەيە كەپشتگيرى ئەم لێكدانەوەى دووەم دەكا. سيراج وقمر بەشێوەى جمع وكۆهاتوون ،واتە سيراج بەسروج و قەمەر بە قومور هاتووە كەحەمزەوكەسائى وخەلەفى عاشر بە كۆيان خوێندۆتەوە كەسێ قورئان خوێنى متواترن.

واتاكەشى دەبێتە ئەوەكە ئێمە جنسى خۆرەكانمان كردۆتە مايەى ڕۆشنايى ناوهەرحەوت تەبەقەى ئاسمان وجنسى مانگەكانيشمان لەوئاسمانانە كردۆتە مايەى ڕوناكى.

لێرەدا الف ولامی پێش ال قمر و ال شمس، بۆ عەهد وناساندنی ئەستێرەیەکی دیاریکراونین وەک ئێستالەعەرەبیداباوە،بەڵکو بۆناساندنی جنس وڕەگەزی هەموو خۆرومانگەکانن کە لەگەردووندا هەبوون، یان ئێستاهەن یان لەمەودوادەبن.

کەواتە تێگەیشتنی ڕاستیەکانی قورئان پێویستی بە گۆڕینی زانستی نەحوش هەیە،چونکەلەقاڵب دان ودەقبەستوکردنی سەرف ونەحو وواتای دەستەواژەکان وای کردوەکەوەک پێویست نەتوانرێ ڕاستیەزانستیەکان وپێزانینە قورئانیەکان تێبگەین..

پرسیارەکە ئەوەیە کەئایا ئێوە ڕێساکانی نەحوی عەرەبی کەلەسەدەی دوەمی کۆچی دانراون بەڕێساگەلێکی ڕەهادەزانن بۆلێکدانەوەی قورئان وتێگەیشتنی عەرەبی؟ ئایا پێتان وانیە کە شارەزایانی نەحو بەشێک بن لەکێشەکە

وەوانيش وەک جەعدوجەهميەکان زەيتيان بەئاگرى وروژاندنى شوبهەو ئاشوبەکان داکردبێ؟

ئەدى ئەوان نەبوون ئەوەيان وروژاندکه چاوگ بنچينەيه وئيسم لەو وەرگيراوه والله موشتەقه و..؟ باشه که به پێى پێوانەى وان بێ چۆن دەبێ ئيبراهيم بەشەمسێکى مێينه بڵێ هذا ري هذا اکبر؟

ئەى بۆ نەيگووت هذه؟ جائەم نمونانه لەقورئاندا زۆرن کەلەزۆر شتدا ياساکانى سەرف ونەحوبەسەرقورئاندا ناچەسپێن.

ئەمەى دەيڵێم لەسەرنەحو وسەرف بۆ ڕێساکانى ئوسوڵ وفقه ومەنتيق وقەواعيدەکانى ديکەش ڕاستەو قورئان ل هەموويان گەورەترەونابێ لەناوهيچ کام لەوچوارچێوانه قەتيس بکرێ، تەنانەت نابێ قورئان لەناو فەرمودەکانيش قەتيس بکرێ بەڵکودەبێ

هەمیشە فەرمودەکان لەخزمەت قورئانداپەراوێزو خزمەتکاربن.

هەروەک چۆن ڕسول الله عەبدێکی مل کەچی الله یە.

پرسی هەژدەم:

ئایا واتە زاهیروئاشکراو ڕووکەشەکانی قورئان هەمیشە لە پێش ئەو واتاولێکدانەوەوتەفسیرانەن کە پێیان دەڵێن واتاولێکدانەوەی مەرجوح و مەجازو واتای دووەم؟

ئایازانایانی کۆن لەزۆرئایەتدا واتامەرجوح وشاراوەکانیان پێش واتا دیاروئاشکراو ڕاشکاوەکان نەخستوە؟ ئایائەوانەی پێناسەی

(صرف اللفظ عن الاحتمال الراجح إلى الاحتمال المرجوح لدليل يقترن به).

هەموو كاتێک هەڵەیە؟ ئایارِاستە ئەم پێناسەش بۆ تەئویل لە موعتەزیلەکان وەرگیراوە؟ یان ئەوان بەکارامەیی ئەم پێناسەیان بۆ پەکخستنی ئیسمەکانی اللە بەکارهێناوە؟

خۆکە پێناسەی وانیش بێ دەبێ لەزۆرشوێنی قورئاندا پەنای بۆببرێ،باشە ئەوکەسەی لە هەندێ لێکدانەوە پەنابۆئەم پێناسە ببا حوکمی چیە؟ خۆ کەس لە ڕەوتەکان کافریان نەکردوە؟

بەنمونە ڕێسای لم یکفر الکافر فهو کافر
،ڕێسایەکە زۆربەی ئەوانەش کە باوەڕیان پێ بووە ،لە مەسەلە ئاڵۆزەکان ڕای پێچەوانەیان هەبووەوئەوکەسانەیان کافرنەکردوە و بەهانەی نەزانی وتێنەگەیشتن وزۆرلێ کردن
و....بیانویان داونێ .

بەنمونە ئیبن تەیمیە بۆئەوەپیاوەی کە لەسەرەمەرگدا گوتی بم سوتێنن وخۆڵەکەم

بەدەریاداکان واللە ئەگەر اللە دەسەڵاتی بەسەرم دا بشکێ سزایەکم دەداکەسی واسزانەداوە.

یان کە حەواریەکان لە بەعیسایان گوت ئایاپەروەردگارت دەتوانێ خوانێکمان لەئاسمانەوە بۆدابەزێنێ؟

یان کە یونس علیه السلام گومانی برد کە ئێمە بەسەریدا توانامان نیە.

یان ئەو سەحابانەی داوای زات الانوات وبتیان لە سەروەرمان علیه السلام کرد ،یان قەیسی کوڕی سعدی کوڕی عبادە کەلەحیرە گەڕایەوە سوجدەی بۆ پێغەمبەرعلیه السلام برد.

تەنانەت ئیبن تەیمیە گێڕدراوێک دەگێڕێتەوەکە دایکمان عائیشە گومانی لەوەهەبوو کە اللە هەموو ئاشکراو پەنهانێک دەزانێ...

هەموو ئەمانە کەوتونە ناوجۆرێک لەجۆرەکانی کوفر کە کوفری شک وگومانە، کەچی قورئان وفەرمودە بەکافریان دانەناون،

كەواتە لای قورئان وسونەت ئەو ڕێسایەی من لم يكفر الكافر فهوكافر ڕەت كراوەیە، وەئەوزانایانەش كەئەوبدعەیان داهێناوە كەئەم ئایەت وفەرمودانە لێک دەدەنەوە ڕێساكەیان دەكەنەوە خوری وبەپێچەوانەی ڕێساكەیان فەتوادەدەن.

نمونەیەكی تر كە خەڵكی ئەم سەردەمە پێوەی گیرۆدەن وزۆر لەوانەی گیرۆدەی ڕووكەشی قورئان وفەرمودەن خەڵكی پێ كافردەكەن دیاردە گەردونی وفەلەكی وجوگرافیەكانن.

چونكە زاهیری هەندێ ئایەتی قورئان باس لە ڕاخراوی زەوی وسوڕانەوەوهەڵاتنی خۆر ودروست بوونی زەوی پێش خۆردەكەن ،ئەم زانایانەش هەمووئەوانەی كە دژی لێكدانەوەی زاهیری ئەوئایەتانەبن بەكافردەزانن.

بەڵام ئەوەتا هەرلەخودی قورئاندا چەندین ئایەت هەیە كە بەناڕاستەوخۆ ئاماژە

بەڕاولێکدانەوە پێچەوانەکە دەکەن، کەواتە خودی قورئان حەمال الاوجە و چاوگی ڕاجیاییە ،دیارە نابێ ئەوڕاجیاییە کوفربێ کەوابوایە لە قورئان دانەدەبوو.

بەنمونە لە قورئان پیشانمانی دەدا

زاهیرو ڕوکەشەکەی ئەوە دیاردەخا کە -وەک سوڕەتی فصلت- زەوی پێش ئاسمان دروست کراوە،وە زەوی پێش مانگ وڕۆژ دروست کراوە.

ئەمە زاهیرێکی قورئانی
زۆرئاشکرایەوحاشاهەڵنەگرە، کەواتە بەقسەی ئەوکەسانە بێ هەرچی دژی ئەم ڕوکەشە بێ قورئان بەدرۆدەخاتەوەوکافرە.

کەچی هەرخودی قورئان لەهاوکێشەیەکی ڕەمزی وهێمایىدا بە پێچەوانەی ئەوڕوکەشە باسی نمونەیەک بۆ دروست بوون وبەدیهاتنی خۆرومانگ وزەوی دەکا.

لە سورەتى يوسف دائاماژە بەوەدەكرێ كە وئەستێرەكانى كۆمەڵەى خۆرومانگيش پێش زەوى هەبوون.

دروست بوونى زەوى پێش ئاسمان واتاى ئەوەنيە كە ئەرز پێش بۆشايى دروست بووبێ ،چونكە بەتێگەيشتنى ئەمرۆ ئاسمان واتە پانتايى بۆشايى، بەڵام بە پێناسەى قورئان ئاسمان سەققى پارێزەرو چين چينەو دەرگاى هەيە ودەرگەوانى هەيە و هەر ئاسمانە پەرستگايەكى لێيە .....هتد

سەبارەت بەوەى خۆر پێش زەوى يان زەوى پێش خۆر، زاهيرى قورئان وايە زەوى پێش خۆر دروست بووە، بەڵام ئەوزەويەى كە پێش خۆر بووە ئەو سەرتاپاكوتلەيەكى گڕگرتووبووەو ئەوكاتە هەموو ئەستێرەومانگ وكلكدارەكانى ئەوەى ناومان ناوە كۆمەڵەى خۆر هەوروشلەيەكى تواوەى

گڕگرتووبوون،کەواتە بەو تێڕوانینە دەکرێ بگوترێ کە ئەو زەویە ی سەرەتادروست بوو زیاترلەخۆردەچوولەڕووی پێکهاتە ،کەواتەلەخۆر نزیکتربوو نەک لەوزەویەی ئێستا.

چونکە هەموو ئەستێرەکانی کۆمەڵەی خۆربەزەویشەوە کوتلەوبارستەیەکی گڕگرتووی وەک ئێستای خۆربوون لەپێک هاتەدا،بۆیەبەم مانایە دەکرێ بڵێین خۆرپێش زەوی هەبوو.

هەموو ڕوکەشەکانی قورئان بەم جۆرەن بۆیە ناکرێ کەسانێک کافربکرێن چونکەلێکدانەوەی ڕوکەشی چەندئایەتێکی قورئان ڕەت دەکەنەوە، چونکە لەوانەیە هەرلەخودی قورئاندا بەڵگەی پەنهان هەبێ کەپشتگیری بۆچوونەکەی ئەوانیش بکا..

ڕێسا مەنهەجیەکان

ڕێسای یەکەم:یەکێک لە کاریگەریە هەرە
بەرچاوەکانی ئیسلام یەکخستنی گەل
ونەتەوەیەکی هەتاسەرئێسقان
پەرتەوازەوسیخماخ لەدووبەرەکی بوو،ئەوان
پیرۆزترین شوێنی سەرزەویان پڕکردبوو لە
بت وسەنەم وقیبلەی ئیبراهیمی باوکی تاقانە
پەرستانیان کردبووە مەڵبەندی شیرک
وهاوبەش دانان وتەنهالەدەوری مەککە
٣٦٥بت وپەرستراو هەبوو.

لەسورەتی ال عمراندا هاتووە :

(هەوڵ بدەن) هەر هەموتان بە تۆندی دەست
بگرن بە پەتی الله وە پەرت و بڵاو مەبن،
ئەوبەخشش وبەهرانەی الله بیرخۆتان
بێننەوەکە،کاتی خۆی هەمووتان دوژمنی یەکتر
بوون، ئەوە بوو دڵەکانتانی بەهۆی نیعمەتی -
ئیسلامەوە- پەیوەست کرد بەیەکەوە و هەموو

بوونە برای یەکتر .ئێوەلە پێش هاتنی ئیسلام لەسەر لێواری چاڵێکی ئاگر وەستا بوون - کەچاڵی دووبەرەکی وپەرتەوازەیی بوو- بەڵام الله -بەهۆی ئەم ئیسلام وقورئان و ئیمان بەتاقانەیی الله- لەو ئاگرە ڕزگاری کردن، ئابەو شێوەیە الله ئایەتەکانی خۆیتان بۆ ڕوون دەکاتەوە، بۆ ئەوەی ڕێنمایی کراوبن.

-ڕێسای دووەم:بۆئەوەی نەگەڕێنەوە حاڵەتی پەرتەوازەیی پێش ئیسلام--پێویستە لە کۆی گشتی ئێوە کۆمەڵ ودەستەیەک هەبێت که بانگەواز بکەن بۆ خێرو چاکە- کۆمەڵگادوورخەنەوەلەبەدکاری وخراپە -، وەفەرمان بدەن بەهەموو کارێکی باوو بنەماوڕێسایەکی ناسراوو دروست، قەدەغەی هەموو نادروستیەکی نکولی لێکراو بکەن،- هەرکۆمەڵگایەک ئەم فرمانانە ڕەچاوبکا- ئا ئەوانە هەردەم سەرفرازن.

نەکەن وەکو ئەوکەسانە بن کە ناکۆکی و دووبەرەکیان لەناودا بەرپابوو، لەیەکتر دابڕان، دوای ئەوەی ئەو هەموو بەڵگەو نیشانە ڕوونەیان بۆ هاتبوو (کە سەرکەوتن لە یەک ڕیزیدایە)، ئا ئەوانە سزایەکی گەورە و سەخت چاوەڕێیانە.

103_ 105ال عمران)

ڕێسای سێیەم:چەسپاندنی ئەم ئاڕاستەکردنە قورئانیە گرێنتی مانەوەی کۆمەڵگایە بەسەرفرازی .

بەڵام زۆرجار بێ ئاگایی وغافڵ گیریەک بەسەر ئوممەتی ئیسلامیدا هاتووەو بەهۆی ڕەچاونەکردنی ئەم بنەمایانە پێی هەڵتریزاوە بۆ ناو زەلکاوی دووبەرەکی وپەرتەوازەیی.

ڕێسای چوارەم: هەرلەژیانی سەروەرەکەمان صلَّى اللهُ عليه وسلَّم وەک بوخاری

لەفەرمودەى ژمارە (3518) ومسلم
لەفەرمودەى ژمارە (2584)

وئيبن حەبان بە ژمارە5990

دەيگێڕنەوە لەجابرى كوڕى عبدالله وە كە:

مسوڵمانێكى موهاجيرى -لەوانەى كۆچيان كردووەلەمەكە بۆمەدينە-كەحەزى لەگاڵتەوگەپ بوو،بە سوعبەت كێشاى بە مسوڵمانێكى ئەنسارى دا-ئەوانەى يارمەتى دەروپشتيوانى مسوڵمانە كۆچەرەكان بوون كەخەڵكى مەدينەدەگرێتەوە-

ئەنساريەكە هاوارى كرد:هۆ ئەنساريەكان فريام كەون.

موهاجيريەكەش هاوارى كرد:هۆ موهاجيريەكان بەرگريم لێ بكەن.

كاتێ رسول الله صلَّى اللهُ عليه وسلَّم

گوێى لەم هاوارکردنانە بوو،فەرموى:

ئەوەچیە دوای نیعمەتی ئیسلام بۆبانگەشەی ڕۆژانی جاهلی ونەفامی بڵند دەکەن؟ واز لەوبانگەشە بێنن،چونکە زۆرنەفرەتاوی وپیس وبۆگەنە.

سەیرکەن لەگەڵ ئەوەی دوو دەستەواژەی مهاجر وئەنسار لەقورئانێدا ستایش کراون، بەڵام کەئەودووەدستەواژە ببنە هۆی دووبەرەکی وپەرتەوازەبوونی مسوڵمانان ،بۆگەنن وبانگەشەی جاهیلی ونەفامین وهەر دەستەواژەیەکی دیکەش بالەقورئان وسونەتیش هاتبێ مادام ببێتە هۆی پەرتەوازەیی مسوڵمانان هەربۆگەن وبانگەشەی نەفامیە چونکە دژی ئەو مەبەست وئامانجەیە کە قورئانی بۆ هاتووە .

ڕێسای پێنجەم:

لە فەرمودەدا هاتووە كە تورموزى گێڕاویەتیەوە کەسەروەرمان علیه السلام فەرمویەتی:

فرمانتان پێدەکەم پێنج کار بەجێ بێنن کەفەرمانی الله ن بۆ ئێوە.

-فرمانتان پێدەکەم گوێڕایەڵی شەرع بن.

-مل کەچی فرمانەکانی شەرع بن.

-جیهاد بکەن.

-هجرەت بکەن وکۆچ بکەن .

-پارێزگاری لە کۆمەڵ وجەماعەت بکەن.

چونکە هەرکەسێک تەنیابستێک لە جەماعەت دوور بکەوێتەوە ئەوە ڕێشمەو هەوساری ئیسلام لەسەری داماڵاوە،مەگەر ئەوە کەبگەڕێتەوەوتۆبەبکا، وەهەرکەسێک بانگەشە بۆ یەکێک لە بنەماکانی ژیانی نەفامی بکا

ئەوەوەک ئەوەوایە لەسەرلێواری جەهەنەم چۆکی دادابێ وبیەوێ خۆی تێفڕێدا.

پیاوێک پرسی: تەنانەت کە کەسەکە نوێژیش بکاوڕۆژووش بگرێ؟

فەرموی :بەڵێ تەنانەت کە کەسەکە نوێژیش بکاوڕۆژووش بگرێ.

کەواتە بەو ناونیشان وبانگەشەی کە اللە بۆی داناون ناولەخۆتان بنێن، اللە ناوی ناون مسوڵمان وئیماندار و عەبدەکانی اللە .

ڕێسای شەشەم: دابڕدابڕکردنی ئوممەتی ئیسلام بەناووناتۆرەی جیاجیا وەک سەلەفی وخەلەفی وسونەوشیعە وسۆفی ومەزهەبی ئیمامەکان ، هەمووی دژی مەبەستی هاتنی قورئانن ،چونکە قورئان وفەرمودەبۆ یەککستن ویەک ئوممەت بوون هاتوون، هەموو ئەو ڕێبازو مەتن وناونیشانانە ئوممەت پارچەپارچەدەکەن ودەبنەهۆی ناکۆکی

وپەرتەوازەیی،هەروەک لەمێژووی هەزار ساڵەی ئوممەتی ئیسلام بەتاقیکردنەوە سەلمێنراوە کە ئەم ڕێچکەومەزهەب وناوانە بوونەهۆی ناکۆکی وجەنگ وئەگەر قورئان وفەرمودە نەبوایە ئیسلامیش بەدەست ئەوناووناتۆرانە لەجولەکەونەسرانی خراپتری بەسەرهاتبوو....

ڕێسای حەوتەم: بۆ وەسیەتکردنیشی کە دەست بەسونەتی من وخەلیفە ڕاشیدەکان بگرن .

کەلە العرباضُ کوڕی ساریە گێڕدراوەتەوەکە دەڵێ : ڕۆژێک رسولُ اللهِ صلَّی اللهُ علیهِ وسلَّمَ پێشنوێژی بۆکردین وپاشان ئامۆژگاریەکی زۆر کاریگەری کردین.هەموو چاومان پڕبوولەفرمێسک ودڵمان داخورپالەترسان.

یەکێک لەگوێگران گوتی،

: یا رسولَ اللهِ ! دەڵێی ئەم ئامۆژگاریە دوا وەسیەتتانە، باشە فەرمانمان بەچی پێ دەکەی ؟
؟ فەرموی :

ڕاتان دەسپێرم کەتەقوای الله
بکەن،خۆلەحەرامکراوەکانی لادەن وگوێڕایەڵ
ومەلکەچی شەرعەکەی بن،ئەگەرکۆیلەیەکی
ڕەشیش فەرمانڕەواتان بوو هەرسەرپێچی
مەکەن، چونکە ئەوانەی دوای من بژین
پەرتەوازەیی زۆردەبینن،باهەردەست بە
سونەت=ڕێوشوێنی من وسونەت وڕێ
وشوێنی خەلیفە پێگەیشووە ڕێنمایی کراوە
ڕابەرەکانەوەبگرن بەددانەکانتان بیگرن،
دەتانترسێنم لە فەرمان وکاروباری
زیادکراووداهێنراووبیعە لەدین دا چونکە
هەربیدعەیەک کەئەم دینە
لەئامانجەسەرەکیەکانی دوورخاتەوە
گومڕاییە...

ڕێسای هەشتەم: فەرمویەتی بە سونەت وڕێ وشوێنی من دا بۆتێگەیشتن وپیادەکردن وچەسپاندنی قورئان وفەرمودەکانم بڕۆن ،نەی فەرموە ناوی ئیسلام وئیمان بسڕنەوەوزەڕبێکی لێدەن و بڵێن ئێمە ئەهلی سونەین، واتە ئێمە ئەهلی ڕێ وشوێن ین، ئاخر ڕێ وشوێنی کێ؟ خۆ فیرعەون وهامان وئەبوجەهلیش سونەت وڕێ وشوێنیان هەیە.

نەی فەرموە سونەت بکەنە ناوێکی بەدیل بۆ ئیسلام چونکە اللە بێجگەلەئیسلام هیچ دینێکی تری قبوڵ نیە لەسەرتاپای رسول وئەنبیاو ڕەوانەکراوەکانی وەک لەسەدان ئایەتی قورئانداهاتووە.

ڕێسای نۆیەم: کەهەموو بیدعەیەک کەدین لەت وپەت بکا لەئاگردایەوگومڕاییە.

لەوانەش بیدعەی دابەشکرانی ئوممەتی ئیسلام بۆ سەلەف وخەلەف وشیعەوسوننە.

چونکە سەلەف لەقورئاندا هەشت جاربەکارهاتووە حەوت جار سەلەف خراپەوبەدکاری کوفرو فیرعەونایەتی وشەڕو گەندەڵیە..

ڕێسای دەیەم: وەکە سەلەف لەفەرمودە بەکارهاتووە کە رسول الله صلَّى اللهُ علَيه وسلَّم بە فاتیمەی فەرموە کەمن سەلەفی تۆم .

ئەوباوکەوسەلەفی کچەکەیەتی، خۆنەیفەرموە من سەلەفی هەموو ئوممەتەکەمم ،کە سەلەفی هەموو ئوممەت بوایە دەیفەرمو کەمن سەلەفی هەمووتانم ،وەک چۆن فەرمویەتی من رسول ونبی و قدوەی هەمووتانم .

ڕێسای یازدەهەم: هەواڵی لەفیرقەی ناجیەوتائیفەی مەنسوڕەداوە ،ئەوانیش ئەوانەن کەهەمیشە ناوونازاناووبانگەوازیان بۆ ئیسلامە

وهەميشه دەڵێن ئێمه مسوڵمانين ئيماندارين،بۆيه بەم برايەتى ئيمان وئيسلامەوه هەميشه ڕزگاربوو وناجين وسەركەوتوو ومەنسورن.

ڕێساى دوازدەهەم: ئەو واقيعه تاڵەوپڕناكۆكيەى ئوممەتى پێداڕەت بووه بۆكەس نابێته مەنهەج وبەڵگەودين ،چونكه سەروەرمان صلَّى اللهُ علَيه وسلَّم هەواڵى پێدراوه

له فەرمودەى ثَوْبَانَ رضي الله عنه هاتوه دەڵێ كه رسول الله صلى الله عليه وسلم فەرمويەتى:

:من داواى سێ بڕيارم كرد بۆ ئوممەتەكەم لەپەروەردگارم، دوام كرد كەبەبرسێتى وقات وقڕى لەناويان نەبا،وه هيچ دوژمنێكى دەرەكى لەجگەله مسوڵمانان نەتوانێ بەسەريان دا زاڵ بێ ولەناويان بەرێ.

پەروەردگارم فەرموى:ئەى محمد من بڕيارێكم داوەكەهەرگيز ڕەت بوونەوەى نيه ،وەمن

بڕیارم داوەکە لەچارەی ئومەتەکەی تۆ
نوسراوەکەئەوان بە قات وقڕی
لەناوناچن،وەهیچ دوژمنێکی دەرەکی
بەسەریانداسەرناکەوێ هەرچەندە ئەودوژمنە
زۆروبەهێزبێ، ،هەتائەوان هەندێکیان
هەندێکی تریان لەناونەبەن و هەندێکیان
هەنێکی تریان نەکەنە کەنیزەوکۆیلە وماڵ
وناموس وخوێنی یەکتربەحەڵاڵ نەزانن
لەناوناچن..

واتە کەوایان کرد لەناودەچن.

ڕێسای سێزدەهەم: وەلە لای تورموزی
هاتووەکە رسول الله

صلى الله عليه وسلم فەرمویەتی

کاتێ ئوممەتەکەم شمشێری دووبەرەکیان
لەسەرملی یەکتردانا ئەوشمشێرە تاڕۆژی
قیامەت لەسەریان هەڵناگیرێ..

واتە بەردەوام یەکتردەکوژن وخوێن وسەروماڵ وناموسی یەکتر حەڵاڵ دەکەن..

بۆیە سەحابەکان بەهەرنرخێ بوونەیان دەویست کە فیتنەی ئیمامی عوسمان بەهێزوکوشتار چارەکەن ودەیانگووت:

شمشێرەکانتان دەرمەکێشن چونکە کەدەرتان کێشاتاڕۆژی قیامەت ناچێتەوەناوکالانەوە.

ڕێسای چواردەهەم: پێشبینیەکەشیان ڕاست دەرچوو ،ئەوشمشێرەی لەسەردەمی شەهیدکردنی عوسمانەوەدەرکێشراوە تائێستانەچۆتەوەناوکالان.

بۆیە سەروەرمان صلى الله عليه وسلم فەرمویەتی

فیتنەوئاشوبی وادێن بەسەرئوممەتەکەم دا کەئەوەی دانیشتوە باشترەلەوەی وەستاوە، ئەوەی ڕاوەستاوەباشترەلەوەی کەبۆناوی

دەڕوا،ئەوەش دەڕواباشترەلەوەی بەڕاکردن
بۆی ڕادەکا،هەرکەسێک بەتامەزرۆیی
بەدواداچوون بۆفیتنەبکا فیتنەکەش
بەرەوئەودەڕوا، جاهەرکەسێ پەناگەیەکی
دەست کەوت باپەنای بۆبەرێ.

بوخاری وموسلیم لەئەبوهوڕەیڕەوە
گێڕاویانەتەوە.

ڕێسای پازدەهەم: پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم دەفەرموێ : «يَحْمِلُ هَذَا الْعِلْمَ مِنْ كُلِّ خَلْفٍ عُدُولُهُ، يَنْفُونَ عَنْهُ تَحْرِيفَ الْغَالِينَ، وَانْتِحَالَ الْمُبْطِلِينَ، وَتَأْوِيلَ الْجَاهِلِينَ».

ئەم سپاردەی دین وزانستە لەهەرنەوەو وەچەو سەردەمێک دا زانایانی میانڕەووبەورەی بۆ هەڵدەکەون ودەچنە ژێرباری ودەپارێزن ولە پەڕگیری زیادەڕەوکاران وبوختانی هەڵبەستراوی دوژمنانی خۆڕەپێش کەر پاکی

دەکەنەوەو لێکدانەوەی نەفامانی لێ
دوورەخەنەوە.

ڕێسای شازدەهەم: هەروەها سەروەرمان صلى الله عليه وسلم دەفەرموێ:

لَتُنتَقَضَنَّ عُرى الإسلامِ عُروةً عُروةً، فكُلَّما انتَقَضَت عُروةٌ تَشَبَّث النَّاسُ بالتي تليها، فأَوَّلُهنَّ نَقضًا الحُكمُ، وآخِرُهنَّ الصَّلاةُ.

الراوي : أبو أمامة | المحدث : السيوطي | المصدر : الجامع الصغير | الصفحة أو الرقم : 7214 | خلاصة حكم المحدث : صحيح

ئەو ئیسلامە پایەدارە کاتێک دێ پایە لەدوای پایە لێک هەڵدەوەشێ وەدادەڕمێ،
جاکەهەرپایەک دەڕمێ خەڵک باوەش لە پایەکەی دوای ئەو وەردێنن تائەویش نەڕمێ.

ج١اسماء الله الحسنى /ن.محمدعزيزلۆتەرى.

یەکەم پایە کەدەڕمێ ولێک هەڵدەوەشێ ،پایەی حوکمڕانیە ،کۆتاپایەش کەدادەڕمێ پایەی نوێژە.

کەلەدوای ئوئیسلام هیچ پایەکی نامێنێ کەبڕمێ هەڵبەت حوکم واتە سنوروپاوان وپەرژینی حەرام کراوەکان هەڵدەگیرێ وکەس لە خۆلادان لە کاروکردوەیاساغکراوەکانی ئیسلام ناگەڕێتەوە،بەمەش شکۆی ئیسلام لاوازدەبێ، کەئەم هەڵوەشانی پایەی حوکمڕانی لە ڕۆژانی شەهیدکردنی ئیمام عوسمانەوەدەستی پێکرد وپایەی حوکمداری لوکاتەوە هەڵوەشا.

-

ڕێسای حەقدەهەم : عومەریش لە شیکردنەوەی ئەم فەرمودە دەفەرموێ :

ج١اسماء الله الحسنى /ن.محمدعزيزلۆتەرى.

"إنما تنقض عرى الإسلام عروة عروة إذا نشأ في الإسلام من لم يعرف الجاهلية".

كۆڵەكەو پەتەكانى ئەم ئيسلامە يەک لەدواى يەک لێک هەڵدەوەشێنەوە ،لەوكاتەى كۆمەڵگايەک لەناو ئيسلامەكان دامەزران كەبنەماوڕەگى نەفامى يان نەدەناسى.

بێگومان خەڵكێک دوژمنێک نەناسن دەرگاى لێدەكەنەوەودالّدەى دەدەن،گەورەترين دوژمنيش بيدعەى دوبەرەكى كەرتوپەرتكردنى ئوممەتى ئيسلام بوو بەناوو نازناوى لەڕوكەش بريقەدارو بەبۆيەى دينداری ڕەنگ كراوو ڕازاوە.

ڕێساى هەژدەهەم: هەرواسەروەرمان دەفەرموێ:

رواه الطبراني في " المعجم الكبير" (90/20) ، و" المعجم الصغير" (2/ 42) ، و " مسند الشاميين " (1/ 379) من طريق عَبْدِ اللهِ بْنِ

عَبْدِ الرَّحْمَنِ بْنِ يَزِيدَ بْنِ جَابِرٍ، عَنِ الْوَضِينِ بْنِ عَطَاءٍ ، عَنْ يَزِيدَ بْنِ مَرْثَدٍ ، عَنْ مُعَاذِ بْنِ جَبَل ، قَالَ : سَمِعْتُ رَسُولَ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ يَقُولُ : (خُذُوا الْعَطَاءَ مَا دَامَ عَطَاءً ، فَإِذَا صَارَ رِشْوَةً فِي الدِّينِ فَلَا تَأْخُذُوهُ ، وَلَسْتُمْ بِتَارِكِيهِ ؛ يَمْنَعْكُمُ الْفَقْرَ وَالْحَاجَةَ ، أَلَا إِنَّ رَحَى الْإِسْلَامِ دَائِرَةٌ ، فَدُورُوا مَعَ الْكِتَابِ حَيْثُ دَارَ ، أَلَا إِنَّ الْكِتَابَ وَالسُّلْطَانَ سَيَفْتَرِقَانِ ، فَلَا تُفَارِقُوا الْكِتَابَ ، أَلَا إِنَّهُ سَيَكُونُ عَلَيْكُمْ أُمَرَاءُ يَقْضُونَ لِأَنْفُسِهِمْ مَا لَا يَقْضُونَ لَكُمْ ، إِنْ عَصَيْتُمُوهُمْ قَتَلُوكُمْ ، وَإِنْ أَطَعْتُمُوهُمْ أَضَلُّوكُمْ) .

قَالُوا: يَا رَسُولَ اللهِ ، كَيْفَ نَصْنَعُ ؟

قَالَ: (كَمَا صَنَعَ أَصْحَابُ عِيسَى ابْنِ مَرْيَمَ ، نُشِرُوا بِالْمَنَاشِيرَ ، وَحُمِلُوا عَلَى الْخَشَبِ ، مَوْتٌ فِي طَاعَةِ اللهِ خَيْرٌ مِنْ حَيَاةٍ فِي مَعْصِيَةِ اللهِ) .

واتە:هەتا بەخشش بەخشش بوو وەرى گرن كەبووبە بەرتیل بەرامبەر سازش لەدینەکەتان

وازى لێ بێنن،بەڵام دەزانم هەر وازى لێ
ناهێنن، چونكە هەژارى و پێداويستى ناهێڵێ
وازى لێ بێنن،بزانن كە چەرخ و دەستاڕى
ئيسلام لە خولانەوەدايە ئێوەهەميشە لەم
خولانەوە لەگەڵ قورئاندابن،بزانن كەقورئان
ودەسەڵات وحوكمڕانى لێک
جيادەكرێنەوە،بەڵام ئێوەهەرلەگەڵ قورئان بن
ولێى جيامەبنەوە،،لەمەودواچەندان
فەرمانڕەوادەبينن كەئەوەى بۆخۆيانى
بەڕەوادەبينن بەئێوەى
ڕەوانابينن،جاكەئێوەسەرپێچيتان كرد
كوشتارتان لەگەڵ دەكەن وەكە گوێ ڕايەڵيان
بكەن گومڕاتان دەكەن.

پرسياريان كرد ئەى كەواتە ئێمە چى بكەين؟

فەرموى:وەكو هاوڕێيانى عيساى كوڕى
مەريەم كەبە مەشار ڕاهێنران ودووڵەت كران
ولەسەرخاچ هەڵواسران بەڵام ئارامیان گرت،

ج١اسماء الله الحسنى /ن.محمدعزيزلۆتەرى.

مردنێک لەگەڵ مل کەچی بۆ الله زۆرباشترە لە ژیانێک بەسەرپێچی فەرمانی الله..

ڕێسای نۆزدەهەم: بەڵێ لەفەرمودەی دروست داهاتووە کە رسولی خاتەم محمد علیه السلام دواخشتی کۆشکی هەموو رسول ونێردراوو پەیام هەڵگرانی ئاسمان بوو، بەهاتنی ئەو پەیکەروکۆشکی ئیسلام وئیمان ودینی کامڵ تەواوبوو.

وەک لەوفەرمودەی بوخاری وموسلیم لەئەبوهوڕەیڕەوە دەیگێڕنەوە کە نوری چاومان دەفەرموێ:

نمونەی من وپەیامبەرانی پێش من وەک نمونەی پیاوێکە کە کۆشکێکی زۆربە جوانی بنیاتنا،هیچ کەم وکوڕی تێدانەبوون تەنیاشوێنی خشتەیەک لە گۆشەیەک مابوو،خەڵک بەدەوری ئەوکۆشکەدا دەسوڕانەوەو دەیانگوت

ج١اسماء الله الحسنى /ن.محمدعزيزلۆتەرى.

ئای ئەگەر ئەوخشتەشت دادەناوتەواوت دەکرد
!!جامن ئەوخشتەی کۆتاییەم ومن خاتەم
وکۆتایی پەیامبەروەهواڵ دارانم .

ڕێسای بیستەم:بۆیە سەردەمی سەروەرمان
لەگەڵ سەردەمی ئەبوبەکروعومەروبەشێک
لەسەردەمی عوسمان ماڵی دادو نمونەی باڵای
بەختەوەریان بنیات نا.

بەڵام ناکۆکیەکانی سەحابەوشەڕی جمل وسفین
تابلۆی بەرائەت ومتمانەی لەوماڵەشکاند.

هاتنی ئەمەویەکان وحوکمی پشتاوپشت
وقەتڵوعامی ئەهلی بەیت وخەڵکی
مەکەومەدینە ئەمن وئاسایشی ئەوماڵەی
لەناوبرد.

لەت لەت بوونی تاقەئوممەتەکەی دەوری
قورئان وئیسلام به هۆی دەرکەوتنی خەوارج
وشیعە موعتەزیلەو قەدەری ومورجیئە
وهەریەک لەمانە کۆمەڵێک خەڵکیان بڕداو

ئیدی تاقە ماڵەکە بووبە ماڵی پەرتەوازەیی وناکۆکی مەتن و بیروبۆچوونە دژبەیەکەکان.

هاتنی عەباسیەکان بەفیتنەی جۆراوجۆری فکری ونەریتی وسیاسی وسەربازی وئابوری وکۆمەڵایەتی وای کرد کەدەرگاوپەنجەرەکانی ئەوماڵە بشکێن وسەرماوگەرمانەگێڕنەوە.

لەت وپەت بوونی تاقە ماڵەکە بە ئەمەویەکانی ئەندەلوس وفاتمیەکانی میسرو بیوهی وسامانی وسلجوقیەکانی ڕۆژهەڵات ومورابیت
وموەحیدەکانی مەغریب وای کرد خانوەکە ببێتە چەند خانوی لێک دابڕاوو ناکۆک
،ڕۆژتائێوارەخەریکی دژایەتی یەک بوون

-پاشان وەک بەڵێنەکەی رسول الله علیه السلام ناکۆکی ناوخۆدوژمنی دەرەکی خاچ ومەغۆلی هێنان ودووشوقەی ئەوخانوە لە
بەغداوئەندەلوس ئاداریان بەسەرپاداریانەوەنەما ودواتر ئیسلامێکی موزەیەفی مەغۆلی لە

ڕۆژهەڵات بنيات نرا ،وەک ئەوەی لەجێ خانوەڕوخاوەکە کۆخی جەمەلۆن بکەی.

مايەوەماڵی مەغريب وحجاز،ئەويش مەماليک وميروشێخەکان وناکۆکی عوسمانی ومەماليک ئەويشيان بنکۆڵ وهەڵۆڵ کرد

ڕێسای بيست ويەکەم: -ئيستعماری نوێی ئيمپرياليزم وچەپڕەوی هات وتێکدانی مەغۆل وخاچەکانی تەواوکرد وحجازو مەغريبی شی بەسەريەکداڕوخاند..

،ئێستاواسەدسالّە ئەوخانوەی کە رسول الله وخەليفە ڕاشيدەکانی بنياتيان نا بەتەواوی ڕوخێنرا وتەنيا بناغەکانی ماوە کەقورئان وفەرمودەن.

بەڵام وابۆ زياترلەسەد ساڵ دەچێ کەس بوێری نيە تەنانەت وەک مەغۆل بەلەوحی جەمەلۆنيش لەم جێ کاولەخانوە لەسەربناغەکانی کۆخێک پێکەوەنێ.

ئەوەتاهەموو پێشبڕکێیانەبۆ ئەندام بوون لەدارنەدوەی نیۆرک وڤیەناوجنێڤ.

بۆیە هەرچەندە بانگەشەی ماف وداد وڕاستی لەم سەردەمە دەکرێ بەڵام مادام ناهێڵرێ ماڵی ئیسلام ،ماڵی گەورەترین حەقیقەت ئاوەدان بکرێتەوە کەواتە جیهان ئەمڕۆلەهەمووکات زیاتر پڕبووە لە جەوروستەم.

ڕێسای بیست ودووهەم: بۆیە هەموو ئیمام وموجەدیدانی دین لەسەدەکانی ڕابردوو لەچوارچێوەی پەناودیوارێک دا دینی ئیسلامیان نۆژەن دەکردەوە، چونکە لەسەردەمی ئەوان خانوەکە بەتەواوی نەڕوخابوو، ،بەڵام ئەوانەی لەم سەردەمە بیانەوێ خانوەڕوخاوەکە بنیات بنێنەوە،دەبێ ئیمانی پتەوی پەیام هەڵگران ورەسولەکان وئەنبیایان هەبێ، چونکە هەرتەنیاماڵی رسولی خاتەم نەڕوخاوە ،بەڵکوئەودوابلۆکی

خانوەتەواوەکەی ماڵی ئیسلام بووکە اللە جگەلەئیسلام هیچ ماڵێکی تری قبوڵ نیە چونکە:

(إن الدين عند الله الإسلام)آل عمران١٩

" ورضيت لكم الإسلام دينا" (3 - المائدة)

" ومن يبتغ غير الإسلام دينا فلن يقبل منه " (85 - آل عمران)

ڕێسای بیست وسێیەم: کەواتە ماڵی ئیسلام کە دینی هەموو پەیامبەرو هەموودینەکان بوو ،ماڵی لا اله الا الله بوو کە دروشمی هەموو ئیماندارانە هەرلەئادەمەوەهەتاخاتەم.بەڵام ئەمڕۆ بەشایەدی واقع وبەڵگەی دەقەکان ئەوماڵە لەسەرزەوی بەتەواوی ڕوخێنراوە،ناشهێڵن لە ناوئەشکەوتێکیش ئەم ماڵە پەنایەکی هەبێ، کەواتە ئێستا مرۆڤایەتی دەبێ چاوەڕوانی بەڵێنە گەورەکە بێ،ئەم کارە

تەنیابەدەست تێخستنی تەقدیری ربانی و مەدەدی ئاسمانی دەکرێ.

ڕێسای بیست وچوارەم: چونکە شیرکێک کە گەورەترین ستەم وزوڵمە لەهەموو زەوی دا شکۆی هەیە، ئیمانێک کە تاکە حەقی ئەم بونەوەرەیە هێلانە چوێلەکەیەکیشی پێ ڕەوانابینرێ.

دەبێ وەعدی رسول الله علیه السلام بێ، کەدنیای پڕبووڵەجەوروستەم وناحەقی جارێکی تر مهدی زەمان ومەسیحی رحمن بێن وئەوجەوروستەموناحەقیە ڕاماڵن وهێزوپێزی خاچ وخاچ پەرستان بشکێنن ودەوڵەت وبازاڕی بەدڕەوشتی بەرازوخنزیری کوفرویێلحاد وبێ دینی زلهێزان سەربڕن وبنۆپێنن وئەم جیهانە جارێکی تر پڕببێتەوە لە عەدل وماڵی ئەنبیاورسولەکان هەربە

ئەولیاورەسولە خاوەن عەزمەکان بنیات دەنرێتەوە.

ڕێسای بیست وپێنج: وەک تورموزی لەئەبوهوڕەیرە دەگێڕێتەوە کە نوری چاومان فەرمویەتی :

نزیکە کە کوڕی مەریەم دابەزێ لەوکاتەی جیهان پڕبووە لەستەم وچەوسانەوە،ئەودنیا پڕدەکا لە دادگەری و مافپەروەری..

وەهەواڵی هاتنە خواری عیساعلیە السلام لەسوڕەتی انساء بەڕۆشنی هاتووە ولەسوڕەتی زخرفیش ئاماژەی پێکراوە..

تاکوهاتنی ئەوبەڵێن ومژدەش گەورەترین کاروئەرکێک کە مسوڵمان بتوانێ بیکا ئەوەیە کەخۆڕاگربێ ولەسەر ئەوپەیڕەوو ناونیشان وبانگەوازەبێ کە لەناوقورئان وفەرمودەی دواپەیامی ئیلاهی دا پێناسەکراوە،بەردەوام دوعاوپاڕانەوەوعبادەتی بۆ ئەوەبێ کە اللە

زياتر هيدايەتى بداو ڕێنمايى بكاو لەسەرئەو ئيمان وئيسلامەتيە بيهێڵێتەوەو ڕاوەستاوو پێچەسپاوى بكا..

ربنا آتنا من لدنك رحمة وهيئ لنا من أمرنا رشدا..بابەتى وەرگێڕانى ئيسمى الله بۆ خوا وخودا وگۆد:

ئەگەرلەڕووى زمانەوانى كوردى وفارسى سەيرى وشەى خودابكەين :

خودا:خود ،خاوەن , ,دۆخ وحال وبار ,خاو وسست ,كەرەستەى خاو , خودا ،خوداوەند يان خودێ بەكرمانجى,بەوەش ليك دەدريتەوە كە خۆى بوونى خۆى داوە.ئەمە ئەگەر كوردى بێ ولەزمانى ترەوە نەهاتبێتە
ناوكوردى.كەلێرەدا دينەكان ئەوەڕەت دەكەنەوە كە پەرستراوەكەيان خۆى خۆى دروست كردبێ.

ج١اسماء الله الحسنى /ن.محمدعزيزلۆتەرى.

بەڵام پێناچێ كە دەستەواژەی خودا لەبنچینەدا كوردی بێ، بەڵكو لەزمانی لاتینی وشەی گۆد بەمانای بەدیهێنەروپەرستراوهاتووە، كە لە مەسیحەتدا بە ئوقنۆمی ڕۆڵە یان ڕوحی پیرۆز بگوترێ هەردووک گیان وجان وجوانن .

وەدەڵێن كە بنچینەی زمانەوانی ئەو ووشە ووشەی good واتە جەیدی عەرەبی وسامیە ،كەواتە جود وجەید وحسن وجوان وباش وكەشخە هەمووی دەگرێتەوە،جاكەئەم جوانە جانە ئوقنومی ڕۆڵەبێ كە مەسیحە وڕوح وگیان وجانی الله یە یان ڕوحی قدس بێ ،ئەوەجوان وجان وگیان لێک نزیكن.

وەكە جەید هاوماناو مورادیفی حسەن وجوان وجمیل وباش وخوب ی فارسی بێ ئەوە الله لەهەموو ئیسم واتاوبەهاكان حوسناوجوانترینی هەڵبژاردوەودوای جوانترین وحوسنێ هەرئەو

بەديهێناوە بەڵام پاڵ نادرێتە لای ئەوو لە هەڵبژاردە و ویستی شەرعی ئەودا نیە، بەڵام لەعەرەبی دا حسن وجمیل واتای اللە نیە ،بەڵکوجیاکەرەوەی ئیسمەکانیەتی یان یەکێکە لە ئیسمەکانی .

بەڵام کەبە ئوقنۆمی ئاب بگوترێ ،ئەوە جەد=باپیروباوەگەورە بەزمانەسامیەکان لە گۆد نزیکە .

چونکە ناوی کێومەرد ی باپیرە گەورەی مرۆڤایەتی هاتۆتە ناوفەرهەنگی ئەشکانی وئەخمینیەکان وعیلامیەکان وکاشیەکان وگۆتیەکان ولەوەیە لای سۆمەریەکانیش هەروابووبێ کە کێومەرد لای وان وەک ئادەمی قورئان وتەورات باوک وباپیرەگەورەی مرۆڤایەتیە واتە مەردی کەژو کێو وپیاوی شاخ ..

پاشان ئەم دەستەواژە لای سامیەکان بۆتە ناوی پەرستراوکە پێی دەڵێن مەردۆخی ئاموری وئاکادی کە پەرستراوی شاری ئەریدۆو وبابل بوو،

کوڕی ئایاوئانکی بوو وەهێماکەی دەریالوشەکان بوون لەسەرەتابەڵام لەسەردەمی حامورابی هێمای خۆربوو، دەگوترێ ئازەری باوکی ئیبراهیم پەیکەری مەردۆخی لەبەردەم پەرستگای مەردۆخ لە ئور دەفرۆشت، بەڵام ئیبراهیم ئینلیلی بە دروستکاری جیهان دەزانی، مێژوو پێمان دەڵێ کە ئینلیل وئایل پەرستراوی هەرەگەورەی سۆمەریەکان بوو، بنکەکەی لەشاری نیبوور بوو،نیبۆر بەوئەستێرە تارقەش دەگوترێ کە ئیناکی وفریشتەدابەزیوەکانی ئاسمان لەوئەستێرەوەهاتوون بۆسەرزەوی وشاری نیبۆریان بەناوی ئەستێرەکەیانەوەکردووەو ئینلیل پەرستراووخالقی ئەوئیناکیانەونیبۆری

ئەستێرەکەیان بووە،ئەفسانە سۆمەریەکەدەڵێ کەئەوئیناکیانەی لەنیبۆرەوەهاتوون ئادەم وياجوجيان دروست كردوون.

سۆمەریەکان ناویان سۆمەرنەبووە،ئەوان بەزمان ونەتەوەوڕەچەڵەکی خۆیان دەگوت ئیمگر واتە ڕەسەن وبنچینە، پێیان وابووکە ئان =ئاسمان پەیکەرودروستکەری ئاسمان وئانکی =خوارئاسمان پەیکەرو دروستکەری زەوی و

ئانلیل =درەوشاوەی ئاسمان دروستکەری بەرگەهەوایە،پاشان بە دروستکەری خۆریش ناویان دەبرد.

بەڵام کە ئان واتە ئاسمان بێ، دەبێ ئانکی خواری ئاسمان بێ وئان لیل درەوشاوەی ئاسمان بێ.

هەرچۆنێک بێ ئەم گەلەنوسین وژمارە تاشەست ودابەش کاری مانگ وساڵ وهەفتەبوون ویەکەم یاسایان لە شاری نیبور

داهێناو یەکەم کتێبخانەوگالیسکاو
ڕوڕەوەوگاسن ئەوان دروستیان کرد، ئەگەر
ئەوان ئینۆناکیەکان کەئانکی یەکێکەلەوان لە
ئەستێرەی نیبوردابەزیبن، پاشان لەوڵاتێکی
شاخاوی نیشتەجێ بووبن ولەوێ ئەم-
ئیمگریەنە-یان دروست کردبێ کە ئەکەدیەکان
ناسنامەکەیان گۆڕێون بۆ سۆمەریەکان ،دوایی
بەڕێی دەریاوە هاتوونە وڵاتی کنگر
=دووڕوبارو بەیادی ئەستێرەکەیان شاری
نیبوریان لە قادسیە لەناوچەی عەفەک دروست
کردوە.

لای وان ئان وەک بۆشاییە.

ئەمڕۆ زانستی فیزیا و گریمانەکانی
سەلماندوویەتی کە بۆشاییش وەک ماددەو
ووزەو کات و ئەنتی مادە ...هەموو
دروستکراون ، کەواتە ئان دروستکراوە ،
بەڵام کە سۆمەریەکان پێیان وابووە کە

تەنیادەفری بۆشایی دروست نەکراوەو ناویان ناوە ئان و جگەلەو هەموو شتێک بە ئنلیل و ئانکی زەوی و ئەنانۆکیەکانیش دروستکراون ئەوە ڕادەی تێگەیشتنی ئەوان بووە .

وە ڕیزبەندی وان بۆ گەورەوگەورەتر بەقەبارە بووە ، کە دیارە بۆشایی ئان لە ئەستێرەی درەوشاوە ئینلیل گەورەتر بووە ، بۆیان لێرەدا کەوتونە ئەو تێگەیشتنە هەڵە وە .

ئێستا دوای هاتنی ئەم هەموو پەیامەش خەڵکانێکی زانا لەو بابەتانە زۆرجاردەکەونە هەڵەوە، خۆ نابێ هەڵەکانی ئەوان لەخەڵک بکرێتە بەڵگە.

عەقڵ وهۆش زۆربەزەحمەت دێتە قەناعەت کە بۆشایی وکات وماده و وزە دروستکراوبن ، چونکە ئەو بوونەوەری لەمانەدا چڕ کردۆتەوە.

بەڵام کاتێ دەقە دینیەکان دەفەرمون کە اللە خالق لە هیچ ڕوویەکەوە بەهیچ شتێک ناچێ و

بێ سنورى وهەميشەيى خالق پەكى لەسەر هيچ لەم ديارداندە نەكەوتووە ولەكۆتاييدا بۆشايى وكات و مادەو وزەش شتن (شەيئن) بەڵام الله لەبوون وبێ سنورى وهەميشەييدا بەهيچ شتێ ناچێ كەواتە بەبۆشايى وكات ومادەش ناچێ و پەكى لەسەريان نەكەوتوە وپێش نەبوونى ئەوانيش هەبووەوە دواى ئەوانيش دەمێنێ ودياردەى لەوانيش سەرسامكارتر دەخولقێنێ .

ئينليل دروستكاروبەديهێنەرى ڕاستەقينەى ئەستێرەكەيان وئەوانە،ئەوانيش بە فرمانى ئينليل٦هەزارسالّ پ ز مرۆڤيان دروستكردوەو كردوەوفێرى شارستانيان كردوە، ژمارەيان تاشەست بووە ،وەك پيتەكانى ئاوێستاى مەگوسى كەبە٦٠پيت دەنوسرا، ژمارە ٦٠ئان بوو،ژمارە٤٠ئينليل بوو،ژمارە٣٠ئانكى بوو.

وەیەکەم داستانی گلگامێش و ئەنکیدۆ وئارینەبیشتم ی نوح یان نوسیوە،پاش لافاوەکە ئیناکیەکان گەڕاونەوە نیبۆر.

بەم گێڕانەوەبێ هەندێک زمان و ووشە هی مرۆڤ ونەتەوەکانی سەرزەوی نین ولە ئاسمانەوە هاتوون لەوانەش ئینلیل..

ئینلیل هێماکەی هەواوباوزریان بوو، کاتی ئیبراهیم علیه السلام هات سۆمەریەکان توابوونەوەولەلێواری لەناوچوون وبە مۆزەخانەبوون بوون، بەڵام ئیبراهیم پەرستراوەمەزنەکەی ئەوانی بەسەر پەرستراوی مەردۆخی ئاکادی وبابلی وئاشوری وئاموریدا هەڵبژارد.

سۆمەری وعیلامی وگۆتیەکان کێومەردیان وەک باپیرقبوڵە بەڵام نای پەرستن، بەڵام بابلیە کان کە باوک وباب بەرامبەر بەئیل بەکاردێنن وباب بە ئیل دەزانن بۆیە پایتەخت وجێگای

پەرستگا پیرۆزەکەیان بابل بوو، واتە باوکەگەورە لای وان اللە یە ئیدی لەوکاتەوە ئاب پەرستی دەستی پێکردوەو گوازراوەتەوە بۆشام وئەوروپاو لەلاتینیەوە هاتۆتە ناومەسیحی ، بۆیە سەیرنیە کە کاری هەرگەورەی مەسیح علیه السلام لەدوای گەڕانەوەی وەک لەسفری یۆحەنا دەردەکەوێ کەدواییین سفری ئینجیلە لەناوبردنی شاروژیارو ولّاتی بابلە واتە لەناوبردنی ئەوبۆچوونە کە باوکە گەورە بە ئایل واللە بزانی.

ئەگەر وشەی خودا لەهەریەکێ لەمانە وەرگیرابێ بنچینەکەی سامیە ،چونکە ئاکادی وبابلی وئاشوریەکان سامی بوون ومەردۆخ لای وان خۆربوو.

لە ئاڤێستاو مەجوسى و زەردەشتيش خوا وەک پەرستراوێک بوونى نيە ، لەوێ بەديهێنەرى خێر لە گەردوون ئاهورا مەزدايە وبەديهێنەرى شەڕيش ئەهريمەنە،وەناوى ئاهورا لەناوى خودا زۆر جياوازو دوورەوپێناچێ پەيوەنديان بەيەکەوەهەبێ.

لە دينى ئيبراهيم وموساو عيساش دا ئايل و يەهوە زۆر ناويان هاتووە ،ئايل هەر اللە يە.

يەهوەش کورتکراوەى ئيلۆهيم =اللهم ،هەميشە هەبوو.

خۆکە يەهو هەرهەبووبێ ،هەيە لە زمانى خۆشمان هەربەو واتايە بەکاردێ ،بەمەش اللهم واللە واتە هەميشە هەبووەکە.

ئەگەربەڕيزبەندى چەپەکانيش بێ پێدەچێ ناوى خوداوجود وکێومەردومەردۆخ لە دواى دەستپێکردنى قۆناغى مولکايەتى تايبەتى وخاوەندارێتى تايبەت دەستى پێکردبێ.

جوت واتەشەفع، دوانە جود لەجوداوجياوازو جادو سحر نزيكە، محمد بۆيە شەفيع وجوت ودوانەى الله يە لە ڕۆژى قيامەت چونكە ناوەكەى لە حەمد وسەنا وشوكر وەرگيراوە، سەنا ،ثنا،اثنين، شكر،شراكةهاوبەشى لێ وەردەگيرێ، بۆيە هەندێ زانا دەڵێن، الحمد لله ،واتە هەموو دروستكراوێک لەهەموو بارودۆخ وديياردەوقوناغێک بۆ الله ،وە سبحان الله واتە مەلەپێکەرو جوڵێنەرى هەموو ئەم كاڵاو بوونەوەروبارودۆخ وديياردەوقوناغانە هەرالله يە.

ئايا دەستەواژەى الله،اللهم ،ئيلوهيم، ئيل،ئينليل دەتوانرێ وەربگێڕدرێ بۆ دەستەواژەى تر ؟؟

ووشەى الله ،ئيليا ،ئيل ،لە پێش بوونى عەرەب دا لە زمانى سۆمەرى و ئەكەدى وعبرانى دا

هەبوەو هەرچەندە قورئان عەرەبیە ولەیازدە شوێن لە قورئان باس کراوە کە حوکم وکتابێکی عەرەبیە، بەڵام بنچینەی وشەی الله عەرەبی نیە ولە عەرەبی کۆنترە..لەتەوڕات وئینجیل و زەبورو کنز الرب -کنزبرا- وئەفسانەو تێکستەکانی وڵاتی دووڕووبارو میسر ویەمەن وگریک وشام هاتووە.

بۆ بەکارهێنانی وشەی گۆد وخودا وەک هاومانای الله وئایل ویەهوە ،پێشەنگەکانی دینەکان بەدروستی نازانن،چونکە ئەم بەکارهێنانانە زۆر جار بۆ دوعاوپاڕاناوەن، پاڕانەوەش وەک لە فەرمودە دا هاتووە مۆخ وکرۆکی عبادەتە، جاکە عبادەتەکانی نوێژو ڕۆژوو وحەج ئێسق بن ،ئەوە لە مۆخەوەدروست دەبن کە دوعایە ،جامادام نوێژ و ڕۆژوو وبانگ بە جگە لە و دەستەواژە شەرعیانە ڕەتکراوەبێ ،ئەی چۆن مۆخەکەیان بە هێنانی جگە لە ئیسمی الله دروستە؟ بۆنمونە

دەگوترێ خوا حافيزت بێ، خوالێت خۆش بێ، خواپايەدارت كا،خواپاداشتت بداتەوە .....هتد ئەمانەهەموو دوعان دوعاش مۆخى عبادەتە ،جاكە عبادەت بەجگە لە الله دروست نەبێ ؟ ئەى مۆخەكەى چۆن دروستە؟؟

هەرچەندە ئێستا زۆربە بەربلاوى وبەئاسايى بەكاردەهێنرێ،بەڵام بەكارهێنانەكەى واتەى ئەوەناگەيەنێ كە ڕاى پێشينەكان گۆڕابێ.

بەڵگەكانى هێشتنەوەو وەرنەگێڕانى دەستەواژەى الله بۆ هيچ دەستەواژەى زمانێكى تر:

چونكە:

١-وەك چۆن كەكەسێكى كافر كەمسوڵمان دەبێ دەبێ شايەتمان وشهادە بەعەرەبى

بدرکێنێ و بە جگە لە گوتنی شەهادە بەعەرەبی بە وەرگێڕدراوی ئەو ڕستە بڵێ
هاتنەناوئیسلامەکەی لێ ی وەرناگیرێ، وە نوێژخوێن وبانگبێژ بە بەدەستەواژەی دینی نەیڵێن پەرستشەکەیان وەرناگیرێ ، کەواتە گۆڕینی وشەی الله لەکاتی ئاسایی ودەرەوەی عبادەت وپەرستنیش پاداشتی لەسەر وەرناگیرێ، مادام پاداشتی نەبێ نەگوترێ باشترە .

٢-ئێمە دەزانین کە ئەسمای حوسنای الله کە پاڵ دراونە لای الله و هەندێک جاران پاڵ دراونە لای رب والرحمن، بەڵام هەریەک لە رب ورحمن دروستە پاڵ بدرێنە لای الله بگوترێ الله رحمانە و (رب)ە وپەروەردگارە وتەنیا الله ڕەحمەتی بێ سنورو وربوبیەتی هەیە. ،بەڵام نابێ الله پاڵ بدرێتە لای رب ،ناتوانرێ بگوترێ بسم الرحمن الله الرحیم ،یان الحمد للرب الله العالمین، چونکە نابێ الله بکرێتە

تایبەتمەندی وئاوەڵئیسم وئەوەی بەهەڵە پێی دەڵێن سیفەت بۆ رب وبۆ رحمن، ئەی چۆن دەبێ ناوێک وەک خوا کە نە لە قورئان ونەلەفەرمودە ونەلەتەوڕات وئینجیل وزەبور نەهاتوە هەموو ئەسماوتایبەتمەندی الله ی پاڵ بدرێتە لا؟. بگوترێ خوا رحیمە،رحمانە سمیعە خالقە ،،،هتد؟؟

٣-ئەوە کۆڕای یاوەران -ئەسحابی رسول - وسێ ئیمامی مالک وئەحمدوشافعی وئەهلی فەرمودە وزۆر لەزانایانی تریشی لەسەرە لە ئیسلامدا.تەنیا ئەبو حنیفە لەچوار ئیمامەکە لەو مەسەلە ڕای جیاوازە.

٤-زانایانی ئەسەری وەک گێڕەرەوانی فەرمودە بوخاری بابێکی لە سەحیحەکەی بۆ بێزێنرانی ڕەتانەی ئەعاجم هێناوە لە دیندا کەمەبەستی بەکارهێنانی دەستەواژەی جگە لەقورئان وسونەتە، ،ئیبن تەیمیە لە کتێبی

(اقتضاء الصراط المستقيم باسى كردوەو لەزۆرشوێنى تريش،

ئيبن عوسەيمين لە قواعد المثلى باسى كردوە، كەچى وەرگێڕە كوردیەكەی لای بردوەو ناپاكى لە ئەمانەتى زانست كردوە، شافعى لەسەرەتاى بەيانەكانى كتێبى الرسالة باسى كردوە كە ئێستا كراوەتە پێشەكى كتێبى ئوم .

٥-دەستەواژەی (رطانة الأعاجم)واتە قسەكردن بەجگە لەزمانى عەرەبى بەتايبەت لە زاراوەو بابەتە دينيەكانى پەيوەست بە عەقيدەو عبادەت وپەرستش ،دەروازەيەكە لەكتێبى صحيحى بخاري وموسليم.وە بەيهەقى فەرمودەيەک لە ئيمامى عومەرەوەبەسەنەدێكى صحيح دەگێڕێەوە كەقەدەغەی كردوە لە سەردەمى فەرمانڕەوايى خۆيداخەڵک بە جگەلەعەرەبى لەكاروبارى دين وعقيدەوعبادەتدا قسە بكەن.

ئیبن تەیمیە دەڵێ هەردووک ئیمامی مالیک وئیمامی ئەحمەد ئەم کردەوەی عومەریان وەرگرتووەو لەمەزهەبەکانیان فرمانیان بەپەڕەوانیان کردوە کەزمانی جگەلەعەرەبی بەکارنەهێنن.

لەڕووی زمانەوانیش:

٦- کەبەبۆچوونی ئەو زانایانە بێ کە دەڵێن الله له اله =معبود=پەرستراو وەرگیراوە ،ئەوە لە ووشەی خوا یان خودا هیچ واتایەکی نزیک لە مەعبودی وپەرستنی تێدانیە وهیچ پەیوەندیەکی بە پەرستن وعبادەت وئیلاهیەتەوە نیە، وە وەرگێڕدراوی ئیلاهـ بەکوردی ووشەی پەرستراوە نەک خودا.

٧-خۆ کەشوێن بۆچوونی ئەو کەسانە بکەوین کە دەڵێن دەستەواژەی الله مشتق وداتاشراو نیە ئەوان گۆڕین و وەرگێڕانی ووشەی الله وەک ناوێکی عەلەم وەک ئیبراهیم وئیسماعیل

وئەوناوە ناعەرەبيانە كە ناوى عەرەبيش نين وناشبێ وەرگێڕدرێن ،ووشەى الله ش هەروەک خۆى دەنوسرێتەوەو وەر ناگێڕدرێ بۆ هيچ زمانێک.

٨-جارێ دين وەک کەلتورو زمان ونەتەوە وڕەچەڵەک تايبەت کراوە بەنەتەوەيەک.

ئەم کوردەى خۆمان يەکێک لەو ميللەتە دەرون نەخۆشانەى کەدەڵێن دەبێ هەموو شتێکى تايبەت بە کوردمان هەبێ،بەڵام وادەبينين

ئەگەر کاکەيى لە پەيڕەوانى شەريعەتى داود بن،پاشان کەبەبەڵگە سەلمێنراکەهەريەک لە يەزيدى وميترايى وکاکەيى ويارسان وزەردەشتى خاڵى هاوبەشيان زۆرە وپێک چوونيان هەيە ئەوە دەگەينە ئەوبڕيارەى کە ئەم ناوچە ى ڕۆژهەڵاتى ناوەڕاست هەمووى يەهودى بوون،چونکە داودوسولەيمان دوو پەيامبەرى يەهود وبنەماڵەى ئيسرائيلن،

زەردەشتیش دەگوترێ ئارمیاودانیالی دیوەو لەوانەوە فێربووە، یەزیدی وکاکەییەکانیش باسی برایم خەلیل بەگەورەیی دەکەن، کەواتە شتێک نیە ناوی دینی کوردوفارس وڕۆم و..،..هتد بێ.

ڕۆمان ویۆنان وقیبت وئەرمەن وگەلەکانی ناوچەکە بەئاری ویافسی یانەوە، ناچن لە دینی نەتەوەیی بگەڕێن،چونکە دین فەرهەنگ وڕێبازێکە لەناوکوڕانی نوح دراوەتەسام، لەناوسامیەکان دراوەتە بنەماڵەی ئیبراهیم ،ئیدی هەردوولقی بنەماڵەی ئیبراهیم لە ئیسماعیلی وئیسرائیلیەکان دینیان پێدراوەولەناوگەلانی کۆن بەپێی توانا لە ئەفریقیاومیسرویەمەن وقدموس لەئەوروپا - ئۆرفا-بڵاویان کردۆتەوەوهەرئەوانیش دوای سەبی لەئێران وتوران وئاسیا بڵاویان کردۆتەوە،بۆتا یەهودسەبی نەکرابوو زەردەشتێک بوونی نەبوو؟

كەواتە ئاين فەرهەنگێكى تايبەت كراوە بە سامیەكان بۆئەوروپی یەكان لەسلافی ولاتینی وجەرمانیەكان لەگەڵ ئەوەی كەخاوەن كەلتوروفەلسەفەوژیار بوون سەری خۆیان بەگەڕان بەدوای دینی نەتەوەیی نایەشێنن؟ چونكە كەدین دینی بەوەحی نێردراوبێ،دەبێ بۆ بنەماڵەی ئیبراهیم هاتبێ،بێجگە لە ئیبراهیمیەكان دینیان نیەودەبێ شوێن ئیبراهیمیەكان بكەون،وەك چۆن فەلسەفە تایبەت بەیۆنانە،دینیش تایبەت بە ئیبراهیمیەكانە، لەدەرەوەی نەوەی ئیبراهیم بۆدین مەگەڕێن.

جا كوردوئەوروپاوهندوچین وتورانیەكان ئەمڕۆ هیچیان سامی نین،ئیبراهیمیش نین،ئەوان یافسین،دین بەوان نەدراوە،دەبێ بۆ دینداری حامیەكان ویافسیەكان شوێن پێغەمبەران ودینە سامیەكان بكەون، بۆیە دینی حەنیفی و مەجوسی وسابئی ویەهودی

ومەسیحی وئیسلام هەموویان دینی کەسانێکی سامی وئیبراهیمین، میللەتانی دیکەش لە ئاریەکان وتورانیەکان شوێنیان
کەوتون،هەرلەبەرئەوەشە کەنەوەکانی ئیبراهیم وەک ئاردی ناودڕوان بەناوهەموو میللەتان وکیشوەرەکاندا بڵاوبونەوە...

٩-ئەم بابەتە ئاڕاستەیەکی عەقیدەیی وەرگرتووەوبەدرێژایی سەدان ساڵ تیروشیرلێک سونی موعتەزیلەوحەنبەلی وبوخاری وئەشعەریەکان وناکۆکیان هەمووی لەسەر بابەتی کەلام وومەعناو ولفظ ودەربڕینە ولەسەرئەوجیاوازیە خوێنی یەکتریان زۆرجارحەڵاڵ کردوە،ئاشکرایە کەکەلامیش ووشەوپەیڤن، ووشەکانیش دابەش دەبن بەسەر شێوەزمان ونەتەوەکاندا.

بەڵام کە بێ بەبێ لایەنی لەهەردوولابڕوانێ وبزانێ کە بەشێک لە بۆچوونی ئیمام

ئەحمەد(القرآن كلام الله غير مخلوق) بۆ قورئان ڕاستەوبەشێکی هەڵەیە، چونکە کە گوتمان قورئان هەم کەلامی لەفزی ودەرفرتێنراوو هەم کەلامی نەفسی وبێ سەرەتا دەگرێتەوە، دەبا عوزر بۆوهەموو زاناو خەلیفانە بێنینەوەو بڵێین ئەوان مەبەستیان لە مەخلوق بوونی قورئان کەلامی لەفزی بوو ،وەنەیان توانی کەلامی نەفسی لە کەلامی لەفزی جیابکەنەوە.

خۆکە سەیری جیاوازی نێوان بۆچوونی بوخاری وئیمام ئەحمەد بکەین وکەلامی لەفزی ونەفسی لێک جیانەکەینەوە،ئەوە دەبێ بڵێ ین کەلەنێوان بوخاری وئەحمەد بەریەک کەوتن هەیە و ڕای بوخاریش وەک ڕای موعتەزیلەیە ،چونکە بوخاری هەموو کار وڕەفتارێکی عەبدەکان لەوانەش گوفتاروقسەکردنیان بە خەلقی الله دەزانێ وبەمەخلوقی دەزانێ ،کتێبێکی لەسەر خلق افعال العباد

داناوە،تابیسەلمێنێ کەهەمووکردەوەکانی مرۆڤەکان وهەموو بونەوەرانی تریش مخلوق ودروستکراوی تەنیاخالقێکن کە اللە یە بەبەڵگەی ئایەتی :وَاللَّهُ خَلَقَكُمْ وَمَا تَعْمَلُونَ (صافات 96)

تەنیا اللە بەدیهێنەری ئێوەیش وبەدیهێنەری هەموو ئەوکردەوەوکردارانەشە کەدەیکەن.

لەوانەش خوێندنی قورئان ودوعاکردن،فعل وکردەوەیەکی مخلوقە (لفظي بالقرآن مخلوق) بەڵام کاتێ ئەشعەریەکان هاتن ئەم دوو جۆرە کەلامەیان لێک جیاکردەوە ساغیان کردەوە کە یەکێکیان مەخلوقە وهەرکەسێک لەفزی قورئان بەمەخلوق نەزانێ ئەوە مەجوسی ئەم ئوممەتەیە و خۆی بەخالقی کردار وگوفتارەکانی دەزانێ ودەبێتە هاوبەشی اللە لە کرداری خەلق کردن دا.

وەدەبێ لەم سەردەمەش دا هەروا
بڕوانینە ئەوانەی لەوبۆچوونە دا
بەهەڵەداچوون ، تۆمەتباریان نەکەین
وبەزندیق ولاڕێ یان نەزانین، چونکە لەوەیە
مەبەستیان لە مخلوقی قورئان ، قورئانی
دەربڕدراو بێ لەلایەن کەسەکانەوە ،یان
کرداری نوسینی قورئان بێ ،ئاشکرایە
کرداری نوسین وچاپکردن وچوێندن وتیلاوەی
قورئان کەفیعل وکرداری مرۆڤەکانن مەخلوقن
،بەڵام دەبێ بۆیان ڕوون بکرێتەوە کە قورئان
وەک کەلام وفەرمایشت و علمی الله هەمیشەییە
و مخلوق نیە ئەوەی ئەشعەریەکان ناویان ناوە
کەلامی نەفسی .

هەڵبەت ئەشعەریەکانیش لە ناونانی کەلامی
نەفسی زۆر ورد نەبوون،ئەوان مەبەستیان لە
کەلامی نەفسی کەلامی خودی الله بوو، دەبوایە
ناویان نابوایە کەلامی علمی، وەک ئیمام
ئەحمەد لە نامەی وەڵام دانەوەی جەهەمیەکان

دەڵێ:وڵامى جەهەميەكان بەوەبدەنەوە كە كلامى الله بەشێكە لە علمى الله جاكە ئەو علمە بە دروستكراو بزانن كافر دەبن.

كەواتە مەبەست لە كەلامى نەفسى كەلامى علميە، چونكە هيچ كاتێک نەبووە كە الله ئيسم و ناونيشان ونەخشەوئەندازەگيرى ئەو شتانەى دروستيان دەكاو ئەوديارده وبەهايانەى دەيان هێنێ نەزانيبێ ،بەڵكو بەبێ سەرەتاوهەميشەيى زانيونى ،پێش ئەوەى لە سەر زمانى هيچ دروست كراوێک دەربفرتێنرێن وتەلەفوزيان پێ بكرێ ولە هيچ شوێنێک بگوترێن وبنوسرێن.

ئابەم شێوە ئەو خراپ تێگەيشتنەى كە مسوڵمانان بەگشتى هەيانە لە بۆچوونى ئيمامەكانيان وەک ئەحمەد وبوخارى وڕەوتى ئەشعەرى دەڕەوێتەوەو بەكۆكردنەوەو وردبوونەوە لە ڕێ وشوێنەكانيان دەبێتە

فاكسين وپێكوتى چارەسەرى ئەوپەتا دوورو درێژەو لەخولانەوەى بێ مەبەستى ناوبازنەى داخراو دەربازمان دەبێ .

١٠-وەمسوڵمانان بەگشتى وزانيانى مسوڵمان بەتايبەت كۆكن لەسەرئەوەى كە ئيسمەكانى الله وبەتايبەتيش كۆكەرەوەى هەموو واتاى ئيسمەكان كە الله يە تەوقيفيە وبەبۆچوون و مەزندەكردن دانانرێ، وە ناشتوانرێ كە بگوترێ كە وەرگێڕانى ئەو دەستەواژە ئەم تايبەتمەندى تەوقيفى بوونە دەپارێزێ،بەمەش ببێتە هۆى ئەوەى ئيماندار بەهەڵە وبەلێڵى پەرستراوو پەروەردگارەكەى بناسێ وئەم بەهەڵەناسينەش سەرى لەگومڕاييەوەدەرچێ.

هەرئەم جۆرە لادانانەش بووە كەبۆتەهۆى دەركەوتنى دەيان ڕێچكەى سەرلێشێواوو لەڕێ لادەر.

وە ووشەی god =خودا وهاوماناکانی مادام لە
مێژە بۆ ئەوپەرستراوە سێ ئقنۆمیە
بەکارهاتووە کە گاورەکان پەرستویانە
وقورئانیش بەڕاشکاوی بەگومڕا
ولەڕێدەرچووی ناساندوون، کەواتە
ئەودەستەواژە نابێتە هاوماناو موراديف و
وەرگێڕدراوی الله لە زمانەکانی دیکەدا ونابێتە
تایبەتمەندی و ناونیشانی پەرستراوی تاقانەی
بێ هاوبەش کە الله یە.

بۆیە واباشترە کەبە ئینگلیزیش هەر
بنوسرێ allah ولە وەرگێڕدرانی واتاکانی
قورئان بۆ ئینگلیزی لەلەن محمد هیلالی
دەستەواژەی الله allah هەروەک خۆی
نوسراوەو وەرنەگێڕدراوە بۆ god =خودا .

لەڕووی زمانەوانیش:

ئەو وەرگێڕانانەو هاومانایانەی کەکراون لەنێوان زمانەکان بەگشتی بەچەندین شێوەوقۆناغ کراون:

هۆکارەکانی جیاوازی دەربڕینی دەستەواژەکان :

١-یان ئەوەیە کەئەم زاراوانە لەسەرەتادا لەزمانی دایک،زمانی کۆنی یەکەم کەژمارەی ئادەمیزاد کەم بوو وزمانیشیان یەک بوو وەرگیراون ،بەڵام کە مرۆڤەکان زۆربوون وزمانی ئاخاوتنیان بۆتە چەندین زمان ئەو دەستەواژەوزاراوانەیان گۆڕیوەو بەمەش دەربڕینەکان جیاوازبوون ئەمە بەسەر دەستەواژەکانی الله ، ئیلیا ، ئیل، ئینلیل، ئیلۆهیم ،اللهم دا دەچەسپێ کەدیارە سەرەتا تەنیا یەک دەستەواژەبوون و کەزمانەکان پەیدابوون لەزمانی سامی دایکەوە ئەم دەستەواژانەش گۆڕاون.

ج١اسماء الله الحسنى /ن.محمدعزيزلۆتەرى.

إلٌّ (ill-um) ئەکەدیە: إلٌم (= ill-um)،
عیبرانیە: אל (=īl)،فینیقی ئۆگاریتیە :
/إلّـّ/ܐܠܗܐ (=elāhā) "الإله" ،سریانیە:
بەئارامی کۆن: אלוה (= elāh).
شاری "بابل"بەئەکەدی دەرگای ئیل
وەلەعیبرانی وعەرەبی ناوەکانی اسماعیل ومیکائیل وإسرائیل، یالیل وشرحبیل.
هەموو پاڵدراونە لای الله.
لەعیبریدا دەستەواژەکە دەبێتەאלוה (= elōah،
אלהים (= elōhīm = إلوهیم
ئیلۆهیم،لەعەرەبیدا بۆتە اللهم،ئەڵڵاهومم.
کەواتە پەیوەندی ئەم دەستەواژانە پەیوەندیەک نیە وەرگێڕان وتەرجومە دروستی کردبێ، بەڵکو هەرخودی دەستەواژەکان لە بنچینەدا یەک ووشەبوون وتێپەڕینی کات وگۆڕانی

ج١اسماء الله الحسنى /ن.محمدعزيزلۆتەرى.

زمانە ڕەسەنەکە جیاوازی لە دەربڕینی
لەهجەکان وشێوەزاراوکان دروست کردوە.

٢-دوای فرەبوونی زمانەکان وەرگێڕانی
ووشەو دەستەواژەوواتاکان لەنێوان زمانەکان
بەچەندین شێوە بوو.

دەبینین هەرلەناو زمانێکدا کە ووشە
هاوماناکان جاری وایە لە ڕەگ وڕیشەوە لێک
نزیکن ،جاری وایە لەیەک زماندا هەن
وەک:زەوی=زەمین.

جاری واشە هەرلەزمانێکدا هاوماناکان ڕەگ
وڕیشەیان لێک دوورە وەک
:چیا،شاخ،کێو،یاڵ.

ئەم ووشانە لەنێوان زمانێکی تریش هەر هێندە لێک دوورن،واتە لێک دووربوون وجیاوازی ووشەی شاخ لەگەڵ یاڵ وکێو ،هەرهێندەی جیاوازی ووشەی شاخە لەگەڵ جبل=جەبەل ی عەرەبی.

٣-لەکاتی وەرگێڕانی ناوی کاڵاو واتاکانیش زۆرجار گەلەکان هەریەکەو ووشەیەکی بۆ کاڵاکە داناوە، جاکاتێ یەکتریان بینیوە وکاڵاکەیان دیوە هەریەکەو ئەو وشەی گووتووە کە لەسەرئەوکاڵایەیە ،واتە کوردو عەرەب وئینگلیزێک لای مانگایەک وەستان و عەرەب گووتی بەقەڕ وکورد گوتی مانگاوئینگلیز گوتی کاو.

بەم شێوە زانیان چی بەوکاڵاوبونەوەرە دەڵێن ،لەوەیە کورد مانگای لەگوانەکانی مانگا ورگرتبێ، عەرەب بقری لە قربەو مەشکەی

ج١اسماء الله الحسنى /ن.محمدعزيزلۆتەرى.

مانگاوەرگرتبێ وئینگلیز لەئەندامێکی تری مانگاکە.

عرب بەدەوەنیان گووت نجم وبەئەستێرەشیان گووت نەجم ،بەرامبەربەوان کورد بەگۆمی ئاوو بە ئەستێرەیان گووت ئەستێر.

کەواتە هاوماناو وەرگێڕانی دەستەواژەکان بۆکاڵاوبەهاکان حاڵیان ئاوابێ ئەی بۆ ووشەو واتاوبەهاو پیرۆزیەکان وڕ وحانیەکان کەبەوەحی بۆ زمانێک هاتبن ،چۆن دەکرێ بەرامبەرکێیان پێ بکرێ لەگەڵ زمانێکی تر ؟ چونکە دانانی ووشەکان لەنەتەوەیەک بۆنەتەوەیەکی تر جیاوازە..

جارێ ئەوانەی ئەودەستەواژانەیان وەرگێڕاوە لەنێوان زمانەکان کەسانێکی پسپۆڕو تایبەتمەندنەبوون لە زمانەوانی وڕەگی ووشەکان.

بۆیە زۆرجار وەرگێڕانەکان ناڕۆشن ولێڵ بوون وزاراوەکان لە ڕووی زمانەوانیەوە لەنێوان زمانەکان هیچ پەیوەندیەکیان بەیەکەوەنیە.

٤-جاری واشە مرۆڤێک لە بنچینەی ووشەی زمانەکەی خۆی شارەزایە بەڵام لە دەستەواژەو وشەکانی بەرامبەری شارەزانەبووە بۆیە ئەم وەرگێڕانەش هەر هەڵەیە.

٥-جۆرێکی تر لەوەرگێڕان کەسانێک دەیکەن لەبنچینەی ووشەکانی هەردووزمان شارەزان بەڵام شارەزایەکەیان تەنیا لەڕووی زمانەوانیە و لە ئاوێتەی ئەودەستەواژانەی ئەودووزمانە بەبابەتەدینی وڕوحیەکان زۆرنەشارەزان بۆیە ئەوانیش لەوەرگێڕانەکانیان دەکەونە هەڵەوە..

بەنمونە لەبابەتی وەرگێڕانی دەستەواژەی الله بۆ خودا :

- کەبەبۆچوونی ئەو زانایانە بێ کە دەڵێن الله لە اله =معبود=پەرستراو وەرگیراوە ،ئەوە لە ووشەی خوا یان خودا هیچ واتایەکی نزیک لە مەعبودی وپەرستنی تێدانیە وهیچ پەیوەندیەکی بە پەرستن وعبادەت وئیلاهیەتەوە نیە، وە وەرگێڕدراوی ئیلاهـ بەکوردی ووشەی پەرستراوە نەک خودا.

-خۆ کەشوێن بۆچوونی ئەو کەسانە بکەوین کە دەڵێن دەستەواژەی الله مشتق وداتاشراو نیە ئەوان گۆڕین و وەرگێڕانی ووشەی الله وەک ناوێکی عەلەم وەک ئیبراهیم وئیسماعیل وئەوناوە ناعەرەبیانە کە ناوی عەرەبیش نین وناشبێ وەرگێڕدرێن ،ووشەی الله ش هەروەک خۆی دەنوسرێتەوەو وەر ناگێڕدرێ بۆ هیچ زمانێک.

جارى واشه دەقبەستويى وحەرفى بوون وتێگەيشتنى ناتەواوو ڕێژەيى هۆكارە بۆ هەڵەى وەرگێڕان واتاودەربڕدراوەكان.

بۆ قەيران وئاشوبى خەلقى قورئانيش دەبێ بەبێ لايەنى لەهەردوولابڕوانێ وبزانێ كە بەشێک لە بۆچوونى ئيمام ئەحمەد بۆ قورئان ڕاستەوبەشێكى هەڵەيە، چونكە كە گوتمان قورئان هەم كەلامى لەفزى ودەرفرتێنراوو هەم كەلامى نەفسى وبێ سەرەتا دەگرێتەوە،دەبا عوزر بۆوهەموو زاناو خەليفانەى موعتەزيلە بێنينەوەو بڵێ ين ئەوان مەبەستيان لە مەخلوق بوونى قورئان كەلامى لەفزى بوو ،وەنەيان توانى كەلامى نەفسى لە كەلامى لەفزى جيابكەنەوە،كەواتە ئەوانيش موجتەهيدبوون ونەيان پێكا،بۆيە پاداشتێكيان هەيە.

خۆكە سەيرى بۆچوونى بوخارى وئيمام ئەحمەد بكەين وكەلامى لەفزى ونەفسى لێک جيانەكەينەوە، ئەوە دەبێ بڵێ ين كەلەنێوان بوخارى وئەحمەد بەريەک كەوتن هەيە و ڕاى بوخاريش وەک ڕاى موعتەزيلەيە ،بەڵام كاتێ ئەم دوو جۆرە كەلامە لێک جيادەكەينەوەوساغ دەبێتەوە كە يەكێكيان مەخلوقە وهەركەسێک لەفزى قورئان بەمەخلوق نەزانێ ئەوە مەجوسى ئەم ئوممەتەيە و خۆى بەخالقى كردارو گوفتارەكانى دەزانێ ودەبێتە هاوبەشى الله لە تايبەتمەندى خەلق كردن دا.

-هەروەها لەبارەى وەرگێڕانى الحسنى بە جوان هەڵەيە چونكە ووشەى الحسن بەزۆر واتا هاتووە لەوانە:

-الحسناء:بۆ جوانترين وكەشخەترين وقشەنگترين وڕازاوەترين .

-حوسن الخلق واحسن الاخلاق بۆ باشترين وچاكترين وبەرزترين وباڵاترين وبەبەهاترين وسەنگنترين كردەوەوڕەوشت وئاكار هاتووە وپێچەوانەكەى لە عەرەبى فاسد وسيء واتە خراپەوبەدكارى وگەندەڵى .

-حەسەن وەك دژێك بۆ قەبيح لێرە بەواتاى ئەو دياردەوبەهايانەى لاى كۆمەڵگا پەسند وەرگيراوو پێشوازى لێ كراون وناسراون وبێزراوڕەت كراوەنين ئەوانە حەسەنن.

-رزق حسن وطعام حسن:خواردن وخواردنەوەى حەڵاڵ وبەتام وپاك وخاوێن وبۆن خۆش و...هتد

وەحەسەن بەزۆرواتاى ديكەش بەكاردێ،هەربۆيە چڕكردنەوەى بەكوردى كردنى الحسنى بە ئيسمەجوانەكان ڕاست نيە.

گرنگی ئەم بابەتە لە سونەتدا:

بوخاری لە ئەبوهوڕەیڕەوە دەگێڕێتەوە کە پەیامبەری الله علیه الصلاة والسلام فەرمویەتی:

ان لله تسعة وتسعین اسما من احصاها دخل الجنة

بێ گومان الله نەوەد ونۆ ئیسمی هەیە هەرکەسێ سەرژمێریان بکا شایانی چوونە بەهەشتە.

ئەوفەرمودە ئەوەناگەیەنێ کە الله تەنیا ئەو نەوەدو نۆئیسمەی هەیە وهیچ ئیسمی تری نیە -

لێرەدابۆمان هەیە بپرسین:

بۆ ئەم سەر ژمێریە کە دەیێتە هۆی چونە بەهەشت؟

چەند وڵامێک بۆئەوپرسیارە دراوەتەوەلەلایەن زانایان وئەمە گرنگترینیانن:

-ئەوە وەک ئەوفەرمودەیە کە موسلیم گێڕاویەتەوە کەدە دەفەرموێ :لا احصي ثناء عليك =من ناتوانم وەکو شایانتە سوپاس وستایشی تۆ بەجێ بێنم....

-ئەم سەرژمێری وئامارە لەهەندێ گێڕانەوەی فەرمودەکە بە حفظها ولەبەرکردن هاتووە.

-لەم مانایانە زانایان ئەم ئاڕاستەکردنانەیان خوێندۆتەوە:

١-ژماردن وکۆکردنەوەی نەوەدو نۆ ئیسمەکان وبەدواداگەڕان وبەدواداچوون بۆکردنی لەناوهەر هەموو سوڕەتەکانی قورئان وباسکردنی سوڕەت وژمارەی ئایەت ولە فەرمودەش باسکردنی کتێب وگێڕەرەوەی فەرمودەکەو پلەی ڕاست ودروستی وژمارەی فەرمودەکە.

٢-بەکارهێنانی ئەو نەوەدونۆ ئیسمانەلە دوعاکردن وپاڕانەوەو هەمیشە ئەوکەسە بەدڵ وزمان وئەندامەکانی شوێنەواری ئەودوعایانەی لەسەر زمان ودڵ وئەندامەکان بێ.

بزانێ کە گوتی یاسمیع ویا بصیرکە اللە لە تاریکەشەوی ئەنگوستەچاو گوێی لە ترپەی پێی مێرولەیە لەسەر تاشەبەردێک و دەشی بینێ وئاگای لێیەتی.

کاتێ هاواری کرد بەرحیم سۆزوبەزەیی ومیهرەبانی داوابکاو کەهاواری بەغفارکرد داوای چاوپۆشی ولێخۆش بوون بکاوبێ ئومێدنەبێ لە لێخۆشبوون وچاوپۆشی غفار.

هەروەها کەگووتی یارزاق داوای بژێوی وڕۆزی حەڵاڵ وپاک بکا....هتد

وەدەبێ تەنیابەم ئیسمە جوانترینانە داوای بەهرەو نیعمەتەکان ولادانی مەینەتیەکان لە اللە

ج١اسماء الله الحسنى /ن.محمدعزيزلۆتەرى.

بکا ونابێ وەک ئیبن قەیم دەڵێ بەناوی :ئەی زات ،ئەی خود ،ئەی شت ،ئەی هەبوو ،ئەی مەوجود لێم ببورەوچاوپۆشیم لێ بکەو ڕۆزیم بدەیەو لەگەڵم میهرەبان بە...

بەڵکودەبێ هەرداوایەک بەوداوایە داوابکا کەلە ئیسمەجوانترینەکەداهەیە.

چونکە دوعاوپاڕانەوە مۆخ وکرۆکی عبادەت وپەرستنە و ئەویش وەک عیبادەتەکانی نوێژو حەج وڕۆژوو دەبێ بەوشێوەبێ کە شەرع ودین دیاری کردووە.

٣-هەموو واتا زمانەوانی وزاراوەییەکانی ئەونەوەدونۆ ئیسمە بزانێ وتێی بگاو بە عەقڵ وبیروهۆش لێیان ورد بێتەوە.

٤-بەدواداچوون و وردبونەوەبکا بۆ شوێنەواری ئەونەوەدو نۆ ئیسمانە لە ناوبونەوەرانی گەردون ودیاردەکانی ژیان و بارودۆخەکانی جیهان ئەوەندەی دەتوانێ .

-الله جل جلاله: كۆكەرەوەى هەموو ئيسمه جوانترينەكان:

ئيسمى الله -اللهم نەخستە ناو ئەوئيسمانەى سەرژمێريان كردوون چونكه ئەونەوەدوو نۆيه هەموويان ئيسمه جوانترينەكانى الله ن .

الله كۆكەرەوەى هەموو ئيسمه جوانترينەكانه .

ئيبن قەييم دەڵێ:

لەقورئاندا هەموو ئيسمەكان پاڵ دەدرێن بۆ لاى الله-ولله الاسماء الحسنى-

دەگوترێ كه رحمن ورحيم وعزيز وحكيم له ئيسمەكانى الله ن، بەڵام ناگوترێ كه الله له ئيسمەكانى رحمن يان عزيز يان رب يان هەرناوێكى تره،چونكه ئيسمى الله هەموو ئيسمەكانى ديكه لەخۆدەگرێ .

عزى كوڕى عبدالسلام دەڵێ:

تا باشتر لە ئيسمەكانى الله بگەين باشتر چێژ لە ناسين وپەرستنى الله دەكەين وترس
وخۆشەويستى وئومێد ووپشت پێ بەستنمان زياتر وبەهێزتردەبێ ، وەبە پێچەوانەوەش تا زياتر لە ئيسمەكانى الله نكولى لێيكەين زياتر لە هاوبەشى دانان بۆ الله نزيک دەبينەوە ولەگەڵ نكولى كردنى هەرئيسمێک پەرستش وعبادەتێكى دڵ ودەروون وئەندامەكانمان لەدەست دەچێ.

شێخ عبدالرحمن سەعدى دەڵێ:

الله ئەوپەرستراوە عبادەت بۆكراوەيە هەموو تايبەتمەندى و واتاكانى ستايش كراوى سوپاسكراوى پەرستراو لەسەر بەديهێنان ودروستكردن وئاڕاستەو ڕێنمايى وپاراستنى هەموو بونەوەران لەخۆدەگرێ.

ئیسمی الله هەموو ئیسمه جوانترینەکان
کۆدەکاتەوه .

بەندەکان دڵ ودەرونیان تەنیابەوئۆقره دەگرێ
وبیروهۆشەکان تەنیا بەوئارام دەگرن
وبەندەکان لەکاتی ترس وبیم دا تەنیا پەنابۆ
ئەودەبەن وتەنیائەو به پشتیوان وهاوکارو پەنا
بۆبراو دەزانن .

تەنیابه یادی ئەودەحەوێنەوەوهەرگیز لەپەرستن
ویادکردنەوەو زیکربۆکردنی بێزارنابن
وهەمیشه بەگوێرایەڵی ومل بۆ کەچ بوونی دڵ
خۆشن، دڵ ودەروونی ئیمانداران
لەخۆشەویستی وهۆگربوون بەو مەحبوبه
خەریکه لێک هەڵدەوەشێن ،تەنیا ئیسمی الله
یەکه کەمەند کێشی دڵانه وموگناتیس و
ڕاکێشەری هەست وهۆش وبیرو هزرەکانه...،

د.عبدالعزیز جولەیل له کتێبی لله الاسماء
الحسنى

نوسيويەتى ئيسمى الله ٢٧٢٤جار لە قورئاندا دووبارە بۆتەوە كەلەهەموو ئيسمەكانتى ترزياتر دووبارە بۆتەوە.

زۆرێک لە زاناوزمانەوان پێيان وايە كە الله داتاشراوو موشتەقە لە الە ،ڕەگى الە شيان كورت هەڵێناوە لەسەر مەعبود وپەرستراو.

بەڵام هەندێک لەزاناوزمانەوانان لەوانەش ئيمامى شافعى وەک بەغەوى لە پێشەکى تەفسيرەکەى لێى دەگێڕێتەوە كە پێيان وايە كە الله لەهيچ ووشەيەک دانەتاشراوەوموشتەق نيە و ئەو ئەلف ولامە لەبنچينەى ووشەكەيە وزيادە نيە بەبەڵگەى:

١- ئەلف ولامى زياد كە ئامڕازى بانگ كردن ونيداى چوە سەر لێدەبێتەوە الرب والرحمن ،كە يا ى بانگ كردنيان چوەسەر ئەلف ولامەكەيان لێ دەبێتەوەو دەگوترێ :يا رب ،يا رحمن

،بەڵام بۆ الله كه یای چوەسەر ئەلف ولامەكه لاناچێ وناگوترێ یا له ،بەڵكو دەگوترێ یا الله.

٢-هەروەها هەمووئیسمەكانی دیكه دەكرێنه كۆ ودوانه-جمع ومثنی- وەك رب،ربین ،ارباب،اله الهین،آلهة.بەڵام الله و اللهم نەدەكرێته دوانه ونەدەكرێته كۆ ،ناتوانرێ بگوترێ اللهان ،اللهون ، اللهین بەڵكو لەهەموو حاڵەكاندا هەر به تاكی وموفرەدی دەمێنێتەوه ودەگوترێ الله واللهم .

٣- ئیسمی الله واللهم وەك ئیسمه كەسایەتیەكانی وەك ئیسماعیل وئیبراهیم وجبرائیل ومیكائیل وئیسرائیل دەستەواژەیەكه له عبرانی یەوه گوازراوەتەوه بۆ عەرەبی .

دەستەواژەی الله،اللهم لەزمانەكانی سۆمەری وئەكەدی وعبری دا:

ئیبراهیم له پێناوی ڕەتکردنەوەی مەردۆخ وسووربوونی لەسەر پەرستنی ئینلیل خرایە ناوئاگرەوە:

ئێستا کەلەم سەردەمەدا زانستی شوێنەوارناسی پێشکەوتوەودەبینین لە تەوڕاتدا ئیلیاو ئیل وئیلۆهیم هاتووە کە عبریەکان لە ووشەی (یهوه=هەرئەوهەمیشە هەیە)دا کورتیان کردۆتەوە ولەپێش عبرانیەکانیش سۆمەریەکان وەک ئینلیل ناودێریان کردوە کە ئینلیل سەرۆکی هەموو پەرستراوەکانیان بووە وپەرستراوی گەورەی شای نیبۆر وداڕێژەری یاسای نیبۆر بووە ،ئەوشارەی لای دیالەی عیراق بەیادی ئەو ئەستێرەی کە گوایە سۆمەریەکان لێی دابەزیون دروستیان کردبوو کەلەوئەستێرەش ئینلیل دروستکەری ئەنۆناکی ودابەزیوەکان بووبێ لەوانەش ئانکی وئان وئەوانەی بە مۆڵەت وڕێپێدان ویارمەتی ئینلیل

ئادەمیزادیان دروستکردبێ وەک لە تابلۆ کانیان نوسیویانە.

وە ئیبراهیم علیه السلام لەسەر سووربوون لەسەر پەرستنی ئیلۆهیم وڕەتکردنەوەی مەردۆخی بابل لە ئاگرهاویژراوەو دەرکراوە.

لەهەموو ئەو نەوەدو نۆئیسمەی باس کراون وئەوئیسمانەی تریش کەلەنەوەدونۆکە زۆر زیاترن لەوەی کەدەیانزانین ونایانزانین وەک لە فەرمودەی دروستدا هاتووە کە ئەحمەدوحاکم لە عبدالله‌ی کوڕی مسعود دەگێڕنەوەو ئەلبانی بەدروستی داناوە کە پەیامبەری الله صلی الله علیه وسلم فەرمویەتی....

اللهم إني عبدك، ابن عبدك، ابن أمتك، ناصيتي بيدك، ماض في حكمك، عدل في قضاؤك، أسألك بكل اسم هو لك سميت به نفسك، أو أنزلته في كتابك، أَوْ عَلَّمْتَهُ أَحَدًا مِنْ خَلْقِكَ، أَوِ اسْتَأْثَرْتَ بِهِ فِي عِلْمِ الْغَيْبِ عِنْدَكَ،".....

كەدەفەرموێ: ((اللَّهم إني عبدك ابن عبدك ابن أمتك=اللهم بێگومان من بەندەی تۆم ڕۆڵەی بەندەوكەنیزەی تۆم)):هەموومان بەندەو بەدیهێنراوی الله ی هەمیشە بڵندین،خۆمان ودایک وباوكمان هەرلەئادەم وحەوا تائەمڕۆ، هەموومان بەدیهێنراوی الله ین،ئەو كاروبارو بارودۆخمان چاك دەكاو وبۆچاوتروكانێك ناتوانین لەو بێ پێویستی بین،كەسی ترنیە جگەلە الله پەنامان بداو هانای بۆبەرین.

ئەم ڕستە چڵەپۆپەی ملكەچی ودان نان وگوێڕایەڵی تێدایە ،ترۆپكەی بەندایەتی بۆ الله تێدارەنگ دەداتەوە.كەمرۆڤ خۆی وڕەچەڵەك و باب وباپیروڕابرردوانی هەموو بە بەندەو كەنیزەی الله بزانێ.

ئەمەش ئەوەمان فێردەكا كەدوعاودەربڕینەكانی پێشەوامان ئەوپەڕی تەواون لەگوتن و واتادا ولەمەبەست وناوەرۆكدا.

كه فەرمويەتى:

((ناصيتي بيدك=نێوچاوان وچارەنوسم بەدەستى تۆيە)): چۆنت بوێ بەوشێوە بڕيار لەئێستا و داهاتووم دەدەى و كەس ناتوانێ بڕيارى تۆ بگۆڕێ و ڕێ لە پێشهاتى تۆبگرێ.

كەفەرمويەتى: ((ماض فيَّ حكمك=حوكم وفەرمانى تۆ بەسەر چارەنوسى هەم دينى وهەم بونيادگەرى من دا لەڕابردوو وئێستاوداهاتوى مندا چەسپێنراوەودەچەسپێنرێ)) هەردوو فرمانى شەرعى وبونيادى بەسەر بەندەكاندا جێبەجێكراون ودەكرێن پێيان خۆش بێ يان نا لەهەردوو بوارى فرمانكردنەكان و ياساغ كردنەكان ، تەنانەت هەڵبژاردنەكانيش هەر لەو چوارچێوەى ئەوچەند هەڵبژاردنەيە كه ئەو بڕيارى لێداوە، لەناوئەوبژاردانەى كەئەو بەدى هێناون، كەس ناتوانێ هەڵبژاردەيەكى هەبێ لەدەرەوەى ئەندازەگيرى

وبەدیهێنراوەکانی ئەو چونکە لەدەرەوەی ئەو بازنە هیچ بەدیهێنراوێکی بونیادی وبڕیارێکی شەرعی ودینی بوونی نیە .

کەدەفەرموێ: ((عدلٌ فيَّ قضاؤك=دادگەرانەیە لە دەرحەق بەمن بڕیارو قەزاو دادوەری تۆ)):

دان پێدانانێکە کەهەموو بڕیارو فەرمانەکانی اللە لەهەموو ڕوویەکەوە لەنەخۆشیمان
ولەساغیماندا لەهەژاری
وزەنگینیماندا ولەچێژوەرگرتن و ئازار
چەشتنماندا ، لە ژیان ومردنماندا،لە سزادران وچاو پۆشی لێکرانماندا ، هەموویان ئەوپەڕی دادگەرین وهیچ ستەمێکیان تێدانیە چونکە اللە دەفەرموێ :

..وَمَا رَبُّكَ بِظَلَّامٍ لِّلْعَبِيدِ (فصلت 46)

ئەوەی چاکە بکات پاداشتی چاکەکەی بۆ خۆیەتی، ئەوەش کە خراپە و تاوان بکات هەر لەسەر خۆی دەکەوێت، دڵنیابە کە

پەروەردگارى تۆ بچوكترين ستەم لە بەندەكانى ناكات.

پاش پيشاندانى ئەوپەڕى مل كەچى و گوێڕايەڵى ئەوجار دوعايەكەى دەست پێكرد، ئەوەش بەئەدەبى هەژار ونەدارى دەرۆزەكارو سواڵكارى بەردەرگاى ئەو دەوڵەمەندترينە دەگەيەنێ،چونكە دەزانێ لەبەردەم دەرگاى دەوڵەمەندترين و بەخشندەترين ڕاوەستاوەكە هيچ هاوشێوەوهاوشانێكى نيە لە بەخشندەيى ودەوڵەمەندى بەتايبەت كە بەندەكەى بەوپەڕى مل كەچى لێى بپاڕێتەوەو دەرى بخا كە تەنيا لەو دەترسێ ، جابەم حاڵە داواى لێ بكا ئەوە هەر پێويستيەكى هەبێ لەوساتەدا ئەو هەميشە زەنگينە ، بەو شێوە بۆى دەستەبەردەكاكەلەگەڵ بەخشندەيى ئەو بوەشێتەوە..

كەدەفەرموێ: ((أسألك بكل اسم هو لك))

=لێت دەپارێمەوەو داوات لێدەكەم وسواڵت لێدەكەم بە هەموو ئيسم و بەهاپرگەنجينەو خەزێنە بێ سنورانەى كەهەموو هى تۆن)):
هەموو ئەو ئيسمە جوانترينانە دەكەم بە هۆكارو وەسيلە كەئەمەش گەورەترين وبەهێزترين چەشنى هۆكارو وەسيلەيە بۆ لاى الله لە دوعاوپارانەوەدا چونكە بۆخۆى فرمانى كردووە كە : ﴿وَلِلَّهِ الْأَسْمَاءُ الْحُسْنَى فَادْعُوهُ بِهَا=تەنها بۆ الله يە هەموو ئيسمە جوانترين وباشترينە پيرۆزەكان، جا (ئەى ئيمانداران) بەو ئيسمانە دۆعا و نزا بكەن و هاناو هاوارتەنيا بۆ ئەو بەرن،﴾

ئەوئيسمانەى شايانى الله ن دەكرێن بەم بەشانەوە:

١-((سمَّيت به نفسك=كەبۆ خۆت كردۆتە ئيسم ونيشانەوشكۆ)): واتە بۆخودى خۆت هەڵبژاردووە كەوەك ئيسم وسمو وشكۆونيشانە

ج١اسماء الله الحسنى /ن.محمدعزيزلۆتەرى.

وعەلامەت لە تەواوى و گەورەيى وهەميشەيى تۆ دەوەشێتەوە.

چونكە ئيسم لە سمو و شكۆدارى وعەلامەت ونيشانە وبڵندى يەوە هاتووە و وەك ناو ونام ونايم نيە كە ئاماژەى كرۆك وپێك هاتەى كيميايى و چەندێتى لاشەيى مەبەست بێ.

پێويستە بڵێم كە دەستەواژەوگوزارشتى زمانەسامیەكان زۆر زەحمەت وەردەگێڕدرێن بۆ سەر زمانە يافسيە ئاريەكان ،چونكە زمانە سامیە كان سمو و شكۆدارى ڕوحانيەتيان تێدايە بەڵام زمانە يافسيە ئاريەكان زياتر سروشتى مادەو لاشەو پێك هاتەى لاشەيى بەسەرياندا زاڵەو لاى وان بوونياد و هەبوون تەنيا لەمادەو ناوەرۆك وكاڵاى بەرجەستەوبەرهەستدا دەبينن.

بۆيەش هەردواى تێكەڵ بوونە دينە ئيبراهيميەكانى يەهودى وسابئەونەسرانى

وئيسلام لەگەڵ ئەوگەلە يافسيانە كێشەى
فەرھەنگى وڕۆشنبيرى وعەقەدى
وبيروباوەڕى گەورەيان بۆ دروست بووە.

بەنمونە لە يەھوديدا بۆتە گۆڕەكەپەرستى
ولەلاى سابئە بۆتە ئەستێرە پەرستى ولە
مەسيحيەتدا كێشەى نێوان ڕوح و لاشەسەرى
كێشاوە بۆ پەرستنى سێ ئقنۆم ولە ئيسلاميش
ئاشوبى ئايا ئيسم و موسەما وتەسميە يەكن يان
جيان؟ كێشەى نێوان موعتەزيلەو حەسەنى
بەسرى وپاشان موعتەزيلەى جەھەمى لەگەڵ
حەنبەليەكان لەسەر خەلقى قورئان ولەنێوان
بوخارى و حەنبەليەكان لەسەركەلامى لەفزى
ولەنێوان ئەشعەرى و دژەكانى لەسەركەلامى
نەفسى و...ھتد

ھەموو ئەم كێشانە لەبابەتى ئيسم و موسەما
وەھاتن ،چونكە لاى سامیەكان ئيسم پەيوەندى
لەگەڵ موسەماكەى ئيعتبارى و ڕوحى

وڕەمزیە و پەیوەندیەکی ئەندامی وئۆڕگانی نیە.

کەچی لای ئاریەکان ئەم پەیوەندیە ی نێوان ناوو لاشە ئەندامیە ،کاتێ ئاریەک لە ناونراوێک دەپرسێ ناوت چیە ؟ واتە لێی دەپرسێ تۆ وەک پێک هاتەولاشە وتوێکڵ وکاکڵ لەچی پێک هاتووی ؟

بەڵام کەسامیەک پرسیارلە ئیسمی موسەمایەک دەکا واتە لێی دەپرسێ نیشانەونمونەی هەرە باڵا وهێمای شکۆمەندوهەرەبەرزوپیرۆز لای تۆچیە؟

بۆیە ئەم دوو فێرگە زۆرزەحمەتە لەیەک بگەن ،وەلەدەق وبەڵێنەکانیش دین وڕوحانیەت و وەحی ونیگا دوای نوح وسام دراوەبە ئیبراهیم ونەوەکانی علیهم السلام ،بۆیە زۆرئەستەمە کە ئاریە یافسیەکان وحامیەکانیش کە ئەمڕۆ

زيادلەسەدا هەشتاى جيهانن لەو ئيعتبارانە تێ بگەن.

..٢-كەدەفەرموێ: ((أو أنزلته في كتابك=ئەو ئيسم ونيشانانەش كەلەيەكێ لەكتێبەكانت بۆ يەكێ لە پەيامبەرانت ناردوتن)): ئەمە جۆرى دووەمە لەو ئيسمانەى كە هەڵبژاردەى ئەون و بۆ پەيامبەر و نامەوهەواڵ و شەريعەت ودين ڕاگەيەنەرانى ناردوون كە رسول ونەبيە هەڵبژێردراوەكانن، تاكو ئەو ميللەت وئوممەت وگەل ودين وشەرعانە بەهۆى ئەم ئيسمانە وە عبادەت بكەن ولە الله بپارێنەوە كە پەيامبەرى ئێمە محمد صلى الله عليه وسلم يەكێكە لەو خاوەن دين وشەرعانە كە جۆرى دووەمى ئيسمەكانى پێدراوە .

٣-كەدەفەرموێ : ((أو علمته أحداً من خلقك=يان فێرى يەكێک لەبەندە تايبەتيەكانى

خۆت كردووه)): جائەوكەسانە فريشتەن يان ئەجنەن يان مرۆڤى چاكن وەك خدرو زى القرنين و ولوقمان وتالوت ويارانى ئاشكەوت و مەريەم و وئاسيا ..... ،يان دروستكراوى ترن ونەمرۆڤن ونەفريشتەن ونە لە جنەكانن ..

٤-((أو استأثرت به في علم الغيب عندك=تايبەتت كردوە بەخۆتەوە لەزانست ونيشانەى شاراوەوپەنهاندا لاى خۆت)):واتە ئەو جۆرى چوارەمە كەس نايزانێ.

ئەم چواربەشانە هەموويان چەندلق وبەشێكن لە ((بكل اسم هو لك=هەموو ئەوئيسمانەى بۆخۆت داناون))، كەواتە ئيسمەكان ديارى نەكراون وكەس ژمارەيان نازانێ، بەڵام لە ئەم دوعاوپاڕانەوەيە هەموو بەشەكان كراونە وەسيلەو هۆكار بۆئەوبەندەى ئەودوعايە دەخوێنێ،كەهەموو ئەو ئيسمانەى كەدەيانزانێ ونايانزانێ وئەوئيسمانەى لە ناو كتێب ولاى

شەرع ودینی ئەون یان لای شەرع وکتێب ودینەکانی دیکەن، وەئەوئیسمانەش کەلای وەلی و فریشتەوجنەکانن وئەو ئیسمانەی لای کەس ئاشکرانەکراون هەموو لەم دوعایە ئاماژەیان پێکراوەو پەنایان پێگیراوە.

چونکە زانیاری بوون بە ئیسمە جوانترینەکانی اللە بنچینەی هەمووزانستەکانە وبناغەوبنەمای هەرە مەزنی ناسینی اللە یە،جابەندەش تازیاتر سەروەروخۆشەویستەکەی بناسێ هەردوو لایەنی خۆشەویستی ومتمانەوڕێزو هەم هەیبەت وشەرم و لێ ترسانیشی لەوسەروەرەی لازیاتر دەبێ ولەپەرستن وعیبادەت چالاکتردەبێ وباشترخۆی لەسەرپێچی کردن دەپارێزێ.

بۆیە ناسینی ئیسمەکان و واتاکانیان خەم وخەفەت وخەمۆکی وڕەشبینی وبێ ئومێدی

وخانەگومانى دووردەخاتەوەومتمانەودڵنيايى دێنێ.

دڵ ودەروون وئەندامەكان وساتەكانى ژيان هەموو كات وساتێكيان پڕدەبێ لە بيروهزروكارى چاكە وستايشى الله.

ژيان يەكپارچە دەبێتە نوێژێک وحەجێک و موناجاتێک و دوعايەک.

بۆيە دوايى ئەو تێگەيشتنە قوڵە فەرمودەكە ڕێنماييمان دەكا كە بەم هەموو ئيسمانە داواى ڕۆشناييەكى هەميشەيى وبەختەوەريەكى نەبڕاوەبكەين و بڵێين:

((أن تجعل القرآن ربيع قلبي= كە قورئان بكەيە بەهارى دڵم)): هەميشە دڵم مێرگێک بێ بۆو شالورەو هەميشە كامەران بم .

چونكەقورئان دەرمانى هەموو دەردوبەڵايەكە .

: ((ونور صدري=ببێتە ڕۆشنایی سینەم)): دڵم ببێتە کۆگای ئیمان وستەیجی شانۆی عیرفان .

حەق وناحەق لێک جیاکەمەوەولەگەڵ بەختەوەران بم.

: ((وجلاء حزني، وذهاب همّي= خەفەتەکانم نەهێڵێ وخەمەکانم بڕەوێنێ)):

ئەحمەدوحاکم وتەبەرانی وبەزارو کوڕی ئەبوشەیبە گێڕاویانەتەوەو ئیبن حجر بەحەسەن و وئەلبانی بەدروستی داناوە.

گرنگی دەستەواژەی شەهادە لەقورئاندا:

ئیبن عەباس ئاماژەی بە٣٧ئایەت کردوە کە لا الە الاالله یان تێدایە:

ئەوانەی بەدواداچوون ولێکدانەوەیان بۆ پاڵدانی دەستەواژەی لاالە الاهو کردووە، دەڵێن ئەم

دەستەواژە تەنیابۆ ناساندنی سێ ئیسم بەکارهاتووە کە ئەوانیش بریتین لە :

١-الله ٢-الرب ٣-الرحمن.

لەسوڕەتەسەرەتاییەکانی لە مەکە دابەزیون لە سورەتی علق وسەرەتای مدثر ومزمل و والضحى وئینشراح تاهاتنی سوڕەتی الحمد وفاتیحە ودابەزینی بسم الله الرحمن الحیم *الحمد لله رب العالمین .

ئیسمی دابەزیو پێش سوڕەتی فاتیحە ربک ،رب المشرق والمغرب -وەلەسوڕەی موزەمیل-هاتوە ،لا اله الا هو بۆ پێناسەی الرب بوو.

وەوەک لە قورئانیش هاتووە دروستە هەریەک لە ئیسمی الرحمن والرب بۆیەکتر ببنە ئاوەڵئیسم وپێناسە، بڵێی ڕبنا الرحمن المستعان وەک لە سوڕەتی یوسف هاتووە ،یان بڵێی الرحمن قل هوربي ...وەک لەسوڕەتی رعد

هاتووە ...بەڵام ئیبن قەیم ئەم جێگۆڕکێیە بۆ ئیسم ودەستەواژەی الله بەدروست نازانێ لەنێوان ئەوسێ ئیسمەو ئیسمە کانی تریش دا .

ئەودەڵێ وەک لە بەشی پێشوو باسم کرد کە الرب و الرحمن نەکراونە جێگۆڕی الله.

بەڵام دیارە ئەو ئایەتەی لەبیرنەبووە کە دەفەرموێ :

ان الذین قالوا ربنا الله ...

لەسورەتی فصیلت دا.

کەواتە دەرکەوت ئەو سێ ئیسمەبەوە جیادەکرێنەوە کە جێگۆڕکیان پێ کراوەودەبنە پێناس بۆ یەکتر ولا اله الاهو -انا-انت- الذي- بەتەنیا دەبێتە پێناسە بۆ ئەم سێ ئیسمە.. والله اعلم..

لەم ٣٧جار لااله الا الله يە٢٥جار لەسورەتە مەكيەكان دا هاتووەو ١٢جار لە سورەتە مەدەنيەكان.

پێويستە بڵێم بە جگە لە شێوەى لا ى نافيە للجنس ، لا اله الا هو،انا،انت ...،بەشێوەى ما و لا ى مشبە بەليس و انما ش باسى تەنيا پەرستراوێتى الله ورب و رحمن كراوە، بەڵام ئيبن عباس ئەم شێوازانەى لەگەڵ ئەو٣٧ جارە نەكردووە ، چونكە لاى نافيە ى جنس كەتەنيالەعەرەبى داهەيە لەهەموو جۆرە نەرێنيەكان ونەفيەكان بەهێزترە .

ئەوئايەتانەى كە ئيبن عباس لەو ٣٧جارەى نەژماردوون وەک ئايەتى:

١-{لَّقَدْ كَفَرَ الَّذِينَ قَالُواْ إِنَّ اللّهَ ثَالِثُ ثَلاَثَةٍ وَمَا مِنْ إِلَـهٍ إِلاَّ إِلَـهٌ وَاحِدٌ وَإِن لَّمْ يَنتَهُواْ عَمَّا يَقُولُونَ لَيَمَسَّنَّ الَّذِينَ كَفَرُواْ مِنْهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ }المائدة 73

٢-قُلْ إِنَّمَا أَنَا مُنذِرٌ وَمَا مِنْ إِلَٰهٍ إِلَّا اللَّهُ الْوَاحِدُ الْقَهَّارُ (ص 65)

٣-إِنَّ هَٰذَا لَهُوَ الْقَصَصُ الْحَقُّ وَمَا مِنْ إِلَٰهٍ إِلَّا اللَّهُ وَإِنَّ اللَّهَ لَهُوَ الْعَزِيزُ الْحَكِيمُ (62) ال عمران

جاكه تەنيا گۆڕانى شێوەى لاى نافيه بۆجنس بۆ واى نافيەى وەک ليس لەناوعەرەبى به لا اله الا الله دانەنرێ ،ئەى چۆن دەتوانرێ ئەم دەستەواژەو كليلەى دەرگاى بەهەشته دەتوانرێ بكرێته زمانى تر و وەر بگێڕدرێ بۆ زمانەكانى تر؟!

ئەم٣٧ئايەتەى ئاماژەيان پێكرا،پێنج جار لا اله الاهو پێناسەيه بۆ الرب، جارێكيش بۆ الرحمن،سى ويەک جاريش پێناسەى الله يه..

ئەمەش ئەو ئايەتانەن كه ئيبن عەباس ئاماژەى پێ كردوون:

١-{وَإِلَـهُكُمْ إِلَهٌ وَاحِدٌ لاَّ إِلَهَ إِلاَّ هُوَ الرَّحْمَنُ الرَّحِيمُ } البقرة 163

پەرستراوی ئێوە پەرستراوێکی تاك و تەنهایە، جگە لەو تەنهاپەرستراوە هیچ پەرستراوێکی ترنیە،بەتەنیائەوبۆهەمیشە وبێ سنور رحمن ورحیمە..

٢-{اللّهُ لاَ إِلَـهَ إِلاَّ هُوَ الْحَيُّ الْقَيُّومُ لاَ تَأْخُذُهُ سِنَةٌ وَلاَ نَوْمٌ لَّهُ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَمَا فِي الأَرْضِ مَن ذَا الَّذِي يَشْفَعُ عِنْدَهُ إِلاَّ بِإِذْنِهِ يَعْلَمُ مَا بَيْنَ أَيْدِيهِمْ وَمَا خَلْفَهُمْ وَلاَ يُحِيطُونَ بِشَيْءٍ مِّنْ عِلْمِهِ إِلاَّ بِمَا شَاء وَسِعَ كُرْسِيُّهُ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضَ وَلاَ يَؤُودُهُ حِفْظُهُمَا وَهُوَ الْعَلِيُّ الْعَظِيمُ } البقرة 255

الله تاقانەیەکە کە جگە لە ئەو هیچ
پەرستراوێکی ترنیە کە شایەنی پەرستن بێت
و ئەو هەمیشە زیندووە و ڕاگرو
سەرپەرشتیاری (هەموو دروست
کراوەکانیەتی)، نە وەنەوز دەیگرێت و نە خەو

، هەرچی لە ئاسمانەکان و هەرچی لە زەویدا هەیە هەر تەنیائەو خاوەنیانە، کێ یە ئەوەی (دەتوانێت) تکا بکات لە لای ئەو، بەبێ مۆڵەتی خۆی؟ دەشزانێت چی لە ئێستاو داهاتوو و ڕابووردودا ڕوویداوەو ڕوودەدات، هیچ کام لە دروستکراوانی زانست و زانیاری تەواویان نیە دەربارەی زانیاری و زانستەکانی ئەو، مەگەر بەوەی کە خۆی بیەوێت فێریان بکات .
فەرمانڕەوایی و دەسەڵات و زانینی ئەو هەموو ئاسمانەکان و زەوی گرتۆتەوە و پارێزگاریان بەلای ئەوەوە هیچ گران نیە و ماندووی ناکات و هەر ئەو بەتەنیا بەرزو بڵندترین و گەورەترینە.

٣-{اللّهُ لا إِلَـهَ إِلاَّ هُوَ الْحَيُّ الْقَيُّومُ }آل عمران2

الله تاقانەیەکە کە جگە لە ئەو هیچ پەرستراوێکی ترنیە کە شایەنی پەرستن بێت و ئەو هەمیشە زیندووە و ڕاگرو

سەرپەرشتیاری (هەموو دروست
کراوەکانیەتی).

٤-{هُوَ الَّذِي يُصَوِّرُكُمْ فِي الأَرْحَامِ كَيْفَ يَشَاءُ لاَ إِلَـهَ إِلاَّ هُوَ الْعَزِيزُ الْحَكِيمُ }آل عمران6

الله ئەو ەی ئەوتۆیە کە نەخشەی ڕووخسارتان لە منداڵدانەکاندا دەکێشێت چۆن بیەوێت، هیچ پەرستراوێکی بەڕاست نی یە جگە لەوو ئەو هەردەم باڵادەستترین و داناترین و
کاربەجێترینە .

٥-٦-شَهِدَ اللَّهُ أَنَّهُ لَا إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ وَالْمَلَائِكَةُ وَأُولُو الْعِلْمِ قَائِمًا بِالْقِسْطِ لَا إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ الْعَزِيزُ الْحَكِيمُ

آل عمران18

(لە ڕێگەی دروست کراوانیەوە، کە هەمووی نیشانەی دەسەڵاتی دەنوێنێت) الله خۆی شایەتی داوە و دەریخستووە و سەلماندویەتی کە بەڕاستی جگە لەو هیچ پەرستراوێکی تر نی یە کە شایانی پەرستن بێت، هەروەها

فريشتەكان و خاوەن زانستەكانيش (لە پێغەمبەران و زانايان) كە بەڕێگەيەكى ڕاست و دروست دەيسەلمێنن

كە بەڕاستى جگە لەو هيچ پەرستراوێكى تر نى يە كە شايانى پەرستن بێت،بەتەنيا ئەو هەميشە باڵادەستترين و داناترينە.

ئەم ئايەتە دوو جار لا الەالا هو ى تێدا دووبارە بۆتەوە،واتە دووجار لا الەالا الله ى تێدايە.

٧-{اللّهُ لا إِلَـهَ إِلاَّ هُوَ لَيَجْمَعَنَّكُمْ إِلَى يَوْمِ الْقِيَامَةِ لاَ رَيْبَ فِيهِ وَمَنْ أَصْدَقُ مِنَ اللّهِ حَدِيثاً }النساء87

(الله) بەتەنيايەو بێجگە لەو هيچ پەرستراوێكى تر نيە (شايستەى پەرستن بێت)سوێند بە ئەو لە ڕۆژى قيامەتدا كۆتان دەكاتەوە و هيچ شک و گومانێكى تێدا نى يە، جا كێ هەيە قسە و گوفتارى لە فەرمايشت و فەرموودەى ئەو ڕاستگۆترو دروستتر بێت؟

٨-{ذَلِكُمُ اللّهُ رَبُّكُمْ لا إِلَـهَ إِلاَّ هُوَ خَالِقُ كُلِّ شَيْءٍ فَاعْبُدُوهُ وَهُوَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ وَكِيلٌ }الأنعام102

ئا ئەو الله يە پەروەردگارتانە، جگە لەويش هيچ كەس شايانى پەرستن نيە ، بەديهێنەرى هەموو شتێكە، كەواتە هەر ئەو بپەرستن و بەندايەتى تەنها ئەو بكەن، بەتەنيائەو بريكارو چاودێرى هەموو شتێكە.

لە ئايەتى يەكەم تاهەشتەم لا اله الاهو بۆ پێناسەى الله هاتووە.

٩-{اتَّبِعْ مَا أُوحِيَ إِلَيْكَ مِن رَّبِّكَ لا إِلَـهَ إِلاَّ هُوَ وَأَعْرِضْ عَنِ الْمُشْرِكِينَ }الأنعام106

(تۆ ئەى محمد (صلى الله عليه وسلم) شوێنى ئەو بەرنامەيە بكەوە كە لەلايەن
پەروەردگارتەوە بە نيگا و (وحى) پێت
ڕاگەيەنراوە، جگە لەو هيچ
پەرستراوێكى ترشايانى پەرستن نيە، گوێ

مەدەرێ و پشت هەڵكه له موشريک و هاوەڵگەران.

لێرەدا لا اله الاهو بۆ ئيسمى الرب بەكارهاتووه.

١٠-{قُلْ يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنِّي رَسُولُ اللهِ إِلَيْكُمْ جَمِيعاً الَّذِي لَهُ مُلْكُ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ لا إِلَـهَ إِلاَّ هُوَ يُحْيِـي وَيُمِيتُ فَآمِنُواْ بِاللهِ وَرَسُولِهِ النَّبِيِّ الأُمِّيِّ الَّذِي يُؤْمِنُ بِاللهِ وَكَلِمَاتِهِ وَاتَّبِعُوهُ لَعَلَّكُمْ تَهْتَدُونَ }الأعراف158

(ئەى محمد(صلى الله عليه وسلم) بڵێ: ئەى خەڵكينه بەڕاستى من پێغەمبەرو فرستادەى الله م بۆ ئێوه بەگشتى، ئەوەى ئەوتۆ كه هەر بۆئەوه خاوەندارێتى ئاسمانەكان و زەوى، هيچ پەرستراوێک نيه جگه لەئەو، دەژێنێت و دەمرێنێت، جا كەوابوو باوەڕى پتەو بهێنن بەتەنيايى الله و بەپێغەمبەرەكەى، كه هەواڵدەرێكى نەخوێندەوارە، ئەو پێغەمبەرەى

كه خۆى باوەڕ دەهێنێت به الله و به فەرموودەكانى، دە ئێوەش شوێنى بكەون، بۆ ئەوەى ئێوە ش لە ڕێنمونى كراوان بن..

١١-{اتَّخَذُواْ أَحْبَارَهُمْ وَرُهْبَانَهُمْ أَرْبَاباً مِّن دُونِ اللّهِ وَالْمَسِيحَ ابْنَ مَرْيَمَ وَمَا أُمِرُواْ إِلاَّ لِيَعْبُدُواْ إِلَـهاً وَاحِداً لاَّ إِلَـهَ إِلاَّ هُوَ سُبْحَانَهُ عَمَّا يُشْرِكُونَ }التوبة31

حبرەكان وڕاهیبەكانى خۆیان كردۆته پەروەردگارى خۆیان لە جیاتى الله هەروەها مەسیحى كوڕى مەریەم-یان كردۆتەكوڕى الله - لەكاتێكدا كە فەرمانیان پێنەدراوە جگە لە پەرستنى تاكە پەرستراوێک، بێگومان جگە لەوپەرستراوێكى تر نیە،ئەولەوە پاكترى و شایستەترە لەوەى ئەوانە هاوەڵى بۆ بڕیاردەدەن.

١٢-{فَإِن تَوَلَّوْاْ فَقُلْ حَسْبِيَ اللّهُ لا إِلَـهَ إِلاَّ هُوَ عَلَيْهِ تَوَكَّلْتُ وَهُوَ رَبُّ الْعَرْشِ الْعَظِيمِ }التوبة129

جا ئەگەر ئەوانە هەر پشت هەڵکەن و گوێت بۆ نەگرن، ئەوە ئیتر تۆ بڵێ: من الله م بەسە کەیارو یاوەرم بێت، کە پشتگیرو یاریدەدەرم بێت، هیچ پەرستراوێک نیە جگە لەو، هەر پشت بەو دەبەستم،
هەرتەنیائەویش پەروەردگارو دەسەڵاتداری عەرشی گەورەترینە.

لە م سێ شوێنەی دەبۆ دوازدە لا الە الاهو بۆ الله بەکارهاتووە.

١٣-{وَجَاوَزْنَا بِبَنِي إِسْرَائِيلَ الْبَحْرَ فَأَتْبَعَهُمْ فِرْعَوْنُ وَجُنُودُهُ بَغْياً وَعَدْواً حَتَّى إِذَا أَدْرَكَهُ الْغَرَقُ قَالَ آمَنتُ أَنَّهُ لا إِلـهَ إِلاَّ الَّذِي آمَنَتْ بِهِ بَنُو إِسْرَائِيلَ وَأَنَاْ مِنَ الْمُسْلِمِينَ }يونس90

كاتێ نەوەی ئیسرائیلمان بەدەریادا پەڕاندەوە، فیرعەون و سەربازانی بۆ ستەم و دەستدرێژی شوێنیان کەوتن، تا ئەو کاتەی فیرعەون دەرکی بەوەکرد کە دەخنکێ بۆیەگوتی: وا ئیتر باوەڕم هێنا بەوەی کە هیچ پەرستراوێک نیە جگە لەو ەی ئەوتۆ کە نەوەی ئیسرائیل باوەڕیان پێهێناوە و من ئیتر لە موسڵمان و ملکەچانم.

لێرەش وەک زۆربەی ئەوسوڕەتانەی لەسەرەتای سەردەمی مەکەدابەزیون ڕاناوەکە بۆ ئیسممی الرب دەگەڕێتەوە کەبێجگەلە الرب هیچ پەرستراوێکی دیکە نیە، لا اله الا الرب.

١٤-{فَإِن لَّمْ يَسْتَجِيبُواْ لَكُمْ فَاعْلَمُواْ أَنَّمَا أُنزِلَ بِعِلْمِ اللّهِ وَأَن لاَّ إِلَـهَ إِلاَّ هُوَ فَهَلْ أَنتُم مُّسْلِمُونَ }هود14

جا ئەگەر -کافرەکان- نەهاتن بەدەم ئەم بانگەوازەتانەو، ئەوە ئیتر چاك بزانن و دڵنیابن کە بەڕاستی ئەم قورئانە هەر بە ئاگاداری

وزانايى الله دابەزێنراوە و جگە لەويش هيچ پەرستراوێكى تر نيە، ئايا ئيتر ئێوە ملكەچ دەبن ؟

لەم ئايەتە لا اله الا هو پێناسەى الله يە.

١٥-{كَذَلِكَ أَرْسَلْنَاكَ فِي أُمَّةٍ قَدْ خَلَتْ مِن قَبْلِهَا أُمَمٌ لِّتَتْلُوَ عَلَيْهِمُ الَّذِيَ أَوْحَيْنَا إِلَيْكَ وَهُمْ يَكْفُرُونَ بِالرَّحْمَـنِ قُلْ هُوَ رَبِّي لا إِلَـهَ إِلاَّ هُوَ عَلَيْهِ تَوَكَّلْتُ وَإِلَيْهِ مَتَابِ }الرعد30

ئا بەو شێوەيە تۆمان ڕەوانە كردووە بۆ سەر ئوممەتێك كە پێش ئەمان ئوممەتانى تريش ڕابوردوون، تا ئەم قورئانەى كە بەوەحى بۆمان ڕەوانە كردويت بەسەرياندا بخوێنيتەوە، كەچى ئەوان باوەڕ
بەالرحمن ناهێنن،پێيان بڵێ: ئەو -رب - پەروەردگارى منە و بێجگە لەو پەرستراوێكى تر نيە، من هەر پشتم بەو بەستووە، گەڕانەوەشم هەر بۆ لاى ئەوە.

لەم ئایەتە رب جێگرەوەوهاوماناى الرحمانه و لا اله الاهو پێناسەى هەردوو ئیسمەکەیە.

١٦-{يُنَزِّلُ الْمَلآئِكَةَ بِالْرُّوحِ مِنْ أَمْرِهِ عَلَى مَن يَشَاءُ مِنْ عِبَادِهِ أَنْ أَنذِرُواْ أَنَّهُ لاَ إِلَـهَ إِلاَّ أَنَاْ فَاتَّقُونِ }النحل2

الله فریشتەکان بە نیگایەک لە -فرمانەکەى دادەبەزێنێ بۆ هەرکەس بیەوێت لە بەندەکانى،تاکو خەڵکى بێدار بکەنەوە لەوەى کە بەڕاستى جگە لە من پەرستراوێکى تر نیە، لەبەر ئەوە خۆتان بپارێزن .

١٧-{اللَّهُ لَا إِلَهَ إِلَّا هُوَ لَهُ الْأَسْمَاء الْحُسْنَى }طه8

الله تاقانەیە وهیچ پەرستراوێکى تر نیەجگە لەو ، هەرچى ئیسمە پیرۆزترین وباشترین و جوانترینەکانە هەمووى هەر شایستەى ئەوە.

١٨-{إِنَّنِي أَنَا اللَّهُ لَا إِلَهَ إِلَّا أَنَا فَاعْبُدْنِي وَأَقِمِ الصَّلَاةَ لِذِكْرِي }طه14

بەڕاستى هەر من (الله) م، هيچ پەرستراوێک نيه جگه له من، كەواته هەر من بپەرسته و نوێژەكانيشت هەر بەيادى من پايەداركه.

١٩-{إِنَّمَا إِلَـهُكُمُ اللَّهُ الَّذِي لَا إِلَهَ إِلَّا هُوَ وَسِعَ كُلَّ شَيْءٍ عِلْماً }طه98

تەنها پەرستراوتان (الله) يه، هيچ پەرستراوێكى تر نيەجگه لەو ، زانيارى و زانستى ئەو له هەموو شتێک بەر فراوانتره.

٢٠-{وَمَا أَرْسَلْنَا مِن قَبْلِكَ مِن رَّسُولٍ إِلَّا نُوحِي إِلَيْهِ أَنَّهُ لَا إِلَهَ إِلَّا أَنَا فَاعْبُدُونِ }الأنبياء25

ئێمه پێش تۆ هيچ پێغەمبەرێكمان ڕەوانه نەكردووه، كه وەحيمان بۆ نەناردبێت بەوەى كه: بێگومان هيچ پەرستراوێک نيه جگه له من و دەبێت هەر من بپەرستن.

له شازدەوه تابيست لا اله الا هو پێناسەى ئيسمى الله يه.

٢١-{وَذَا النُّونِ إِذ ذَّهَبَ مُغَاضِباً فَظَنَّ أَن لَّن نَّقْدِرَ عَلَيْهِ فَنَادَى فِي الظُّلُمَاتِ أَن لَّا إِلَهَ إِلَّا أَنتَ سُبْحَانَكَ إِنِّي كُنتُ مِنَ الظَّالِمِينَ }الأنبياء87

یادی (ذو النون=یونس)یش بکەرەوە کاتێک بە تورەییەوە ڕۆیشت، گومانی وابوو کە هەرگیز دنیای لێ تەنگ ناکەینەوە (بەڵام بە پێچەوانەی گومانەکەیەوە خستیە ناو سکی نەهەنگەوە)، جا لە ناو تاریکایەکاندا، (تاریکای شەوو دەریا و ناوسکی نەهەنگەکەدا) هاوارو نزای لێ بەرز بۆوەو وتی: پەروەردگارا هیچ پەرستراوێک نیە جگە لە تۆ، پاکی و تواناداری جوڵاندن ومەلەپێکردنی شتەکان هەر بۆ تۆیە، بەڕاستی من لە ستەمکاران بووم .

لەم ئایەتە لا الە الا انت پێناسەی ئیسمی رب هاتوە.

٢٢-{فَتَعَالَى اللَّهُ الْمَلِكُ الْحَقُّ لَا إِلَهَ إِلَّا هُوَ رَبُّ الْعَرْشِ الْكَرِيمِ }المؤمنون116

بەرزى و بڵندى بۆ الله، پاشاوخاوەنى ڕەوای حەق، هیچ پەرستراوێک نیە جگە لەو ، خاوەنى عەرشى شکۆدارو بەڕێزە.

٢٣-{اللَّهُ لَا إِلَهَ إِلَّا هُوَ رَبُّ الْعَرْشِ الْعَظِيمِ }النمل26

الله ئەو تاقانەیە كە جگە لەو پەرستراوێکی تر نیە، خاوەنى عەرشى هەرە مەزن وگەورەیە.

٢٤-{وَهُوَ اللَّهُ لَا إِلَهَ إِلَّا هُوَ لَهُ الْحَمْدُ فِي الْأُولَى وَالْآخِرَةِ وَلَهُ الْحُكْمُ وَإِلَيْهِ تُرْجَعُونَ }القصص70

تەنیائەو الله یە كە جگە لەو پەرستراوێکی تر نیە، سوپاس و ستایش لە سەرەتا و کۆتاییدا، لە دنیا و قیامەتدا، هەر شایستەی ئەوە، حوکم و فەرمانرەوایش هەر بەدەست ئەوە، هەر بۆلای ئەویش دەبرێنەوە.

٢٥-{وَلَا تَدْعُ مَعَ اللَّهِ إِلَهاً آخَرَ لَا إِلَهَ إِلَّا هُوَ كُلُّ شَيْءٍ هَالِكٌ إِلَّا وَجْهَهُ لَهُ الْحُكْمُ وَإِلَيْهِ تُرْجَعُونَ }القصص88

لەگەڵ الله هانا و هاوار له پەرستراوێکی تر مەکە، چونکه جگه لەو پەرستراوێکی تر نیه، هەرچی شت هەیه تیاچووه لەناوچووه جگه له ڕووی ئەو ، فەرمانڕەوایی هەر شایستەی ئەوە، هەموانیش هەر بۆ لای ئەو دەبرێنەوە.

٢٦-{يَا أَيُّهَا النَّاسُ اذْكُرُوا نِعْمَتَ اللَّهِ عَلَيْكُمْ هَلْ مِنْ خَالِقٍ غَيْرُ اللَّهِ يَرْزُقُكُم مِّنَ السَّمَاءِ وَالْأَرْضِ لَا إِلَهَ إِلَّا هُوَ فَأَنَّى تُؤْفَكُونَ }فاطر3

ئەی خەڵکینه بیربکەنەوه له بەخششەکانی الله بەسەرتانەوه، ئایا دروستکارو به دیهێنەرێکی تر هەیه جگه له الله له ئاسمان و زەویەوه ڕزق و ڕۆزیتان پێ ببەخشێت؟پەرستراوێکی ترنیه جگه لەو ، جا ئێوه چۆن ڕوو دەکەنه گومڕایی؟.

٢٧-{إِنَّهُمْ كَانُوا إِذَا قِيلَ لَهُمْ لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ يَسْتَكْبِرُونَ }الصافات35

ئەوانە كاتى خۆى كە پێيان دەوترا: هيچ پەرستراوێک نيە جگە لە (الله) سەريان بادەدا و و فيزيان دەكرد ولەخۆبايى دەبوون...

٢٨-{خَلَقَكُم مِّن نَّفْسٍ وَاحِدَةٍ ثُمَّ جَعَلَ مِنْهَا زَوْجَهَا وَأَنزَلَ لَكُم مِّنْ الْأَنْعَامِ ثَمَانِيَةَ أَزْوَاجٍ يَخْلُقُكُمْ فِي بُطُونِ أُمَّهَاتِكُمْ خَلْقاً مِن بَعْدِ خَلْقٍ فِي ظُلُمَاتٍ ثَلَاثٍ ذَلِكُمُ اللَّهُ رَبُّكُمْ لَهُ الْمُلْكُ لَا إِلَهَ إِلَّا هُوَ فَأَنَّى تُصْرَفُونَ }الزمر6

ئێوەى لە تاكە نەفسێك هێناوەتە كايەوە پاشان لەو تاكە نەفسە هاوسەرەكەشى فەراهەم هێناوە، لە ئاژەڵەكانيش هەشت جووتى دروست كردووە لە سكى دايكتاندا ئێوە دروست دەكات قۆناغ لەدواى قۆناغ ،لەناو سێ تاريكيدا ، ئا ئەوەيە الله ى رب و بەديهێنەرو وپەروەردگارى ئێوە خاوەندارێتى هەموو

بەدیهێنراوەکان بۆ ئەوە، جگە لەو
پەرستراوێکی تر نیە، جائێوەبۆ لاڕێ دەبن؟!

٢٩-{غَافِرِ الذَّنبِ وَقَابِلِ التَّوْبِ شَدِيدِ الْعِقَابِ ذِي الطَّوْلِ لَا إِلَهَ إِلَّا هُوَ إِلَيْهِ الْمَصِيرُ }غافر3

لێبوردەترین و لێخۆش بووی گوناهە، وەرگری تەوبە و پەشیمانیە ، تۆڵەسێنەرە زۆر بەسەختی لە یاخی بووان و ستەمکاران، دەستەڵاتدارە و خاوەن و بەخشێنەری ناز و نیعمەتەکانە، هیچ پەرستراوێک نیە جگە لەو، سەرەنجامیش هەر بۆ لای ئەوە.

٣٠-{ذَلِكُمُ اللَّهُ رَبُّكُمْ خَالِقُ كُلِّ شَيْءٍ لَّا إِلَهَ إِلَّا هُوَ فَأَنَّى تُؤْفَكُونَ }غافر62

ئائەو اللە یە رب وخاوەن و
پەروەردەکاروپارێزەری ئێوەیە و،
بەدیهێنەرودروستکاری هەموو شتێکە، هیچ پەرستراوێک نیە جگە لەو، ئیتر ئێوە بەرەو کوێ دەبرێن؟ .

لە ئایەتی بیست ودوو تائایەتی سی دەستەواژەی لا اله الاهو پێناسەی ئیسمی الله یە.

٣١-{هُوَ الْحَيُّ لَا إِلَهَ إِلَّا هُوَ فَادْعُوهُ مُخْلِصِينَ لَهُ الدِّينَ الْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ }غافر65

ئەو هەمیشە و بەردەوام هەر زیندووە، پەرستراوێکی تر نیە جگە لەو، کەوابوو هانا و هاوار و نزاتان ڕوو بەو بێت، ملکەچ و فەرمانبەرداری بەرنامە و ئاینەکەی ئەو بن، هەموو سوپاس و ستایشێک بۆ الله، کە پەروەردگاری هەموو جیهانیانە.

٣٢-{لَا إِلَهَ إِلَّا هُوَ يُحْيِي وَيُمِيتُ رَبُّكُمْ وَرَبُّ آبَائِكُمُ الْأَوَّلِينَ }الدخان8

هیچ پەرستراوێک نی یە جگە لەو ، دەژێنێ و دەمرێنێت، پەروەردگاری ئێوەش و باوو باپیرانی دێرینیشتانە.

لا اله الا هو لەم ئایەتە بۆ پێناسەی ئیسمی رب بەکارهێناوە.

٣٣-{فَاعْلَمْ أَنَّهُ لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ وَاسْتَغْفِرْ لِذَنبِكَ وَلِلْمُؤْمِنِينَ وَالْمُؤْمِنَاتِ وَاللَّهُ يَعْلَمُ مُتَقَلَّبَكُمْ وَمَثْوَاكُمْ }محمد(صلى الله عليه وسلم) 19

کەواتە چاک بزانەو دڵنیابە جگەلەالله هیچ پەرستراوێکی ترنیە، داوای لێخۆشبوونی گوناه بۆ خۆت و بۆ پیاووژنانی ئیماندار بەتەنیا هەر لەو بکەو دڵنیابە کەالله دەزانێت لەرۆژدا بەچی یەوە خەریکن و، لەشەویشدا لەکۆی دەحەوێنەوە و ئارام دەگرن.

٣٤-{هُوَ اللَّهُ الَّذِي لَا إِلَهَ إِلَّا هُوَ عَالِمُ الْغَيْبِ وَالشَّهَادَةِ هُوَ الرَّحْمَنُ الرَّحِيمُ }الحشر22

هەرئەو الله یە کە جگە لەو پەرستراوێکی تر نیە ئاگادارو زاناترینە بە هەموو نهێنی و ئاشکراکان، هەر ئەو خاوەن دەسەڵات و بە ڕەحم و بەزەییە.

٣٥-{هُوَ اللَّهُ الَّذِي لَا إِلَهَ إِلَّا هُوَ الْمَلِكُ الْقُدُّوسُ السَّلَامُ الْمُؤْمِنُ الْمُهَيْمِنُ الْعَزِيزُ الْجَبَّارُ الْمُتَكَبِّرُ سُبْحَانَ اللَّهِ عَمَّا يُشْرِكُونَ }الحشر23

هەرئەو الله ى ئەوتوّيه كه جگه لەو پەرستراوێكى تر نيه پاشاى هەموو بوونەوەرە، پاك و بێگەردو پيرۆزترينه، ئاشتى بەخشترين و هەميشه ئاشتى پەروەرە، موئمين =ئاسايش بەخش و پەناگاى ئيماندارانه، دەسەڵاتدارە و چاودێرى دروستكراوەكانيەتى، باڵادەستە، خاوەنى خێرى بێسنوورە، گەورەيە و خۆى بەگەورە دەزانێت، پاكى و گەورەيى بۆ ئەو الله يە يە لەوەى تينەگەيشتوان شەريك و هاوەڵى بۆ بڕيار دەدەن.

٣٦-{اللَّهُ لَا إِلَهَ إِلَّا هُوَ وَعَلَى اللَّهِ فَلْيَتَوَكَّلِ الْمُؤْمِنُونَ }التغابن 13

الله تاقانەیەکە جگە لە پەرستراوێکی تر نیە، دەبا ئەوانەی ئیماندارن هەر پشت بەو ببەستن و داوای یارمەتی هەر لەو بکەن.

لەئایەتەکانی سی وچوارتا سی وشەش دەستەواژەی لا اله الاهو پێناسەی الله یە.

٣٧-{رَبُّ الْمَشْرِقِ وَالْمَغْرِبِ لَا إِلَهَ إِلَّا هُوَ فَاتَّخِذْهُ وَكِيلاً }المزمل9

پەروەردگاری ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوایە، جگە لەو هیچ پەرستراوێکی تر نیە فەرمانی بەدەست بێت، کەواتە هەر ئەو بکە بە بریکارو پشتیوانی خۆت و داوای یارمەتیی هەر لەو بکە.

ئەم ئایەتە یەکەم ئایەتە کەلە مانگی یەکەمی هاتنی وەحی دابەزیوە و پەیامبەربەم ئایەتانە بووە رسول و پێش ئەوە بەهاتنی سورەتی علق نەبی وهەواڵپێدراو بوو .

لێرەدا ئەم ئایەتە بە پێشەوامان دەفەرمووی هیچ پەرستراوێک نیە کەشایانی پەرستن بێ جگە لە ربی مشرق و مغرب =پەروەردگاری ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا.

هێشتا ئیسمەکانی الله و الرحمن الرحیم دانەبەزیبوون، چونکە ئەو ئیسمانە بەهاتنی سورەتی فاتیحە دابەزین.

لەم ٣٧جار لااله الا الله یە٢٥جار لەسورەتە مەکیەکان دا هاتووەو ١٢جار لە سورەتە مەدەنیەکان.

ئایا اله تەنها بەمانای معبود وپەرستراوی حەقە وهیچ واتایەکی دیکەی نیە؟:-

مامۆستافاخرمحمد سۆفی بەوردی بەدواداچوونی بۆئەم بابەتەکردوە،بۆیە بەسوپاسەوە ئەم بابەتەم لە پەیجەکەی ئەو وەرگرتووە ،مامۆستا لە

زنجيرەى تەدەببورى قورئان- ٣٤ -نوسيويەتى:

ئايا ڕاستە، الله : واتە المَعْبُودُ بِحَقٍّ؟
وە لَاإِلهَ إِلَّاالله: واتە لَا مَعْبُودَ بِحَقٍّ إِلَّا الله؟؟؟

.....

.

زۆربەى زانايان لەسەر ئەومانايەن،
ئەومانايەش زۆر پەرەى پێدراوەو تەئكيدى
لەسەر كراوە بەتايبەتى لەلايەن زانايانى
سەلەفى...

سەرەتا ، اللەتعالى ئيسمى(المعبود)ى لە أسماء
الله الحسنى ،هەر دانەناوە،تا بكرێتە
لێكدانەوەيەك بۆ كليمەى الله تعالى ، بۆيە
هەركەسێک بلێت : الله، يعني المعبود بحقٍ ،،.
وە بلێت: لا اله الاالله ،يعني لا معبود بحق الَّا
الله، ئەوە قسەو رەئى خۆيەتى.

.....

باشە کێ گوتوویەتی ئەوە مانای اللهیە؟

محمد علیه صلاة الله ،بەم شێوەی باسمانکرد اللهی مانا نەکردۆتەوە بۆ سەحابە بەڕێزەکان.

بۆیە أالله ، هەر وەکو خۆی هەر اللهیە .وە هەروەها، لاإله إلاالله ، هەروەکو خۆی، لاإله إلاالله یە.

وە ،لَا إِلَهَ إِلَّا هُوَ، تعریف و ڕوونکرنەوەیە بۆ الله ،جل جلاله،

هەروەك لەم ئایەتانەی خوارێ دیارە

١- له آية الكرسي هاتووه،

اللهُ : لَا إِلَهَ إِلَّاهُوَ ، الحي القيوم.....

٢- وە لەسەرەتای سورەتی آل عمران هەمان عبارة هاتووه،

اللهُ : لَا إِلَهَ إِلَّا هُوَ، الْحَيُّ الْقَيُّوم....

٣- وە هەروەها لە سورەتى النساء، هەمان عبارەتە،

اللهُ : لَا إِلَهَ إِلَّا هُوَ، لَيَجْمَعَنَّكُمْ ...

٤- وە لەسورەتى طه،دیسان هەمان عبارەتە،

أللهُ: لَا إِلَهَ إِلَّا هُوَ ، لَهُ الأسماء الحسنى

.....

دەلێن کلیمەی (الله) لە کلیمەی (ألإله) وەر گیراوە ،وە کلیمەی (ألإله) ، واتای(المعبود) دەدات، بۆیە الله يعني المعبود بحق ، واتە پەرستراوی بە حەق.

ئایا ئەو مانایەی کلیمەی الله ڕاستە؟

نەخێر ، چونکە،

١- کلیمەی الله لە کلیمەیەکی تر وەرنەگیراوە هەروەك باسم كرد.

٢- لەزمانی عربي لێیکۆڵنەوە، (ألإله) بە چەند مانایەك هاتووە ، لەناو ئەو هەموو مانایانە یەك

مانايان وەرگرتووە، كە معبودە ،ئەدى ماناكانى تر چيان لێهات ؟ ئەوەش نابێت:

أَلإِلهْ: چەند مانايەكى هەيە وەك

١- لَاهَ ، يَلِيهُ ، لَيهاً : عَلَا وَارتفَع ، واتە بەرز بوەوە.

٢- لَاهَ ، يَلُوهُ ، لَوْهاً : إحْتَجَبَ ، واتە خۆى پەنەكردوە بەچاو نابينرێ.

٣- وَلِهَ ، يَوْلَهُ : الحب ، يحبه الخلائق وتتعلق بە، واتە لەبەر خۆشويستن، مەخلوقات خۆشيان دەوێ و پێيەوە پەيوەستن.

٤- أَلَهَ ، يَأْلَهُ: ئەمەشيان چوار مانای هەيە.

ا- أَلإِستِكانة: الخضُوع والخُنوع ،ملكەچى بۆ كردن.

ب- التَّحَيُّرْ: كاتى سەرليَشێوان دەچيەوە لای وڕێنمايى سەرليَشواوان دەكا..

ج١اسماء الله الحسنى /ن.محمدعزيزلۆتەرى.

ج- الْفَزَعْ: فَزِعَ إليه ، لَجَأَ إليهِ ، واته لەكاتى ترسان خەڵک وبەندەکان پەنای بۆ دەبەن.

د- عَبَدَ ، العبادة، المعبود: پەرستى ، پەرستن، پەرستراو .

لەم هەموو مانايانەى (ألإله) ، تەنها يەك مانايان وەرگرتووە ئەويش المعبود .

بەواتاى وان، الله ، لەووشەى

ألإله وەرگيراوە ، وە ألإله بەماناى المعبود دێت. بۆيە، الله واته المعبود.

ئەگەر وايە ئەدى ماناكانى ترى ألإله چيان لێهات؟

بۆ تەنها يەك مانا وەردەگرن؟

ديارە لێكدانەوەيان هەڵەيە كە دەڵێن ألله يعني المعبود بحق.

ئەوەش زۆر لەماناى الله كەم دەكەنەوە.

ج١اسماء الله الحسنى /ن.محمدعزيزلۆتەرى.

بەلكو الله تعالى بەو ئيسمانە دەناسرێت و تعريف دەكرێت كە ئەو بۆخۆى داناون واتە ألأسماء الحسنى.

واتە الله : بريتيە لە مانای ئەو ئيسمانە ، الرحمن الرحيم الملك القدوس السلام المؤمن المهيمن العزيز الحكيم الجبار المتكبر الغني الحميد الوهاب الرزاق العليم الغفور الخالق البارئ .....تادوايى .

ئەگەر مانای گشت (أسماء الله الحسنى) كۆ بكەينەوە ئەو جار دەزانين مانای الله چيە.

واتە الله هەر معبود نيەو بەس، بەلكو رەحمانە، ڕەحيمە، مەليكە، قدووسە،سەلامە، حەكيمە ، جەببارە، عزيزە ، وەهابە، خالقە ،ڕەزاقە..... تادوايى.

.....

ج١اسماء الله الحسنى /ن.محمدعزيزلۆتەرى.

لە پەیجی مامۆستا فاخرمحمد سۆفی وەرگیراوە
#

#زنجیرەی_تەدەببوری_قورئان - ٣٣-

وەلەبابەتی بیدعەی تەوحیدیش هەربەکورتی دەڵێم ئەگەرئەو ووشە هێندەگرنگ بێ کەهەموو پەیامبەران بۆ چەسپاندنی توحید هاتبن وەک خاوەنەکانی بیدعەی توحید دەڵێن ،باشە بۆ لەهەموو قورئان ووشەی توحید
نەهاتووە؟!وەلەسونەتیش تەنیایەک جارلە موسلیم فەرمودەیەکی لەسەرهاتووە کەهەمان فەرموودە لەبوخاری هاتووەو لەوێ تەوحیدەکە بۆتە ئیمان ،کەواتە لەناوفەرمودەش دەستەواژەوچەمکی توحید نەهاتووە.

وە توحید کردن بۆ بونەوەرو پێک هاتەیەکە کەلەپێش بەتوحید کران ویەکخرانی لەت وپەت وپارچە پارچە بێ ، بەڵام هەرگیز الله وئیسم و

واتای ئیسمەکانیش هەرگیز لەهیچ سەردەمێکدا پارچە پارچەولەت لەت نەبوون، وەهیچ کات الله پێویستی بەبەندەکانی نەبووە تاکو لە پارچەپارچەیی نەجاتی بدەن و توحیدی بکەن وتوحید بچەسپێنن.

کەواتە توحید یەکێکە لەو بدعانەی کەلە بەدگومانی یەوە بە الله و شیان وتواناکانی الله سەرچاوەی گرتووە..

وەئەوانەی پێیان وایە لا اله الا الله واتە توحید،للهو ووشە تێنەگەیشتوون،ئەگەربیان گوتایە وحدانیة،واتە بەتەنهازانینی الله ئەوە دروست بوو،بەڵام توحید کارێکە مرۆڤەکان بۆکۆکردنەوەی بابەت وپێک هاتەیەکی لەت وپەت وپارچە پارچە دەیکەن ،تاکوو یەکی بخەنەوەوبیکەنەوە یەک پارچە.

خۆ هەرگیز موتەمەزیق ولەت وپەت نەبووە مەولای حەق جا چ پێویستی بەتەوحیدە؟

ئەوهەمیشه واحد الاحد بووه ، تەوحید بۆ لەت وپەتکراوێک دەگوترێ کەدوای لەت وپەت بوون کەسێک بێ پارچەکانی کۆبکاتەوەو بەیەکیانەوه بلکێنێ ، دەستەواژەی تەوحید بیدعەو داهێنراوی جەهەمیەکانه ئەوان گوتیان تەعتیلی هەموو ئیسمه ئەزەلی وقەدیمەکان دەکەین چونکه که پەرستراوێک ئیسمی زۆری هەبن و هەموو ئیسمەکانیشی ئەزەلی وقەدیم بن دەبێته هۆی تعدد القدما ، واته فرەبوونی ئەزەلیه کۆنەکان ، جادەبێ ئێمه ئەم تعددە وفره دێرینیه بسڕینەوەو تەنیا یەک قدیم بێڵینەوه بۆیه هاتن هەرچی ئیسمی الله یه تەعتیلیان کرد ناویان نا تەوحید ، موعتەزیلەکانیش ئەم عەدل وتەوحیدەیان له جەعدی وجەهەمیەکان وەرگرت ، بۆیه کەمێک لەزاناکان گوتویانه ئەو دەستەواژه داهێنراوی ئەهلی تەفرەقەو بیدعەیه وەک بەربەهاری وغەزالی ، بەڵام

کەسانێکی زۆر ئەم دەستەواژەیان ئەوەندە بەکارهێنا خەڵک ئەوبابەتەی لەبیرچۆوە .

بەڵگەولێکدانەوەوشڕۆفەی زانایان بۆ:

١- بابەتی :ئایا الله (ذات)وخودێکی هەیە کەدارنراوبێ لە ئیسمە جوانەکان واتاکانیان ؟ یان زات وئیسمەکانی الله هیچ کات لێک جیانەبوون وهەرگیزیش لێک نابنەوە؟

زانایان دەڵێن دارنینی الله لە ئیسم و واتای ئیسمەکان و ئاوەڵناوەکانیان خەیاڵێکی پوچ وبێ بنەمایە، ئیسم و واتاو نەعت وئاوەڵئیسم وجیاکەرەوەکانیان بێ خود- بونیان نیە ، وەهەندێک ئیسم و ئاوەڵئیسم و نەعت هەن کە خود بێ وان بوونی هەرنیە وەک ژیان وزیندەگی و ئیسم و نەعتی بوون و بنیات.

شێخ ئيبن تيمية دەڵێ:

والتحقيق أن الذات الموصوفة لا تنفك عن الصفات أصلا، ولا يمكن وجود ذات خالية عن الصفات. فدعوى المدعي وجود حي عليم قدير بصير، بلا حياة ولا علم ولا قدرة، كدعوى قدرة وعلم وحياة لا يكون الموصوف بها حيا عليما قديرا، بل دعوى شيء موجود قائم بنفسه قديم أو محدث عري عن جميع الصفات ممتنع في صريح العقل.

ولكن الجهمية المعتزلة وغيرهم لما أثبتوا ذاتا مجردة عن الصفات صار مناظرهم يقول: أنا أثبت الصفات زائدة على ما أثبتموه من الذات، أي لا أقتصر على مجرد إثبات ذات بلا صفات،

ولم يعنِ بذلك أنه في الخارج ذات ثابتة بنفسها، ولا مع ذلك صفات هي زائدة على هذه الذات متميزة عن الذات،

ولهذا كان من الناس من يقول: الصفات غير الذات، كما يقوله المعتزلة والكرامية، ثم المعتزلة تنفيها، والكرامية تثبتها، ومنهم من يقول: الصفة لا هي الموصوف ولا هي غيره، كما يقوله طوائف من الصفاتية كأبي الحسن الأشعري وغيره، ومنهم من يقول كما قالت الأئمة:

لا نقول الصفة هي الموصوف، ولا نقول: هي غيره؛ لأنا لا نقول: لا هي هو، ولا هي غيره، فإن لفظ الغير فيه إجمال، قد يراد به المباين للشيء، أو ما قارن أحدهما الآخر، وما قاربه بوجود أو زمان أو مكان، ويراد بالغير: أن ما جاز العلم بأحدهما مع عدم العلم بالآخر، وعلى الأول فليست الصفة غير الموصوف، ولا بعض الجملة غيرها، وعلى الثاني فالصفة غير الموصوف وبعض الجملة غيرها، فامتنع السلف والأئمة من إطلاق لفظ الغير على الصفة نفيا أو إثباتا؛ لما في ذلك من الإجمال والتلبيس. اهـ.

واتای قسەکانی ئیین تەیمیە:

بەڕاستی وبێ پێچ وپەناهیچ زاتێک نیە کەبێ ئاوەڵئیسم وتایبەتمەندی وخەسڵەت بێ،مەحاڵە خودێکی بێ ئاوەڵئیسم هەبێ،،ئەوەی دەڵێ کە دەگونجێ هەمیشە زیندوێک ی پڕزانیارترین ی بەتواناترین ی هەمیشە بینەرترین هەبێ بە بێ ئەوەی کە زیندوو بێ وزانابێ و بەتوانابێ بوونی بونەوەروخودێکی لەوشێوە مەحاڵە.

بەڵام کەجەهەمی وموعتەزیلەکان زاتێکی داڕنراوله ئاوەڵئیسم و واتاکانیان باوەڕپێ هەیە، دژەکانیان والێ کردوون کە بڵێن ئەوزاتەی ئێوەی جەهەمی باوەڕتان پێیەتی لای ئێمە زاتێکە چەندین لق وپۆپی زیادەی لێ بوونەوە کە نەعت وجیاکەرەوەوئاوەڵئیسمەکانن، ئاڵێرەدا دژەکەیان ناچارکرد کە زاتێک وچەند ئیسم وخەسڵەتێک پاڵداتە لای الله ،کە ئەوانە هەرلەبنەڕەتدا یەکن ودووشتی جیانین.

خۆئەودژەی جەھەمیە مەبەستی ئەوەنەبوو کەزاتێکی داڕنراو هەبوو لە سیفات و ئیسمەکان ،پاشان ئەوسیفەت وئیسمانەی بۆ زیادکران و منیش ئیمانم پێ هێنان!؟

هەربۆیە هەندێک کەس دەڵێن سیفەت وئیسمەکان جیاوازن لە زات وخود،ئەمە بۆچوونی موعتەزیلی وکیرامیەکانە،پاشان موعتەزیلەکان نکولیان لێ کرد،وەکیرامیەکان سەلماندیان،،وەهەندێک لەوانیش گوتیان:ئەو وەسف وئیسمانەی پاڵدراونە لای اللە نەبەشێکن لەو،نەلەویش جیان. ئەم گوتە لە کەسانی وەک ئەبوحەسەنی ئەشعەری وکەسانی تریش گێڕدراوەتەوە.

پاساویشیان بۆئەم گوتەیان ئەوەیە ،دەڵێن بۆیە دەڵێین ئیسمەکان نەبەشێکن لە اللە ونە بەشێکی جیان لە اللە، دەڵێن چونکە کە گوتمان ئیسمەکان جگە لە اللە ن وغەیری اللە ن،ئەوە واتای

جگەلەو زۆرلێکدانەوەهەڵدەگرێ،دەکرێ بڵێین ئەو ئیسمانە جیان وبە اللە وە نەلکاون و موباین وجیاکراوەن، یان ئەوددوانە بەیەک بەراوردناکرێن وهاوتەریب نین لە ڕووی زەمان وسات وکات ،یان لە ڕووی بوونیاد و وجود، یان لەڕووی شوێن وجێگا، چونکە کە گوتمان اللە وئیسمەکانی یەک ئیعتباریان هەیە ئەوەدەبێ لە ساتی بوونی یەکێکیان ئەوی دووەمیش هەبێ،واتەلەکوێ سیفەتی علیم هەبێ،دەبێ زاتیش لەوێ هەبێ ، وەلەوشوێنەی یەکێکیان هەیە دەبێ ئەوی دووەمیش لەوێ بێ، واتەزانست وهەستکردن بەیەکێک لەودوانە زانین وهەستکردن بە بەدووەم.ناکرێ لەم بابەتانە لێک جیابکرێنەوە مادام هەردووکیان هەریەکن.

بۆیە پێشینەکان خۆیان لەوبابەتە دوورخستۆتەوە چونکە ئەم بابەتە واتاولێکدانەوەی زۆر هەڵدەگرێ....

هەر ئيين تەيميه له شوێنێكى تردا دەڵێ:

سبب ذلك أن لفظ "الغير" مجمل، يراد بالغير: المباين المنفصل، ويراد بالغير: ما ليس هو عين الشيء، وقد يعبر عن الأول بأن الغيرين ما جاز وجود أحدهما وعدمه، أو ما جاز مفارقة أحدهما الآخر بزمان أو مكان أو وجود، ويعبر عن الثاني بأنه ما جاز العلم بأحدهما مع عدم العلم بالآخر، وبين هذا وهذا فرق ظاهر، فصفات الرب اللازمة له لا تفارقه البتة،

فلا تكون غيرا بالمعنى الأول، ويجوز أن تعلم بعض الصفات دون بعض، وتعلم الذات دون الصفة، فتكون غيرا باعتبار الثاني، ولهذا أطلق كثير من مثبتة الصفات عليها أغيارا للذات، ومنهم من قال: نقول إنها غير الذات، ولا نقول إنها غير الله، فإن لفظ الذات لا يتضمن الصفات بخلاف اسم الله فإنه يتناول الصفات، ولهذا كان الصواب ـ على قول أهل السنة ـ أن لا يقال في

الصفات: إنها زائدة على مسمى اسم الله، بل من قال ذلك فقد غلط عليهم، وإذا قيل: هل هي زائدة على الذات أم لا؟ كان الجواب: إن الذات الموجودة في نفس الأمر مستلزمة للصفات فلا يمكن وجود الذات مجردة عن الصفات، بل ولا يوجد شيء من الذوات مجردا عن جميع الصفات... اهـ.

واتە:هۆی ئەوەی کە ڕای پێشین لەبارەی یەکبوونی ئیسمەکان وزات ویەکنەبوونیان یەکلانەبونەوەوڕاوەستان بوو.

چونکە کەگوتمان ئیسمەکان زات نین ،واتە جیاکراوەوپچڕاوو موباینن لە زات،چونکە کەدەگووترێ ئەوشتە جیایە لەوشتەی تر واتە ئەوشتە خودی ئەوشتەنیە یان دەکرێ ئەم دووشتە لەسەردەم وشوێنێک یەکیان هەبێ وئەوی تریان نەبێ یان ئەودووشتە لەهەندێ شوێن،یان هەندێک کاتداجیاولێک هەڵبڕاوبن،

هەروەها كە گوترا يەكن دەبێ هەركاتێ زاتمان ناسى دەبێ هەموو سيفات وئيسمەكانيش بزانين ،بەڵام كە زەمان وسەردەمێک زات ناسراو بەڵام كەمێكى كەم نەبێ لەسيفات نەزانرا،كەواتە ئەوە جياوازى ئەودوانە دەگەيەنێ.

ئەم دوو بابەتە لێک جياوازن.

ئێمە دەزانين كە ئيسم وسيفاتەكان هەرگيز لە خودى زاتى پەروەردگارنابنەوەو مولازيم و وابەستەى ئەون.

واتە بەو مانايەى يەكەم ئيسمەكان لەگەڵ زات جگەلەونين ولەڕابردووش هەرگيز جگەلەونەبوون وهەميشە يەک بوون، دەگونجێ لەهەندێ جارولەهەندێ شوێن ئێمە هەنێک لەو ئيسم وسيفەتانەبزانين وهەندێكى نەزانين،وەدەگونجێ كەهەندێ جار زاتى الله بناسين وهيچ لە سيفات وئيسمەكانى نەزانين،

ئەوەلەزانستى ئێمەدا لێک جیان وئیسمەکان لە زات جیاوازن نەک ڕاستەقینەی زانستەکەوابێ.

بۆیە جیاکردنەوەی زانایانی عەقیدە لەنێوان ئیسمەکان وزات دا تەنیائاماژەیە بۆ بارودۆخی ئەوزانستەلای مرۆڤەکان ،نەک پێیان وابێ ڕاستەقینەی زانستەکەوایە، هەندێک لەوزانایانە گوتویانە کە ئێمە دەڵێین سفاتەکان جگەلەزاتن وزات جگەلەسیفاتەکانە ،بەڵام نالێین کە اللە جگەلەسیفاتەکانە وسیفاتەکان بێجگە لە اللە ن چونکە هەمیشە اللە هەم زات وهەم ئیسمەکان وسیفاتەکانە و اللە هاوماناى زات نیە.

بۆیەلای ئەهلی سونەت ناگوترێ کە ئیسمەکان وسیفاتەکان شتێکی جیان لە موسەمای اللە ،یان ئیسمەکان جیاوازن لە ئیسمی اللە، چونکە ئیسمی اللە واتەکۆی هەموو ئیسم وسیفەتەکان، بۆیە هەرکەسێ بڵێ ئیسمەکان جیان لە ئیسمی اللە هەڵەی کردووە، بەڵام ئایا سیفاتەکان

شتێکی زیادن لە زات یان نا؟ولێمەکەی وایەکە هیچ زاتێکی داڕنراولەهەموو سیفاتێک هەبوونی نیەومەحاڵە.

شڕۆڤەکاروشارحی عەقیدەی تەحاوی-ئیبن ئەبی عزی حەنەفی- لەم بارەوە نوسیویەتی:

....وكذلك مسألة الصفة: هل هي زائدة على الذات أم لا؟ لفظها مجمل، وكذلك لفظ الغير، فيه إجمال، فقد يراد به ما ليس هو إياه، وقد يراد به ما جاز مفارقته له، ولهذا كان أئمة السنة رحمهم الله تعالى لا يطلقون على صفات الله وكلامه أنه غيره، ولا أنه ليس غيره؛

لأن إطلاق الإثبات قد يشعر أن ذلك مباين له، وإطلاق النفي قد يشعر بأنه هو هو، وإذا كان لفظ الغير فيه إجمال، فلا يطلق إلا مع البيان والتفصيل، فإن أريد به أن هناك ذاتا مجردة قائمة بنفسها منفصلة عن الصفات الزائدة عليها

ـ فهذا غير صحيح، وإن أريد به أن الصفات زائدة على الذات التي يفهم من معناها غير ما يفهم من معنى الصفة ـ فهذا حق.

ولكن ليس في الخارج ذات مجردة عن الصفات، بل الذات الموصوفة بصفات الكمال الثابتة لها لا تنفصل عنها، وإنما يفرض الذهن ذاتا وصفة، كلا وحده، ولكن ليس في الخارج ذات غير موصوفة، فإن هذا محال، ولو لم يكن إلا صفة الوجود، فإنها لا تنفك عن الموجود، وإن كان الذهن يفرض ذاتا ووجودا، يتصور هذا وحده، وهذا وحده، لكن لا ينفك أحدهما عن الآخر في الخارج.

وقد يقول بعضهم: الصفة لا عين الموصوف ولا غيره، هذا له معنى صحيح، وهو: أن الصفة ليست عين ذات الموصوف التي يفرضها الذهن مجردة بل هي غيرها، وليست غير الموصوف، بل الموصوف بصفاته شيء

واحد غير متعدد، والتحقيق أن يفرق بين قول القائل: الصفات غير الذات، وبين قوله: صفات الله غير الله، فإن الثاني باطل؛ لأن مسمى الله يدخل فيه صفته بخلاف مسمى الذات، فإنه لا يدخل فيه الصفات؛ لأن المراد أن الصفات زائدة على ما أثبته المثبتون من الذات، والله تعالى هو الموصوف بالذات الموصوفة بصفاته اللازمة. اهـ "شرح الطحاوية" (1/ 190):

واتاى قسەكانى شەرحكارى تەحاوى:

ڕاڤەكارى عەقیدەی تەحاوی دەڵێ:

..هەروەهابابەتی سیفات، كەئایا سیفەتەكان لەدەرەوەی بازنەی زاتن وزیادن لەزات یان نا؟

ئەم گوفتارە بەو كورتیە ناگوترێ ،چونكە لاوانەیە مەبەست لە جیاوازی سیفات وزات شتێک بێ كەلەسیفاتداهەیەولەزاتدانیە،یان مەبەستی ئەوەبێ كە هەندێ بابەتی سیفات جیاوازن لە بابەتی زات، جابۆیە پێشەواكانی

ئەهلى سونەت نالێن كەسيفەتەكان وگوفتارەكانى الله بابەتێكن جيان لە الله ،وەناشلێين كە گوفتاوسيفاتەكان جگەلەونين، واتە هيچ كام لەو ڕايانە نالێين و ڕادەوەستن وڕايان نيە لەوبابەتە.

چونكە داننان بەهەريەكێ لەم بۆچوونانە ،ئەوەى لێ هەستدەكرێ كە ئەودووبابەتە تەواولێک جيان،يان ئەودووانە لەهەموو ڕوويەكەوە يەكن.

بۆيە ئەم بابەتە پێويستى بەڕوونكردنەوەى درێژهەيە.ئەگەر مەبەست لە ڕاى ئەوانەى دەلێين سيفەتەكان بەشێک نين لەزات ئەوەبێ كە ئەوان پێيان وايە زاتێكى دڕنراوو ودوورلە لە هەموو سيفاتێک بوونى هەيە ئەوەئەوبۆچوونە ڕاست نيە،بەڵام كە مەبەستيان ئەوەيە كە زات وسيفات دووبابەت وزانست و واتاى لێک جيان و واتاى زات جيايە لەواتاى سيفات لە

زمانەوانیدا ،ئەوە وتەکەیان ڕاستەو لەم ڕووەوە زات وسیفات لێک جیاوازن.

بەڵام ئەوەکە زاتێکی داڕنراولەسیفات هەیە ،ئەوەمەحاڵە،بەڵکو دەبێ باوەڕیان هەبێ کە زاتێک هەیە کەهەموو سیفاتە کامڵ وجوانەکانی کۆکردۆتەوە کەهەرگیز ئەو زاتە لەوسیفەتانە دابڕاووبێ بەش نەبووە، بەڵام کە لە زەین وئاوەزو مێشکی ئێمەدا زات و سیفاتەکان لێک جیادەکەینەوەو هەریەکەی تایبەتمەندی و لێکدانەوەی تایبەتی بۆدەکەین، ئەوە بۆئاسانکاری تێگەیشتنی خۆمانە،بەڵام ئەم زات وسیفەتانە بە جیاکردنەوەیان لەمێشکی ئەوان لێک دانابڕێن.

کەدەگوترێ سیفەت و وەسفکراو یەک شتن یان لەیەک جیان.

ئەم گوتە بەڕوویەکدا ڕاستە چونکەلەناوبیروهۆشماندا سیفەت جیایەلەو

وەسفكراوەلەڕوویەكەوە، وەهەرلە مێشكی ئێمەدا سیفەت و وەسفكراو یەک كەسن ودووكەس نین.

بەڵام كە بگوترێ سیفاتەكان بەشێک نین لە اللە ئەوە ڕاست نیە چونكە اللە تەنیا خود وزات نیە واللە هەم خودو زاتە وهەم ئیسم وسیفاتەكانە....

لە پەیچی فەرمی كەلەپورو
فەتواوبەرهەمەكانی شێخ عبدالعزیز ابن باز
موفتی پێشوی شانشینی سعودیە نوسراوە:

[القول في الصفات كالقول في الذات]

[فإن الله ليس كمثله شيء؛ لا في ذاته، ولا في صفاته، ولا في أفعاله، فإذا كان له ذات حقيقة لا تماثل الذوات، فالذات متصفة بصفات حقيقة لا تماثل صفات سائر الذوات].

واتە:گوتاروبۆچوونمان لە بارەی سیفاتەکان هەمان گوتاروبۆچوونمانە لە بارەی خود وزات:

چونکە اللە هیچ هاوۆێنەیی نین وهیچ شتێک لەوێنەی ئەونیە، نە وەک خودی ئەو ونەوەک سیفاتەکانی ونەوەک کردەوەکانی ،هاو وێنەی نیە،،جاکە گوتمان ئەوزاتێکی هەیە کە بەهیچ شێوەیەک لە زاتی هیچ دروستکراوەکان ناچێ،،بۆیە هەرئەم زاتە چەند سیفاتێکی هەن کەئەوانیش لە هیچ ڕوویەکەوە بەسیفاتی خود وزاتەدروستکراوەکان ناچن...

شڕۆڤەکاری ئەم گوتەی شێخ ئیبن باز شەرحێکی درێژی بۆ ئەم بنچینەی شێخ نوسیوە:

من لەچەند خاڵێک کورتی دەکەمەوە:

-بابەتى باوەڕبوون بەزاتێکى داڕنراولەسیفات عەقڵ ڕەتى دەکاتەوەوهیچ زاتێکى بێ سیفات بوونى نیە.هەتالەناودروستکراوەکانیش.

-بۆسەلماندنى ئەوبیروباوەڕەکە کە اللە بێ نیازو بێ پێویستیە لەغەیرى خۆى وهەمووشتێک پێویستى بەوە، جاکە گوتمان سیفاتەکان جگەلە اللە ن واللە پێویستى بەسیفاتەکانە وبێ ئەوان بێ دەسەڵاتە،ئەوکاتە دژى ئەم بیروباوەڕەدەبین.

بۆیە زات وسیفاتى اللە هەرگیز جگەلەئەونین ولێک هەڵنابڕدرێن وهەرکەسێ وابڵێ ئەوە موبتەدیع وساختەکارە.

-شڕۆڤەکارى فەتواکەى شێخ ئیبن باز دەڵێ ئیبن سینا ئەو بیدعەى داهێناوە کە واجب الوجود دەتوانێ خۆى لەسیفاتەکانى داڕنێ وهیچ شتێک دەستەوستانى ناکا،ئەم بیدعەشى لەئەرستۆى مامۆستاى وەرگرتووە،چونکە ئەرستۆباوەڕى بە دووجۆرهۆکاروعیللە هەیە

كه هۆكاروعيللەى فاعل وكارا،لەگەڵ هۆكاروعيللەى غائى ومەبەست.

وەدەڵێ ئەم هۆكارەى دووەم-عيللەى غائيە- دەكرێ لە هۆكارى كارا-عيللە ى فاعلە- ولەسيفەتيش داڕنراوبێ.

بەڵام هەتائەرستۆش ئەمەى دووەمى بەخالق نەزانيوە،بەڵكو پێى وابوە كەئەمەى دووەم بێ ويستى خۆى فەيزێكى لێ دەردەچێ،بەم شێوە ئيبن سينائەم بۆچوونە دەرچوونى فەيز و بێ دەسەڵاتى هۆكارى غايە ودەعەقڵى گەردوونى و نۆ نەفسى ڕوحانى وكۆمەڵێكى ترلەسەفستەى بێ مانای داهێناون.

وەلای ئەرستۆ عيللەى غائى لەكۆتايى دا پێک دێ كەهەموو شتەكان بێ ويستى خۆيان دەبن بەو،بەڵام ئەوهيچيانى دروست نەكردووەونە ويست وئيرادەى هەيەونەخاوەنى بڕيارە.

بۆیە بەم بۆچوونە نە ڕبوبیەت وخاوەندارێتی ونە الوهیەت وپەرستراوێتی بۆ الله دەچەسپێ وتەنانەت ئەو پەرستراوەی موشریکەکانییش دەیانپەرست لەم عیللە غائیەی ئەرستۆوئیین سینا بەدەسەڵاتتره.

چونکه وەک قورئان دەگێڕێتەوه ئەوانیش باوەڕیان بەوەهەبوو که الله ئاسمانەکان وزەوی دروست کردوون.

{وَلَئِنْ سَأَلْتَهُمْ مَنْ خَلَقَ السَّمَوَاتِ وَالأَرْضَ لَيَقُولُنَّ اللَّهُ} [لقمان:25]

پاشان شڕۆڤەکاری فەتوای ئیین بازئەم گوته لەفەتاوای ئیین تەیمیه دەگوازێتەوه:

" والتحقيق أن الذات الموصوفة لا تنفك عن الصفات أصلا ولا يمكن وجود ذات خالية عن الصفات فدعوى المدعي وجود حي عليم قدير بصير بلا حياة ولا علم ولا قدرة كدعوى قدرة وعلم وحياة لا يكون الموصوف بها حياً عليماً

قديراً بل دعوى شيء موجود قائم بنفسه قديم أو محدث عرى عن جميع الصفات ممتنع في صريح العقل، ولكن الجهمية المعتزلة وغيرهم لما أثبتوا ذاتا مجردة عن الصفات صار مناظرهم يقول أنا أثبت الصفات زائدة على ما أثبتموه من الذات أي لا أقتصر على مجرد إثبات ذات بلا صفات ولم يعن بذلك أنه في الخارج ذات ثابتة بنفسها ولا مع ذلك صفات هي زائدة على هذه الذات متميزة عن الذات ولهذا كان من الناس من يقول الصفات غير الذات .....

" مجموع الفتاوى" (336/3).

واتاى فەتواکەی ئیبن تەیمیە:

بێگومان کە زات وسیفات بەهیچ شێوەلێکدانابڕێن،چونکە زاتێکی داڕنراولەسیفات هەربوونی نیە، داوای ئەوانەی دەڵێن کە پەرستراوێکی زاناو

وزيندوو وتواناوبينا هەيە بەڵام نەزيندەگى
هەيەونەزانستى هەيەونە توانای هەيە ونەبينينى
هەيە، ئەم بۆچونە سەقەتەش هەروەک
بۆچوونى ئەوانەيە کەزاتێکى ئەزەلى دادەڕنن
لەسيفاتەکانى کەئەم بۆچونانە دژايەتى
وبەريەککەوتنيان هەيە لەگەڵ عەقڵ وهۆش.

هۆی پەيدابوونى ئەم تێگەيشتنەش
هەرکاردانەوەيەک بوو بۆ ئەوگەمژەييەی کە
موعتەزيلەو جەهەميەکان کرديان وهاتن
زاتێکى بێ سيفاتيان لەخەڵک کردبە
بەديهێنەرى گەردوون.

بۆيە دژەکانيشيان هاتن بۆخەڵکيان
ڕوونکردەوەکە ئێمە بۆئەوزات وخودەی کە
موعتەزيلەکان لەهەموو تواناوسيفاتێکيان
دادڕنيوە ئێمە چەندين سيفەت وتايبەتمەندى بۆ
زياد دەکەين.

خۆ ئەوان مەبەستيان نەبوو كەئەوسيفەتانە كەئەوان باوەڕيان پێيەتى وئەوزاتەى لێ دانارێنن چەند سيفاتێكى داڕنراوودابڕاون لەوزاتە، بەڵام دياره كه هەندێک بەوشێوه لەوبابەته گەيشتوون...

مامۆستا على باپير له بەشى يەكەمى مەوسوعه ى ئيمان وعەقيدەى ئيسلاميدا

هۆكارى ئەم داڕنينەى زات لەسيفاتەكان لاى موعتەزيلەكان دەگێڕێتەوەبۆ ئەوەى كه ئەو موعتەزيلانه پێيان وابووه كەئەگەر بڵێين سيفاتەكانيش وەكوزات ئەزەلى وقەديمن ،ئەمه سەردەكێشێ بۆ باوەڕبوون بەچەندين پەرستراووبەديهێنەرودروستكاربۆ بوونەوەر.

بەڵام ئەو موعتەزيلانەى كەدەگوترێ عەقڵانى بوون ،كەچى ئەم تێگەيشتنەيان لەم بابەتەبەوشێوه دەيسەلمێنێ كەبێ عەقڵترين دەستەبوون، ئەوان دەبينن كه هەر يەكێک

لەدروستكراوەكان ،تەنانەت ئاژەڵەكانيش، هەريەكێكيان لەتەنياخودوزاتێكداسەدان سيفات وتاييەتمەنديان هەيەو كەسيش نەى گوتووە بائەوزاتە بەوهەموو سيفاتانە وەسف نەكەين تا ئەو تاكە زاتە نەبێتە سەدان كەس .

ئێمە هەريەك لەئێمەوباوكمان وباپيرمان سەدان سيفات وتاييەتمەنديمان هەيە،كەس نالێ باسيفاتەكان لەبابم بكەمەوە ،ئەگينا خەڵک دەڵێن هێندەى ئەوسيفەتانەى بابم ،خەڵک باوكم بوون ودەگوترێ سەدبابى هەبووە.

شەهرستانى دەڵێ:

" والذي يعم طائفة المعتزلة من الاعتقاد: القول بأن الله تعالى قديم، والقدم أخص وصف ذاته. ونفوا الصفات القديمة أصلا، فقالوا: هو عالم بذاته، قادر بذاته، حي بذاته؛ لا بعلم وقدرة وحياة هي صفات قديمة، ومعان قائمة به؛ لأنه لو شاركته الصفات في القدم الذي هو أخص

ج١اسماء الله الحسنى /ن.محمدعزيزلۆتەرى.

الوصف، لشاركته في الإلهية" انتهى من "الملل والنحل" (1/ 43).

واتە:

گشتگیرترین وەسفی زات لای موعتەزیلەکان ئەوەیە کەزاتێکی قەدیم و لەمێژینەیە،بۆیە دەڵێن ناکرێ سیفەتەکان بەشداربن لەو قەدیمیەی زات،بۆیە ئەوان دەڵێن ئەوزانایە بەزاتی خۆی،زیندووەبەزاتی خۆی،نەک زاناوزیندوو بێ بەزانست وزیندوێتی کەوەک سیفەت لەگەڵ ئەوزاتە قەدیم بن،چونکە کەوامان گوت،ئەوئەوسیفەتانەش دەبنەهاوبەشی ئەوزاتە لەپەرستراویدا...

هەرشەهرستانی وڵامیان دەداتەوەودەڵێ:

" والفرق بين قول القائل: عالم بذاته لا بعلم، وبين قول القائل: عالم بعلم هو ذاته: أن الأول نفي الصفة، والثاني إثبات ذات هو بعينه صفة، أو إثبات صفة هي بعينها ذات. وإذا أثبت أبو

الهذيل هذه الصفات وجوها للذات؛ فهي بعينها أقانيم النصارى، أو أحوال أبي هاشم" "الملل والنحل" (1/ 50).

جیاوازی نێوان ئەودووگوتە کە بگوترێ اللە زانایە بەزاتی خۆی نەک بەزانایی ، یان زانایە بەزانایی ،یەکەم زات دەبێتە سیفەتەکە وسیفەتەکە ڕەت دەکرێتەوە، جاکەلای ئەبوهوزەیل ئەم سیفەتانە ڕووەکانی ئەو زاتەبن، ئەوە هەمان گوتەی نەسارایە بۆ سێ ئوقنومەکان ،هەروا حاڵەکانی کەئەبوهاشمی جەبائی باسی کردوون هەروەک ئقنومەکانی نەسرانیەکانن..

موعتەزیلەکان وەک لە جبائی دەگوازرێتەوە کەدەڵێن سیفەتەکان -مەبەستیان ئیسمەکانی اللە یە-

(صفات لا يقال فيها موجودة ولا معدومة، ولا قديمة ولا محدثة، ولا معلومة ولا مجهولة=

سيفەتەكان ناگوترێ نەهەن نە نين، نە
هەرهەبوو قەديمن، نەداهێنراوو پەيدابوون،
نەزانراوو ڕۆشنن،نە نەزانراووبزرن..)
؛كۆكردنەوەى ئەم هەموو بەريەككەوتە
عەقڵيانەش مەحاڵە.

جاهەروەک چۆن لەمەوپێش گوتەى كوڕى
ئەبى عزى حەنەفى شڕۆقەكارى تەحاوى
ئاماژەى پێكرا، وەتەحاويش لەمەتنەكەى دەڵێ:

(لا زال بصفاته=هەرلەئەزەلەوە
بەسيفاتەكانيەوە) ، نەى گوتووە: لا زال
وصفاته؛=هەرلە ئەزەلەوە زات وسيفاتەكانى
هەرهەبوون، چونكە كەپيتى عەتف بەكارهێنرا
واتەزات وسيفات دووشتى لێک جيان،
كەئەوەش وانيە،بۆيە شێخ پيتى عەتفى
بەكارنەهێناوە،تابزانرێ الله بە زات وسيفاتى
هەر يەكەوهەميشە هەرهەبووە.

هەروەها ئیمام ئەحمەد لە دەمەتەقێیەکەی لەگەڵ جەهەمیەکان دەڵێ:

: لا نقول: الله وعلمه، الله وقدرته، الله ونوره، ولكن نقول: الله بعلمه وقدرته ونوره : هو إله واحد سبحانه وتعالى.

فإذا قلتُ: أعوذ بالله، فقد عذت بالذات المقدسة ، الموصوفة بصفات الكمال المقدسة الثابتة ، التي لا تقبل الانفصال بوجه من الوجوه.

وإذا قلت: أعوذ بعزة الله، فقد عذت بصفة من صفات الله تعالى ، ولم أعذ بغير الله.

وهذا المعنى يفهم من لفظ الذات: فان "ذات" في أصل معناها لا تستعمل إلا مضافة، أي ذات وجود، ذات قدرة، ذات عز، ذات علم، ذات كرم، إلى غير ذلك من الصفات، فذات كذا، بمعنى صاحبة كذا تأنيث ذو، هذا أصل معنى الكلمة، فعلم أن الذات لا يتصور انفصال الصفات عنها بوجه من الوجوه، وإن كان الذهن

قد يفرض ذاتا مجردة عن الصفات، كما يفرض المحال" انتهى.

واتای گوتەکەی ئیمام ئەحمەد:

ناڵێین:الله و زانستەکەی،الله وتوانایەکەی، الله ونورەکەی،، بەڵکو دەڵێین:الله بە زانایەکەی وتوانادارییەکەی وڕوناکیەکەی
هەرئەوپەرستراوی تاک وتەنهایە وپاکە وپایە بڵندە.

ئەگەرگوتت :پەنادەگرم بەالله،ئەوەپەنات گرتووەبەوزاتەپیرۆزەی کەهەڵگری هەموسیفەتە
پیرۆزەسەلمێنراوەکانە،کەهەرگیزئەم زات وسیفاتانە لێک دانابڕێن بەهیچ شێوەیەک.

خۆکە گوتت پەنام بە عیزەتی الله گرتووە،ئەوەپەنات بەیەکێک لەسیفەتەکانی الله گرتوەو پەنات بە کەس وشتێکی ترجگە لە الله نەگرتووە.

هەرئەم واتایەش لە ووشەی زات
تێدەگەین،چونکە زات تەنیا بە پاڵ دراوی
بۆلای سیفەتێک بەکاردەهێنرێ،وەک خاوەن
یان خودی بوون،خاوەن وخودی
توانادار،خاوەن وخودی عیزەت
وشکۆدار،خاوەن یان خودی زانست،خاوەن یان
خودی بەخشندەیی،زات ئەوشتە بەواتای
خاوەن وهاوڕێ وهاوشانی ئەوشتە
دێ،،ئەوەبنچینەی دەستەواژەی زاتە،بۆیە بە
هیچ شێوەیەک زات=خاوەن وهاوڕێ وهاوشان
لە سیفەتەکەی دوای خۆی دانابڕێ،چونکە کە
گوترا زات وخاوەن وهاوڕێ
وهاوشان..گوێگردەبێ بزانێ هاوشان وخاوەن
وهاوڕێی چی؟ ڕستەکەودەستەواژەکەناتەواوە.

بەڵام کەلەناوهۆش ومێشکی ئێمە وێنای
زاتێکی داڕنراولە سیفات دەکەین، ئەو وەک
وێنای ئەوشت وبونەوەرە خەیاڵی ومەحاڵانەیە

کەلەهۆش وئەندێشەمان وێنایان دەکەین،بەڵام مەرج نیە لەواقع دا بونیان هەبێ...

زۆربەی شڕۆڤەکارولێکدەرەوەو زانایان ڕایان وابووکە:

-ئیسم وسیفاتەکان هەرگیز لە خودی زاتی پەروەردگارنابنەوەو مولازیم و وابەستەی ئەون.

واتە بەو مانایەی یەکەم ئیسمەکان لەگەڵ زات جگەلەونین ولەڕابردووش هەرگیز جگەلەونەبوون وهەمیشە یەک بوون.

-جیاکردنەوەی زانایانی عەقیدە لەنێوان ئیسمەکان وزات دا تەنیائاماژەیە بۆ بارودۆخی ئەوزانستەلای مرۆڤەکان ،نەک پێیان وابێ ڕاستەقینەی زانستەکەوایە.

-گوتویانە کە ئێمە دەڵێین سفاتەکان جگەلەزاتن وزات جگەلەسیفاتەکانە ،بەڵام نالێین کە اللە جگەلەسیفاتەکانە وسیفاتەکان بێجگە لە اللە ن

چونکه هەمیشه الله هەم زات وهەم ئیسمەکان وسیفاتەکانه و الله هاومانای زات نیه.

بۆیەلای ئەهلی سونەت ناگوترێ که ئیسمەکان وسیفاتەکان شتێکی جیان له موسەماو ناودێرکراوی الله ،یان ئیسمەکان جیاوازن له ئیسمی الله، چونکه ئیسمی الله واتەکۆی هەموو ئیسم وسیفەتەکان، بۆیه هەرکەسێ بڵێ ئیسمەکان جیان له ئیسمی الله هەڵەی کردووه، بەڵام ئایا سیفاتەکان شتێکی زیادن له زات یان نا؟وڵامەکەی وایەکه هیچ زاتێکی داڕنراولەهەموو سیفاتێک هەبوونی نیەومەحاڵه.

شڕۆڤەولێکدانەوەی زانیان بۆ:

١-ئایالەکاتی نزول ودابەزینی پەروەردگارلەسێیەکی شەواندا عەرش له زاتی الله خاڵی دەبێ ؟

-ئایا ئەوگوتەی دەڵێ کە اللە بەزاتی هەمیشە لەسەر عەرشەوبەسیفەتەکانی هەمیشە لەهەموو شوێنێکە قسەی کام لەو زانایانە؟

وەئایاوئەو گوتەیە ڕاستەوسەلمێنراوەوبەڵگەی لەقورئان وسونەت لەسەرە؟

-کە ئەم بۆچوونە ڕاست بێ ئایا
بەریەککەوتەی نابێ لەگەڵ ئەوەی گوتیان کە هەرگیز زاتێکی داڕنراوو جیاکراوە لەسیفات بوونی نیەومەحاڵە؟

-ئەم بنەمایەی گوتراوە بۆ دژدانەوەی دەستەی وەحدەتی وجود ویەکێتی بوون بووەکەئەوان پێیان وایە اللە بەزات وسیفاتی
لەهەموشوێنێکەوزاتی ئەو هەمان زاتی بونەوەروجیهانە ولەگەڵ هەموجیهان یەکی گرتوە-اتحاد-یان ئاوێتەی بووە-حلول-

بەڵام ئایا دابەش کردنی اللە بۆزات وسیفات هیچ بەڵگەی لەسەرە لەقورئان وسونەت؟

هەروەها دابەش كردنى سيفاتەكان بۆئەو سيفاتانەى پەيوەست بەزاتن وئەو سيفاتانەى پەيوەست بەفعل وكردەوەى الله
ن،وەئەوسيفەتانەى پێيان دگوترێ سيفاتى خەبەرى لەسەر چ بنەمايەک كراوە؟ ئايائەم دابەش كردنانە چەندەبەڵگەى قورئان وفەرمودەى لەسەرە؟

وەبۆچى زۆربەى زانايان زياتر دەستەواژەى سيفاتەكان بەكاردێنن ؟لەكاتێكدا قورئان بە ئيسمە هەرەجوانەكان باسى كردوون؟

١-ئايالەكاتى نزول ودابەزينى پەروەردگارلەسێيەكى شەواندا عەرش لە زاتى الله خاڵى دەبێ ؟

پوختەى گوتەى

شێخ محمد بن صالح العثيمين لەپەڕاوێزى نونيەى ئيبن القييم وشرح حديث النزول

وشرحى الحمويةوگوتەى ئيبن قەيم لەالصواعق المرسلة و

گوتەى ئيبن تيمية له منهاج السنة :

ئايا كه پەروەردگارى هەميشه بڵندمان نزولى كرد ودابەزى وهاتەخوار عەرش لەو خاڵى دەبێ ولەسەرعەش نامێنێ؟بەتاييەتيش چونكه سيفەتى ئيستوا سيفەتێكى فيعليه وسيفەتێكى زاتى نيه، هەندێک جاران مستەويه وهەركاتێ ويستى ئەم فيعل وكردارەدەكاوهەركاتێ بيەوێ وازى لێ دێنێ.

لەم پرسه سێ بۆچوونى تێدا هەن:

بۆچوونى يەكەم:ئيبن تەيميه دەڵێ هەندێ له پێشەواكانى ئەهلى حەديس وفەرمودەوهەندێ له ئەهلى سونەت گوتويانه لەكاتى هاتنەخوارى پەروەردگارمان عەرش لەوخاڵى دەبێ ولەسەر عەرش نامێنێ،بەڵام ئەم بۆچونەى ئەوان

بۆچوونێکی لاوازە ونەپێکاوە،بۆیە گوتەیەکی مەرجوحە.

گوتەی دووەم:ئەوانەن کە لەم بابەتە ڕادەوەستن وهیچ ناڵێن،نەدەڵێن لەکاتی نزول عەرش خاڵی دەبێ نەدەشڵێن خاڵی نابێ،دەڵێن چونکە هیچ فەرمودەیەک لە پەیامبەر صلى الله عليه وسلم، نەهاتووە لەوبارەوە،بۆیە با ئێمەش بەوەندە زانینەی ئەوانزانیویانە ڕازی بین ولەوانی تێنەپەڕێنین، چونکە قسەکردن لەوبابەتە قسەکردنەلەبابەتێک کەهیچ دەقی شەرعی لەقورئان وسونەت تێدانین.

ئیبن عوسەیمین دەڵێ ڕای ڕاست لای من ئەوەیەکە بێدەنگ بین لەم بابەتەوبەهیچ شێوەیەک قسەی تێدانەکەین،چونکە کەقوڵ بونەوەلاوبابەتە خێربوایە یاوەروسەحابەکان یەکەم کەس بوون کە لە وباوەڕسیاریان لە

پێغەمبەرعليه الصلاة والسلام دەكرد بۆيە ڕاست ئەوەيە كەئێمەش بێدەنگ بين.

گوتەى سێيەم:بۆچوونى زۆربەى ئەهلى حەديس وفەرمودەيە،هەڵبژاردەى ئيبن تەيميه يە ،ئەودەڵێ:ئەم بۆچوونە لەپێشينەكانە وەدەگێڕدرێتەوەوپێشەواكان وايان گووتوە،كەئەوپايەبڵندە هەميشەوهەردەم لەسەرعەرشە،هەرچەندە لە دروستكراوەكانيشى نزيک بێ ودابەزێ بۆئاسمانى دنيا،هەرعەرش لەوخاڵى نابێ،هەرگيز عەرش وئاسمانى حەوتەم لەسەرووى ئەوەونابن.

وەلەهاتن ودابەزينى ڕۆژى قيامەتيش هەروايه كاتێ دێ بۆ ڕۆژى مەحشەر،ئەمە ڕاستترين بۆچوونە لەم پرسەداوبۆچوونى ڕاجحە،جاچۆن كە هەركاتێ دابەزى سيفەتى علوى لێ دادەڕنرێ؟نەخێر هەرگيزسيفەتى علو وبڵندى

لەوداناماڵڕێ،چونكه سيفەتى علوسيفەتى زاته ،الله هەميشەوهەردەم هەر عەليه وهەر عەلى بووەو هەرگيز هيچ شتێک لەو بڵند ترنەبووه.

وەئەم سيفەتى علوه هەرگيز له الله داناماڵڕێ.

كه گوتراجاچۆن دەبێ ئەولەهەمان كاتدا دابەزيوبێ و بڵندیش بێ؟،پێيان دەگوترێ: بەڵێ چونكه بەڕاستى الله هيچ شتێک له هەموو سيفەتەكان وەكوئەونيه وئەولەهەمووڕوويەک له دروستكراوەكان جيايه.

زمانى حاڵى ئيبن تەيميه دەڵێ:ئەوه دروستكراوەكانن ناتوانن كەدابەزين لەبڵندى بن وكەبڵندبوون ،نزيک نين، بەڵام بۆ الله هيچ شتێک مەحاڵ نيەو ئەوهەم نزيكەوهەم بڵنددترين.

وەئەوبەسەرهەموو شت وبارودۆخێكدا بەتواناترينه وهيچ شت وبارودۆخێک دەستەوستانى ناكا..

ئيين تەيميە دەگوازێتەوەكەئەو بۆچوونە لە ئيمام ئەحمەد لەونامەی بۆ مسددی نوسيوە
گێڕدراوەتەوە،هەروەهالە ئيسحاقی كوڕی ڕاهەوەيەوحەمادی كوڕی زەيدوعوسمانی دارەمی وجگەلەوانيش هاتووە.

قازی ئەبويەعلا دەڵێ:ئەحمەدلەنامەكەی بۆموسەدەد نوسيويەتی:اللە هەمووشەوێ دادەبەزێتە ئاسمانی دنياو عەرشيش لەوخاڵی نابێ.

كاتێ بيشری كوڕی سری پرسياری لەحمادی كوڕی زەيدكردلەبارەی فەرمودەی

"ينزل ربنا إلى السماء الدنيا" ئايا چۆن لەشوێنێكەوە دێتە شوێنێكی ديكە؟ حەماد ماوەيەک بێ دەنگ بوو،پاشان گوتی ،ئەوەهەرلەشوێنی خۆيەتی ولەدروستكراوەكانی نزيک دەبێتەوە.

چونکه زاتی الله ی تاقانه یەکێکه وهەرگیز نابێتە چەند زات،بۆیە ئەوانەی دەڵێن الله بە زاتی لەهەموو شوێنێکە گوتەیەکی باتڵ و بێ بنەمایە،چونکه الله هەمیشه
پایەبڵندەولەسەرعەرشه وبەڵام بەزانیاری وزانین وبیستن وبینین وتوانای خۆی لە هەموو شوێنێکەولەهەرکوێ بین لەگەڵمانایە گوێی لێمانەو دەمانبینێ..

قورئان وفەرمودەوعەقڵی ساغ وزگماک وفیترەت پشتگیری لەو بۆچوونەدەکەن.

هەندێ لەبەڵگەکانی هەمیشه بڵندترینی الله ولێکدانەوەی پێشەوایانی پێشین بۆ هەندێ لەدەستەواژەکان:

1) الله ی هەمیشه بڵندی تعالی دەفەرموێ:
{الرَّحْمَنُ عَلَى الْعَرْشِ اسْتَوَى} [طه: 5] (أي: علا وارتفع)، وەک چۆن بوخاری لە هەندێک

لەتابعين دەيگێڕێتەوەكە ئەوان ئيستيوا بە بڵندبوون بەسەر عەرشدا لێک دەدەنەوە.

2) الله ى هەميشە بڵندى تعالى دەفەرموێ

: {أَأَمِنْتُمْ مَنْ فِي السَّمَاءِ أَنْ يَخْسِفَ بِكُمُ الْأَرْضَ} [الملك: 16]، ئيبن عباس دەفەرموێ : (ئەوەى لەئاسمانە مەبەستى الله يە)

3) الله ى هەميشە بڵندى تعالى دەفەرموێ

: {يَخَافُونَ رَبَّهُمْ مِنْ فَوْقِهِمْ} [النحل: 50].

لەوپەروەردگاروبەديهێنەرەدەترسن كەلەسەروى وانەوەيە.

4) الله ى هەميشە بڵندى تعالى لەبارەى عيساوە دەفەرموێ: {بَلْ رَفَعَهُ اللَّهُ إِلَيْهِ} [النساء: 158] (واتە الله لەئاسمانەو عيساى برد بۆ لاى خۆى.).

5) الله ى هەميشە بڵندى تعالى دەفەرموێ

: {وَهُوَ اللَّهُ فِي السَّمَوَاتِ} [الأنعام: 3]؛ ئيبن كثير لە تەفسيرى ئەم ئايەتە دەفەرموێ:

"تەفسيرزانەكان هەموو كۆكن لەسەرئەوەى كە بۆچوونى جەهەميەكان كەدەڵێن الله لەهەموو شوێنێكە بۆچونێكى بێ بنەمايە.

وە واتاى

في السماوات: بە:على السماوات=لەسەرەوەى ئاسمانەكانە).لێک دەداتەوە.

بەڵام ئايەتى: {وَهُوَ مَعَكُمْ أَيْنَ مَا كُنْتُمْ} [الحديد: 4]، (واتاكەى لاى ئيبن كثير ئەوەيە كە:

بێ گومان الله بەزانست وزانين لەگەڵمانە وگوێى لێمانەودەمانبينێ لەهەركوێ يەک بين. ئايەتەكانى پێش ئەوئايەتەودواى ئەوئايەتە لەگەڵ بوونى الله بەدروستكراوەكانى بەلەگەڵ بوونى ئاگادارى وبيستن وبينين لێک دەدەنەوە.

6) شەوڕەوى وبڵند بوونى پێشەوامان صلى الله عليه وسلم بۆئاسمانى حەوتەم وگوزارشتى لە خزمەت پەروەردگارى وفەرزكرانى پێنج نوێژەكان وەک بوخارى وموسليم گێڕاويانەتەوە دەيسەلمێنێ كە الله هەم بەپلەوپايەو هەم بەواتاوپاكى وهەم بەلايەنى هەست پێكراويش هەميشە بەرزوباڵاترينە.

وەدەيان فەرمودەى دروستيش كەزانايان كردويانە بەڵگەى هەميشە بڵندترين بوونى الله كە من بە پێويستم نەزانى باسيان بكەم .

وەلە عبدالله كوڕى موبارەک پرسيارکرا كەچۆن پەروەردگارمان بناسين؟

گوتى:بەوەى لەسەروو ئاسمانە لەسەروو عەرشە،لە دروستكراوەكانى جيايە

إنه فوق السماء على العرش بائنٌ مِن خَلقِهِ.
ومعناه: أن الله فوق العرش بذاته، منفصل مِن خَلقِهِ.

وەچوارئیمامەکانیش بەهەمان شێوە ڕایان وایە کە:اللە لەسەروعەرشەو هیچ یەکێ لەدروستکراوەکانی هاوشێوەی ئەونین.

ئەمە بەبڵندزانینە گوتەوکرداری عابد ونوێژخوێن ونزاکاران و بۆچوون وقسەی عاقڵمەندو هۆشمەندان وتەنانەت فیترەت وزگماکی منداڵانیشە.

بەڵام ئەوەی کەهەندێ لەوسەرداچوانە دەیڵێن کە بڵندیش وەک لایەکانی ترئاڕاستەیە وئێمە ئاڕاستە بۆ اللە بڕیارنادەین.

وڵامەکەی بەم شێوە لە شەرحی تەحاوی دراوەتەوەکە ئاڕاستە کەمەبەست ئاڕاستەیەکی مەخلوق ودروستکراوبێ ئەوە بەڵێ ئێمەش دەڵێین کە اللە لە ناو ئاسمانەکاندا نیە بەڵکو ئەولەسەروئاسمانەکانە.

دەستەواژەی السماء لەعەرەبیدا دوو واتای هەیە.

واتایەکیان زمانەوانیە و واتایەکیش لە قورئان هەواڵمان پێدراوە کە ئاسمانەکان حەوتن وهەندێک لەسەرهەندێکیانن.

بەڵام کەدەگوترێ اللە لەئاسمانە مەبەستمان ئەو مانایە نیە،بەڵکو مەبەستمان مانای دووەمە کە واتازمانەوانیەکەیە کە سەما لە سمو وهەر تڕۆپکەی بەرز ترین هوە هاتووە، کەواتە کە بەمانای یەکەم گوتمان اللە لەئاسمانی سێیەمە ،ئەوە ئاسمانی سێیەم بەنیسبەت ئاسمانی چوارەم تاحەوتەم ئاسمان حساب ناکرێ.

بۆیە کە دەڵێین اللە لە ئاسمانە واتە بۆ هەمیشە بڵندترینە.

هەرخۆشی واتای ئیسمە هەرجوانترینەکان کەدەڵێین ئیسمە هەرجوانترینەکان بۆ اللە ن واتە شکۆدارترین وباڵاترین وبڵندترین
جوانترینەکان بۆ اللە شایەنن، چونکە ئیسم

وسەما وبڵندى هاومانان، وه ئيسم واتاى ناونيه بەڵكو واته بڵندى وشكۆدارى .

كەواته هەردەم وهەميشه هەرچى نەنگى ونزمى و لەكەدارى تێدابێ ئەوه لە الله ناوەشێتەوەو لێى لادەدەين، بۆيه لەهەموو واتاوئيسمەكان باڵاترين وجوانترينيان بۆ الله يه ،ئەو هەرگيز شتى نزم و واتاى نزم لەخۆى ناوەشێنێتەوه.

هەربۆيەشه ئيسم هەرگيز بەواتاى ناو لێكنادرێتەوه چونكه الله نەناوى هەن ونەلەناو هيچدايه،چونكه ناو بەگۆشەى سەدوهەشتاپێچەوانەودژ به ئيسم وسمو وبڵندترينه.. بەڵكو ئەوهەميشه بڵندترين وباڵاترينەوهەموو شتێک لەژێرئەوەوهيچ شتێک لەسەرئەونيه.

ئايا دابەش كردنى الله بۆزات وسيفات هيچ بەڵگەى لەسەره لەقورئان وسونەت؟:

دابەش كردنى سيفاتەكان بۆئەو سيفاتانەى پەيوەست بەزاتن وئەو سيفاتانەى پەيوەست بەفعل وكردەوەى الله ن،وەئەوسيفەتانەى پێيان دگوترێ سيفاتى خەبەرى لەسەر چ بنەمايەک كراوە؟ ئايائەم دابەش كردنانە چەندەبەڵگەى قورئان وفەرمودەى لەسەرە؟

وەبۆچى زۆربەى زانايان زياتر دەستەواژەى سيفاتەكان بەكاردێنن ؟لەكاتێكدا قورئان بە ئيسمە هەرەجوانەكان باسى كردوون؟

لێكۆڵەرێک بەناوى أبو عيسى الزياني الجزائري بەدواداچونێکى زۆر وردى لەم بارەوە لە

ئەنتەرنێت بڵاوكردۆتەوە من لێرەدا بەڵگەكانى ئەو لێكۆڵينەوە دەگوازمەوەوكە پێويست بوو ڕوونكردنەوەى لەسەردەدەم:

مامۆستا بەڵگەکانی سونەت لەسەر ئیسپات کردنی زاتی بردونە بەشی سێیەمی کتێبەکەی وزیاترلە بیست بەڵگەی لەسونەتدا لەسەرهێناوە کەئەمانەن:

١-بەڵگەی یەکەم:

بوخاري له صحيح دادەڵێ:"باب ما يذكر في الذات والنعوت وأسامي الله،وقال خبيب: وذلك في ذات الإله، فذكر الذات باسمه تعالى"

=دەروازەی باسی زات و نەعتەکان وئیسمەکانی الله،خوبەیب دەڵێ:ئەمە لە زاتی پەرستراوە،باسی زاتی کرد بۆ ئیسمی بڵندی)

پاشان ئەم فەرمودەی ژمارە (6967) له أبي هريرة دەگێڕێتەوە لەچیرۆکی سریەی کە کافرەکان غەدریان لێ کردن.

دەڵێ:" بعث رسول الله صلى الله عليه وسلم عشرة منهم خبيب الأنصاري ....فلما خرجوا من الحرم ليقتلوه في الحل، قال لهم خبيب: دعوني أصلي ركعتين فتركوه فركع ركعتين فقال والله لولا أن تحسبوا أن بي جزع لزدت ثم قال: اللهم أحصهم عددا واقتلهم بددا ولا تبق منهم أحدا .

پاشان گوتى:

فلست أبالي حين أقتل مسلما * على أي جنب كان لله مصرعي

وذلك في ذات الإله وإن يشأ * يبارك على أوصال شلو ممزع.

باكم نيه كاتێک بەمسوڵمانى دەكوژرێم*

لەسەرچ تەنيشتێک بۆ الله سەردەبڕدرێم*

ئەوەش لە زاتى پەرستراوە ئەگەر بيەوێ*

پیرۆزی دەخاتە ناوماسولکەلەت وپەت کراوەکان.

پاشان أبو سروعة عقبة کوڕی حارث هەستاوکوشتی.

پاش ئەم دەروازە ،بوخاری باسی -باب- دەروازەی -النفس-ی هێناوە.

ئیبن حجر لە فەتح الباری دەڵێ:

بۆیە بوخاری نەفسی لەپاش زات هێناوە چونکە بەهاوماناى زانیون.

هەروەها بەیهەقی لە کتێبی سیفات دا دەروازەیەکی بەناوی: ذكر في الذات"هێناوە.

٢- بەڵگەی دووەم:

بوخاری لەصحیح 3179 ومسلم 2371 لە أبي هريرة دەگێڕێنەوە: پێغەمبەرصلى الله عليه وسلم:فەرمویەتی

" لم يكذب إبراهيم إلا ثلاث كذبات ثنتين منهن في ذات الله عز وجل.

- قوله { إني سقيم }

-وقوله { بل فعله كبيرهم هذا }..."،

ئەم دوو درۆیەی ئیبراهیم علیه السلام کەفەرموی من نەخۆشم ،وەکەفەرموی بەڵکو ئەوەگەورەکەیان شکاندونی ئەودوودرۆیەی لە زاتی الله دا کردونی.

٣-بەڵگەی سێیەم:

أحمد لە مسندەکەی 86/3 لەزەینەبی ژنی ئەبوسەعیدی خدری دەگێڕێتەوە:

کە خەڵک سکاڵایان لەعەلی هەبوو، پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم گوتارێکی بۆدان فەرموی:

أيها الناس لا تشكوا عليا فوالله انه لأخشن في ذات الله أو في سبيل الله"، قال الحاكم (144/3:

ج١اسماء الله الحسنى /ن.محمدعزيزلۆتەرى.

هذا حديث صحيح الإسناد ولم يخرجاه، ووافقه الذهبي.

واتە ئەی خەڵکینە سکاڵالەعلی مەکەن سوێندبە اللە ئەولەهەموانتان زورترەلەزاتی اللە یان لەپێناو اللە..

لەڕاستیدا ئەوسێ بەڵگانەی ڕابوردن هیچیان بەڵگەنین لەسەرئەوەی اللە زاتی هەیە ،بەڵکو هەرسێ فەرمودەکە زات بە واتای لە پێناو ،لەبەر ،فی سبیل اللە و من اجل اللە هاتووە ..

بەڵگەی چوارەم:

أبو نعيم في الحلية 249/2 دا دەڵێ ئەبو زەڕ دەڵێ لە پێغەمبەرم صلى الله عليه وسلم پرسی:

أي الجهاد أفضل؟ قال:" أن تجاهد نفسك وهواك في ذات الله عز وجل".

هەرئەبونەعيم لە عبدالله بن عمرو بن العاص دەيگێڕێتەوەكە پياوێک لێی پرسی:

أي المجاهدين أفضل؟ قال: من جاهد نفسه في ذات الله عز وجل.

پياوەكە گوتی: قسەی تۆيە يان قسەی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم؟ گوتی: بەڵكو پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم فەرمويەتی ..

وەلەگێڕانەوێكی تر.

قال:«من سلم المسلمون من لسانه ويده »، قال: فأي الجهاد أفضل ؟ قال: « من جاهد نفسه في ذات الله » ، قال : فأي المهاجرين أفضل ؟ قال : « من جاهد لنفسه وهواه في ذات الله »

وهذا حديث صحيح كما في السلسلة الصحيحة للألبانى (483/3 ، رقم 483)

شاهێدى ئەم فەرمودەش:هەركەسێ لە زاتى الله دا جيهادبكا ...لە زاتى الله دا دژايەتى دەروونى خۆى بكا.

هەردوو زاتەكە هەر بەواتاى لە پێناو ولەبەر الله هاتوەو زات هەرئەو واتايەى هەيە.

بەڵگەى پێنجەم:

زوهرى وئەبونەعيم دەگێڕنەوە لە عوقەيلى كوڕى ئەبوتاليب:دەڵێ:كاتێک كافرەكان فشارى زۆريان لە پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم كرد.

پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم بەعەباسى مامى گوت:

يا عم إن الله عز وجل ناصر دينه بقوم يهون عليهم رغم قريش عزا في ذات الله تعالى، فامض بي إلى عكاظ، فأرني منازل أحياء العرب حتى أدعوهم إلى الله عز وجل، وإن يمنعوني ويؤووني حتى أبلغ عن الله عز وجل

ما أرسلني به.."، رجاله صدوقون إلا أحمد وشيخه فمجهولان قاله البيهقي .

ئەم فەرمودە لاوازەو لێرشدازات هەربەمانای لە پێناوهاتووە.

بەڵگەی شەشەم:

ئیبن حەجەر لە المطالب 4/394) لە أَبُو يَعْلَى دەگێڕێتەوە:لە عَمْرِو بْنِ شُعَيْب عَنْ أَبِيه عَنْ جَدِّهِ دەگێڕێتەوەکە پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمویەتی:" إِذَا جَمَعَ اللَّهُ الْخَلَائِقَ يَوْمَ الْقِيَامَةِ ، وفيه:" ثُمَّ يُنَادِي مُنَادٍ : أَيْنَ الْمُتَحَابُّونَ في الله تعالى - أَوْ قَالَ : فِي ذات الله عز وجل - (شَكَّ أَبُو مُحَمَّدٍ)..."، ضعيف.

ئەوڕۆژەی کۆبونەوەی مەحشەر
بانگەوازکارێک بانگ دەکا:کوان ئەوانەی بۆ اللە،یان بۆ زاتی الله یەکتریان خۆش ویستووە.

لێرەش زات هەربە لە پێناو هاتووە.

٧-بەڵگەی حەوتەم:

عبد الرزاق 132/11 لەمعمر كوڕی إسماعيل كوڕی أمية دەگێڕێتەوە كە پياوێک گوتی ئەی پێغەمبەر ئامۆژگاريم بكە:فەرموی:"... أدب أهلك وأنفق عليهم من طولك ولا ترفع عنهم عصاك أخفهم في ذات الله"، وهو مرسل.

لێرەش زات بەواتای لە پێاوهاتووە.

٨-بەڵگەی هەشتەم:

الطبراني في الكبير 184/23 دەگێڕێتەوەكە عائيشه بيستی كەخەڵكێک بەخراپەباسی ئەبوبەكردەكەن،بۆيە گوتی:

:".. ثم استشرى ـ أبو بكر ـ في دينه فما برحت شكيمته في ذات الله".

لێرەش عائيشه زاتی به واتای لە پێناوبەكارهێناوە.

٩-بەڵگەی نۆيەم:

القضاعى خطيب (321/1 لەعائيشەوە دەگێڕێنەوەكە

لێرەش زات هەربە ماناى لەپێناو ولە ڕێبازى الله هاتووە.

١٠-بەڵگەى دەيەم:

ئيبن سەعد دەگێڕێتەوەكەعبد الرحمن كوڕى عوف٢١برينى لەقاچى بوو بۆيەشەل بووبوو سەفيەى كچى عبدالمتلب كە عبدالرحمان داك براى بوو سەيرى دەكرد،پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم بەزوبێرى فەرمو ،پورم بگێڕەوەبا براكەى بەوحاڵە نەبينێ،سەفيە گوتى :بۆ ؟ زۆبێر گوتى پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم فرمانى كردوە بگەڕێوە،گوتى بيستومە كە وكايەتيان بەقاچى براكەم كردووە ، وذلك في ذات الله"،ئەوەش لە پێناوى الله دايە.

١١-بەڵگەى يازدەهەم:

أبو الشيخ له العظمة214/1:دەگێڕێتەوە لە ئیبن عەباسەوە :دەگێڕێتەوەکە گوتوویەتی« فكروا في كل شيء، ولا تفكروا في ذات الله تعالى، فإن ما بين كرسيه إلى السماء السابعة سبعة آلاف نور، وهو فوق ذلك تبارك وتعالى »، ابن حجر لەفتح الباري 13/383: دادەڵێ سندە جيد"، الألباني له الصحيحة 395/4 دەڵێ حەسەنە.

ئەم گێڕدراوە لە ئیبن عەباسەو فەرمودەنیە،یەکەم بەڵگەشە کەباسی زات بەمانای خودی الله هاتبێ.

بەڵگەی دوازدەهەم:

ئەبونەعیم ئیبن عەباس دەگێڕێتەوەکە پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم: فەرمویەتی « من قتل دون ماله ظلما فهو شهيد، ومن قتل دون أهله ظلما فهو شهيد، ومن قتل دون جاره ظلما فهو شهيد ، ومن قتل في ذات الله ظلما فهو شهيد»

ئەم فەرمودەش هەم زۆربەهێزنیەو هەم زات بەواتای لە پێناو هاتووە.

بەڵگەی سێزدە:

الطبراني له الكبير: (175/12 ر12803 له ئیبن عەباس دەگێڕێتەوەکە پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم دەفەرموێ :" إن في جهنم لواد يستعيذ جهنم من ذلك الوادي في كل يوم أربع مئة مرة أعد ذلك الوادي للمرائين من أمة محمد صلى الله عليه وسلم لحامل كتاب الله وللمصدق في غير ذات الله..."مەجهولێکی تێدایە.

زات لێرە بەواتای ئەو ماڵ بەخشانەی کەبۆ جگەلەالله خێردەکەن،واتە لە پێناوی غەیری الله.

١٤-بەڵگەی چواردەهەم: حبيب كوڕی أبي ثابت دەڵێ: حسان كوڕی ثابت ئەم شیعرەی بۆ پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم خوێندەوە:

وأن أخا الأحقاف إذ قام فيهم ...

يقول بذات الله فيهم ويعدل

:فقال النبي صلى الله عليه وسلم : وأنا"

لێرەش هەرپێدەچێ كە زات بەواتای لە پێناوو لەبەرهاتبێ.

بەڵگەی پازدەهەم:

الطبراني له الكبير 148/19 لەكەعبی كوڕی عەجرە دەگێڕێتەوە كە پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم: فەرمویەتی " لا تسبوا عليا فإنه كان ممسوسا في ذات الله عز وجل"، وفي رواية " علي مخشوشن في ذات الله"، قال الهيثمى(130/9)فيه واحدمجهول.

ئەم فەرمودەلە سەرەوش باسكراوەوزات بەواتای لە پێناوهاتووە.

بەڵگەی شازدەهەم:

أبو نعيم في الحلية

72/1لەعەلیەوەدەگێڕێتەوەكە گوتویەتی:

ج١اسماء الله الحسنى /ن.محمدعزيزلۆتەرى.

قال رسول الله صلى الله عليه وسلم:"من زهد في الدنيا علمه الله تعالى بلا تعلم وهداه بلا هداية وجعله بصيرا وكشف عنه العمى وكان بذات الله عليما وعرفان الله في صدره عظيما"

لێرە دەکرێ زات بەواتای دین وشەرع وڕێباز وزۆرشتی دیکەش لێک بدرێتەوە، چونکە لێکدانەوەی بە خودی الله واتاکەی بەهێزنابێ.

بەڵگەی حەڤدە:

الآجري له الشريعة: لەعەلیەوەدەگێڕێتەوەکە لەڕۆژی پێکرانی عومەر گوتویەتی:

:..... رحمك الله ابن الخطاب إن كنت بذات الله لعليما، وإن كان الله في صدرك لعظيما".

لێرەش زات زۆرواتا هەڵدەگرێ ،زانایی عومەر لە دینی الله وشەرعەکەی وکتێبەکەی وڕێبازەکەی بەهێزترە لەزانایی عومەر بەخودی الله.

ج١اسماء الله الحسنى /ن.محمدعزيزلۆتەرى.

بەڵگەی هەژدە:

الشعبي دەڵێ: قال علي بن أبي طالب: تعلموا العلم صغارا تنتفعوا به كبارا ، تعلموا العلم لغير الله ليصير لذات الله"

گێڕدراوەکە مەجهولی تێدایە وزاتیش بەواتای لە پێناوهاتووە.

بەڵگەی نۆزدەهەم:

ابن أبي الدنيا له محاسبة النفس دەگێڕێتەوە کە : قال أبو بكر الصديق رضي الله عنه: «من مقت نفسه في ذات الله؛ آمنه الله من مقته».

لێرەش هەر زات بەواتای لە پێناوهاتووە.

بەڵگەی بیست: الدينوري له المجالسة 156/6 دەڵێ:عومەرڕۆژێک بەلای کۆمەڵێک خەڵکدارۆیشت،کەبینیان بێدەنگ بوون،لێی پرسین :چتان دەگوت؟؟گوتیان خۆزگەمان

دەخواست،گوتى دەخۆزگەبخوازن ومنيش بەشداريتان دەكەم،گوتيان
سەرەتاتۆخۆزگەبخوازە ئەى ئەميرى ئيمانداران.
گوتى خۆزگەى من ئەوەيە كەپڕ بە ئەم ماڵە كەسانى وەك أبي عبيدة كوڕى الجراح وسالم مولى أبي حذيفة هەبونايە چونكە سالم :
كان شديدا في ذات الله, لو لم يخف الله ما أطاعه.."
لێرەش زات بەواتاى لە پێناو هاتووە.
بەڵگەى بيست ويەك:
حميد كوڕى زنجوية لە الأموال دەگێڕێتەوەكە عومەر بەحوزەيفەى گوت:
أنشدك الله وما يحق لي عليك من الولاية، أنا ممن أسر إليك رسول الله صلى الله عليه وسلم من المنافقين ؟ قال : لا ، فرفع عمر يديه ثم

كبر، ثم قال : أنشدك بالله وما يحق لي عليك من الولاية كيف ما رأيت مني ؟ قال : يا أمير المؤمنين إن جمعت فئ الله وقسمته في ذات الله فأنت أنت، وإلا فلا، فقال عمر: « اللهم إنك تعلم أني لا آكل إلا وجبتي..."، وهذا حديث صحيح رجاله ثقات.

لێرە شاهێدی لە گوتەی حوزەیفەیە کەبەعومەردەڵێ بەسوێندت بەزاتی الله داوات کردم .تکاکردن وسوێندەکەی عومەر زاتی تێدانیە.

بەڵگەی بیست ودوو:

سعيد بن منصور و أبو عوانة دەگێڕنەوە کە ژنەکەی هانی کوڕی قەبیسە پێش هانی مسوڵمان بووبوو،هانی دەترسا بەوهۆیەوە عومەرژنەکەی لێ جیابکاتەوە،پەنای بۆ ئەبوسفیان هێنا تاتکای بۆبکالای عومەر،ئەبوسوفیان گوتی:« هاني ذهب الزمان

الذي عهدتنا عليه، والله لو بلغني أن لي ابنا بالعراق درج على أهله طرفا ما يمنعني أن أدعيه إلا فرقا من عمر، وما يكلم في ذات الله »

لێرەقسەکەی ئەبوسوفیان دەری دەخا کەعومەرلە پێناو لله لە چەسپاندنی دینی الله تکای کەس وەرناگرێ.

بەڵگەی بیست وسێ:

الدارمي له سننەکەی 293 له أبي الدرداء دەگێڕێتەکە گوتویەتی :

لا تكون عالما حتى تكون متعلما ولا تكون بالعلم عالما حتى تكون به عاملا وكفى بك إثما ان لا تزال مخاصما وكفى بك إثما ان لا تزال مماريا وكفى بك كاذبا أن لا تزال محدثا في غير ذات الله"،

لەگێڕانەوەی أحمد له الزهدله أبو الدرداء دەگێڕێتەوە ... وكفى بك كاذبا أن لا تزال محدثا إلا حديثا في ذات الله عز وجل"

لێرەش زات هەربەمانای لە پێناوبەکارهاتووە ،واتە هەموو قسەوباسێک درۆیە تەنیا باسێک کەلە بارەی اللە بێ ولە پێناوی اللە گوترابێ..

بەڵگەی بیست وچوار:

أبو داود له الزهد دەڵێ:ئەبودەرداگوتویەتی:" كفى بك ظالما لا تزال مخاصما، وكفى بك آثما لا تزال مماريا، وكفى بك كاذبا لا تزال في غير ذات الله محدثا"، وهذا حديث صحيح.

هەربەواتای پێشوو.

بەڵگەی بیست وپێنجەم:

الطبري له تفسیری (أتأمرون الناس بالبر...) دەڵێ:قال: قال أبو الدرداء: لا يفقه الرجل كل الفقه حتى يمقت الناس في ذات الله، ثم يرجع إلى نفسه فيكون لها أشد مقتا"

لێرەش زات بەواتای لە پێناو یان لەبەر الله دێ.

بەڵگەی بیست وشەش:

ج١اسماء الله الحسنى /ن.محمدعزيزلۆتەرى.

البخاري له الأدب 553 دەڵێ: النعمان كوڕى بشيردەگێڕێتەوەكە: إن للشيطان مصالى وفخوخا وان مصالى الشيطان وفخوخه البطر بأنعم الله والفخر بعطاء الله والكبرياء على عباد الله واتباع الهوى في غير ذات الله"

لێرەش زات بە واتای لە پێناو بەكارهاتووە.

بەڵگەی بیست وحەوت:

أبو بعلى له إبطال التأويلات 336/1:"دەڵێ:لە ئەنەسەوەدەڵێ كەپێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ،دەفەرموێ: " إن الله جل اسمه إذا أراد أن ينزل نزل بذاته"، الذهبي له العلو 90: دەڵێ: هذا إسناد ساقط و موضوع"،

ابن تيمية له المجموع 394/5: دەڵێ

: ضعيف ورواه ابن الجوزي في الموضوعات،

أبو القاسم التيمي دەڵێ:" .... اللفظ نفسه ليس بمأثور؛ كما لو قيل : إن الله هو بنفسه وبذاته خلق السموات والأرض وهو بنفسه وذاته كلم موسى تكليما وهو بنفسه وذاته استوى على العرش ؛ ونحو ذلك من أفعاله التي فعلها هو بنفسه .

ئەم فەرمودەبەم شێوە هەڵبەستراوە وەک زەهەبی وئیبن جەوزی وزۆرێکی تردەڵێن.

خۆکە زات وخودی الله لەعەرش دابەزێ لای ئەوانەی زاتی بۆ بڕیاردەدەن ئەوەعەرش خاڵی دەبێ کەئەمەش ڕاست نیە

بەڵگەی بیست وهەشت:

الحكيم الترمذي (3/4)لە سهل کوڕی سعد دەگێڕێتەوەکە گوتویەتی:" إن لله فى الأرض أوانى ألا وهى القلوب فأحبها إلى الله أرقها وأصفاها وأصلبها أرقها للإخوان وأصفاها من الذنوب وأصلبها فى ذات الله".

لێرە زات بەواتای لە پێناوهاتووە.

بەڵگەی بیست ونۆ:عبدالله كوڕی عبیدالله كوڕیعومەرلەبارەی باپیری عومەری كوڕی خەتاب گوتویەتی:

:" وعمر عمر في جده واجتهاده في ذات الله ونظره للمسلمين".

لێرەش زات بەواتای لەپێناوهاتووە.

بەڵكەی سی:

حماد كوڕی سلمةلە سعید كوڕی المسیب دەگوازێتەوە كەگوتویەتی : أول من سل سيفه في ذات الله الزبير بن العوام".

لێرەش زات بەواتای لەپێناوهاتووە.

بەڵگەی سی ویەک:

الأثر الواحد والثلاثون: ابن أبي مليكة دەڵێ : عمر كوڕی عبد العزيز ڕۆژێک پێی گوتم: إن في قلبك من ابن الزبير.

منيش گوتم : ما رأيت مناجيا مثله ولا مصليا مثله و لا أخشن في ذات الله مثله و لا أسخى نفسا منه".

لێرەش زات بەواتای لە پێناوهاتووە.

ئەبوعیسی هەموو ئەم بەڵگانەی بۆئەوە هێناوە کە بیسەلمێنێ کە اللە زاتی هەیەو هەرکەس نکولی لەبوونیزات بکا جەهەمیە وبگرە مورتەدوهەڵگەڕاوەیە.بەڵام هەموو ئەم سی وێەک بەڵگە نابنە سەلمێنەری ئەوە کە بڕیاربدرێ کە اللە زاتێکی هەیە بەواتای خود،چونکە هەموو ئەو بەڵگانەدا زات بەواتای لە پێناوهاتوە.

توێژەر هەربەم ڕووپێوە ڕانەوەستاوە بەڵکولەبەشی یەکەمی توێژینەوەکەی قسەوبۆچوونی زانایانی وەک بەڵگەی پاڵپشت بۆ ڕاستی ئەوەکە اللە زاتێکی هەیەبەم شێوە:.

ج١اسماء الله الحسنى /ن.محمدعزيزلۆتەرى.

- حرملة كوڕى يحيى له ئيمامى مالک دەگێڕێتەوە كه گوتوويەتى: "من وصف شيئا من ذات الله تعالى مثل قوله وقالت اليهود يد الله مغلولة..."

كەواتە بەقسەى ئەم توێژەرە مالک يدى الله ى بەبەشێک لەزاتى الله زانيوە.

- أبو حنيفة رحمه الله گوتويەتى:" لا ينبغي لأحد أن ينطق في ذات الله بشيء بل يصفه بما وصف به نفسه"

دروست نيە كەس هيچ لەبارەى زاتى الله بڵێ،....

-- الخلال له كتێبى السنة 18/6دەڵێ : له ئيمام أحمدپرسيارکرا :چ دەڵێى لەبارەى قورئان ؟ گوتى : كلام الله وليس بمخلوق ... فإن كلام الله من الله عز وجل من الله ومن ذات الله، وتكلم الله به وليس من الله شئ مخلوق".

شوێنى شاهيد لێرە ئەوەيە ئيمام ئەحمەد گوتويەتى كەلامى الله بەشێكە لە زاتى الله وهيچ بەشێكى زاتى الله ش مەخلوق نيە.

كەواتە لاى ئەحمەد سيفەتى كەلام كەلاى زانايانى دواى خۆى بەسيفاتى فيعليان داناوە،لاى ئەوسيفاتى زات بووە.

-الأصمعي له سفيان الثوري دەگێڕێتەوەكە گوتويەتى: عليكم بالأثر وإياكم والكلام في ذات الله"

- الطحاوي له عقيدەكەى دەڵێ:" - باب - حرمة الخوض في ذات الله .

- اللالكائي:"له پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم دەگێڕێتەوە كە نەهى كردوە لەفكركردنەوەلە ذات الله عز وجل"،

لەڕاستيدا ئەوفەرمودەى لالەكائى هێناويەتى بەدەيان شێوە گێڕدراوەتەوەولەدەيان سەنەد هيچيان ووشەى زاتيان تێدانيە وهەموو

ج١اسماء الله الحسنى /ن.محمدعزيزلۆتەرى.

بەوشێوە یان نزیکن لەوە:لَا تُفَكِّرُوا فِي اللَّهِ، وَلَكِنْ تَفَكَّرُوا فِيمَا خَلَقَ اللَّهُ..

- الخطيب البغدادى دەڵێ:" والأصل أن الكلام في الصفات فرع على الكلام في الذات".

ئەمەڕێسایەکی گرنگە لایان بەڵام هەریەک لە ووشەی زات وسیفات جێگای ووشەی الله وئیسمەکانیان گرتووە.

ابن حزم له الفصل 108/2دادەڵێ :" قد صح أن ذات الله تعالى ليست غيره وأن وجهه ليس غيره وأن نفسه ليست غيره وإن هذه الأسماء لا يعبر بها إلا عنه تعالى لا عن شيء غيره تعالى البتة".

کەواتە لای ئیبن حەزم زات و وەجە ونفس ئیسمن هیچیان جگەلە الله نین.

هەڵبەت لە ئەم گوتەی ئیبن حەزم دیارە کەئەویش لەگەڵ ئەوەنەبووە کە زاتێک هەبێ هەموو ئیسمەکانی الله پاڵ بدرێنە لای وپێی

وايە زاتيش تەنيا ئيسمێكە، بەڵام ئەودەزانێ كە ئيسم دەبێ حوسنابێ ودوعاى پێ بكرێ ،بەڵام ئيبن قەييم لە بدائع الفوائد دەڵێ:فلا يثنى عليه إلا بأسمائه الحسنى وصفاته العلى، وكذلك لا يسأل إلا بها فلا يقال: يا موجود أو يا شىء أو يا ذات اغفر لي وارحمني....الخ

كە دروست نيە لەدوعا بڵێين ئەى زات،هاوارلەخود بكەين.

خۆكە لاى ئيبن قەيم بسەلمايە كەزاتێك هەيە هەموو ئيسمەكانى پاڵدەدرێتەلا وەك الله دەى گوت دروستە هاوارلەزات بكەين.

ئەمە لە كاتێكدا كە جورجانى لەتەعريفاتەكەى لە پێناسەى الذات دا دەڵێ:الاسم الأعظم الاسم الجامع لجميع الأسماء. وقيل: هو الله، لأنه اسم الذات الموصوفة بجميع الصفات.."

وەئەوەی زیاتر زانایانی شەرعی
هانداوەکەسوربن لەسەرپێداگیری لەسەر ئیسمی
زات ئەو دابەشکردنەی نەحەویەکان بووە
کەئەوان ئیسمەکان دابەش دەکەن بۆ ئیسمەکانی
معانی وئیسمەکانی زەوات -ناوەکانی واتاکان
وبەهاکان وسیفەتەکان

-ناوەکانی خودی شتەکان ولاشەوپێکهاتەی
مادی وبەرجەستەیان.

بۆیەئەمانەش هەمان کاریان لەگەڵ پەروەردگار
کردوە.

وەلەوەش خراپتر قوتابخانەی کوفەی نەحەوی
پێی وایە کە مصدر وڕەگ وچاوگەکان ئەسڵ
وبنچینە وبناغەی زمان و وشەکانن و ناوو
ئیسمەکانیش لەو ڕەگانەوە وەرگیراون ،
ئەمەش زۆر لە زانایانی هاندا کە وابزانن
سیفەت و مەسدەروچاوگ کۆنترە لە ئیسم ولە
سەرەتادا چاوگ هەبوون ولەوچاوگانە ئیسم

وناووەرگیراون بەنمونە الحمید و محمد ومحمود وحامید وئەحمەد هەموویان لە چاوگی (حَمْد) وەرگیراون .

ئەم بۆچوونەی کوفیەکان ڕێک پێچەوانەی قورئان بوو چونکە قورئان ئیسمی بە بناغەی ژێدەرو کردارەکان داناوە .

لێرە موعتەزیلەکانیش ئەم بۆچوونەیان لە نەحو وڕێزمانەوە گواستەوە بۆ بابەتی عەقیدە .

- مەقدسي له (أقاويل الثقات):دەڵێ" فكما أن ذات الله ثابتة حقيقة من غير أن تكون من جنس ذوات المخلوقين فكذلك صفاته ثابتة.."

- ئیبن منده دەڵێ:" ومعنى السلام أن ذات الله عز وجل خلصت بانفراد الوحدانية من كل شيء".

- أبو الحسن الأشعري له مقالات الإسلاميين ل496:دەڵێ" وكان - عباد الفوطي الجهمي - ينكر قول من قال إن لله عز وجل وجها، وينكر القول وجه الله ونفس الله، ويُنكر القول في ذات الله، وينكر أن يكون الله ذا عين، وأن يكون له يدان هما يداه، وكان يقول إن الله غير لا كالأغيار، وكان إذا قيل له تقول: إن الله عالم قادر حى سميع بصير عزيز عظيم جليل في حقيقة القياس أنكر ذلك ولم يقله".

- ابن خزيمة له التوحيد 15/1دەڵێ::".. ضد قول الجهمية المعطلة الذين لا يؤمنون بكتاب الله ويحرفون الكلم عن مواضعه تشبها باليهود ينكرون أن لله علما، يزعمون أنهم يقول أن الله هو العالم وينكرون أن لله علمًا مضافًا إليه من صفات الذات.... فكفرت الجهمية وأنكرت أن يكون لخالقنا علمًا مضافًا إليه من صفات الذات،

ج١اسماء الله الحسنى /ن.محمدعزيزلۆتەرى.

تعالى الله عما يقول الطاعنون في علم الله علوًا كبيرًا"

لێرەدا ئەم بەڕێزانە ئەوەی بڕیاردراوەوهیچ تاویل ونکولی کردنێک هەڵناگرێ وەک عیلم وقودرەت ویدان وعین ونفس ...هتد تێکەڵاویان کردوە لەگەڵ ئەو وشانەی دەکرێ تاویل بکرێن وبەقورئان وسونەتی سەحیحیش سابت نەبووە وەک زات.

- أبو يعلى باسى ئيجماع وكۆڕاييەک دەکالەسەر بڕیاردانی پەنجە بچوکە الخنصر لله تعالى 337/1:"وەدەڵێ دەبێ :يجب أن يحمل الخنصر عَلَى أنها صفة لذاته"دەبێ پەنجە بچوکە سیفەتی زات بێ.

بەنمونە ئەودوو ئیجماعەی کە ئیبن قەییم لە: اجتماع الجيوش الإسلامية على غزو الجهمية:" باسیان دەکاکە:

ج١اسماء الله الحسنى /ن.محمدعزيزلۆتەرى.

-" أجمع المسلمون من أهل السنة على أن الله استوى على عرشه بذاته"

-.. وأن الله عز و جل كلم موسى عليه الصلاة و السلام بذاته".

بەكورتى زيادەڕوى كردن لەتەسبيت كردنى ئيسم وسيفەت وچۆنێتيان وسەپاندنى بەسەر الله دا ئەويش وەک نەفى كردن وئينكاركردنى ئەو ئيسم و سيفەتانەيە كه قورئان وسونەت باسيان كردوون وهەندێک دژيان وەستاون .

ئەگەر ئێمه بڵێين مادام الله دەست وپەنجەى هەبن دەبێ توتەوبراتوته وباڵابەرزه ودۆشاومژەو پەنجەگەورەشى هەبن وهەرچى ئەمانه بۆ دەستى الله بڕيارنەدا لەدين دەردەچێ، وەمادام چاوى هەبن دەبێ برژانگ وپێڵو وڕەشێنەو سپێنەشى هەبن .

وەمادەم ناوقەدى هەبێ دەبێ حەوزو گورچيلەو چى وچيشى هەبن، ئەم جۆره

بيكردنەوەو عەقيدەبەعەقڵى خۆدارشتنە سەرى لەنەزانيەوە دەردەچێ .

ئێمەدەزانين كەلەعەرەبيدا دەستەواژەى موشتەرەك وهاوبەش وفرەمەعناهەن وەك عين وزات ونفس ووەجە و....زۆر دەربڕينى ديكەش .

لەعەرەبيدا ئەم دەربڕينانە بۆ تەوكيد بەكادەهێنرێن ودەگوترێ هەرئەو مامۆستايە م دى بعينه وبزاته وبنفسه .

ئەوجاربەجياش بۆچەندان واتابەكاردێن،جاكەئێمە بێين دياردەى دەستەواژەى موشترک لەعەرەبى قورغ كەين بۆسەپاندن وزيادكردنى ئيسم وسيفاتى الله وئەوانيش وەک ئيسم وسيفاته سابيتەكانى ترلێ بكەين كەلەسەدان ئايەت وفەرموده باسكراون، وەهەركەسێک نكولى لێكردن تۆمەتبارى كەين.

ئەوەهەرخۆمان بوینەهۆی ئەوەی ڕەوتی تەعتیل وئینکارکردن وجەهەمیەت بەهێزکەین وبیانو وپاساویان بدەینە دەست.

وە هاتنی ووشەی ذالجلال،ذوالفضل....بەواتای خاوەنی جەلال وفەزل هاتوە.

دەبێ ئێمە بزانین کام لەم دەستەواژە مشترک وهاوبەشانە بەتایبەت بۆالله لەقورئان وسونەت بەکارهاتوون تائێمەش سابتیان کەین ،وەچیش بۆ الله بەکارنەهاتوە تانەفی بکەین ،نەک بڵێین ئەوانە موڕادیف وهاوماناناں کە یەکیان سابت بوو هەموو هاوماناکانی تر پاڵ بدەین، ئێمە بۆ الله بەعلیم دەزانین کەچی ئیسمی عیرفان ومەعریفەت الله بۆ خۆی دانەناوە ،کەواتە الله نفس وعین وشخسی بۆخۆی سابیت کردوە بەڵام زاتی نەفی کردوە،چونکە نفس وعین وشخس زیاتربۆنادیاروڕوحانیەت گونجاون

،بەڵام زات بۆ شتە ماديە بەرجەستەولاشە ماديەكانە.

- ابن تيمية له بيان تلبيس الجهمية (33/2) و(398/2):"دەڵێ:..... " وأئمتنا كسفيان الثوري ومالك بن أنس وسفيان بن عيينة وحماد بن زيد وحماد بن سلمة وعبد الله بن المبارك وفضيل بن عياض وأحمد بن حنبل واسحاق بن ابراهيم الحنظلي متفقون على ان الله سبحانه بذاته فوق العرش وأن علمه بكل مكان ... فمن خالف شيئا من ذلك فهو منهم بريء وهم منه براء"، وإننا برءاء إلى الله ممن أنكر ذاته، .

پاشان دەڵێ: وقال الإمام أبو عمر الطلمنكي في كتاب الوصول الى معرفة الاصول:" وأجمع المسلمون من أهل السنة على أن معنى:{ وهو معكم أينما كنتم}ونحو ذلك من القرآن، أن ذلك علمه، وأن الله فوق السموات بذاته مستو على عرشه كيف شاء".

دیارە ئیبن تەیمیە بۆیە وشەی زاتی بەسەر الله دا سەپاندوە چونکە پێی وایە کەنەگوترێ زاتی الله لەسەر عەرشە وتەنیا بگوترێ الله
لەسەرعەرشە ئەوە بەکەڵک نایە چونکە لای دروستکراوەکان واتێ گەیەنراوین دەبێ زاتێکمان هەبێ ئەوزاتەمان لەسەر شوێنی دەسەڵاتە، سوپاوکارمەندو سیفەتەکانمان لەهەموو شوێنێکن بۆیە دەبێ الله ش وەک ئێمەبێ لە پێک هاتن
وکاروباریدا.ئەمەسەردەکێشێ بۆ تەشبیە بۆیە هەرچی بە قورئان وسونەت بڕیارنەدرابێ بە وێناوخەیاڵ کردنی مرۆڤەکان بەسەر الله داناسەپێنرێ..

ئێمەی پێک هاتوو لەچنگە خۆڵەکەی ماده هیچ کات لایەنە روحی ونەفسیەکەمان لەبەرچاونیە، هەموو تواناوشیانەکانمان پاڵدەدەینە لای لاشەوخودوزاتمان ،هیچ پاڵ نادەینە لای

ڕوحمان، هەربەخۆشمان لێ ناگەڕێین دەڵێین دەبێ الله ش هەروابێ.

خۆ سیفەتی النفس بەقورئان وسونەت ی سەحیح بۆ الله سابتە وکەس ناتوانێ نکولی لێ بکا،بەڵام چونکە نفس لایەنی لاشەیی وخودی وبەرجەستەیی نیە، ئیسمەکان وسیفەتەکان پاڵ نادەینە لای نفس، نالێین الله بەنەفسی خۆی لەسەر عەرشە، ئەوەلەگەڵ ئەوەی کە نفیس لە عەرەبیداواتا
بەنرختترین،بەقیمەتترین،ناوازەترین.

ئێمە نە ئیسمەکان ونەسیفەتەکانی خۆمان ونە ئیسم وسیفاتی الله پاڵ نادەینە لای نەفس وڕوح، چونکە ئەونادیارەوبەرجەستە نیە،چۆن نادیاروبەرجەستە ئیسم وسیفەتوتوانای هەن؟ ئەمە سەرکێشی لایەنە مادیەکەی مەیە کەبەتەواوی ڕوح ونەفسمان لەعەقڵی خۆمان سڕیوەتەوەوبێ بەهایەلامان، بۆیە کە الله زاتی

نەبێ وزاتەکە لەسەرعەرش نەبێ بەکەڵک نایە الله یەکی بێ زات وخودولاشە وەک نەبووبێ وایە لامان.

ئەی کەبگوترێ الله بەنەفس لەسەرعەرشە؟، نەفس نادیارە ،ڕوحە بۆیە ئێمە بەو دەستەواژە ڕازی نەبووین.

مرۆڤەکان ئەوەنابینن کەهەرئەونەفس وڕوحە لەوزات ولاشە دەرچوو ئەوزات ولاشە نەهێزوتواناوشیانی هەیە، نەعیلم وزانین وقسەوکەلامی هەیە، نەدەبیستێ ونەدەبینێ ونەدەجوڵێ ...،هتد.

هەرئەوزات ولاشە کەنەفس وڕوحی لێ دەرچوو بۆگەن دەبێ دەبێ لەگۆڕستان بنێژرێ.

کەواتە هەموو ئیسمەکان پاڵ دەدرێنە لای ڕوح ونەفس نەک زات ولاشە، هەربۆ مرۆڤەکان وتەنانەت ئاژەڵەکانیش وایە.

بۆيە سەروەرمان عليه السلام سوێندى گەورەى ئەوەبوو؟:والذي نفسي بيده:سوێندى نەدەخواردبەوەى زاتى ئەوى بەدەستە ،چونكە دەيزانى زات لاشەيەكى بێ گيانە.

بڕياردانى خەسڵەتى نەفس بۆ الله و بەڵگەكانى:

بەڵگەكانى لەقورئان وسونەت:

1. (وَيُحَذِّرُكُمُ اللّهُ نَفْسَهُ) آل عمران/ 28 .

2. (تَعْلَمُ مَا فِي نَفْسِي وَلاَ أَعْلَمُ مَا فِي نَفْسِكَ إِنَّكَ أَنتَ عَلاَّمُ الْغُيُوبِ) المائدة/ 116 .

3. (كَتَبَ رَبُّكُمْ عَلَى نَفْسِهِ الرَّحْمَةَ) الأنعام/ 54 .

4- ...واصطنعتك لنفسي /طه) .

5. وعَنْ أَبِي ذَرٍّ عَنْ النَّبِيِّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ - فِيمَا يرويه عَنْ اللَّهِ تَبَارَكَ وَتَعَالَى أَنَّهُ قَالَ : (يَا عِبَادِي إِنِّي حَرَّمْتُ الظُّلْمَ عَلَى نَفْسِي وَجَعَلْتُهُ بَيْنَكُمْ مُحَرَّمًا فَلَا تَظَالَمُوا) .

رواه مسلم (2577) .

6. وعَنْ أَبِى هُرَيْرَةَ رضي الله عنه قَالَ : قَالَ النَّبِىُّ صلى الله عليه وسلم : (يَقُولُ اللَّهُ تَعَالَى : أَنَا عِنْدَ ظَنِّ عَبْدِي بِي وَأَنَا مَعَهُ إِذَا ذَكَرَنِي فَإِنْ ذَكَرَنِي فِي نَفْسِهِ ذَكَرْتُهُ فِى نَفْسِي) .

رواه البخاري (7405) ومسلم (2675) .

7-وعَنْ جُوَيْرِيَةَ بنت الحارث، أم المؤمنين رضي الله عنها؛ أَنَّ النَّبِيَّ صلى الله عليه وسلم خَرَجَ مِنْ عِنْدِهَا بُكْرَةً، حِينَ صَلَّى الصُّبْحَ وَهِيَ فِي مَسْجِدِهَا، ثُمَّ رَجَعَ بَعْدَ أَنْ أَضْحَى، وَهِيَ جَالِسَةٌ، فَقَالَ: ((مَا زِلْتِ عَلَى الْحَالِ الَّتِي فَارَقْتُكِ عَلَيْهَا؟)) قَالَتْ: نَعَمْ، قَالَ النَّبِيُّ صلى الله عليه وسلم:((لَقَدْ قُلْتُ بَعْدَكِ أَرْبَعَ كَلِمَاتٍ، ثَلَاثَ مَرَّاتٍ، لَوْ وُزِنَتْ بِمَا قُلْتِ مُنْذُ الْيَوْمِ لَوَزَنَتْهُنَّ: سُبْحَانَ اللهِ وَبِحَمْدِهِ عَدَدَ خَلْقِهِ، وَرِضَا نَفْسِهِ وَزِنَةَ عَرْشِهِ، وَمِدَادَ كَلِمَاتِهِ)).

تخريج الحديث

صحيح: أخرجه مسلم (2140)، وأبو داود (1503)، والنسائي في ((الكبرى)) (9989 - 9991)، وأحمد (1/ 258، 316، 326، 352)، وعبد بن حميد (704)، وابن سعد (8/ 119)، والحميدي (496)، وابن أبي شيبة (8/ 476)، والبخاري في ((الأدب المفرد)) (647) (831)، والبزار (5211)، وابن أبي خيثمة في ((تاريخه)) (783)، وابن حبان (5829)، والطحاوي في ((شرح المشكل)) (6033 - 6037)، وابن منده في ((التوحيد)) (563 - 565) (567)، والبيهقي في ((الأسماء والصفات)) (400)، وفي ((الشعب)) (604)، وفي ((الدعوات الكبير)) (107، 271)، والبغوي في ((شرح السنة)) (3374)، والأصبهاني في ((الحجة)) (1/ رقم: 177)، وابن عساكر في ((تاريخه)) (17/ 165

من وەک توێژەرە جەزائیریەکە ئازانیم هەموو بەڵگەکانی سەر نەفسی الله کۆ بکەمەوە بەڵام ،دیارە کە وەک ئیبن عوسێیمین دەڵێ:

وكلمة " النفس " أصوب من كلمة " ذات " لكن شاع بين الناس إطلاق " الذات " دون إطلاق " النفس " ، ولكن الأصل العربي : " النفس " " انتهى من " شرح الأربعين النووية " (ص 228) –

8-ئەحمەدوحاکم لە عبدالله‌ی کوڕی مسعود دەگێڕنەوەو ئەلبانی بەدروستی داناوە کە پەیامبەری الله صلى الله عليه وسلم فەرمویەتی....

اللهم إني عبدك، ابن عبدك، ابن أمتك، ناصيتي بيدك، ماض في حكمك، عدل في قضاؤك، أسألك بكل اسم هو لك سميت به نفسك، أو أنزلته في كتابك، أَوْ عَلَّمْتَهُ أَحَدًا مِنْ خَلْقِكَ، أَوِ اسْتَأْثَرْتَ بِهِ فِي عِلْمِ الْغَيْبِ عِنْدَكَ،".....

لێرە پێشەوامان بەدروستى داناوە كە هەموو ئیسمەكانى الله بەزانراوونەزانراوەوە هەموو پاڵ بدرێنە لاى نفسى الله ،كەئەمەى بۆ عين و شخس وزات نەفەرموە .

كەواتە ئەوەى كە ئەو زانایانە بۆ زات كردویانەوەهەموو سیفاتیان پاڵ داوەتەلا ،ئەوە لەم فەرمودە بۆ نفسى الله كراوە،هەموو ئیسمەكان پاڵ دەدرێنە لاى نفسى الله، وە ئەو عیسایەى كەبەروح الله ناسراوە زۆربەڕاشكاوى دان دەنێ بەرامبەر الله كە ئەى پەروەردگارم تۆ دەزانى چى لە نەفسم دایە بەڵام من نازانم چى لە نەفسى تۆدایە.

دەستەواژەى نەفس لەقورئان وسونەت بۆ الله بڕیاردراوەو نفس لە زات ڕاستر‌ە چونكە زات بەوشێوە سابت نەبووە،بەڵام لەعورفى خەڵک دا وشەى زات لە نفس زیاتر بڵاوەو بەناوبانگترە لایان.

ج١اسماء الله الحسنى /ن.محمدعزيزلۆتەرى.

ابن تيمية – دەڵێ : " ونفسه هي ذاته المقدَّسة "
.
" مجموع الفتاوى " (14 / 196 ، 197) .

لای ئیبن تەیمیە و زۆرێکی تر نەفس وزات یەک واتان.

بەڵام ابن خزيمة وعبد الغني المقدسي والبغوي دەڵێن نفس و زات یەک نین،بەڵام هەردووکیان سیفاتی الله ن.

ابن خزيمة- له كتابى التوحيد دا دەڵێ: (1/ 11): (فأول ما نبدأ به من ذكر صفات خالقنا جل وعلا في كتابنا هذا: ذكر نفسه، جلَّ ربُّنا عن أن يكون نفسه كنفس خلقه، وعزَّ أن يكون عَدَمًا لا نَفْس له).

ئیبن خزیمە یەکەم سیفەت بەنەفس دەست پێ دەکا.

هەروەها عبد الغني المقدسي لە كتابى:
(الاقتصاد في الاعتقاد: (صـ 123): دەڵێ(ومما نطق به القرآن وصحَّ به النقل من الصفات: (النّفْس).
بەڵام ابن تيمية لە: مجموع الفتاوى: (9 / 293)،
دەڵێ نەفس هەمان سيفەتى زاتە.
ئيبن قەيم لە بدائع دادەڵێ: سوهەيلى ئاوا نفس پێناسەدەكا:
النفس فعلى أصل موضوعها إنما هي عبارة عن حقيقة الوجود دون معنى زائد وقد استعمل أيضا من لفظها النفاسة والشيء النفيس فصلحت للتعبير عنه سبحانه وتعالى بخلاف ما تقدم من الألفاظ المجازية.
واتە:بنچينەى نەفس واتە ڕاستەقينەى بوون، وەبەواتاى بەنرخى وبەهادارىش دێ،بۆيە بۆ

ج١اسماء الله الحسنى /ن.محمدعزيزلۆتەرى.

الله گونجاوه ،كەلەجياتى ئەودەستەواژه مەجازيانه نەفس بۆ حەقيقەتى بارى بەكاربهێنرێ.

و أما الذات فقد استهوى أكثر الناس ولا سيما المتكلمين القول فيها أنها في معنى النفس والحقيقة.

واتە:بەڵام زات هەرچەندەزۆربەی خەڵكی وموتەكەلیمەكان زیاترزات بەكاردێنن بۆ ئاماژەكردن بۆحەقیقەت وڕاستەقینەی الله كه گوایه هاوماناى نەفسه .

زات ونەفس هەردوكیان واته بونیادوحەقیقەتى الله.

بۆئەمەش پاساو به فەرمودەكەی چیرۆكی ئیبراهیم و شیعرەكەی خوبەیب دێننەوه،بەڵام كه بێین جێ گۆڕكێ بەوشەكانى نەفس بكەین وزاتى لەجێ دانێین لەئایەت وفەرمودەكان بەهیچ شێوەیەك ڕاست دەرناچێ ،ناكرێ

بگوترێ الله له نەفسى خۆى واته لەزاتى خۆى دەتان ترسێنێ.

سوهەیلى بەدرێژى بابەتەکەى
بەراوردکردوەولەبەرگرنگى دەقەعەرەبیەکەم هێشتەوە.

و يقولون ذات الباري هي نفسه ويعبرون بها عن وجوده وحقيقته ويحتجون في إطلاق ذلك بقوله في قصة إبراهيم ثلاث كذبات كلهن في ذات الله // رواه البخاري ومسلم // وقول خبيب وذلك في ذات الإله قال وليست هذه اللفظة إذا استقريتها في اللغة والشريعة كما زعموا ولو كان كذلك لجاز أن يقال عند ذات الله واحذر ذات الله كما قال تعالى ويحذركم الله نفسه آل عمران 28 وذلك غير مسموع ولا يقال إلا بحرف في الجارة وحرف في للوعاء وهو معنى مستحيل على نفس الباري تعالى إذا قلت جاهدت في الله تعالى وأحببتك في الله تعالى

محال أن يكون هذا اللفظ حقيقة لما يدل عليه هذا الحرف من معنى الوعاء وإنما هو على حذف المضاف أي في مرضاة الله وطاعته فيكون الحرف على بابه كأنك قلت هذا محبوب في الأعمال التي فيها مرضاة الله وطاعته وأما أن تدع اللفظ على ظاهرة فمحال

وإذا ثبت هذا فقوله في ذات الله أو في ذات الإله إنما يريد في الديانة والشريعة التي هي ذات الإله فذات وصف للديانة وكذلك هي في الأصل موضوعها نعت لمؤنث

ألا ترى أن فيها تاء التأنيث وإذا كان الأمر كذلك فقد صارت عبارة عما تشرف

بالإضافة إلى الله تعالى عز و جل لا عن نفسه سبحانه وهذا هو المفهوم من كلام العرب ألا ترى قول النابغة الذبياني بجلتهم ذات الإله ودينهم ...

فقد بان غلط من جعل هذه اللفظة عبارة عن نفس ما أضيف إليه وهذا من كلامه من المرقصات فإنه أحسن فيه ما شاء والله الموفق المعين

ئين عوسەيمينيش لە شەرحى نونيەدادەڵێ:

اعلم ان كلمة (ذات) تطلق على عين الشيء , لكن هذا الاطلاق هل هو لغوي او محدث ؟

قال بعضهم انه محدث و انها في اللغة لا تطلق على ذات الشيء , و انما تطلق على الجهة و على الحال , و ان تكون بمعنى (صاحبة) فتقول مثلا (هذه امراة ذات مال) اي صاحبة مال .

قال الله تعالى " و اصلحوا ذات بينكم " اي الحال التي بينكم اصلحوها .

و قال النبي صلى الله عليه وسلم (لم يكذب ابراهيم عليه السلام الا ثلاث كذبات ثنتين منهن في ذات الله) اي في جانبه و جهته .

و قال خبيب رضي الله عنه (و ذلك في ذات الاله) اي في جانبه و جهته .

لكن استعملت استعمالا شائعا عند العلماء حتى صارت حقيقة عرفية فاستعملت في مقابل الصفة . فاستعملوها بمعنى نفس الشيء و عين الشيء . فكما تقول العرب (هذا زيد عينه) و (هذا زيد نفسه)

يكون و هذا (زيد ذاته) . و صار الان استعمالا شائعا لا ينكر .

كەواتە زات بۆ باسكردنى بارودۆخ وخاوەنێتى و خود دێ .

ئەم بابەتەمان زۆردرێژكردەوە، جا تا درێژتر نەبێتەوە هەر بەكورتى دەڵێم دەستەواژەى عين بەتاكى وبەكۆيى اعين ودەستەواژەى شخص بۆ الله سابت بوون وئەم دوانەش چاكترلە زات لەدەقەكان بڕياردراون،عين واعين لەقورئان

وسونەت بۆ الله بڕیاردراوەو شخس لە فەرمودە هاتووە .

واباشترەوبۆدینی خەڵک سەلامەتترە کەلە جیاتی سیفات ئیسم ولەجیاتی زات نفس بەکاربێنن بۆ الله...

،دووتێبینی گرنگ:

تێبینی یەکەم:لەگەڵ ئەوەی لەسەرگوتەی ئەوانەی کە پێیان وایە کەپەروەردگارداەبەزێ عەرش بەجێدێڵێ وعەرش دەکەوێتە سەروو پەروەردگار کەیەکێ لەوان ئەبوقاسم عبدالرحمانی کوڕی مەندەیە.

قسەی ئەم ڕەوتەش هیچ جیاوازی نیە لەگەڵ گوتەی حلولی و وەحدەت الوجودیەکان ،چونکە هەموو کاتێ لەجیهان لەشوێنێک لە شوێنەکان سێیەکی شەوە،کەواتە هەمیشە پەروەردگار

ج١اسماء الله الحسنى /ن.محمدعزيزلۆتەرى.

لەخوارعەرشەو هەرگیزناچێتەوەسەرعەش وهەرساتەی لەشوێنێکە.

بەڵام وەک دەبینین کە تەنیا ئەوەندەیان لەبەرامبەرگوتون کە بۆچونەکەیان مەرجوح ولاوازە ،نەهاتوون تەشهیریان پێ بکەن وبڵێن گومڕان.

بۆیە هەموو ئەوانەی نیازیان بە پاک وگەورە گرتنی پەروەردگارە هەتائەگەر لەڕەوتە داهێنەرەکانی ئەشعەری وکیرامی وماتوریدی وموعتەزیلەوخەوارجیش بن هەروەک ئەمانە عوزریان بۆدەهێنرێتەوەو زۆرسەرکۆنە ناکرێن مادام هەرئەوەندەیان لێ زانیوە.

زۆربە ی ئەوانەی بەهۆی ئەوەی نەیانتوانیوە کە واتاکانی:

وهوبكل شيء محيط،ئیحاتەودەورەدانی اللە بۆ هەموو دروستکراوەکان، لەگەڵ علوو بڵندترین بوونی اللە بەسەر هەموو دروستکراوەکاندا

لەگەڵ ،وهو اقرب اليكم من حبل الوريد، هەميشە نزيكى وهەميشە ئاگادارى وبينين وبيستن وزانينى الله بۆهەموو بارودۆخێكى دروستكراوەكان،ئەوان نەيانتوانيوە ئەم سێيانە بەيەكەوەكۆبكەنەوەوو ايان زانيوەئەم بەريەک كەوتنە بەباوەڕهێنان بە وەحدەت الوجود،يان بە تەعتيل ولەكارخستن يان بەتەوەقوف وتەفويزچارەدەبێ.

بەڵام كەتەنيالە ئايەت الكورسى ورد بينەوە كەگەورەترين ئايەتى قورئانە، لەوئايەتە ئاگاداربوون ودەسەڵات ونزيكى الله بۆهەموو ڕوداوو بەسەرهەموو بونەوەرێكى گەورەوبچوک لەگەڵ ئيحاتەودەورەدانى بەهەموو بونەوەرودروستكراوەكانى گەردون وبونەوەرو لەگەڵ علو وهەميشە بڵندى بەسەرهەموو دروستكراوەكانى بونەوەر داكۆدەكاتەوە.

ئەوانە بۆالله ى تاقانە هیچ بەریەککەوتنى تێدانیە مادام ئێمە باوەڕمان بەوە کە ئەو بێ وێنەو بێ هاوتایە وهیچ شت وکەسێک وەک ئەونیە.

بەڵێ کە هیچ مەخلوق ودروستکراوێک ناتوانێ ئەوسێ دەسەڵاتانە کۆکاتەوە،بەڵام جیاوازی وێک نەچوونى الله بە دروستکراوەکانى وایە کەهەرئەوبەتەنیادەتوانێ ئەو سێ دەسەڵاتەو توانایەوچەندەهاتواناودەسەڵاتى دیکەش کۆبکاتەوەولەحەقى ئەو هیچ بەریەککەوتەیەکى تێدانیە.

ئەوانەى بەهۆى مەندەهۆشى وسەرسامیان لەوبابەتە دەکەونەهەڵە ئەوە هەڵوێستى زانایان بەوشێوەنەرم بووە لەگەڵیان،بەڵام ئەوانەى دواى ڕوون بونەوەى حەق و دەرکەوتنى بێ بنەمایى ئەو بۆچوونانە هەربەدەمارگیرى سوربن لەسەر زاڵکردنى وسەرخستنى بەسەر

ڕای ڕاست وبەبەڵگەی ڕاست پشتگیری
لێکراو بەعینادی ئەوانە کارەساتن
وچارەنوسیان لەمەترسیدایە..

وەئەوانەش کەبێ دەنگ بوو وەک ئیبن بەتەو
عبدالغنی مەقدسی وئیبن عوسەیمین هیچ
لەبازنەی ئەهلی سونە وەدەرنەنراون،ئەگەرچی
ئەوانەش لەم بابەتە بوونە موفەویزەو موسەبیتە
نین.

تێبینی دووەم:گوتمان ناو لە ڕووی زمانەوانی
لەناوەندوناوەرۆک ونەوی ونزم ونێوونیوە
نزیکە وئیسم لە سمو وبڵندی وباڵایی
وەرگیراوە،بۆیە ئیسم وناولەڕووی زمانەوانی
تەواوپێچەوانەی یەکترن ناو واتە داخل
وناووکرۆک،ئیسم واتە ترۆپکەی هەرەبڵند.

میعراجی بیروهۆشێکی سەرسام لەپەراوێزی
سوڕەتی سوبحاندا.:

(سُبحانَ الَّذي أَسرى بِعَبدِهِ لَيلًا مِنَ المَسجِدِ الحَرامِ إِلَى المَسجِدِ الأَقصَى الَّذي بارَكنا حَولَهُ لِنُرِيَهُ مِن آياتِنا إِنَّهُ هُوَ السَّميعُ البَصيرُ/ئايەتى يەكەمى سورەتى السبحان.

الله بۆ گەورەترين بەهرە كەبەسەر مرۆڤايەتيدا ڕشتووە كە ئيسراو ميعراجە ،كە هيچ بەندەيەک لە پلەو وشوێن و پايەى زەمانى ومەكانيدا هێندەى محمدﷺ بڵندنەبۆتەوە،وەمحمديشﷺ لەهيچ كاتێک وەک ئيسراومیعراج بڵند نەبووە بۆيە بەرامبەر بەم نيعمەتەى كە الله بەسەر محمدى سەرمەشقى تاقانەو نێردراوبەڕەحمەت بۆ گشت جيهانەكانﷺ لەو مەقامەدا پاكى وپيرۆزى بۆ خۆى بڕياردەدا ودەفەرموێ:

(سُبحانَ الَّذي أَسرى بِعَبدِهِ لَيلًا مِنَ المَسجِدِ الحَرامِ إِلَى المَسجِدِ الأَقصَى الَّذي بارَكنا حَولَهُ لِنُرِيَهُ مِن آياتِنا إِنَّهُ هُوَ السَّميعُ البَصيرُ

پاکی و بێگەردی و ستایش بۆ ئەو ەی ئەوتۆ
کە شەوڕەوی کرد لە بەشێکی کەمی شەودا
بەبەندەی خۆی (محمد صلى الله عليه وسلم) لە
مزگەوتی (حرام، کەعبەی پیرۆزەوە) بۆ
مزگەوتی (الاقصى:ئەوپەڕ=ئەولاتر) لە (بیت
المقدس) کە دەوروبەریمان پیرۆزو پڕ
بەرەکەت کردووە، تا هەندێك نیشانەو بەڵگەو
دەسەڵاتداری و توانایی خۆمانی نیشان بدەین،
بەڕاستی هەرئەوبۆهەمیشەوبێ سنور
بیستەرترین و بیناترینە.

سوبحان خێرا جوڵاندن وخێراهێنان وبردنی
تەنەکان ولاشەکان وخێرامەلە پێکردنی
بەندەبەرجەستەکان ودەنگ وڕەنگ وپەیامەکان
هەربۆ ئەو اللە یە یە کەبەندەکەی بەتەنیابەشێک
لەشەودا گەشتێکی سەدان هەزارسااڵی تیشکی
پێکرد، ئێستاکەدەڵێن بەپێی تیۆری ئەنیشتاین
کەخێرایی جوڵە بە مرۆڤێک گەیشتە
٣٠٠ملیۆن مەتر لە چرکەیەکدا ئەوەکات

وزەمان كاريگەرى لەسەرنامێنێ
وئەگەريەكێک هەبێ هەميشە بەوخێراييە لەم
گەردوونە بسوڕێتەوە هەرلەهەمان
تەمەندادەمێنێتەوەوپيرنابێ،ئەمە كەپێ ى دەڵێن
خێرايى تيشكى لە تيۆرى ڕێژەيى ئەنيشتايندا.

بەڵام بێگومان جوڵاندن وسوڕان وتەسبيح
ومەلەپێكردنى اللەبە بەندەى خۆى وكورت
كردنەوەودرێژكردنەوەى دووری ئاڕاستەكان
ومەودای بۆشاييەكان هەرلەالله ى سوبحان
دەوەشێتەوە، چونكەئەو هەم دووريەكانى خەلق
كردوەوهەم تەنەكان،دەتوانێ بە كون
فەيەكونێک مەودامەحاڵەكان وێک بێنێتەوەو
تەن ولاشە زۆرسستەكان خێراتربكالەتيشک ،
وە لاشە ناسک وبێ هێزەكان والێ بكابەرگەى
هەموو سەرماوگەرمايەک بگرن ودەشتوانێ
ئەوسەرماوگەرمايەى لەوناوئەوناوەندانە باس
دەكرێ ئەويش وەک دووريەزۆرەكە لابباو
نەيهێڵێ.

الله تواناو داهێنانەکانى بەهیچ کام لەبەندەکانى ناچن، بۆیە ئەوانەى گومان لە موعجیزەو کارەمەزنەکانى الله بۆ پەیامبەران دەکەن ئەوەلە بێ هێزى خۆیانەوە سەیرى هێزوتواناى الله ى سوبحان دەکەن..

جاچونکە نوێژ کەلەم گەشتە پیرۆزترینەدا فەرزکراوە بۆیە جگەلەوهەموو تەسبیحاتەى تێیدایە سونەتە نوێژخوێن بەم دوعایە دەست بە نوێژەکەى بکاوبڵێ:

(سُبحانَكَ اللَّهمَّ وبِحمدِكَ، وتبارَكَ اسمُكَ، وتعالى جدُّكَ ولا إلَهَ غيرُكَ)

سبوح ئیسمێکە لە ئیسمە جوانەکانى الله لەگەڵ ئیسمى قدوس بۆ بەرزوپیرۆزڕاگرتنى الله .

-سابحات بەناوى فریشتەکان وئەستێرەکان وکەشتیەکانیش دەگوترێ .

چونکە سیباحە واتە مەلەکردن.

«فرس سابح» :واتە ئەسپێکی خێرا.

کە دەگوترێ نوێژی هەموو بوونەوەران تەسبیحە،جوڵانی خێرایە،مەلەکردنە، هەموو بونەوەروشتەکان،ئەستێرەوکەشتی وفریشتەو باڵندەو گیانەوەرەکان یسبحون بحمدە، بەحەمدو ستایشی ئەودەجوڵێنەوەودەسوڕێنەوەوتەواف دەکەن ودەخولێنەوە،ئەندامەکانی بونیادی هەموو بوونەوەرێک بەهرەیەکەلە اللە وە پێویستەحەمدی لەسەربکەین، جوڵانی ئەوئەندامەش کەحەمدو بەخششی شایانی هەموو ستایشە بێ پایانەکانە کە اللە ی حەمیدە،ئەوجوڵەومەلە وڕۆیشتنەپێ ی دەگوترێ سبح ،کەواتە بەحمد بووینەخاوەن بونیات وئەندامەکان،بەسبحان جوڵاینەوەوئەندامەکانمان جوڵاندەوە،بۆیە هەموو شتێک وبونەوەرێک بەحمدی اللە تەسبیح دەکەن واتە بەوئەندام ولاشەی پێیان دراوەجوڵەدەکەن.

الله بە پەیامبەری ﷺ فەرمو ئێمە قەول وگوتارێکی گرانت لەسەردادەنێین، شەوانە نوێژی زۆربکە،ڕۆژ بواری زۆرت هەیە بۆ گەڕان وسوڕان وسەردانی خەڵک وبانگەوازکردنیان، وان لک في النهارسبحا طويلا.

ئەمەلەسوڕەتی موززەمیل ، کەلەسوڕەتە یەکەمە کانە کە دابەزیوە .

السَّبَّاحةُ : بە پەنجەی شەهادە دەگوترێ چونکە لەکاتی شەهادەدان ئاماژەی پێدەکرێ ودەجوڵێنرێ بەخێرایی،وئەوەش تەسبیحاتی ئەوپەنجەیە.

بە زەوی یەکی کراوەوبەتاڵیش دەگوتری سەباح چونکە بواری جوڵانەوە هەیە بەهەموو لاکانیدا.

دەیان سوڕەت وهەزاران ئایەت یان سبح ویسبح دەست پێدەکەن یان داتاشراوی سبح یان

تێدایە، هەمووشی وەک ستایش و پەرستش بۆ الله بەکارهاتووە،هەموو کەشکەشانی گەردوون بە وقەبارەوباراستەی کە الله بەحەمدی خۆی پێی بەخشیون سەبح دەکەن وتەواف دەکەن و دەسوڕێنەوە ودەجوڵێن .

هەروالە قورئانداهاتووە کەهەموو باڵندەو گیانەوەرو مێروەکان تەسبحاتی الله دەکەن بەڵام مرۆڤ لەتەسبیحاتیان تێناگەن.

نەک هەرگیانەوەران بەڵکو هەموو ئاسمانەکان وزەوی وئەوی لە ئاسمانەکان وزەوی دایە لە ئەستێرەوخۆرومانگ وهەورو وڕوبارودیاردەکان وبونەوەرەکان هەرهەمووی تەسبیحات بۆ الله ی رب وپەروەردێنی بونەوەردەکەن ،وەهەروەها لە سوڕەتی ئەعراف ئەوانە ی کڕنوش نابەن وئەوانەی تەسبیح ناکەن ئەوانە لوتبەرزو لەخۆبایی و سنوربەزێن دانراون وهەڕەشەیان لێ کراوە .

تەنيا ئەوئايەتانەى كە بەشێوەى ئيسم وناو السبحان يان تێدا هاتووەكەزياتر لە ٣٣ئايەت لە قورئان بە ئيسمى سبحان ستايشى الله ى كردووە.

كەواتە تسبيحى الله دوورخستنەوەى دڵەكانە لەوەى گومانى بەد وخراپ بە الله بەرن يان شەڕوبەدكارى پاڵدەنە لا،بەرزوپاك وجوان ڕاگرتنيەتى لەهەموو ئەو ساختەكارى وكەم وكوڕيانەى مولحيد وبێ باوەڕان لەبارەى الله هەڵى دەبەستن.

كەواتە تسبيح " سبحان الله " بنچينەيەكى زۆرگەورەى پەرستش وئيمان وباوەڕە ،تسبيح ئەو فلتەرەيە كە وا دەكا تەنيا ئيسمە حوسنا و هەرەجوانەكان بۆ الله بەكاربێن وهەرئيسم وجياكەرەوەيەك كێماسى تێدايە بۆ الله بەكارنەهاتووە، چونكە حوسنا نيە،ئەوەش واتاى تسبيحات وسبحان الله يە،

واتازمانەوانیەکەی تەسبیح یش واتە بەدوورگرتن وەک ئیبن فارس دەڵێ .

بۆیە کاتێ قورئان دەفەرموێ:

(مَا اتَّخَذَ اللَّهُ مِنْ وَلَدٍ وَمَا كَانَ مَعَهُ مِنْ إِلَهٍ إِذًا لَذَهَبَ كُلُّ إِلَهٍ بِمَا خَلَقَ وَلَعَلَا بَعْضُهُمْ عَلَى بَعْضٍ سُبْحَانَ اللَّهِ عَمَّا يَصِفُونَ) المؤمنون/91

هەرگیز الله کەسی نەکردووە بە ڕۆڵەی خۆی و هیچ پەرستراوێکی لەگەڵدا نی یە، چونکە ئەو کاتە هەر پەرستراوێک دەچوو بەلای دروستکراوانی خۆیەوەو هەندێکی خۆی بڵند دەکرد بەسەر هەندێکی تردا (ئەوسا بوونەوەر تێکدەچوو)، پاکی و بێ بەری بوون بۆ الله لە بەرامبەر ئەو بوختانانەی کە هەڵی دەبەستن،الله زۆر دوورتروخێراترە لەوەی ئەوان دەیڵێن .

تسبیحات کردن هێندە پەرستشێکی گەورەیە کە سەرمەشقی ڕفتاروکرداروگوتاران صلی الله

عليه وسلم لەكاتى نوێژكردندا وەك ئەحمەدلەحوزەيفە لێى دەگێڕێتەوە كە لەنوێژدا ئايەتى تسبيحى خوێندبا سبحان الله ى دەكرد .

پياوێک هات بۆلای ئيبن عباس وگوتی ئەوە " لا إله إلا الله " ، و " الحمد لله "دەزانين كە تەنيائەوپەرستراوەو ئەو بەهرەكان دەبەخشێ بەڵام " سبحان الله "واتای چيە ؟

ئيبن عباس گوتی:دەستەواژەيەكە كە الله بەشايەنی خۆی زانيوە وبەفريشتەكانی فەرمووە بيكەنە ويردو چاكەكاران وهەڵبژێردراوانی لەسەر گوتنی ڕاهێناوە.

عبد الله كوڕی بريدة دەگێڕێتەوە كە پياوێک پرسياری لەعەلی كرد لەبارەی " سبحان الله " ، گوتی :مەزنترين ڕاگرتنی شكۆداری الله يە.

مجاهد دەڵێ :

تسبيح : داڕنين و دوورخستنەوەى الله يە لەهەموو بەدكاريەک .

ميمون كوڕى مهران دەڵێ:

" سبحان الله " : ئيسمێكە مەزنايەتى الله ى پێ دەردەبڕدرێ.

حەسەنى بەسرى دەڵێ:

" سبحان الله " :ئيسمێكە لەهەموو دروستكراوەكان قەدەغەكراوە،چونكە هيچ دروست كراوێک نەى توانيوە لەخۆى بوەشێنێتەوە.

ئيبن تەيميە تسبيح والێک دەداتەوەكە هەم پاک ڕاگرتن وبڵندكردنى الله يە كەلە هيچ كەم وكوڕيەک ناوەشێتەوەو هەروەها بڕياردان وباوەڕبوونە بەوەى كەهەموو كەماڵ وتەواويەک تەنيا بۆ الله يە.

وە ئەم پاک ڕاگرتن وبەتەواوترین زانینە وادەخوازێ کە هەموو سوپاس وستایشێک بۆ اللە بێ، بۆیە لە قورئان دا تسبیح وتحمید پێکەوەدەلکێنرێن ،دەفەرموێ :

وسبح بحمده،کەواتە حەمد وستایش وسوپاسکردنیش بەشێکە لەتەسبیح وتسبیح بەبێ حمد وستایش کردن تەواونابێ .

وە لە فەرمودەشداهاتووە (سبحانك اللهم ربنا وبحمدك)

خەتابی ئەم فەرمودە وا لێک دەداتەوە کە بەهۆی ئەوبەهرانەی بەسەرت دا ڕشتوم پێویستی کرد کە حەمد وستایشت بکەم ،وەپاک و بێگەردی بۆتۆ کە نیعمەتی ئەوەی پێ بەخشیوم کە بتوانم ستایشی بکەم.

بۆیە کە یونس لەوانە بوو کە موسەبیحن وپاک وبڵندی بۆ اللە دەردەبڕن وبە دوعای سبحانک

لا اله الا انت دەربازى بوو لە تەنگاوى وزەحمەتى.

لا إله إلا أنت سبحانك إني كنت من الظالمين

بۆ يونس نوێژێک بوو كه لەگەڵ هەموو بونەوەرەكانى گەردوون نوێژى كرد چونكه (يُسَبِّحُ لِلَّـهِ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَمَا فِي الْأَرْضِ الْمَلِكِ الْقُدُّوسِ الْعَزِيزِ الْحَكِيمِ.

هەرچى لە ئاسمانەكان وزەويدان نوێژەكانيان تەسبيحه.واته مەلەكردن وجوڵانه، الحمد لله واته هەموو بەهرەوشت وتەن وبونەوەرو وبارودۆخەكان ودياردەكان بۆ الله،سبحان الله هەموو جوڵان ومەلەكردن وگۆڕانكاريەک كەلەو الحمدانه:هەموو بەهرەوشت وتەن وبونەوەرو وبارودۆخەكان ودياردەكان - ڕووەداهەمووى الله دەيانكا.كەواته هەم خالق وبەديهێنەره،هەم پارێزەروجوڵێنەره..

ج١اسماء الله الحسنى /ن.محمدعزيزلۆتەرى.

هەڵسەنگاندنى ڕووداوى الإسراء والمعراج لە تەرازووى زانستى سەردەم دا.

ئەنيشتاين كات وشوێنى لە تيۆرى ڕێژەيى دا تێكەڵ كردن لەساڵى 1905ز .

ناوبراو پێى وايە كە :ئێمە ناتوانين قسە لەسەر كاتێک بكەين كە بەدەربێ لەشوێن ، هەروەها لەبارەى شوێنێكى بەدەرلەكات ،مادام هەموو شتێ بجوڵێ ، كاتەكەشى لەگەڵ خۆى هەڵ دەگرێ، هەتا شتەكە خێراتر بجوڵێ ، كاتەكەى زياتر وێک دێتەوە ولەوكاتە هێواشە ئاساييەى شتەكانى دەوروبەرى جياوازدەبێ .

لەناو تاقيگەكانى فيزيا توانيان ديارەى كات بەتەواوى وێک بێننەوە ،كاتێ تێبينيان كرد كە تەنۆلكەكانى atomic particles

هەتاخێراتربكرێن تەمەنيان درێژترە.

بە پێى تيۆرى ئەنيشتاين كە تەنێک يان كەسێک بەخێرايى تيشک بڕوا ئەوە لە ماوەى

ج١اسماء الله الحسنى /ن.محمدعزيزلۆتەرى.

ڕۆژێکدا ماوەی پەنجاهەزارساڵ دەبڕێ ، ئەمەسەبارەت بەوکەسە وئەوتەنە .

جاکە کەسێک بەم خێراییە بڕوا بۆ قوڵایی گەردون وبگەڕێتەوە سەرزەوی دەبینێ لەو سەفەرە ٢٤کاتژمێریەی ئەودا زەوی هەزاران ساڵی تێپەڕاندوەوچەندین ژیار وگەل ونەتەوەی تێپەڕاندوون . کەواتە مادام هەتا خێرایی زیاتر بێ کات زیاتر وێک دێتەوە ، وەخێرایی هەتا مرۆڤ باشتر وزیاتر وفراوانتر بەسەر ووزەدا زاڵ بێ توانای زیاترکردنی خێرایی باشتردەبێ .

کەواتە لای کەسانی مادی باوەڕیان بەوەهەیە کە خێرایی وکات وتوانا چەند دیاردێکی وابەستە بەیەکترن .

ئەی باشەکە بونەوەرێکی بەتواناترلەمرۆڤ هەبێ وەک فریشتەکان چۆنە؟

ئەوە لەوکاتەدا ئەم پێوەرە مرۆڤیانە دەگۆڕێن وياساوڕێسای ئەوبونەوەرە کارلەکات وشوێن وخێرایی دەکا و بەسەرلەمپەرەکانی کات وشوێن وتەمەن دا بازدەدرێ .

لەم دواییانە خێرایی لەتیشک خێراتیریان دۆزیوەتەوە ناویان ناوە خولەکەکانی بی(B – particles بەڵام ئەم خێراییە تەنیا لە ناوەندی ئاویدا بەرجەستە دەبێ ولەهەواوبۆشاییدا نابێ.

ئەم بیردۆزو پێزانینانە وادەکەن کە ئێمە باشتر لەڕوداوی ئیسراو میعراج بگەین ، مادام کەسانێک بتوانن وباوەڕیان بەم گریمانانە هەبێ، بێگومان توانا و کۆنترۆڵی خالقی بونەوەران بۆ کات وشوێن و خێرایی زۆرلەهی مرۆڤ زیاترە.

کەواتە ئەوەی ئەو ڕێکارانەی بۆ موحەمەدێکی هەزارو چوارسەدساڵ لەمەوپێش ئاسان کردو

هەموو ئەوزانستانەی ئەمڕۆ زۆربەزیادەوە دەزانێ.

جاکە ئێمە ئەمڕۆ بۆ هەواڵێکی فۆیجەر کەلە ١٩٧٣نێردراوە بۆ بۆشایی وئەمڕۆ پێویستمان بە ١٩کاتژمێرە تا پێمان بگا ، ئەوە توانای ئێمەی مرۆڤە، بەڵام بۆ هاتنی قورئان و وەرگیرانی دوعاو نزا و ڕۆیشتنی ڕوح دوای مردن یان کاتی خەو بینین ئەمانە کەلەدەرەوەی تواناکانی مرۆڤ وبەتواناکانی بەدیهێنەری بونەوەر ڕوودەدەن بۆیە ئەم سنور وپێوانانە تێدەپەڕێنن .

کاتێک مرۆڤ لەداهاتووی پەرەدان بەتواناکانی بەسەرزاڵ بوون بەسەر هێزە کۆنترۆڵ کەرەکانی بوونەوەر لە هێزی کێشندە وهێزی کارۆموگناتیسی و هێزی ئەتۆمی وتیشکی بگاتە ئەو توانایانە وباوەڕی پێ هەبێ وبەزانستی بزانێ ، دەبا هەر زۆربە

ئاسانيش بابەتى ئيسراومیعراج و گەشتى سولەيمان لەساتێکدا پێچرانەوەى ڕێى دوو مانگى ئەسپى تيژڕەو بەئاسايى بزانێ .

گوێڕایەڵی نەکردنی ئەو ت کردبێ!!کەچی
ڕانەکەی بەرەوسایەی پڕحەوانەوەی ئونس بە
گوێڕایەڵی فەرمانە پڕحیکمەتەکانی!!
لەدووری گوفتاروکەلامی شرینی ئەو دڵ
ودەروونت گوشرابێ وناخ وهەناوت هەژابێ
!!کەچی ڕانەکەی بەرەو ئەو ئینشراحی سینەو

ئەوهەداری دەروونە ولەمیحڕابی موناجاتی ئەودا نەبیە پەروانە!!

بزانی کە وابەستەکردنی دڵ بە مەعشوقە کاتیە خەڵەتێنەرەکانی دنیا چەندە بەئازارو چ ڕەنجەڕۆیی وپەشیمانیەکە!!

کەچی بەهەڵەداوان ڕانەکەی بۆ نەعیمی پڕشکۆفەو نەسیمی تۆبەو گەڕانەوەوقەڵای ئیستغفار!!!

خۆ هەموو دەزانین چەنێ پێویستمان بەو!چەنێ لەخودی خۆماندا هەژارو نەدارودەستەوستانین!کەچی شەیتان فریوی داوین وپشتمان هەڵکردوەو لە چارەوبەلسەمی ڕوح و شیفای هەمیشەیی ڕادەکەین وقەدری نازانین!!!

ڕێسازێڕینەکە دەڵێ:

ئەگەرویستت مقام وپلەوپایەی خۆت لای ئەو شا شکۆدارە بزانی؟ وورد بەوەبزانە بەچ

ج١اسماء الله الحسنى /ن.محمدعزيزلۆتەرى.

بوارێکەوە خەریکی کردوی ولەخزمەتی چ پیشەوکارێک بەکاری هێناوی؟؟

واتە ئەوەی هەموو تەمەنی خەریکی کردبێ بەکاروپیشەوهونەرێکی کەم سود وبێ بەرهەم وەک ئەوکەسە نیە کەخەریکی کردبێ لە کاروهونەرو پیشەیەک کەشکۆداری هەردوو جیهانی تێدایە..

ئەو پەروانانەی لەدەوری مەشخەڵە ڕاستەقینەکەبەحەقیقەت هەڵپڕوزاون چۆن وەک ئەو مێش ومەگەزو تەپۆیانەن کە بەسەر عەکس وڕەنگدانەوەی مۆمێکی کز لەسەر ڕووی ئاوێنەیەکی تەڵخدا نیشتونەوەوبەئومێدی ویسااڵ وهەڵقرچانن؟؟!!!

دەقەکان چ پەیامێکیان هەیە؟

النص:دەق وتێکستەکان لەعەرەبیدا نەس واتە کەلێن وتیک ودرز، نمونەی مرۆڤم وادێتە پێش چاو کەلە قەدپاڵی شاخێک ولە دورگەیەکی

شاخاوى هەزاربەهەزار وێڵ وسەرگەردانە وبەدواى ئەو ئەشكەوت وكۆشک وقارو پەناگەدادەگەڕێ كەنگين وگەنجينەى نەمرى و ڕوەكى نەمرى داستانەكەى گلگامێش وقارەكەى زەردەشتى ئاقێستاوئەشكەوەكەى ئەفلاتون ونێرفاناكەى بوزاو فيردەوسەكەى قورئانى تێدايە.

ئەو مرۆڤە دەبێ عەقڵى خۆى چەكوشكارى بكا تالەو نص ودەقەشەرعيانە كەوتمان نەس واتە تيک ودرز، دەبێ لەودرزوتيكانە وە هەوڵ دەين ئەشكەوتى گەنجينەى هەتاهەتايى بدۆزينەوە،نەک وەک هەندێک كەس دەڵێن چۆن ئێمە خۆمان هەربەودرزانەوە خەريک كەين؟!چۆن دەبێ عەقڵى خۆمان چەكوشكار بكەين تابچێتە ناوئەودرزانەوە؟

بەم شێوە ئەمانە دوور لەنەس وتيک ودرزەكان پەيڕەوێک بۆخەڵكى قەتپاڵى ئەوشاخە

ڕەقەدادەنێن وقەناعەتیان پێدەکەن کە ئەشکەوت ونگین وگەنجینە ی نەمری هەرگیزبوونی نیەو درۆیەکی شاخدارە،بەم شێوە ئەوخەڵکە حەفتاساڵی تەمەنیان دەژین ودەمرن بێ ئەوەی باوەڕیان بەبوونی جیهانێکی هەتاهەتایی هەبێ.

حەقی اللە لەسەر خەڵک ئەوەیە کە پەردەی سەردڵ وچاویان هەڵماڵن ئەو ڕاستەقینە درەوشاوە حاشاهەڵنەگرە ببینن کە ئیمانێکی پڕیەقینە بەتاک وتەنیایی اللە ،تائەویش بەبەندەو دۆست وناسیاوی خۆیان بزانێ.

کەواتە کافروبێ باوەڕ خۆیان خۆیان سزاداوە ،چۆن داوادەکەی کە پاشاوبەدیهێنەرێک لە دوای مردن بت ناسێ و دەعوەتت کابۆ داری زیافەت وکەرامەتی خۆی لەکاتێکدا تۆ نەت ناسیوە لەجیهانێکدا کەئەو خۆشت وبونەوەریشی دروست کردبوو، گلەیی لەخۆت بکە کەتۆ بڕیارت دا بوو لەوانەبی کە نای

ناسى ،هەست بە بوونى بە مىهرى،بەدادى ناكەى .

بۆيە مرۆڤ هەرچەند گوناهباربێ ئەوناسين وئيمانە واى لێ دەكا لەبانگكراوان بێ بۆ بەهەشت ،ناسيمانە بەڵام قەرزدارين ،جايالەقەرزەكەى لێمان خۆشدەبێ بەڕەحمەتى خۆى،يان هێندەى قەرزەكە سزامان دەدا بەدادگەرى خۆى..،

وعنْ عُبَادَةَ بن الصامت رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ، عَنِ النَّبِيِّ صلى الله عليه وسلم قَالَ: «مَنْ شَهِدَ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللَّهُ وَحْدَهُ لاَ شَرِيكَ لَهُ، وَأَنَّ مُحَمَّدًا عَبْدُهُ وَرَسُولُهُ، وَأَنَّ عِيسَى عَبْدُ اللهِ وَرَسُولُهُ وَكَلِمَتُهُ أَلْقَاهَا إِلَى مَرْيَمَ وَرُوحٌ مِنْهُ وَالْجَنَّةُ حَقٌّ وَالنَّارُ حَقٌّ أَدْخَلَهُ اللَّهُ الْجَنَّةَ عَلَى مَا كَانَ مِنَ الْعَمَلِ» (البخاري: [3435]).

مامۆستا سەعيد حەوا لەكتێبى جندالله ثقافة واخلاقا-لە ڕێبازى چوارەمى گەيشتن بە تەقوادا

دەڵێ:

ئێمە ناتوانین عبادەت وپەرستش بۆ الله ی بەدیهێنەرمان بکەین تانەیناسین....

وەناسینەکەشمان تەواونابێ تاکو باوەڕمان بەتاک وتەنهایی ئەونەبێ، ناشتوانین باوەڕوئیمانمان بەوتاک وتەنهایی وتایبەتمەندیەی بچەسپێنین تاکو باوەڕنەهێنین کە:

- الله نەفس وخودێکی هەیە کە لەهیچ ڕوویەک لە خودی دروستکراوەکانی ناچێ.

چەندین ئیسم وجیاکەرەوەو تایبەتمەندی ناوازەی هەن کەلەهیچ ڕوویەکەوە لە ئیسم وجیاکەرەوەوتایبەتمەندی ونازناوی هیچ کام لە دروستکراوەکانی ناچن.کردارو ڕەفتارو ئەفعالەکانی الله هیچیان لەکرداروڕەفتاری دروستکاوەکان ناچن.

كەباوەڕى وابێ كەلە يەكێ لەم فعل
وكرووەوەوئيسمانە بەدروستكراوەكانى دەچێ
ئەوە واتاباوەڕى بەوەيە كەلەوئيسمە وفعلەدا الله
هاوبەش وشەريكى زۆرن ،بەمەش
لەوەدەرچوو كە الله بەتاك وتەنيابناسێ..

هيچ خودونەفسێک وەک نەفسى الله نيە-زاتم
بەكارنەهێنا چونكە نەفس بەقورئان
وفەرمودەهاتووە-

وەنە جياكەرەوەوتايبەتمەندى وئاوەڵناوەكان
وئەفعال وكردەوەكانيشى بەهى
دروستكراوەكان دەچن.

كەس لەم بونەوەرە فاعيل وبكەرى
ڕاستەقينەودامەزرێنەروبناغەدانەروپارێزەرو
گۆڕەروجوڵێنەرو وەستێنەر و مرێنەر
وزيندووكەرەوە نيە تەنيا الله نەبێ هەر لە
دەستپێک هەتاكۆتايى.

هەرلەبەدیهێنانەوەهەتابەردەوامی پێدان ودرێژەپێدانی بونەوەران:

-اللَّهُ خَالِقُ كُلِّ شَيْءٍ وَهُوَ عَلَىٰ كُلِّ شَيْءٍ وَكِيلٌ (الزمر62)

الله بەدیهێنەری هەموو شتێکە، هەر ئەویش سەرپەرشتیار و پارێزەری هەموو شتێکە.

فَلَمْ تَقْتُلُوهُمْ وَلَٰكِنَّ اللَّهَ قَتَلَهُمْ وَمَا رَمَيْتَ إِذْ رَمَيْتَ وَلَٰكِنَّ اللَّهَ رَمَىٰ وَلِيُبْلِيَ الْمُؤْمِنِينَ مِنْهُ بَلَاءً حَسَنًا إِنَّ اللَّهَ سَمِيعٌ عَلِيمٌ (الانفال17)

وەنەبێت ئێوە کافرەکانتان کوشتبێت، بەڵکو الله کوشتنی و لەناوی بردوون، ئەی محمد(صلى الله عليه وسلم) کاتێک مشتێک خۆڵت ڕوو بەکافران فڕێدا ئەو کارە تەنها تۆ نەتکرد، بەڵکو الله فڕێیداو (خۆڵی کردە چاوی کافرانەوە)، تا ئیمانداران تاقی بکاتەوە بە تاقی کردنەوەیەکی چاک، چونکە بەڕاستی الله بیستەرترینی زاناترینە.

ج١اسماء الله الحسنى /ن.محمدعزيزلۆتەرى.

يَسْأَلُهُ مَن فِي السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ كُلَّ يَوْمٍ هُوَ فِي شَأْنٍ (الرحمن 29)

هەموو گیانلەبەرو زیندەوەران لەئاسمانەکان و زەویدا بەردەوام بەگوفتارو بەزمانی حاڵ، داوای پێداویستی و داخوازیەکان لەپەروەردگار دەکەن، هەموو ڕۆژێک و هەموو کاتێک (ملیۆنەهاو ملیارەها، بەڵکو بێ شومار تاوتۆی دەکات لەبوونەوەرو لەجیهانی ئادەمیزادو جن و فریشتەکان و... هتد)

-وَاللَّهُ خَلَقَكُمْ وَمَا تَعْمَلُونَ (الصافات 96)

لەکاتێکدا الله بەدیهێنەری ئێوەیش وهەموو کردەوەکانتانە تەنانەت ئەم بتانەشە کە دروستتان کردوون ودەیان پەرستن هەردروستکراوی ئەون..

جاهەرکەسێ باوەڕی بەوەنەبێ الله غنی و بێ پێویستی ودەوڵەمەندە ونە پێویستی بەعەرش وکورسی وئاسمانەکان وزەوی و لەوح وقەڵەم

نیە وهەموو دروستکراوەکان نەدارو وهەژارو موحتاجی ئەون.

-وَمَن جَاهَدَ فَإِنَّمَا يُجَاهِدُ لِنَفْسِهِ إِنَّ اللَّهَ لَغَنِيٌّ عَنِ الْعَالَمِينَ (عنكبوت 6)

ئەوەی لە دروستکراوەکانی ئەم
جیهانە کۆششێک دەکا بۆخۆیەتی وبەڕاستی
اللە بێ نیازو بێ پێویستیە
لەهەموودروستکراوەکان.

کەواتە هەرلەلەوح وعەرش تا دەگاتە
ڤایرۆسەکان ئەو هەوڵانەی دەیدەن بۆ سودی
خۆیانە، وەهەوڵەکانیشیان دروستکراوو
بەدیهێنراوی اللە ن ،ئەوان لەخودی خۆیان
ناتوانن هیچ بکەن.

-تَزُولَا وَلَئِن زَالَتَا إِنْ أَمْسَكَهُمَا مِنْ أَحَدٍ مِّن بَعْدِهِ إِنَّهُ كَانَ حَلِيمًا غَفُورًا (4)

بەڕاستی هەر اللە یە کە ئاسمانەکان و زەوی ڕادەگرێت و نایەڵێت لەناو بچێت و لەیەك

بترازێت، ئەگەر تێك بچن و لەیەك بترازێن، ئەوە هیچ كەسێك نی یە بتوانێت دوای ئەو فریایان بكەوێت، بەڕاستی هەر ئەو هەمیشەو بەردەوام خۆگرترین و ئارامگرترین ولێبوردەترینە..

هەروەها ئەوكەسەی باوەڕی بە وەنەبێ كە الله هەمیشە وهەردەم هەبووی بێ
سەرەتایەوبۆئایندەش مانەوەو بوونی الله هەتاهەتایی وبێ كۆتاییە، ئەوە ئەوكەسە الله ی نەناسیوە.

وەدەبێ لەوەش تەواودڵنیابێ كەهەرچی مەخلوق ودروستكراوەكانن هەرهەموویان كاتێك هەبووەنەبوون وكاتێكیش دەبێ لەناودەچن ، تالەمەش دا هیچ مەخلوقێك نەكاتە هاوبەش وشەریكی وبڵێ ئەویش وەك الله هەرهەبوەوهەردەمێنێ وئەودروستی نەكردوە.

وەدەبێ ئەوانەی الله دەناسن بەهەموو شێوەیەک ڕەتی بکەنەوە کە الله باوکی هەندێک لە دروستکراوەکانی بێ.

چونکە ئەوکەهەرهەبووەوبێ کۆتایە هیچ کام لە دروستکراوەکانی جیانەکردونەوە کە لەگەڵ ئەو هەمیشە هەبووبن وەکاتێ بڕیاری دا فریشتەومرۆڤ وجنەکان وحۆریەکان هەردەم بمێنن دیسان کەسی لێ هەڵنەوێران ومانەوەی هەمیشەیی دابەهەموان بەشێک لە دۆزەخ وبەشێک لەبەهەشت ..

بۆیە هەرکەسێ الله تەشبیە بکا بە هەندێک لەدروستکراوەکانی لەهەرواتاو مەعناو ئیسم ووکردارێک ئەوە بەڕاستی ئەوکەسە الله ی نەناسیوە،چونکە وەک لەمەوپێش گوتمان نفس و جیاکەرەوەوتایبەتمەندی وئەفعال وکرداری الله هیچیان بە هی دروستکراوەکان ناچن.

فَاطِرُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ جَعَلَ لَكُم مِّنْ أَنفُسِكُمْ أَزْوَاجًا وَمِنَ الْأَنْعَامِ أَزْوَاجًا يَذْرَؤُكُمْ فِيهِ لَيْسَ كَمِثْلِهِ شَيْءٌ وَهُوَ السَّمِيعُ الْبَصِيرُ (الشورى11)

بێگومان هەر ئەو بەدیهێنەری ئاسمانەکان و زەویە، هەر لە خۆتان هاوسەرانی بۆ سازاندوون، لە ئاژەڵ و مەڕو ماڵاتیش جووت، نێرو مێ ی بۆ فەراهەم هێناون، لەو ڕێگەیەوە زاووزێ دەکەن و زۆر دەبن بۆتان، هیچ شتێك نیە لە وێنەی ئەو، هیچ شتێك لەو ناچێت (چونکە ئە و بەدیهێنەرە، چۆن لە بەدیهێنراوەکانی دەچێت) هەر ئەویش هەمیشەبیستەرو هەمیشە بینایە.

بەڵێ ئەوبینایە وبیستەرە وبینین وبیستنەکەی ئەو بەهیچ شێوەوەلەهیچ ڕوویەکەوەبە بینین وبیستنی دروستکراوەکانی ناچێ.

مستويه لەسەرعەرش ،ئيستواكەى بە ئيستواى هيچ كام لە مەخلوقەكانى ناچێ.

هەموو شەوێ نزول دەكابۆئاسمانى دنيابەڵام نزولەكەى بەنزولى هيچ كام لە مەخلوقەكانى ناچێ.

ڕۆژى قيامەت دێ بۆ لێكهەڵبڕين ولێک جياكردنەوەى چاک وخراپەكان بەڵام هاتنەكەى وفيعلەكانى ديكەشى بە هاتن وجياكردنەوەى مەخلوقەكانى ناچن

مەعيەت ولەگەڵ بوونى ئەوو ،علوبڵندترينى ئەو هيچيان وەک لەگەڵ بوون و بڵندى هيچ كام لە مەخلوقەكانى ناچن.

ئەوە واتاى سوڕەتى :

قُلْ هُوَ اللَّهُ أَحَدٌ (1)

(ئەی محمد (صلى الله عليه وسلم) ئەی ئیماندار) بڵێ: ئەو _ الله_ یە تاک و تەنهایە (بێ هاوەڵ و هاوتایە).

اللَّهُ الصَّمَدُ (2)

الله هەردەم پایەدار و دەسەڵاتدارە، نیازی بە کەس نییەو هەموویان ئاتاجی ئەون، هەر ئەو دەتوانێ بەڵاو و ناخۆشی لابەرێت و پێویستی و داخوازیەکانمان جێ بە جێ بکات.

لَمْ يَلِدْ وَلَمْ يُولَدْ (3)

هیچ کەسی لێ نەبووە و خۆشی لە کەس نەبووە.

وَلَمْ يَكُن لَّهُ كُفُوًا أَحَدٌ (4)

هەرگیز هاوتاو هاوشێوە وبەرامبەرو هاوشان و

دەسەڵاتدارێکی تری وەک ئەو نەبووەو نابێ.

بۆیە ئەوانەی لەسەر بنچینەی تەشبیە کردنی
اللە و ئیسمەکانی وفیعلەکانی بە خودوئیسم
وکرداری مەخلوقەکان هاتوون هەندێ ئیسمیان
دابەشکردوون بۆسیفاتی زات وسیفاتی فعل
وسیفاتی خەبەری ووەحدانیەت وبەتەنیاناسینی
اللە یان کردۆتە بەش بەش و ئەوانەش
کەلەترسی تەشبیە ی اللە نەکەن بە
دروستکراوەکان نکولیان لەزۆرئیسم کردوەو
گوتویانە بوونی ئەو ئیسمانە دەبێتە هۆی بوونی
چەند دیاردەیەک کە کەم وکوڕیە ولە اللە
ناوەشێتەوە ، هەموو ئەوانە لەو بنچینە
تێنەگەیشتوون کەاللە نەلەخودی ونەلە
ئیسمەکانی ونەلەفیعلەکانی بەهیچ کام
لەمەخلوقاتەکانی ناچێ.

خۆکە لەوبنچینە تێگەیشتبان مافی ئەوەیان
بەخۆیان نەدەدا کە باسی خاڵی بوونی عەرش
بکەن لەکاتی دابەزین، باسی ئەوەبکەن کە
مادام ئەولەهموو شونێک لەگەڵمانە کەواتە

هەموو بوونەوەرە ،یان ئاوێتەوحلول ویەکی گرتووە لەگەڵ مەخلوقەکانی.

ناسینی تەواوی اللە دەبێ باوەڕت وابێ کە هەموو شتێک بەویست وخواستی ئەوەوهیچ ڕوداوێک لەدەرەەی ویستی ئەوڕوونادا.

وەئەوهەمیشە بەسەرهەموو ورد و درشتی ئەم بونەوەرەدا دەسەڵاتدارەو هەردەسەڵات داریش دەبێ وئەو خالقی دووریەکان وکاتەکان وتەنەکان و بارودۆخەکان ودیاردەکان وگۆڕانەکان ونەگۆڕاوەکان وجوڵێنەرو وەستێنەری هەموو شتەکانە..

وە ئیسمەکانی وجیاکەرەوەکانی وەک نفسی اللە ئەزەلی وئەبەدین وهەمیشە هەیبوون وهەردەم دەی مێنن.

جائەوکەسانەی کەوتوونە ناوبەشێک لەوتەشبیهانە ،یان بەخەیاڵی خۆیان دەقێکی قورئان وسونەتیان بەتەشبیە داناوەو نکولیان

لێکردوەو گوایە لەتەشبیە ڕایان کردوەو تەنزیهیان کردوە، ،هەرچەند زاناش بن هەر کارێکیان کردوە کەوادەخوازێ شەریک دانەروهاوبەش بڕیاردەربن، بەڵام زانا ربانیەکان ڕێسای بازنەی کافرنەکران بەهۆی ڕێگری وعارض الجهل یان فراوان کردوەو ئەوانەیان کافرنەکردوون چونکە پێیان وابووە کەبەهۆی نەزانین وجهل کەوتوونە ئەوجۆرە هەڵانەوە..

بۆ بەکارهێنانی ئیسمی علی ئەوەندە بەسە کە مرۆڤی مسوڵمان پێویستە ڕۆژی زیاد لە دەجار ئایەتی کورسی بخوێنێ کە بە ئیسمی الْعَلِيُّ کۆتایی دێ.

هەروەها پێویستە مسوڵمان ڕۆژی سەدو دوو جار لەنوێژدا بڵێ سبحان ربي الاعلى.

دووبارەکردنەوەی زیکرێک لە ڕۆژێکدا زیاترلە سەد جار واتای ئەوەیە کە باوەڕبوون بە وەی کە اللە بڵندترین وئەعلاترینە ونابێ مسوڵمان لەوە بێ ئاگابێ زۆرپێویستە هەمیشە ئەوەمان لەیادبێ کە اللە ئەعلاترین و بڵندترینە و هیچ شتێک وبونەوەرێک لەو ئەعلاترنیە، کە مسوڵمان باوەڕی بەو ئەعلاترینە نەبێ ئەوە واتای نوێژ وپەرستشی نەزانیوەو تێی نەگەیشتووە.

لەسوڕەتی الاعلی دوای ئەوەی دەفەرموێ هەموو جوڵان ومەلەکردن و ئاڵوگۆڕو بزاڤ وپاکیەک تەنیا بۆ ئیسمی پەروەردگاری بەدیهێنەرت ئەعلایە ،ئەوبڵندترینەی کە بڵندترین بوونی بەسەرهەموو شتێکدا ڕێگرنەبووە کە ئەو لەناو زەوی ودەریاکان ودارستانەکان وهەناوی گیانەوەران ئەو گیانەوەر وڕوەک وخانەو گەردیلانە دروست بکاو خەلق بکاوبەدی بهێنێ .

تاكو كەس گومانى بۆ ئەوە نەچێ چۆن ئەو پەروەردگارە كەلەبەرزترينە چۆن ئەو هەموو خانەوشانانە لەقوڵايى دەرياوژێرزەوى وسەرزەوى دروست دەكا؟

چونكە پێش ئەوەى ئەم پرسيارە دروست بێ دەبێ باوەڕى ئيماندار وابێ كە الله نە نەفس وخود ونە ئيسمەكانى وواتاكانيان ونە كردارو فەرمايشتەكانى لەهيچ ڕوويەكەوە بەهيچ يەكێ لە مەخلوقات ودروستكراوەكانى ناچن ...

بۆيە لێرە ئەو پرسيارەش دروست نابێ ئاخۆ نفسى الله و ئيسمەكانى يەكن يان لێک جيان ،

كەواتە واسعى وبەرفراوانترينى الله لەهەموو بوارێک دايە ،لەعيلم وزانين و لێبوردن وڕەحمەت وبەزەيى وتواناوشيان وداهێناندا.

لەهەموو بوارێک هەرپەروەردگارمان بەرفراوانترينە.

ملیارەهاخەڵک لەیەک ساتدا دوعادەکەن وبەهەزاران زمان وملیارەها لەگیانەوەران لەیەک ساتدا پێویستیان هەیە وترلیۆنەهائەستێرەو مانگ وخۆرو کەشکەشان پێویستیان بەئاڕاستەکردن وپاراستن و جووڵانە.

الله ی واسع بههەموویان ڕادەگاو پێویستی هەموویان بەجێ دێنێ.

اللَّهُ لَا إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ الْحَيُّ الْقَيُّومُ لَا تَأْخُذُهُ سِنَةٌ وَلَا نَوْمٌ لَّهُ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَمَا فِي الْأَرْضِ مَن ذَا الَّذِي يَشْفَعُ عِندَهُ إِلَّا بِإِذْنِهِ يَعْلَمُ مَا بَيْنَ أَيْدِيهِمْ وَمَا خَلْفَهُمْ وَلَا يُحِيطُونَ بِشَيْءٍ مِّنْ عِلْمِهِ إِلَّا بِمَا شَاءَ وَسِعَ كُرْسِيُّهُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ وَلَا يَئُودُهُ حِفْظُهُمَا وَهُوَ الْعَلِيُّ الْعَظِيمُ (البقرة255)

نابلسی دەڵێ :مرۆڤ لەم گەردوونە فراوانە کەتائێستا جیاوازیان هەیە کە چەند سەدو هەزارسالّی تیشکیە، بە قسەی خۆیان تەنیا

بەشێک لەدەسەڵاتیان گەیشتۆتە یەک چرکەی تیشکی ،چونکە مانگ تەنیایەک چرکەی تیشکی بگرە کەمتریش لە ئێمە دوورە..

یەک چرکە لەپانتایی ٢٤ملیارساڵی تیشکی ڕێژەکەی دەبێتە چەند؟!

هەروەها لەناوخودی ئەم مرۆڤە بچوکەدا الله ویستویەتی ئیسمی الله واسع مان نیشان بدایە بۆیە لەوملیاران مرۆڤەی ئێستاهەن ولەوانەش لەڕابردوو هەبوون ،هەموویان تایبەتمەندیان لەیەکتر جیایەوهیچیان بەیەک ناچن لە:

-گلێنەی چاوەکانیان.

-شەپۆلی دەنگەکانیان.

-بۆنی پێستەکانیان

-پەنجەمۆرەکانیان

-ناسنامەو کۆدی سپێرمی پیاوەکان

-پێکهاتەی نەسیجی خوێن وهەستەوەریەکان.

ج١اسماء الله الحسنى /ن.محمدعزيزلۆتەرى.

-شێوەوڕوخسارى دەم وچاوەكان.
-بەژن وباڵاكان وقەدو پەيكەرەكان.
-گورچيلەكان.

نابلوسى دەڵێ: كە مرۆڤ كليەى كەم وكوڕى تێدەكەوێ دێتە ئەونەخۆشخانانەى كە كليەكى دەستكردیان تێدايە هێندەى مێزێک گەورەيە ودەبێ هەفتانە سێ جار نەخۆش هەرجارەى بۆ هەشت سەعات لەتەنيشت ئەم مێزە كليە دەستكردە شلەمەنى لاشەى بۆ بپاڵێورێ،كەچى ئەوكليە لەناولاشەى ملياران خەڵكدايە هێندەى هێلكەيەكەو بەبێ كێشە ئەم كارانە دەكا.

پاشان نابلوسى باسێكى جياوازى گۆڵ وگەڵاى درەخت وڕوەكەكان دەكا كەهەريەكەيان تايبەتمەندى خۆيان هەيە.

بۆيە دەڵێ كە حەسودى وئيرەيى مرۆڤ بەهۆى ئەوەيە كەباوەڕومتمانەى بە ئيسمى الواسع لاوازە.

مرۆڤ هەتابڵندتربێتەوە توانای بینینی شوێنەکانی فراوانتردەبێ، وەهەتا زیاتربزانێ وشارەزاتربێ ،بەرفراوانی علم وداهێنانی پەروەردێنەکەی باشتردەزانێ ،کاتێ زانی دەبێ ئەویش لە لێبوردن وچاوپۆشی و میهرەبانی وبەخشندەیی و...بەرفراوانتر بێ.

بۆ پێغەمبەران هەموو گەلەکانیان بەکوڕوکچی خۆیان دەزانی، هەموو مرۆڤایەتیان بە خوێندکاری خۆیان دەزانی؟

چونکە وابڵندببوون ولەسەرلوتکەکەوە هەموو ئەندامانی مرۆڤایەتیان لێ بووە خێزانی خۆیان.

وەک ئەوباوکەودایکە نەبوون کەلەدۆڵێکدا تەنیاکوڕوکچی خۆیان، هاوزمان وتیرەی خۆیان ببینن وتەنیا مافیان بۆ ئەوان بوێ..

بۆیە سەروەرمان علیه الصلاة والسلام دەفەرموێ : " لو تعلمون ما أعلم لبكيتم كثيراً ولضحكتم قليلاً "[الحاكم] .

وەلە فەرمودەی قودسی هاتووە:

" يا عبادي ، لو أنَّ أوَّلكم وآخرَكم ، وإنسَكم وجِنَّكم ، قاموا في صعيد واحد فسألوني ، فأعطيتُ كُلَّ إنسان مسألتَهُ ، ما نقص ذلك مما عندي إلا كما يَنْقُص المِخْيَطُ إذا أُدِخلَ البحرَ ـ ذلك لأن عطائي كلام ، كن فيكون ، وأخذي كلام ، زل فيزول ـ فمن وَجَدَ خيراً فليَحْمَدِ الله، ومن وجد غير ذلك فلا يَلُومَنَّ إلا نَفْسَهُ "[مسلم] .

بۆیە ئەودەشتەکیەی گوتی:

: يا رب ارحمني ومحمداً ، ولا ترحم معنا أحداً ،

سەروەرمان پێی فەرموو : لقد حجرت واسعاً ، فضل الله عميم .

" إنكم لن تسعوا الناس بأموالكم فسعوهم بأخلاقكم " [أبو يعلى] .

1ـالله اللطيف له بوونيدا:

{لَّا تُدْرِكُهُ الْأَبْصَارُ وَهُوَ يُدْرِكُ الْأَبْصَارَ ۖ وَهُوَ اللَّطِيفُ الْخَبِيرُ}(الشورى:103).

وەكە ئەوەى پێمان بفەرموێ هۆى ئەوەى كەبينينە سنوردارەكانى ئێوە ناتوانن بم بينن، چونكە من زۆرخبيروشارەزام وخەبيريەكەم بێ سنورە.

وەزۆريش اللَّطِيفُ و وردبين وشاراوەم وئەويشم بێ سنورە.

كەخۆم لەبينينتان لەدنيا لەبەرچاوتان بزركردوەودەركم پێناكەن لطفى من بەئێوەو ڕوحمم پێ كردوون ،وەك لەفەرمودەش هاتووە:

[حجابه النور لو كشفه لأحرقت سبحات وجهه ما انتهى إليه بصره من خلقه].

پەردەى ڕووى حەق نورە ،كە ئەوپەردە هەڵگرێ ڕۆشنايى ڕوخسارى حەق ئەوەندەى دەكەوێتە بەردیدى بينينى ئەو هەمووى دەبێ بە قەقنەس ودەسوتێ "

وەبێگومان سنوريش بۆ بنينى ئەونيە وهەموو شتێ دەبينێ ،كەواتە كەئەوپەردەيە لابا هەموو بونەوەر دەسوتێ.

وامەزانن كەئەوپەردە لەسەر ڕووى حەقە ڕێگرى لە بينينى ئەو بۆ بوونەوەران دەكا ،بەڵكو ئەو پەردە تەنها قەڵغانە بۆ ئەوەى بوونەوەران نەسوتێن.

جاكاتێ ڕۆژى قيامەت چاووبينيان توانای بينينى دەبێ خۆمان پێ نيشان دەدا.

2ـ الله اللطيف لەزانست و علمەكەيدا:

عليمى ئەو گەمارۆى هەموو شتێكى داوەوهەموو پێزانينێک دەزانێ وهەمووشتێكى بەئامار وژمارەو داتا دیاری کردووە،،

مسقاڵ وگەردیلەیەکی شاخەکان ودڵۆپەیەکی زەریاکانی لێ بزرنابێ.

دەزانێ لەسەرەتای بوون تاکۆتایی جیهان چەند دڵۆپ باران دەبارن وچەندگەڵا بەدارانەوەدەبن وژمارەی مێروو و گەردیلەکانی هەمووجیهان دەزانێ.

{إن الله لا يخفى عليه شيء في الأرض ولا في السماء هو الذي يصوركم في الأرحام كيف يشاء}(آل عمران:5 ،6).

{يَا بُنَيَّ إِنَّهَا إِن تَكُ مِثْقَالَ حَبَّةٍ مِّنْ خَرْدَلٍ فَتَكُن فِي صَخْرَةٍ أَوْ فِي السَّمَاوَاتِ أَوْ فِي الْأَرْضِ يَأْتِ بِهَا اللَّهُ ۚ إِنَّ اللَّهَ لَطِيفٌ خَبِيرٌ}(لقمان:16).

ئەم زانستەی ئەوەندە وردوشاراوەیە دەچێتە ناو هەموو نهێنی وشاراوەکان وناوهەناوی دڵ ودەروونەکان وژێردەریاوزەریاکان.

{أَلَمْ تَرَ أَنَّ اللَّهَ أَنزَلَ مِنَ السَّمَاءِ مَاءً فَتُصْبِحُ الْأَرْضُ مُخْضَرَّةً ۗ إِنَّ اللَّهَ لَطِيفٌ خَبِيرٌ}(الحج:63).

3ـ کەدەفەرموێ الله اللطيف بعباده:

لطيفه به ڕێزوپایەوچارەنوس وئەندازەگیریان،بەکردەوەوتوانا سنوردارەکانیان، بەنەخشەو پلان وکرداریان.

لەهەموو ڕووەکان بێ بەرامبەروبێ سنور چاکە کارەلەگەڵ بەندەکان،ئەوپەڕی بەسۆزوبەزەییە لەگەڵیان ،ئەونەرم ونیانە لەگەڵیان لەکاتێکدا ئەوان لەوپەڕی سەرکەشی وياخی بونیاندان، ئەودەیانپارێزێ لەکاتێکدا ئەوان لەوپەڕی نەزانیدان ، بەرژەوەندیەکانیان یەک لەدوای یەک بۆ ئامادە دەکاو وەک

هێلکەی سپی کراو دەیخاتە بەردەستیان
لەکاتێکدا ئەوان هەر هەستیشیان پێ نەکردبوو
، لەشیرینی خەوی بێ ئاگایی شاوانا
دەیانپارێزێ، ڕوحی ڕەوانی گەشتیار
وئازادبوو لەقەفەزی لاشەی تەنگ وتاریک
بەگریانەوە دەگێڕێتەوە ناولاشەکەی وبەملی
ڕوح دەفەرموێ جارێ ئارامت بێ
لەناوئەودیلیە بۆخۆت وبۆلاشەکەش باشە.

بژێوی وڕۆزیان بەشێوەیەک بۆ دێنێ کەهەر
بیریشیان لێ نەکردبۆوە ، لەکاتێکدا ئەوان
لەڕۆژگاراخەریکی یاری وگاڵتەوگەپ و
سەوداوبازاڕن ئەودەیانپارێزێ.

لەکاتێکدا ئەوان پشت لەشەرع وبانگەوازەکەی
هەڵدەکەن ویاخی دەبن وپشت لەزیکرویادی
ئەودەکەن و دەچن کەسان وچەند شت
ودیاردەیەکی دەستەوستان دەپەرستن کەچی ئەو
حەلیم وبەرگەگرە لەگەڵیان و بەزەیی بەنەزانی

وئاسۆ تەنگیاندا دێتەوەو سزایان ناداو
چاوپۆشیان لێ دەکا وهۆکاری
تۆبەوگەڕاناوەیان بۆ ئاسان دەکاو چاوی دڵ و
ڕوویان ڕۆشن دەکاتەوە.

لەهەژاری ونەداری وبێ بارانی ونەخۆشی
وگیرۆدەبوون بەتاوان وسەرپێچی دا هەرجارە
وبەشێوەیەک فریایان دەکەوێ وبەهانایانەوە دێ
..

4- لطیف له شەرعه کەیدا:

{يُرِيدُ اللَّهُ بِكُمُ الْيُسْرَ وَلَا يُرِيدُ بِكُمُ
الْعُسْرَ}(البقرة:185)،

{يُرِيدُ اللَّهُ لِيُبَيِّنَ لَكُمْ وَيَهْدِيَكُمْ سُنَنَ الَّذِينَ مِن قَبْلِكُمْ
وَيَتُوبَ عَلَيْكُمْ ۗ وَاللَّهُ عَلِيمٌ حَكِيمٌ . وَاللَّهُ يُرِيدُ أَن
يَتُوبَ عَلَيْكُمْ وَيُرِيدُ الَّذِينَ يَتَّبِعُونَ الشَّهَوَاتِ أَن
تَمِيلُوا مَيْلًا عَظِيمًا . يُرِيدُ اللَّهُ أَن يُخَفِّفَ عَنكُمْ ۚ
وَخُلِقَ الْإِنسَانُ ضَعِيفًا}(النساء:26-28).

{مَا يُرِيدُ اللَّهُ لِيَجْعَلَ عَلَيْكُم مِّنْ حَرَجٍ وَلَٰكِن يُرِيدُ لِيُطَهِّرَكُمْ وَلِيُتِمَّ نِعْمَتَهُ عَلَيْكُمْ لَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ}(المائدة:6).

ئاسانى بۆيان دەوێ وزەحمەتيان لێ لادەدا،ڕێنماييان دەكاوبەرچاوڕۆشنيان دەكا،پێى خۆش نيە وەچەكان بەمەرەدى گەلە بەهيلاک چووەكان بچن،دەزانێ مرۆڤ لاوازو بێهێزەو هەميشە باڵى دەگرێ ولەچاڵ وهەڵخليسكانەكان هەڵى دەستێنێتەوە.

دەيەوێ دڵ ودەروون وڕوح ولاشەيان لەهەموو چەپەڵيەک پاک كاتەوەو وشايانى ژيانى هەتاهەتاييان بكا.

لەودەرد وبەڵاوحەرامانەش كەزيانى بۆيان هەيە وردەوردە وبەچەندقۆناغ لەسەرى حەرام كردوون وەک لە ياساغ كردنى مەيخواردنەوەو ڕيباو واجب كردنى پلە بەپلەى جيهاد ونوێژو وڕۆژوو كردويەتى.

ئەمەهەموو‌ى چونكه ئەوخالقه لطيفه دروستكراوەكانى باش دەناسى {أَلَا يَعْلَمُ مَنْ خَلَقَ وَهُوَ اللَّطِيفُ الْخَبِير}(الملك:14).

5-لطيفه ولوطفى خۆى له شتەپێچەوانەكانداشاردۆتەوە:

هەركەسێ لەم جيهانه كەمى بداتێ ئەوەله قيامەت دەيداتێ ، هەركەسێ لەم دنيا بەربەڵاى كائەوه لەقيامەت پلەى باڵادەكا،، لەناوددان وكەڵبەكانى مەينەت دا مينحەو وبەخششى ڕوحانى داناون،ناهێڵێ ببيه مليۆنێرێک تاكو بتپارێزێ،نايەوێ ئەوشت وكەسەت بداتێ كەخۆشت دەوێ وهەڵپەته تاكوپێى بگەى تاكو توشى ئەو زيانه نەبى كەتۆ بەرگەى ناگرى.

لوطفى هەره گەورەى لەوەدايه كەله ڕوداوه شاراوەكانى ڕۆژگاروقەزاوقەدەر دەتپارێزێ

ج١اسماء الله الحسنى /ن.محمدعزيزلۆتەرى.

ئەوڕوداوانەی دەیانزانی وئەوانەش کەنایانزانی

.

،ئیبن مەسعود دەڵێ:

"إن العبد ليسعى في الأمر حتى إذا تهيأ له قال الله اصرفوه عنه فإني إن يسرته له أدخلته النار".

بەندەیەکە زۆر بەهەڵپەیە بۆگەیشتن بە ئامانجێک ، تاوای لێدێ ئامادەی دەکاوخەریکە پێی بگا، الله دەفەرموێ لێی دوورخەنەوە،من کەئەوەم دایە توشی چونەدۆزەخ دەبێ..

ئەو دەریا و ڕوبارە بەشەپۆلەی مەلەوانی کارامە دەخنکێنێ بۆمەلۆتکەکەی دایکی موسی دەکاتە ڕێڕەوێکی ئارام، ئەوفیرعەونەی کە کون بەکون لە منالّەکانی ئیسرائیل دەگەڕێ کەچی موسا چۆتە بەردەستی ولەجیاتی سەربڕین دەبێتە شازادەلەکۆشک. {إن ربي لطيف لما يشاء}.

مریەمێک کەمردن بەئاوات دەخوازێ:

{ياليتني مت قبل هذا وكنت نسيا منسيا}

دەیکاتە نیشانەی پاکیزەیی و ئیمان ووڕوحانیەت.

وپلەی الصديقين ی پێ دەبەخشێ.

مریم وای زانی بەڵاوهەتکچوونە وکەچی بۆی بوونە کەرامەت ..

{إن ربي لطيف لما يشاء}.

ئائەوە یوسفە هەرلە دەست بەڵاومەینەتیەک دەردەچێ وتوشی بەڵایەکی دیکە دەبێ،لە کۆت وبەندی هۆگری ماڵەوە بۆ بنی بیر، لەبیرەوە بۆکۆیلایەتی، لەکۆیلایەتیەوەبۆ بوختان پێکران وپاشان بۆ زیندان، پاشان ئاڵقەی شەشەمی زنجیرەکە دەبێتە وەزیری گەنجینەکانی سەرزەوی هەموو مرۆڤایەتی

ولەوانەش براكانى پێويستيان بەچاكەى ئەودەبێ

إن ربي لطيف لما يشاء}.

لەچيرۆكەكانى سوڕەتى كهف ،لەوهەموو بەلەمانە بەلەمێک چاکەکارن وخزر وموسا سوار دەکەن، کەچی خزر سەفینەکەیان لەکەدار دەکا، تابەولەکەداریە نەهێڵێ پاشادەستی بەسەردا بگرێ .

جوانترین منآڵ دەکوژێ چونکە ئەومنآڵە دەبووە هۆی بەدبەخت کردنی باوک ودایکە ئیماندارە کەی ، لە گوندێکی سپڵەو میوان نەحەوێنەوە وەلیەک وپێغەمبەرێک دیوارێک بە برسێتی وتینوێتی دروست دەکەن تا ببێتە پارێزەری گەنجینەی دوو هەتیوی بێ ناز تا گەورە دەبن، ئەمانە و چەندین دیمەن و هەڵوێستی دیکە لەناو مێژوو وبونەوەران

وگیانەوەران وگەردوندا تاکو دەریخەن وبیسەلمێنن کە:

{إن ربي لطيف لما يشاء}.

هەندێک لە لێکدەرەوان گوتویانە کبریا لە عیزەت والعظمة بەڕێزترە ،چونکە لەلای مرۆڤ کڵۆجە وچاکەت وکراس لە پانتۆڵ ودەرپێ وبەرهەڵبێنە بەڕێزتر دانراوە .

بەڵام ئەولێکدەرەوانە پێم وانیە لەم لێکدانەوە پێکابێتیان چونکە یەکەم جارێ اللە یان تەشبیە کردوە بە خۆیان، پاشان هاتوون ئیعتباری جل وبەرگی خۆیان کەچی لەچی باشتر ە هاتوون بەسەر ئەویشیاندا سەپاندوە.

هەرچەندە تەنانەت لای مرۆڤیش هەموو کۆک نین کە ئایا پانتۆڵ لەکراس بەڕێزترە یان بە پێچەوانە یان هەروەک یەکن.

جارى ئەوانە لەبيريان چووە كە ئيسمى هەرە مەزنى الله كەدوعاى پێ بكرێ وڵام دەداتەوە بە الاعظم دانراوە نەک بە الاكبر.

واتە پێى دەڵێين:اسم الله الاعظم .

ئەوجار ئايەتى كورسى كەگەورەترين ئايەتە لەقورئان بە العظيم كۆتايى هاتووەو عەرش كەگەورەترين دروستكراوەبە العظيم ناسێنراوەو زكرەكانى نوێژ العظيم ى زۆرترتێدايە نەک الكبير ،بۆيە بۆچوونەكەيان لە جێى خۆى نيە...

حلول وئيتحادى خالق و مەخلوق لەنێوان ئەندێشەو وڕاستيدا .

چۆنێتى پەيوەندى خالق وبەديهێنەر بە بونەوەرو گەردوون و جيهانەوە.

چۆنێتى پەيوەندى نێوان ڕوح ولاشه
له مرۆڤەكاندا.

نهێنيه شاراوەكانى ڕوح و مردن .

مرۆڤ به درێژايى مێژوو ، لەناو هەموو ژيار وشارستانى وڕۆشنبيرى و ئاين وفەلسەفەكان گرنگى به دوو بابەتى ئاڵۆز زۆر داوەو ئەودوو بابەته مرۆڤيان زۆر خەريک كردووه ، ئەوانيش بريتين له :

١-چۆنێتى پەيوەندى خالق وبەديهێنەر به بونەوەرو گەردوون و جيهانەوه.

هەموو شته بەديهێنراوەكان بوونەكەيان له زۆر ڕووى تواناكان و سەرەتاو كۆتايى وپێويستيەكانيان وداخوازيەكانيان ڕێژەيى وسنورداره .

تەنيا الله لە بوونيدا لەهەموو بووارەكانى
ئەزەليەت وئەبەدى و تواناكانى بێ سنورە
وتەنيا ئەو وجود وبونێكى ڕاستەقينەو حەقيقى
هەيە ولە بوون و تواناكان وئەزەليەت
وئەبەديەتى پێويستى بە كەسى ترنيە وهەموو
شتێك و كەسێك لە دروستكراوەكان
هەموويان لە هاتنە بوون وبەردەوامى و گۆڕان
و جوڵەوگەشەسەندنيان پێويستيان بە الله يەو بێ
يارمەتى ئەو هەموويان نەبوو ودەستەوستانن.

كەواتە تەنيا الله وجود وبونيادێكى ڕاستەقينەى
ڕەهاى هەيە ودەبێ و وجود وبونيادى هەموو
شتە بەديهێنراوو دروستكراوەكان ڕێژەيى و
سنوردارو سێبەريە و وجودێكى ڕاستەقينە نيە.

كەواتە بونياد و وجودى خالق لەگەڵ وجودى
مەخلوقەكان هاوبەش و پێكداچوو-متداخل- نيە
وەك هەندێك دەڵێن ، چونكە لە هيچ ڕەهەند و
بوارێك وئاڕاستەيەك خالق نە لە وجوديدا

ج١اسماء الله الحسنى /ن.محمدعزيزلۆتەرى.

وەک مەوجوداتە مەخلوق وبەدیهێنراوەکانی نیە
.

ئەوەش ئەوەناگەیەنێ کە هەندێ هەموو
بونەوەران بەخەیاڵ وئەندێشە بزانن و گومانیان
لەبوونیان هەبێ ، بەڵێ هیچ بونەوەرێکی
مەخلوق وەهمی وخەیاڵی نیە، بەڵکو هەموویان
هەن بەڵام هەموویان لەهاتنە بوونیان دا ولە
مانەوەوپاراستنیان و مانەوەی کاریگەری
وتایبەتمەندی وناسنامەیان لەبوون دا پێویستیان
بە خالق و بەدیهێنەری تاقانە هەیە.

ئەفسانەوئەندێشە وفەلسەفەکان لە کۆندا وهزر
وزانستە سروشتیەکانی فیزیاوکیمیاو
وفەلەکناسی لە ئێستادا هەوڵیان داوە نهێنی ئەم
بوونەوەروگەردونە بەرجەستە وبەرهەستە
وبەرهۆشە بدۆزنەوە .

ئەم ڕێباز انە لە دەروازەی هۆکار و
دەرەنجامی هۆکار و هەربوو و داهێنراو

ویستویانە ئاماژە بە پەیوەندی خالق بە مەخلوقەوە بکەن ،بەو ڕوپێوە هزری وعەقڵیانەی هەیانبووە ویستویانە هەبووەکان دابەش کەن بۆ مەوجودی ناوزەین و مەوجودیبەرچاو ....هتد

بەڵام هاوکێشە هزری وبیرۆکەکانیان زیاتر بە ڕوپێوی بەرجەستەی شتە مەخلوقەکانن ، بەنمونە لە وێکداچون و تداخولی خالق و مخلوق لەبیریان چوە کەئەوتەداخولە تەنیا بۆ بونەوەرە مەخلوقەکانە ، وەزۆرجار لەبیریان دەچێ کە کات وبۆشایی و شوێنیش لە دروستکراوو مەخلوقەکانن ، جا بۆیە کاتێ لەدەقێک هاتن و چون ودابەزین وبڵند بوونی خالق دەخوێننەوە کە ئەوکردەوانە پاڵدراونە لای کاتێک ، یەکسەر بڕیاری ئەوەدەدەن کەخالق و مەخلوق لە ناو پانتایی سات وکاتەکان وشوێنەکان هاوبەش و وێکداچوو - متداخل-ن .

چونکە هاوکێشە سەرەکیەکەیان لە
جیاکرانەوەی خالق لە مەخلوق لەبیر چۆتەوە،
یان هەر لە بنچینەدا تێی نەگەیشتوون کە خالق
لەهیچ تایبەتمەندیەکی مخلوقەکان هاوبەش و
وێکداچوو نیە بالە ڕووکەشیشدا دەربڕینەکان
واگوترابن ، ئەوەدەستەوستانی دەستەواژەو
زمان ودەربڕینەکانە بەڵام بەهیچ شێوەیەک
خالق بەتایبەتمەندی ودەفرە مەخلوقەکانی وەک
کات وشوێن دەرک نادرێ و دەورەی نادرێ
چونکە ئەودەفرە زەمان وشوێنانە مەخلوقن لە
هاتنە بوون و مانەوەیان پێویستیان بەخالق
هەبووەوهەیە ، بۆیە مەحاڵە کەئەو
دەستەوستانانە ببنە دەفرو بازنەیەک وبتوانن
دەوری خالق بدەن.

پێناسەی وێکداچون - التداخل- واکراوە
کەجۆرە کارابوون و تەفاعولێکی دووڵایەنەیە
کەهەردوو لایەن لەگەڵ یەک هەیانە ،چونکە
هەردووکیان لەوکارە بەشدارن .

جا ئەم كارابوونە دوولایەنەش یان بە لاشەیان دەبێ کەبە لاشەی هەردووکیان ڕوبەرێکی هاوبەشی دیاری کراوتەواودەکەن

بەڵام کە لاشەی یەکەم هەموو ڕوبەرەکەی بووێ ، ئەوە جێی لاشەی دووەم نابێتەوە ، مەگەم ئەودوولاشە لەدوو دۆخی جیادابن ، یەکیان دۆخی شل وئەوی تر هەوای تواوەبێ .

لێرەدا کە بیرمەند وفەیلەسوفەکان بینیویانە خالق و مەخلوق لە بونیاد و وجود دا هەردووکیان هەن و مەوجودن و مەعدوم نین و شوێن وکاتی هەردوکیان هەرئەم بونەوەروگەردوونەیە بۆیە پێیان وابووە کە خالق و مەخلوق لەو دووەفرەدا -متداخل- وبەیەکداچوون.

بێ ئەوەی سەرنج لەوەبدەن کە ناکرێ خالق بە دوو زەرفی شوێن وکاتی مەخلوق لەگەڵ مەخلوقەکانی دەورەبدرێ .

چونکه بوون و وجودی خالق له سەروو زەرفی زەمان و مەکانه وئەودەورەی زەمان ومەکانی داوەولەنەبوونەوە بەدی هێناون.

بۆیە هیچ «التداخل الوجودي» لەنێوان خالق و مەخلوقەکاندا نەبووەونیە.

ئەگەر بگوترێ بەڵام وجودی مەخلوقەکان لەم بونەوەرە هیچ بەریەککەوتەی نیە لەگەڵ وجودی خالق لە بونەوەردا ، مادام هەردووک هەن و مەعدوم نین ، لەوڵام دەڵێیم کە نەخێر بونەوەر چوارچێوەیەکی مەخلوقە ، وجودی مەخلوقەکان وچوارچێوەو تایبەتمەندی و زەرفە مەخلوقە کانیان تایبەت بە خۆیانن و خالق لەو چوار چێوانە دا نیە و پێویستی پێی نیە ، بۆ هاوبەشی خالق و مەخلوق لە عەدەم نەبوون ، هەرکاتێ خالق ڕوی لە مەخلوق وەرگێڕا ئەوان عەدەم دەبن هەروەک چۆن لەوەوپێش عەدەم بوون کەواتە ئەوەخالقە بە میهرەبانی

خۆی بڕیاری داوە کە ئەو مەخلوقانە لەعەدەم ونەبوو دەربێنێ وئەوەندەی ویستی بێ لە چوونەوەبۆ عەدەم بیان پارێزێ.

عەدەم لەناو مەخلوقەکان یەک ئاست نیە و فرە ڕێژەیە ، هەیە بەلاشە دەمێنێ بەڵام وجودی زیندەگی لێ دەسێنرێ وعەدەم دەبێ .

لای ئەشعەریەکان تەنانەت تایبەتمەندی دیاردەو بونەوەرانیش بوونیان مەرج دارە بە مۆڵەتدانی خالق ، ئاگر لە خودی خۆیدا تایبەتمەندی سوتاندنی نیە ،ئەگەر خالق هەرکاتێ ئەوتایبەت مەندیەی لێ وەرگرێتەوە ئاگر تەنەکان ناسوتێنێ .

لێرەدا کە گوتراوە هیچ شوێنێکی بونەوەر خاڵی نیە لە وجودی خالق ، مەبەست ئەوەنیە کەهەموو بستێک زەرف وهێلانەی خالق بێ ، بەڵکو مەبەست ئەوەیە هەموو بونەوەر و دیاردەکان ودۆخ وتایبەتمەندیەکانیان

هەرئەوخالقە لە نەبوون وعەدەمەوە ئیجادی کردوون و پاراستونی وپەرەی پێداون .

کەواتە ئەوە بڵێین کە لەو شوێنانەی کە خالق وجودی هەیە ، بونەوەری تریش بوونیان هەیە ، چونکە ئەوشوێنە کەخۆی عەدەم بووەوبەدیهێنراوە پاشان کراوەتە کۆمەڵێک مەوجودی تر کەلەعەدەمەوە بەدی هێناون هەموو ئەو شوێنەو ئەوەی لەچوارچێوەی ئەوشوێنەش هەڵگیراون هەموویان حەوجێ وپێداویستیان لە وجود و مانەوەیان لەسەر وجودی خالقە واتە شوێن وکات هەرچەندگەورەبن لەدامێنی وجودی خالق دان نەک بە پێچەوانەوەبێ .

کە بگوترێ ئەی بەچی هاتن ودابەزین و بڵندبوونی خالق لێک دەدەنەوە ؟

لەوڵام دا دەڵێم کە ئێمە دەزانین کەئەوەی پێی دەڵێن شەش ئاڕاستەکە مەخلوقن

ودروستكراون بۆيەتەحاوى لەعەقيدەكەى دەفەرموێ كەشەش ئاڕاستەكە ناتوانن خالق لەخۆ بگرن وە عەرش الله ى هەڵنەگرتووە بەڵكو عەرش وئەوانەى لەژێرعەرشن هەموو ئەو هەڵى گرتوون ، هەربۆيە هەندێ لە زانايانى عەقيدە گوتويانە ئێمە الله دەبينين بەڵام لە ئاڕاستەيەک لە ئاڕاستەكان نا چونكە ئاڕاستەكانيش وەک كاتەكان وشوێنەكان مەخلوقن وناكرێ مەخلوق دەورەى خالق بدا.

بەڵام ئەوبەڕێزانە بيريان چوو كە ئێمە دوو كەون وبونەوەرى لێک جيامان هەن، الله كە هەموو ئيسمەكانى خۆى بە (كان) هەر بوو تايبەت دەكا ، كەواتە بوونى ئەو ئيسمانەو ئەو واتايانەى لێيان وەردەگيرن ئەوانيش مەخلوق نين.

الله كە ئيسمێكى علي،عليا، ظاهر ه ئەمانە هەموويان ئاماژە بۆ ئاڕاستەيەک دەكەن كە

بڵندیە ، بەڵام الله بڵند بوو پێش ئەوەی شەش ئاڕاستەکە دروست بکا ، کەواتە بڵندی الله پێویستی بە ئاڕاستە مەخلوقەکە نیە، هەروەک چۆن الله ئیسمی باطن کە هیچ شتێ لەو نزمترنیە ، دون وفوق هەردوو ئاڕاستەن پێش ئەوەی ئاڕاستە مەخلوقەکان دروست بکرێن .

وە ئەزەل وئەبەد یان اول واخر دوو ئیسمی الله ن لەهەمان کات دا دوو واتای زمانیش دەدەن بەدەستەوە ، بەڵام لێرە باسی زەمان وکاتی دروستکراونیە چونکە زەمان وکاتی دروستکراو ئەزەلی وئەبەدی نین ولەعەدەمەوە بەدی هێنراون.

کەواتە کەزانایانی فیزیا ئەمڕۆ بونەوەرەهاوتەرییەکان بدۆزنەوەو پێیان وابێ کە ئەم جیهانە هەرئەویەک بونەوەرەنیە کە مرۆڤایەتی ناسیویەتی بەڵکو چەندین بونەوەری

هاوتەریب و اکوان متوازیە هەن ، جابۆیە الله پەروەردگاری عالەمەکانە .

جامادام لەناوجیهانی مەخلوق ئەوهەموو کەونە متوازیەو بونەوەرەتەرییە هەبن وهەرڕۆژەو هێزێک ودیاردێک وناوەندێک لەم جیهانە پەردەی لەڕووی هەڵماڵرێ ، ئەی بۆ نابێ جیهان وئاڕاستەو شوێن وکاتی خالقی هەبن کەجیا بن لە کات وشوێنی مەخلوق ، بۆیە دابەزین وبڵند بوون وهاتن و هەربوویی و هەردەم مانی الله تاییەت بەون و وەک چۆن لە بینین وبیستن و ....هتد خالق بە بینین وبیستنی مەخلوقەکان ناچێ ، کەواتە لە هاتن وچون وبڵند بوون ودابەزین و لەو ئاڕاستەو ئەو کاتەش کە خالق تێیدا ئەم کارانەدەکا ئەوانیش لە هاتن وچون وبڵند بوون ودابەزین و لەو ئاڕاستەو کاتی مەخلوقەکان ناچن ..

لە هاوماناكانى نزيک بە واتاى وێكداچونى بونەوەران - التداخل الوجودي -

كۆبونەوەو مەكۆبوونى زۆرێک لەواتاكانە لە يەک بونەوەردا ، واتە جيايە لە تێگەيشتن وچەمک ، چونكە چەمک وتێگەيشتن لەهۆش وزەيندايە و بۆ واتايەک دانراوە كەلە واقعدا بوونى هەيە.

هەر شتێک چوار جۆرە بوونى هەيە:

1ـناوەدەربڕداوەكەى بەزمان «اللفظ»:

2ـهێما وتێگەيشتن وپێناسەى هۆش وزەين وبۆو چەمكە بەزمان دەربڕراوە «المفهوم»:

3ـشێوازە نوسراوەكەى ئەوچەمكە بەزمان گوتراوە و وێنەكێشانى و وێنەگرتنى .

واتاو ڕاستەقينەى ئەوچەمكە زەينيە گوتراوە بەزمان «المعنى أو المحكي»:

لێرەدا خالق وەک چۆن لەگەڵ هیچ کام لە مەخلوقەکان وتایبەتمەنەکانیان وێکداچوونی نیە ، کەواتە کۆبونەوەو مەکۆبوون و -اجتماع- یشی نیە.

هەروەها پێکەوەلکان وهاوسێ بوون لەنێوان خالق و مەخلوق نیە و -مجاورە والانضمام- پێکەوەلکان وهاوسێ بوون تەنیا لەنێوان دروستکراوەکان هەیە.

هەروەها هیچ لێکدران- ترکیب -وئاوێتەبوون- الحلول- ودڕاشتنێک و یەک بوونێک -الاتحاد- و تێکەڵاوبوونێک- الامتزاج- لەنێوان خالق و مخلوق دا نیە .

٢-چۆنێتی پەیوەندی نێوان ڕوح ولاشە لە مرۆڤەکاندا.

نهێنيه شاراوەكانى ڕوح و مردن .

مردن ونهێنى مەرگ و نهێنى ئاوێتەى ڕوح ولاشەو چۆنێتى لێک جيابونەوەيان ئەو حصن و قەلايه پتەوه دەرک نەكراوو كچه بوخچەى نەكراوەيه كه كەس پەى پێ نەبردوه.بۆيه فريشتەى گيان كێشان ناونراوه عەزراى الله ،واته ئەوكچه نەسمراوەى كەنەبۆته ژن وكەس نەيتوانيوه پەردەى كچێنى بدڕێ.

مەلەكى مردن كه ڕوح ده كێشێ وقەبزى دەكا كه كيشاى مەسح وفۆرمات ودێليتى دەكاو روحەكه له لايەنى زاكرەوه سفردەكاتەوەو دەسريتەوه,جا ئەم روحه وەك سيم كارت، لەجيهانى پێش ئاوێته بوون بەلاشه وبەرزەخ چى كردوەوچۆن بووه، ,بۆئەوەى لەم لاشه نوێ يەدا نەمشغولى تصفيه حساباتى كۆن بێ،

نەكارەكۆنە نيوەچلەكانى تەواو بكا ,كەلەوانەيە بۆئەمە پێويستى بە ماندو بوون و زەحمەت بێ ، ئەم مەسح كردنەش رەحمەتە بۆمرۆڤ تا يەكەم هەندێ پيزانين هەيە لە نەخۆشى خراپترە ,لەناو بچێ ,وەروحە كە لەودۆخە نوێيە بەهەموو واتايەك ژيانيكى نوێ بژى و بەختەوەر بێ .

هەروەها بۆ لايەنى لاشەكانيش كە دى ئين ئەى و جين وكرۆمۆسۆماتيان ليك هەلنەوەشينرێ , لەوانەيە كە دەزگاى خويندنەوەى ئەم شريت و سيمە دى ئين ئەيە ,بدۆزريتەوەو ئەوەى ئەمڕۆ پێ ى دەڵێين جينۆمى بەشەرى كەشف ببێ,بە دۆزينەوەى ئەوەش هەريەك لە ئيمە دەتوانێ بۆماوەى ئەو تەنەو خواردنە كە لاشەمانى لێ دروست بوە,دەتوانێ بڵێ كە ئەم قاچە لە چاخى كمبرى

داينا صۆر بو ,پاشان كيسەل بوو,دواى بوه قرش وپاشان بەرازو گورگ و ,,هتد,لەوانه يه هەر يەك مرۆڤ له ڕووى لاشەيى پيك هاتەى سەدان هەزار له گيانەوەرو بونەوەرانى تيدابێ و تا دەمرێ ئيدى لاشەى ببێتە گوزەرى مليۆنەها بەش و ئەندامە داوەشاوەكانى رابردوان له مرۆڤ و جگە لەمرۆڤ ،هەميشە گۆرستانى مرۆڤ ريزى تايبەتى هەيە,تەنيا ئەو خانەوەريوانەى كە رۆژانە له مرۆڤەكان دەوەرێ، ئەو لەوانەيە تێكەلى پيك هاتەكان بێ و بێتە لاشەى مرۆڤەوە.

كەواتە له سڕينەوەى شەى كەرى تەنە كان شەى تان رەحمەتيكى گەورەى الله يە و ئەم هەموو جەنجاليەمان بير دەباتەوە, وەك له سورەتى كەهف هاتوە كە يوشعى هاورێكەى موسى نسيان وبيرچونەكەى پال دەداتە لاى

ج١اسماء الله الحسنى /ن.محمدعزيزلۆتەرى.

شەيتان ,چونكە شەيتانە بەتەن شەكردن هەر 15 سال جاريك تەنەكانمان دەگۆڕێ و جارى وايە زهايمەرو نەخۆشىترى لە بير بەرەوە دەهينێ.

لێرە بە پيويستى دەزانم بابەتيكى عەقەدى وبنچينەيى باس بكەم كە هەموو دينەكانى بە خۆيەوە خەريك كردوە ,ئەويش بريتيە لە وەى پايەى روح وكەليمە لاى الله چيە؟چونكە ئەوەى جولەكە ومەسيحى و بوزى وبەرهەمى و صابئى و زۆربەى گەلانى سەرگەردان كردوە,تەنانەت لاى ئيسلاميش حەنبەليەكان وموعتەزيلەكان دەرحەق بەكلام و كەليمە هەمان كيشەيان هەيە,

باسى دە توخمە پەى پێ براوەكەمان كرد كە الله بە ئيسمەكانى و ئەرواحى لەناو ئەم دە

بونەوەرو عالە مەدايە و هەرئەو خەلقى كردون و پاراستونى و بۆ ئاڵو گۆريشيان بە وئيسم و روحانە ئاوێتەيى و كۆنتاكتى كردوە,دەشتوانرێ پێ ى بگوترێ ئيقتران, چونكە حلول وئاوێتەبوون بريتيە لە دوو جۆر :

١- حلول وئاوێتە بوونى دراوسێ وەك بوونى ئاو لەناو پەرداخيك كە پەرداخەكە زەرف و ئاوەكە حلولى تێ كردوە. ڕوح ولاشە ڕوح قەت تێكەڵى لاشە نابێ وەک چۆن مادەى پەرداخەكە تێكەڵى پێک هاتەى ئاوەكە نابێ.

٢- ئاوێتەبوونى تێكەڵ ،حلولى ساری، ئەمە يەك گرتنى تەواوە وەك گوڵاو كە گوڵ و ئاوەكە تێكەڵ بوون وناتوانرێ لێك جيا بكرێنەوەو بگێڕدرێنەوە بارى پيشوو.

بەلام ئیتحاد و یەك گرتن كاتی دوو زات وخود دەبنە یەك ،ئەمەش لە دوو شت دا دەبێ كە ئەو دوو شتە :یەكەم كە هاورەگەزی یەكتر بوون پێ ی دەگوترێ یەكبونی هاورەگەزی ,مجانسە,ئەگەر ئەم دوو شتە هاو چەشن وجۆرو نەوعی یەكتر بوون پێ ی دەلین مماثلەو وەكو یەك دەقاو دەق,وەك ئەو دوو بونەوەرە لە تایبەتمەندی دا یەكیان گرت پێ ی دەلین مشاكلە ,یەككرتنی هەمە جۆری و تنوع و فرە چەشنی,ئەگەر ئەم دوو بونەوەرە چۆنیتی یان وەك یەك بوو دەگوترێ ئەوە شەبیهە و ووێك چوە بە ئەوەی تر,ئەگەر لە چەندیتی دابوو,پێ ی دەگوترێ مساوات و یەكسانی,دەگوترێ ئەوە یەكسانە بە ئەوە,ئەگەر لە دریژی لاكان دابوو دەگوتری ئەو لایە متابق ی ئەوەی تر،ە، واتەلەگەڵی دلتەوەو لە راستی ئەوەو لێ ی تینەپەریوە,ئەگەر یەكبونەكە لە پالدان وزیادكردن دابو دەگوترێ گونجاوو

مناسبه ,واته ئەو زیاده لەگەڵ ئەصلەکه گونجاوو مناسبه,یەك گرتن له بەشەکان دا دەگوترێ هاوسەنگه,بەشی حەوتەم وهەشتەمی کتیبەکه هاوسەنگن ،واته وەصفی هاوبەشی کۆکەرەوەیان ئەو هاوسەنگیەیە.

بەلام ئەو ئیتحادەی لەگەڵ الله دەبێ له زاراوەی صۆفیاندا بریتیه له :بینینی زاتی حەقی بێ سنورو بێ کۆتایی که به حەق هەرئەو بوونەو هەیه,وەهەموو شتیکیش هەرئەوە، چونکه بوونی هەموو شتەکان هەربه ئەون له هاتنه دیان و مانەوەیان و که بەخۆیان بسپیردرێن معدوم دەبن و لەناو دەچن ,نەك ئەوه که ئەم شتانه بونێکی تایبەت بەخۆیان هەیەو لەگەڵ الله یەکی گرتوەکه ئەمه محاڵه.

واتە ئەو ئیتحادو حلولەی صۆفیان لەگەڵ الله هیچ کام لەو ئیتحادو حلولانە نیەکە باسمان کردن ,وە دیارە کە ئەمە ئیتحادی حاجەت وپێویستی و فەقیري بونەوەرانە لەگەڵ دەولەمەندی بێ نیازوبێ پێویستی، واتە ئەوەی پێ ی دەڵێین ئیتحاد لەنێوان بەندەکان وبونەوەران والله لە ڕاستی دا ئیتحادنیە بەڵکوخۆپێ هەڵاوەسین و تملق و مەرایی کردنی بونەوەرانی موحتاجەبە الله ی بێ نیازو تاقانە,کە دەبوو وشەیەکی تر بەکار هاتبایە نەک ئیتحاد,بەلام لە بەر هەژاری زمانەکانی مرۆڤایەتی لە ئاست ئەم هۆگری و کەمەندکیشیە ئەوزاراوەی حلول و ئیتحادەیان بەکار هیناوە.

بەکورتی الله کە ئەم بونەوەرانەی بە دی هێناوەو بەردەوامی و ئالو گۆڕی پێداون, الله

شمولی هەموو ئەو بونەوەر پەی پێ
براوانەی دەکاو شمولی هەربونەوەریکی
تریش دەکا کە پەی پێ نەبراوە لە جیهانی
بێجگە لە اللە,واتە اللە ئیستغراقی وجود
ودەرەوەی وجود دەکا,وەلەرووی زەمەنیش
ملیارەها سالە کەاللە شمول و ئیستغراق و
ئیدراکی هەموو ئەو لەوحانەی موجودات کە
پێش تەقینی بیك بن و دوای تەواو بونی بیك
بنیش دێن ،شمول و ئیستغراقو ئیدراکی هەموو
یان دەکا,بەبێ ئەوەی کە هیچ بونەوەریك
بتوانێ کە ئیستیعاب وشمول و ئیستغراق و
ئیدراکی اللە بکا .

گرنگی دان و محبەتی اللە بۆو عالەمانە بە
شێوەیەکە کە ئێمەی ئەم توخم وبونەوەرانەی
کە لە جیهانی پەی پێ برانی ئەم مرۆڤایەتیە
بەجن وئینس و مەلائکەو روح کە ئێستا

هەين ,ئيمه هەموومان وامان ليهاتوه كه گەيشتوينه يەقين كه الله جگه له ئيمه هيچ بونەوەرو وجود و خەلقيكى ترى نيه و شەو رۆژ كه هەرخولەكيك له شوێنێكى ئەم زەمينه،له سێ يەكى شەوەو پەروەرگار بانگى مستغفرين دەكا, بەلام دلنياشتان دەكەم بەقەدەر ئەو يەقينەى هەتانه كه الله خلقى ترو بونەوەرى ترى زۆرن و هەموشيان وەك ئيمه وادەزانن كه تەنيا ئەوان شايستەى گرنگى پێ دانى الله ن,جا ئێمه كه هيشتا بونەوەرەكان هەمو نەزانين ، چۆن بير له دەرك كردن به الله دەكەينەوە؟!

جيهانى روحى مجرد و جهانى ئەوەى صابئەكان پێ ى دەلين عالمى ئەنوار وروحانيەكان ,ئەويش چينێكەو ناوەندیكه كه روحى پەيام بەران و روحانيەكانى لێ يه.

جا ئەم بونەوەرى روحانيات كە روح الله لێ ى بەرپرسە، كە عيسى يە عليه السلام و كورەپورى حيات الله يە كە يحيى يە.

- كاتى الله ئەمرى كرد كە نفخ لە ناوەندى بۆشايى و باوەشى وجود وئينای بونەوەر و لەوح بكا ،بەم نەفخە دیڕەكانى لەو ح پێك دێن,دێرەكانيش مەدارەكانن,واتە فەلەك وخولگەى ئەستيرەكان , ئەستيرەكان لە سەر يان بەڕێوە دەچن و ئەوان سكەى شەمەندەفەرى وانن, وەدليل ورينمايى وانن بە ئەمرى الله ,وەدەمارو هەستەوەرو عصب و باعس و حابس وراكيشەرخوێندەرو ڕێبازى ئەو ئەستيرانەن.

-وەكاتێ الله بە روحى گوت كە نفخ لە وەسەت و ناوەندى باو هەوا بكا ,ژيانى فيترى و فايرۆس و بەكتریاو مێرو و مێشو لە و

ج١اسماء الله الحسنى /ن.محمدعزيزلۆتەرى.

میکرۆبەکان و بالندەو بۆنەکان پێك هاتن ,کەئەم بونەوەرانە ئالقەو ناوەندی بەیەك گەیەنەری جیهانی روەك و جیهانی ئۆرگانی و ژیندەگین.

-وەکاتێ الله فرمانی کرد روح فو به ناوەندی ئاوی دا بکا ئەوە ژیانی ئۆرگانی پێك دێ ,واتە گیانەوەرانی دەریا,لە ماسی ونەهەنگ و گیانەوەرەئاویەکان.

-که روح به فەرمانی الله فوی به ناوەندی ئاگری دا کرد تیشکەکان و رەنگەکان دێن و له ناو دەریا دەبنه روەك و درەخت و قەوزەو ناوەندە مەرجانیەکان, وەکاتێ فوی بەناوەندی گڵی داکرد مرۆڤ پەیدا دەبێ , که سەروەری جیهانی ئاوێتەبوونی ڕوح و ناوەندی مادی پێ دراوە.

جیهانه ئاوێته بووەکانیش بریتین له
چوارناوەندەکەی هەواو ئاوو ئاگروگڵ و ئەو

چواربونەوەرەی کە بەهۆی فوی روحەوە بەرهەم هاتون وگەشەیان کردوە ،چوار جیهانە حەرامەکەش بریتین لە عالەمی بؤشایی و مەدارەکانی و جیهانی روحانیات و بەرزەخ و جیهانی کەلیمات و بەهاو علمە مجردەکان وداڕنراوەکان,و جیهانی بورجەکان.

ئادەمی لەگڵ بەشەروپێست وجلدی الله یە ،بونەوەرێکی جەدەلی وبەگفتوگۆوزۆربلێ وهەمیشەهەڵوەریوە،شەیتان و شەی ئەوتەن وپێستە هەڵوەریوەش کە هەڵی دەوەرێنێ ،بڵێسە ولباس وحجاب وپەردەی ڕوی الله یە ،لە ئەنجامی لێخشانی بەرگە تیشکەکەی الله بە چەرم وپێستە خاکیەکەی شەی تە ن دەبێ وخانەکان هەڵدەوەرن،بۆیە ئەم دوو غەیورە مل ملانێ یانە ،لباس وبەرگ دەڵێ من نزیکترم

وپێستى هەستەوەرى دەڵێ من نزيكترم،ئاوى يەحياوحياتيش كە هەموو حيوان لە و پێک هێنراون خۆێنى هەيكەلى الله يە ،هەواش ڕوح وهەناسەو نەفەسى اللهيە ،بۆشايى وپانتايى بونەوەريش ئەو پەيكەرەى الله يە كە ئەم چواربونەوەرە بونە چەرم وبەرگ وژيان وهەناسەى ،هەناسەوخوێن وپێست بەشێكن لە پەيكەرەكە ،بەڵام جل وبەرگەكە لە جيهانى مرۆڤ پێک هاتەيەكى دەرەكيە ،بەڵام لە گيانەوەرانى تر بەرگيش بەشێكە لە پەيكەرەكە.

پاڵدانى هەموو ئەمانە واتاى وانيە كە الله پێويستى پێيانە ،يان بەشێكن لە خالق ، بەڵكو ئەوانەش وەک بەيتى الله و حوشترى الله پاڵدانێكى شەريف بوون و پيرۆزەيە نەک ئەوەيە بەشێک بن لەخالق .،

گوتمان كه مەسيح رو ح الله يه، كلمات الله يه امر الله يه ,هەروا قورئان و تەورات و ئينجيل ئەمر و روح و كلمات الله ن ،بەتاييەت ئينجيل نجوى الله يه،سروەى الله يه،پێدەچێ گيان وجانى ئێمەش كەبۆ ڕوح دامان ناوه هەرله نجوى وەرمان گرتبێ ،بۆيه ئينجيل دەبێته نجوى وگيان وجان ى الله وروح الله كه عيسايه،كەواته مەسيح كەوەك مرۆڤ نەماوه بۆته گيان وجان الله وڕوح الله كه ئينجيله. ليره مەبەست له روح نه كتابى كاغەزو مەرەكەب ونه مەسيحى لاشەو جەستەيه,چونكه روح نابيته بەدەن ,نه قورئان وەك روح دەبيته كتاب ونه عيسا وەك روح دەبيته بەدەن و دەچيته ناو منداldان, نەك هەر روحى عيسى ,روحى هيچ يەكيكمان ناچيتەناو منداldان ئەگەر مەلۆتكەيەكى تەمەن 120 ڕۆژى لەناو منداl دانەكه نەبێ ,وەنه روحى ناو لاشەمان دەبيته ئەندامێك و وەك ئەندامەكانى تر دەتوانين

بيبينين, چونكه نەروحه بچوكەكانى ئيمەو نەروحه گەورەكەى عيسى بۆ بوون و بەردەوام وجوديان پيويستيان به رەحەمى مريمەكان نيه و نه پيويستيان بەو مەلۆتكه شل و شەپرەوەشه, ئەو مەلۆتكەو منداڵدانه پيويستيان به باران و غەيسى روح الله يه تا ئەو تۆوەى لەو زەويه چينراوه بڕوێ و قرپۆك نەبێ, كه روح دێته ئەو بەدەنەوه ئەوه قبولى جۆريك له ئيلغا كردنەوەو كوشتنى جيهانەكەى خۆى دەكا و خۆى بۆ ماوەيەك بەنددەكا,وەزۆر لەتايبەتيه بالاكانى خۆى لەم بەنديەدا بزر دەكا,عيسا و گيان الله ى ئينجيل لاشه نين تالەخاچ بدرێن.

بۆيه كەليماتەكانى الله له ژماره نايەن، چونكه تەمەنيان ديارى كراوو سنورداره,
هەرديارديەك لەو بونەوەره به ملياران ئيسمى له سەردانراوەوكه زمانەكه مردوه، زمانيكى تر هاتوەو ناوى ترى لەسەر داناوه,كەواته كلمات الله قابيلى مردن و نوى بونەوەو نەسخن

,ئەوانيش وەك روح، لەو شتەى كە ئەوان دەبنە ناوو موسەماى بۆ كاتێك , بەشيك نين لەو جەستە,هەربۆيە كە شاخ گەردیلە گەردیلە ليك بكەيەوە,ئەو ملیۆنان ناوانەى لە ملیۆنان سالەوە لەوشاخە نراوە،لەناوگەردیلەكانى نابينى ,چونكە ئەو ناوو ئيسمانە بەشيكى ئەصلى نەبوون و هيچ جۆريك لەو حلول وئيتحادانەى باس كران لە نيوان ئيسم و موسەماكەى وەك لاشە بوونى نيە, لاشەش بەچەرم وگۆشت وخوێنەوە،ئادەمى گڵ ويحياى ئاوهەر وەک جل وبەرگن بۆڕوح و وموسەماو ناونراويش بەرگەێكە بۆ ئيسم وناو.

بۆنمونە لاى سابيئەكان ئەم 360 كەليمەى كە خۆيان و هاوسەرو ئەوەى كە لەوانيش دەبێ هەر كەليمەيە, ئەوە هەمان يەزەتە شايانەكانى مەجوسن لاى مسوڵمان بە ئەسماو صفاتەكان وكەليما ت الله ى تاممات وتەواوەكانن لە دينى

ئیسلام داناسراون ، لەوەیە لای جولەکەو مەسیحیش هەروابێ ، بەم ئیسم وکەلیمە تاممە ونورانە اللە کاروباری ئەم بونەوەرە بەڕێوە دەبا،بەلام ئەوان لە جیاتی بلێن اللە رزق ورۆزی دەدا بە ئیسمی رەزاق و تعلیم و فیرکردن دەدا بە ئیسمی علیم و دانایی فیر دەکا بە ئیسمی حکیم و هەموو روداوەکان کەلەم گەردونە روو دەدەن هەموو بە ئەسمااللە دەبێ , جا ئەوان لە باتی ئەسمااللە کردویاننە نێرومێ کە هاوسەرن ,ئەم ئەسما اللە وصفاتانەش کە عەرەبی یان عبری یان سریانی وئارامی بن بە پێ ی زمانی رەسەنی پیغەمبەرەکان ,توالد ولە دایک بوون دەکەن بەوەی کە ئەو ئیسمە کە پیاوەکەیە حکیم و ژنەکەی حکمەتە صیفەتە کەیە،کە ویسترا وەرگیرریتە سەر زمانیکی تر ئەوە منالیکی نێرو مێ و ژن و مێرد لە دایك دەبێ کە نێرەکە لیزان و صیفەت ومێکەش دانیارە و دانایی یە ,ئیدی تا ئەو زمانە

ئەصلیانەی پەیامەکەیان پێ هاتوون لە سەر زەوی بمێنن و لە پەرستگا ومساجد دوعاو نزاو مناجاتی الله یان پێ بکرێ، ئەوە لە عالمی ئەنوار دەمێنن ,بەلام کە زمانەکان لەزەوی بەکارهینانی ئەو کەلیمانە گۆڕدرا ,ئەو ووشە وەرگێڕدراوانەش دەگۆڕێن ,بۆ ئەو زمانەی لە سەرزەوی دوعای پێ دەکرێ ,چونکە کەلیمەی حکمەت ببێ یان نا، الله هەر حکیمە ,
بەهاوماناکانی ئەو کەلیمە کە الله مناجاتی بۆ دەکرێ ,کەواتە ئەم 360 ئیسمن و دیارە هەموو ئیسمیك صفاتیکی هەیە کە هاوسەریەتی و هەرئیسمیك وەردەگێڕرێ بۆ چەند زمان کە منالەکاننی ,ئەمەچ لە ئەصلی دینەکە وا دابەزیبێ یان خەیالی ئەوان لە ئیسم وصفاتەوە کردبیاننە نێرو مێ ,چونکە لە زمانە سامیەکان ناوەکان زۆریان نێرن و ئاوەلناوەکان مێ ,وە دیارە کە ئەم کەسانە لە ملائکە گەورەترن لایان ,چونکە ملائکە لاشەن و جسمن و ئەستیرەن

,بەلام ئەمانە جسم نين ,نەشيان گوتوە ئەزەلى و ئەبەدين ,چونكە زمانەكان دەمرن و مرادف وهاوماناكان و وەر گيراوەكەيان بۆ زمانى تر كە دەكاتە كورو كچيان شوينيان
دەگريتەوە,زمانەكان،باوكە بنچينەييەكان ئەسل وڕەسەنن ووەرگێڕدراوەكان كۆپى كراون ولەبەرگيراون.

تاكە كەليمە كە كەس شوينى ناگريتەوە، كەليمەى الله يە، كەنابێ نە كەليمەى لێ ببێ و نەلە كەليمەى تر وەر گيرابێ،نابێ لە ئيلاە وپەرستراو داتاشرابێ ،وەنابێ ئيلاهيش لەو وەرگيرابێ ،وەنابێ مشتق و سەرف كراو بێ ،دەبێ جامد وممنوع من السرف و قابيلى داخوران وداتاشران نەبێ.

كە مرۆڤ ژن نەهينێ و بمرێ پيويستە بگەريتەوە بۆ ژيان و منالى لێ مشتق ببێ بۆ ئەوەى بەردەوام بێ ,چونكە كەليمەى جامد لە

ناوزمان بيجگه له الله نابێ هيچ كەليمەيەك جامد بێ بەو مانايەی كەنه وەرگيردرێ بۆ زمانی تر ،نه صفەی لی وەر گيرێ نه اشتقاق و داتاشراوی هەبێ , مرۆڤيش قياس كراوەته سەر كەليمه لەوەدا كه ئەويش مسۆگەر الله نيه ,و مەخلوقه ,مخلوقيش وەك كەليمەكه كه صفەت ومشتق و وەرگيراو قبول نەكا شايانی چونه جەننەت نيه ,كەواته الله نابێ صفەی هەبی ,وەنابێ له زمانەكانی كەوحی پێ هاتوه مشتقی هەبێ ,وەنابێ وەر بگيرريته سەر هيچ زمانيك ووەرگێڕدراوونوسخەی كۆپی وكوڕی هەبێ، , بيجگه له الله هيچ كەليمەيەكی تر كه قابيلی ئيشتقاق و وەرگيران نەبێ، نابێ له هيچ زمانيك دا بوونی هەبێ .

ئەمه دەيسەلمێنێ كه زمان وكەليماته كان ،هەمويان مەخلوقن،زمانه ئەسليەكان باپيرووداپيرو سەركێش وڕوحن ،زمانه دەومين و وەرگێڕدراوو كۆپيەكان ،پله دوون ،ئەسما

الله سفات الله لێ داتاشرا،وەک چۆن حەوالەپەراسوی ئادەم داتاشرا،سفاتەکان ،هەریەکەی مەلائیکەیەکیان لێ داتاشراو ئەوانیش هەریەکەی پەیام بەروشەرعێ ،

نەک هەرئەوە ،بۆشایی لەپەراسوی خۆی بای لێ دەرچوو ،عەدەم وئادەم وهیچ وهەوا وحەوا ی ڕوحانی لە قۆناغی ڕوحی هاتن ،ئادەم ی ئەدیم وپێستی گڵین لەپەراسوی خۆی ولە دامێنی ئاو وکانیاوو دەریاچەی لەخۆگرت، ئەمەش ئادەم وحەوای لاشەیی وبەرجەستە بوون ،ئەسڵ وبنچینە کان ،هەموو لەیەک وەرگیراون وئادەم ونوح وئالی عمران وئالی ئیبراهیمی ،هەواوئاووئاگروگڵ هەندێکیان وەچەی هەندێکیانن ،ئاڵوگۆڕی باوکێتی کوڕێتیش دەکەن ،هەندێ جارکوڕەکان دەبنە باوک وباوکەکان دەبنە کوڕ،هۆکارەکان و وەسیلە وئالەتەکان وئامێرە ئەمرەکان دەبنە غایە ومەبەست وئامانج وهەدەف وخەلق و

بەپێچەوانەش ڕووەدا،تەنانەت نێرومێ ى
دیاردەو پێک هاتەوتوخم وسروشت
وتایبەتمەندیەکان لە ئاڵوگۆڕی بەردەوام دایە،
هەروەک ئاڵو گۆڕی دەکەن لە پیرۆز بوون
ونەفرەت لێ کراوی ،لە حەق بوون وباتل
وناحەق بوون ،لە بەختەوەری وبەدبەختی
،،،هتد ئەم ئاڵوگۆڕە لە هەموو ڕوویەکەوە
هەیەوبەردەوامە .

هەڵبەت ئەو ڕیزبەندیەی کەهەم سابیئەو
مەجوسەکان کردویانە ،وەئەوەش کە جولەکەو
مەسیحیەکان کردویانە ، تەنانەت ئەو
دابەشکردنەش کە مسوڵمانەکان بۆ ئیسمەکانی
خالق کردویانە مەرج نیە هەموویان ڕاستیان
پێکابێ ، وەزۆر جار لەجیاتی ڕۆشنتر کردنی
بابەتەکە بابەتەکەیان ئاڵۆزترکردووە ، بەناوی
خۆ ڕزگارکردن لە تەشبیە کەوتونە
ناوتەشبیهەوە ، ڕقی دنیایا لە حلول وئیتحادی
خالق ومخلوقە کەچی لەزۆر ڕووەوە کەوتونە

ناو حلول وئيتحادەوە ، شەڕى خەڵكانێكيان كردوە كە گوايە موعەتيلە ولەكارخەر و تەئويل كارن ، كەچى خۆشيان تەئويل ولەكارخەربوون ..

ئەو ئەمرەى عيساى پێ وەسف كراوەلەسورەتى مريم،فرمانە، دەبيتە هۆى كردارو هەلس و كەوت ,ئەو كردارو هەلس و كەوتەش كاتيكى دياری كراوى هەيە جا چ رابردو بێ يان ئيستا بێ يان داهاتوو,بەلام كاتى ئەمر زياتر ئيستايە،داخوازيە, كەواتە عيسا وەك ئەمرو فەرمانيكى الله كە ئەمرى بە نەفخى روح ونوسينى چوار بڕيارى چارەنوس و رەگەز و تەمەن و رزقى بۆو مەلۆتكەى كە روحەكەى بەبەردادەكرێ، , وەك گرێبەستێكە كە روحى ئەوكەسە پێوەى پابەندە،نانەكانى ئەو لاشە دەژميرى تازو رزقەكە تەواو ببێ و روح

بگەریتەوە جیهانەکەی خۆی ,روح نەپیویستی
بە رزقەو نەبرسی دەبێ, بۆیە روحە
تامەزرۆکان لاشەکە خۆشی نازانێ چۆن چەند
هەلسوکەوتی جەربەزەبۆلاشەکە دروست
دەکەن تا بە کوشتی دەدەن ولێ ی دەردەچن.

جا چونکە عیسا ئەو بەشەی کە لە عەزرا وە
دەرچوە کە مریم و ئوم ئامر ، دایکی ئالەو
ئامێرەکەیە کە وەك جلێکە و دادەکەنرێ ئەو
ئامرازەیە کە مەزار داگیر دەکاو قەبری دەوێ
,ئەم بەشە بوو کە لە عیسا کە اللە پێ ی فەرمو
من توفات دەکەم و بەرزت دەکەمەوە بۆلای
خۆم,هەروەهالە مائدەش هاتوە کە عیسا بە اللە
دەفەرموێ کاتێ تۆ وەفاتت پێ کردم,کەواتە
عیسی، لاشەکەی وەفاتی کردوەو روح اللە و
کلمة اللە وگرییەندەکەیان لەگەڵ لاشەو ئەمرەکە

دیاری کراو بوو,لەدوای تەواو بوونی ئەو ماوە
كه عيسى روح الله و كلمة الله بى نابێ چيتر له
لاشەیەکی سڕکەری روح وکلمەدا
بمێنێتەوە,چونکه دەستي ببەسترێ و بێ
دەسەلات بێ،کەواته سەلب وخاچی ڕاستەقینه
بۆ ڕوح ئەو بەستنەیەتی لەولاشه دەستەوستان
کەرە,وەکاتێ روح دەردەچێ ئەوه له دایك
بوونی راسته قینەیەتی.

هەربۆیه که هەواوبا نزیکترین یەکەیه له روح
،بۆیه مرۆڤ بێ هەناسەوڕوح ناتوانێ چەند
چرکەیەک بژی،ڕوح جیهانی مەلائیکەیه،بەڵام
ئاو که ژیان وزیندەگی وئۆرگانه ،دەتوانێ
شەووڕۆژێک زیاتربێ ئاوبژی،ئاوناوەندی
ژیان وحەیات وزیندەوەرانه،ناوەندی سێیەم گڵ
وخواردنه ،مرۆڤ دەتوانێ چەندڕۆژێک بێ
خۆراک بژی، هی چوارەم که ئاگره ،مرۆڤ
دەتوانێ چەندمانگێک بێ خۆگەرم کەرەوەبژی

لیرەدا ئەم پرسیارە دیتە پیش :کە مەسیح روح الله بێ و روح الله و نفس وزات الله چۆن لیك جیادەبنەوە؟ ولامی ئەم: الله زات و نەفسی وەك خودو نەفسی بەندەکان نیە ,الله چەندین ئەرواحی هەیە,ئەوەتا روح بە 50 هزار سال نوێ دەبێتەوە ,ئەمر بە هەزار سال نوێ دەبێتەوە,کەلیمات وزمان بە 6تا 7 هەزار سال نوێ دەبێتەوە,کلمە،ڕوح،ئەمر،هەموی لە ئیسمەکانی عیسان, ئەمەش نوێ بونەوەو نەخشەسازیە بۆ بونەوەران,بەهەزار سال شەرع و ئومەت و دەولەت وئەمر وپەیرەوەکان دەگۆڕێ,بە 50 هەزار سال روحەکەش دەگۆڕێ, بەلام الله لە چەندین ئایەت هەرەشە لە وانەدەکا کە مشاقات و جیاوازی و پەرتەوازەیی دەخەنە نیوان الله ورەسولەکانی ,بۆیە کە تا سەردەمێ کەبریارە عیسی روح الله بێ، لە سەر زەوی الله و عیسی یەك ئیرادەو ویستن ,چونکە الله ئەصیلة و ڕوح

بۆماوەى 50 هەزار سال وەكيلە ,لەدواى ئەو 50 هەزارە الله ياوەكالەتەكە بۆ ڕوح نوێ دەكاتەوە ،يان ,يەكيكى تر ڕادەسپێرێ، يان زەوى وێران دەكاو پيويستى بە هيچ كەسى تر نابێ ,ئەوە هەموو ويست و بريارى الله يە, نەك هەربۆ ڕوح ، بەڵكوبۆهەموو كاروبارودياردەكانى بونەوەروگەردون هەروايە. ,يەك ئوقنوم و ئيرادەو ويست و خواست و ئاراستە كردن لەم گەردونە بەريوە دەچێ ,هەرچەند ئيمە چەند بەريەك كەوتنى روكەشى دەبينين ,بەلام لە راستى دا هيچ بەريەك كەوتن نيە وتەواو كارى و هەماهەنگى بونەوەران وا دەخوازێ و ئيرادەو حكمەت و علمى الله ى حكيم وعليمە , وشەوزمان ونەتەوەكان دەگۆڕێن وواتاومەعناكان وەكوخۆيانن.

لە بۆچونى كلاسيكى دا ناوەندو چەقەكان لە
هەموو بونەوەرەكاندا سەروەرى
هەرچواردەورى خۆيانن،بۆيەش كنيسە جەنگى
ئەوانەى كرد كە گوتيان زەوى چەقى گەردوون
،نيە ،چونكە كە زەوى لاچەپ بێ وسەنتەرى
بونەوەر نەبێ ،مرۆڤ نابێتە سەنتەرى
زيندەوەران وسورەتى رحمان ،بۆيە ئەوان
جەنگى ئەوكەسانەيان دەكرد كە چەقەكەيان
لەزەويەوەگواستەوە بۆ خۆر،بەڵام بە
پێچەوانەى ويستى هەردوو دەستە خۆريش
نەبوە چەقى گەردوون ،ئێستا كۆمەڵەى خۆر
لەسەرپەڕى لاى چەپى دەرب التبانە، ڕێ ى
كاكێشانيش هەرلە لاپەڕێكى كۆ مەجەڕەو
كەشكەشانەكانى تر،

لەناخى مرۆڤيشدا ،دين وبۆچونى كلاسيكى
،هەموو عەقڵ وڕوح ومەعريفەت
وبەهاگرنگەكانى لە ناو سنگى مرۆڤ دا
دەبينى،بەڵام هەمان كەسانى كە بنكەى

مەڵبەندى زەويان گواستەوە بۆ خۆر،عەقل وزانينيان لە سەنتەروناوەڕاستى مرۆڤەوە گواستەوە بۆ مێشكى سەرپەڕ ،كەواتە لێرە سەلماندیان كە نەێنى سەركردەیى شت وبونەوەرەكان لە سەنتەردا نیە ولە لاپەڕدایە.

لە ڕوى تیۆریە هاوچەرخەكانەوە ڕۆڵى مرۆڤ بە هاوكێشەى ئیستقرائى پێوانە كراوە،نەك ئیستنباتى ،لاى ئەو بۆچونانە

تەمەنى بوونى مرۆڤ وهاوشێوەكانى مرۆڤیش لە چەند ملیۆن ساڵێك تێناپەڕێ، ئەم مرۆڤى هاوچەرخەش تەمەنى دووسەد هەزارساڵە ،سەدهەزارساڵ بێ زمان بوەو سەد هەزارساڵیش قسەكەر،سى هەزارساڵە مرۆڤ هونەرەجوانەكانى بەسەرەتایى داهێناون،ئەم هونەرو وێنەكێشانە ،پێنج هەزارساڵە بۆتە شێوە نوسین.

هەروەها یاساوئەدەب وپیشەکانیش هەریەکەیان مێژوویان دەگەڕێتەوە چەند هەزار ساڵێک .

لەم تیۆریانەدا مرۆڤ سەنترنیە لە بونەوەردا، بەڵام دینەمۆو سەنتروشوفێرە لەزەوی دا،بەم تیۆریانە ،مرۆڤ داهێنەری پیرۆزی ودین وشەرع وبیروباوەڕەکانە،ڕاستیەکانیش ڕێژەیین وزووزوو دەگۆڕێن وزۆر یەقینی هەن کە دەبنە وەهم وخەڵەت لە سەردەمێکی تردا و زۆر بیری هەرتەقەو بێ باوەڕیش هەیە دەبێتە ڕاستی ویەقینی سەردەمێکی تر، .

مرۆڤ لەم تیۆریانە دا مرواریەکی بزربوە لەناو ئۆقیانوسی بونەوەرداو ئەوبەدوای ناسینی خۆی وژێدەری خۆی وبونەوەردا وێڵە،ئەم گەڕانەشی بۆتە هۆی داهێنانی دینەکان وفەلسەفەکان وداب ونەریتە کۆمەڵایەتیەکان ویاساکان و ئەفسانەو هونەرەکان.

بەڵام بەدەر لە بۆچونەکانی کنیسە وهەندێ دینداری بیر داخراوی دینەکانی تر، گرنگی وستراتیژی ونهێنی پێک هاتەوبونەوەرو وپەیکەرەکان لە ناوەندەکاندا دانەنراوە، ئەوەتا پەیکەری گەردوون زەویەکان وئاسمانەکان لەناو کورسی دان ،کورسیش لە عەرشدایە، ئەم دەبازنە کەبونەوەری پەی پێ براو پێک دێنن ،هیچیان ئەو نآوەندە نین کە ئیرادەو خواست و ویستی کەونی وشەرعی الله نانوێنن، بەڵکو ئەوانە دونن، نرخی باڵە مێشولەیەکیان نیە، نهێنی گەورە لە ڕۆخەکان ،سەرپەڕەکان شاراوەتەوە.

بەڵێ مرۆڤ لەناوەندی ئەو بازنانەدا دەژی،بەڵام ئایا مرۆڤ مەبەست وئامانجە؟ یان هۆکارو ئامێرە بۆ مەبەستێکی دیکە؟

بەڵێ مرۆڤ لە هەموو گیانەوەرانی تر جیادەکرێتەوە کە:

-تاكە بونەوەرە كە زانست وپێزانينەكان هەڵ دەگرێ وكۆدەكاتەوەوبەراوردیان دەكاو هاوكێشە وهێڵە گشتیەكانى :

یەقینیەكان
،بەڵگەنەویستەكان،سەلمێنراوەكان،هاوكێشەو ڕێساكان،تیۆرى وگریمانەكان، ئەندێشەو خەیاڵ و شوبهاتەكان ،ڕیزبەند دەكا وبەراورد دەكا.

- تاكە بونەوەرە، كە هەربەوەو هنەوەستاوە كە سندوقى داخراوى بیروبۆچونەكانى بێ ،لەوەتى هەیە، دەیان هەزار زمان ونەتەوەو شێوازە ئاخاوتنى كردۆتە پرد لەنێوان تاكەكانیدا،هەموو زمان ونەتەوەكان دەرهاویشتەى ئەوپێویستیەن كە مرۆڤایەتى پێویستى بوە بۆ ئەوەى لە گەڵ یەكتر گفتوگۆ بكەن ،بۆیە قوربانیدان بە مرۆڤ لە پێناو زمان ونەتەوەدا ئەوپەڕى گەوجیە ،چونكە زمانەكان خزمەت كارن ومرۆڤ خزمەت كراو.

- تاكه زيندەوەربوو كه بەدواى دروستكەرو ژێدەرى خۆى وگەڕاو كرديه جێ ى ڕازونيازو نهێنى و جێ متمانه ودڵنيايى وئارامى وتاكه خۆشەويست وسەنتەرو سەروەرى خۆيى ومرۆڤ پاشكۆيەتى وبەندايەتى بۆ هەستى دينداری قبوڵ بوو وبەشانازيشى دەزانى و هەزاران مرۆڤيشى له پێناو ئەو بەپاشكۆ كردنى مرۆڤه بۆ هەست وهێزى دينى كوشتوه ودەكوژێ.

-بەڵێ ئەوتاكه زيندەوەره كه قسەى كرد،قسەكانى تۆمارکرد،پاراستى، وێنەى شتەكانى كێشا،داهێنانى كرد،بەدواى داهێنان وزانين دا هەموو شتێكى بەخت كرد،مرۆڤايەتى خۆى بەكردەوه بەدرێژايى شارستانيەكانى گوتى كه ،زانست،علم،داهێنان ،سەنتەره،مرۆڤ خۆى كرده پەروانەى چراى داهێنان وزانست ودۆزينەوەوخۆى بەخت كرد،بەڵێ ئەم زانسته وداهێنانه زۆرجار له

خزمەتى هەندێک چین دایە،کە قورغیان دەکەن وخەڵکانی تریان پێ دەچەوسێنێنەوە، بەڵام زۆرجاران چەندان گەل ونەتەوە لەلایەن ئەم زانستەوە بنەبڕ دەکرێن ،

ئایا ئەم جیاکەرەوانە مرۆڤ بەکەسب و گەڕان وهەوڵ پێ یان گەیشتوە؟ئایا ،عەقڵ وبیرکردنەوەوزمان وئاخاوتن وداهێنان ونوسین وبنیات نان وخۆداپۆشین ،مرۆڤ خۆی دایهێناون ؟ یان هێزێکی تر پێ ی داون،

دەستەیەک لە موعتەزیلەو فەیلەسوفەکان دەڵێن ئەمانە هەموو دەستکردی مرۆڤن ،تەنانەت هەندێک لەوان دینیش هەر بە مرۆڤ کرد دەزانن.

بەڵام ئاپورایەکی زۆریش دەڵێن کە مرۆڤ نەبوو ،دروست کرا،مردوو نەزان بوو فێرکرا، ڕوحی تایبەتی ربانی پێداکرا، فێری ئاخاوتن وگفتو گۆ ،پەرستن ،دینداری ،ژیانی

كۆمەڵایەتی ،یاساغ وشەرع و داب ونەریت كرا،بنەماوهاوكێشەو ڕێسا زانستیەكان كرا. ئەمانە هەموو ئەو هێزە پێ یدا كە دروستی كرد ،چاودێری كرد، پاراستی ،بەڵێنی ژیانی پاش مردن ونەمریشی پێدا، كەواتە مرۆڤ بونەوەرێكی بەرنامەڕێژكراوە لەلایەن ئەو هێزەوە كە هەموو بونەوەرو ئاژەڵان وڕوەك ودرەختەكان ودیاردەكان وتایبەتمەندی وجیاكەرەوەكانی بۆیە پێداوە تا هەمووی بۆ پەرستشی ئەو هێزە ،بۆ خۆشەویستی ئەو ئیرادە بەكاربێنێ،مرۆڤ خەلیفەیە ،خەلیفەش خەڵفەیە،بۆیە دەبێ نەوەدوای نەوە خەلفەو پاشكۆی ئەو ئامانجە بێ كە پەروەردگار بۆی داناوەو هێڵەگشتی وڕێسابنچینەییەكانی بۆ دیاری كردوە.

ئایا مرۆڤ لە هیچ ڕوویەكەوە سەنتەرنیە؟ بەڵێ سەنتەرە لەڕووی ئەوەی سەردەستەی زۆربەی

دروستكراوەكانە،،،نەک هەموو دروست كراوەكان،،

بەڵێ زۆربەی دیاردەکان وسروشتەکان وئاژەڵ ودرەخت وبونەوەرەکان لەخزمەتی ئەودانراون،

زمانەکان ،نەتەوەکان، ژیارەکان، یاساکان ، مەبەستەکانی شەریعەت و دینەکان ،گۆی زەوی بەهەموو کیشورەکان یەک نیشتمانی ڕام کراوە بۆ مرۆڤ، دینەکان ، لە ڕێسا گشتیەکان وبنچینەو مەقسەدەکانی شەریعەتەکان هەموو یەکن ، ئەی ئەم جیاوازی وپەرتەوازەیی وململانێ و یەکتر جینۆساید کردنی دینە کان لە کوێ وە هات؟؟

-لە جیاوازی بیروهەست وهۆشەکانی مرۆڤەکانەوە.

-لە جیاوازی سروشت ودەوروبەرو ژینگەکانەوە.

ج١اسماء الله الحسنى /ن.محمدعزيزلۆتەرى.

-لە جیاوازی وبەریەک کەوتنی بەرژەوەندی وپێویستیە زۆرەکانی مرۆڤەکانەوە.

-لەجیاوازی زمانەکان وژیارەکان وفەلسەفەکان وبۆچوونە جیاجیاکانەوە.

-لە جیاوازی دەیان هەزارسالّی مێژووی مرۆڤەکانەوە.

-لە پێشبڕکێ ی شەریف وناشەریف ی دینداراەکان بە نیازی زیاتر خزمەت بەدین ونزیکتربونەوە لە پەروەردگارەوە.

ئەمانە هۆکارەکانی جیاوازی ودژایەتی وململانێ ی ناودینەکان ودیاردەی دینداریین بە گشتی.

مرۆڤ لەم بابەتانە سەنتەرە بۆ ماوەیەکی دیاری کراوو لەسنورێکی دیاری کراودا کە نابێ بیبەزێنێ ،بەڵام کەبەزاندی هیچ بەهایەکی نامێنێ..

كەواتە،حەق وعەدل وبەها هەمیشە زیندوەكان
،پرەنسیپە ڕبانیەكان ،بەسەنتەر بكەن، عەقڵ
وحیكمەت و هاوكێشەزانستە نەمرەكان
بەسەنتەربكەن ،چونكە زۆرینەی هەرەزۆری
مرۆڤەكان،لاڕێن،سەرەڕۆن،ستەمكارن،یاخین
لە حەق، ویست و ڕێوشوێنیان بەكەڵكی ئەوە
نایەت بەسەنتەربكرێ ، مرۆڤە كاملەكانیش
پەیامبەرو حەكیم وداناكانن ،لەگەڵ
بەسەنتەركردنی بەها ڕەبانیەكان ئەوانیش
بەسەنتەردەبن..

ڕاستە نەخشەی ئێمە لەناوكەوە ،ناوەندەوە
دەستمان پێكردوپەرت بووین بە هەموولاكان
دا،ڕاستە زەوی دایكیشمان لە ئەنتارتیكای
جەمسەری باشور،قازە ئەتەمەكە ،دەستی پێ
كردوەو دابەش بوە بۆم
كیشوەرودەریایانە،ڕاستە كە كۆمەڵەی خۆر لە
ڕۆژوچەق وناوەندی گرگنێكەوە تیشكەكانی

ج١اسماء الله الحسنى /ن.محمدعزيزلۆتەرى.

پەخش بۆتەوەو چواردەورى پڕكردوە لە خانەوشانە.

ڕاستە كەناوكى گەردیلە سەنگ وبنچینە مادەیەو چواردەورەكەی پاشكۆن.

ڕاستە كە فرعەون بە مرۆڤە زەمینیەكانی گوت اناربكم الاعلى ،سە رو،ئەعلى ،الله ،بەرزیەكان،لاكان ،بەئێوەو خانەی ئێوە منەوەرو ڕوناک ومەستورو بەخانەوشانە پەرش وبڵاوبوەكانی ئێوە بەدی هاتوون ،ئەی زەمین وسەنتر نشینەكان،ئێوە دروستكەروبەدیهێنەری ئەوانن.

بەڵام چەكێ ئەتۆمی وتۆمی پایزو دوانەی چمک هەمویان كە وشەی خۆمانەن وئینگلیزی نین،هەموو لای سەرپەڕوچەپ دەگەیەنن،

الله لاو ڕەخ وتەنیشت وجنبو جنوب ،باشور،خوارو،ڕۆخ وكەنارو الله لا ولایەكان

دەگەیەنێ،وە ئێمەش وەک زەوی وخۆر
لەلایەڕین، ئادەمیش بەدەست ویەدەکانی
پەروەردگار دروست کراوە، بۆیە ئەوانەی
هەرسورن لەسەرسەنتەرپەرستی ،ئەسحاب
المشئەمەو خاوەنانی حەبل وپەتکی
مەشێمەوناوک پەرستین،ئەوانەی ئیمان ویەمین
پەرستن ئەوانە ڕاستن ویاوەرانی یەمینن.

لەجیهانی مادەوبەرجەستەدا ناوک وکاکڵ
زۆرگرنگ وسەنتەرەو تۆیکڵ هیچ بەهایەکی
وای نیە.

بەڵام لەجیهانی ڕوح د ا کاکڵ
لەخۆگرودەورەدەر وهەڵگرەو ناوەند وکاکڵ
وسەنتەر هەڵگیراوو دەورەدراوو دەستەوستان
وپاشکۆیە ، بۆیە عەرش کە لەدەورەی هەموو
کورسی وئاسمانەکانە وتۆیکڵ وباوەشی
لەخۆگری هەموو بونەوەرە لەکورسی
وئاسمانەکان پیرۆزاروبەڕێزترە، کورسی

کەئاسمانەکانی لەخۆ گرتوون وەک چۆن
بیابانێک دەورەی چەند درهەمێک دەدا
کەلەناوەڕاستی ئەو بیابانە فڕێبدرێن لە
ئاسمانەکان پیرۆزترە، ئاسمانی حەوتەم کە
بەیتی مەعموری لێیە و جێی ڕوحی ئیبراهیمی
خەلیلە وئاسمانەکانی تری هەڵگرتووە وتوێکڵی
وانە لەئاسمانەکانی تر پیرۆزترە ،هەربەوشێوە
ئاسمانی شەشەم لەوانی خوارخۆی وئاسمانی
پێنجەم وچوارەم و.....هەتائاسمانی یەکەم.

وە ئەوجا ئاسمان کە توێکڵ و دەورەدەری
زەویە لە زەوی پیرۆزەترە..

زمانە سامیەکانیش کە زمانی ڕوحانیەتن
بەڕوخساری سەرەوەو توێکڵی
سەرەوەودیاردەڵێن سیما ، بەڵام زمانە یافسیە
ئاریەکان دەڵێن ناو، لای زمانی ڕوحانیە
سیماوئیسم وتوێکڵ پیرۆزترە لەناوک وهەناو ،
کەچی لە زمانی ئاری و یافسیەکان ناوک

وناوو كرۆك و مادەو بەرجەستە لە توێكڵ گەورەوپیرۆزتر وپڕبەهاترە.

هەموو زمان و ئول ورۆشنبیری و فەلسەفەو تەریقەت وشەرع و پەیرەوو دین ومەزهەبانە كە ئیستا ماون وئەوانەش كە مردون وچونە مۆزەخانە,هەموویان پاشماوەی چەند پەیام وشەرع ودینیكی الله ی پەروەردگارن,كە رۆژگارانیك ئەم دینانە سەلیم و دروست وراستە شەقام بوون,پاشان بەهۆی چەند ڕێشكاندنێك وەك ئەو ڕێشكاندنانەی مسولمانان كردویانەلە چەقی راستە قینەی ملكوت دوور كەوتونەتەوە,دوا جار وەك خانە هەلوەریوەكانی لاشەی مرۆڤ ئەوانیش هەلوەریون,وەك خانەكانی زەوی ،لە زەوی دوورکەوتونەوە،جا كاتێ دینیكی نوێ دێ، ئەو دینیكی تەندروست وسەلیم وصحیحە، بۆیە ئەصلی هەموو دینەكان

ج١اسماء الله الحسنى /ن.محمدعزيزلۆتەرى.

ئیسلام و سالمی و دروستی مل کەچی رینمایی سەلامەتی یە,وەک ئەوئەندامە نوێ یەی لە جێ ی ئەندامە هەڵوەریوەکەوە دروست دەبێتەوە،

بەلام ئەو دینە سەلیمە بۆی نیە لە خۆی بایی ببێ و بڵێ مادام هەرمن سەلیمم دەبێ ئیبادەو بنەبڕی نەساغ وناتەواوەکان بکەم و هەرخۆم بمینمەوە,ئایا دەکرێ لە جیهاندا ژن وپیاوە لەش ساغەکان کۆ ببنەوەو بریار بدەن هەرچی نەساغە ڕیشەکێشی بکەن چونکە نەساغە ودەبێ هەرخۆیان بمیننەوە؟؟نەخێر ,بەلکو زۆر جار نەساغ دەمینیتەوەو ساغەکە دەمرێ, بۆیە ئەی برای ئیماندار کە اللە ئیمانی سەلیمی بەتۆ بەخشی و ئەو دین وپەیرەوانەش کە دەبینی ناتەواوو نەساغن ,لەجیاتی بیر لە بنەبرکردنیان بکەیەوە بیر لە شیفا و چارەیان بکەوە ,یان هەرنەبێ خۆزگەی شیفایان بۆ بخوازەو دوعای

خيريان بۆ بكەو بەزەييت پێ ياندا بيتەوە,چونكە ئەوانە باوك دايك وبراو خوشك ومام وخال و باپيرو داپيرو كەس وكارى تۆن ,يەك ئاڵودەى شەكرەو يەك شيرپەنجەو يەك بەدەردى سيل و ئەوى تر ئايدز و ,,هتد ئەگەر مرۆڤايەتى، بە سەليم ونەخۆشەوە هەموو يەك مرۆڤ بێ كۆئەندامە سەليمەكە كە كۆ ئەندامى ,هەستەوەريە ,دەبێ ئەوپەرى هەستيارى و خەمخۆرى هەبێ بۆ ئەو ئەندامانەى وان لە ژير چاودێرى وئاراستە كردنى ئەو دا و دەبينێ دادەخورێن و لە ناودەچن و هيچى لە دەست نايە بۆيان ,بەلام كە بير لە بنەبر كردنيان بكاتەوە,ئەى دواى ئەوە ئەو كۆئەندامى هەستەوەرى دەبێ بۆ كێ و بۆ چ كۆ ئەندام وشانەو خانەيەك ؟ئايا ديوتانە كۆئەندامێكى هەستەوەرى دواى مردنى كۆئەندامەكانى تر لە ژياندا بمينێ لە هيچ مرۆڤ وئاژەل و گيانەوەريكدا؟

ئیمەی ئینسان چەندە بزانین هیشتا نەزانین,چەند خۆمان بەئاسۆ فراوان بزانین هیشتا ئاسۆ تەنگین ,چەندخۆمان بە لیبوردەو خۆنەویست بزانین هیشتا خۆپەرست وئەنانین .

لە هەموو دینەکاندا زمانی مەعبەد وپەرستگاکان و زاراوەکانی پەرستش وعبادەت تایبەتن,لە جولەکە عیبرانیە و لە مەسیحی دا دابەش بوون لە نیوان سریانی ئارامی و لاتینی وهەندێ زمانی تر ,بەلام هەندێ وشەی هاوبەش هەیە کەلەنیوان زمانەکان هاوبەشەو لەناوهەموویان بەکاردەهینرێ ,لە صابئە مەندائی و لە هندۆسی سەنسکریتی و لە ئیسلام عەرەبی , چونکە دینەکان وەك دیاردەیەکی کۆمەلایەتی لە چوارچیوەی دەفرو ناوەندێک دادەبەزن، کە زمانێکە و واتاکانی بەتایبەتی لە

عبادەت ودوعا دیاری کراون,ئەمەش بۆ خێری مرۆڤایەتیە،اللە لە قور ئاندا دەفەرموێ: بە کافرەکان لە قیامەتدا، کە ئیوە بە ئیسم وکەلیماتیك داواتان لەمن کردوە، کەمن سولتان ودەسەڵاتی دوعاگیرابوونم پێ دانەبەزاندوە,نەی فەرموە ئەوە ئیسمی من نیە، یان ئیسمی منە ,بەڵکو فەرمویەتی ئینزالی سولتانی وڵام دانەوەی دوعام بەم زاراوانە نەداوە ، بۆیە دامەزرێنەرانی دینەکان لەپەیامبەرویاوەران ئەوەندە سورن لە سەر پاراستنی ئیسمەکان و بدعە نەکردن لەو بوارانە، چونکە روحی پەرستشەکە تیك دەدا,, بۆیە هەرسێ ئیمامی شافعی واحمد و مالك بە دروستی نازانن بە اللە بگوترێ خوا یان یەزدان, وەک هاومانا وموراديف،,بەلام کە بڵێ ی یەزدان واتە مانع وخودا واتە مالك و ئەوە واتای دوو ئیسمی اللە ن بەو شیوە دروستە.

الله ئیسمیکی لە عەرەبی و عبری و زمانە سامیەکان کۆنترە و لە زمانی سۆمەری دا هەبوە.

رەمزەکانی دینەکان پەیوەندیان بە جیهانی روحانیەت هەیە، دەبێ بەهەستیاری هەڵسوکەوتیان لەگەڵ بکرێ ، ئەمە تەنیا لەئیسلامدا نیە، بەلکو لە یەهودیشدا دەبێ بەناوی یەهوە بانگی الله بکەی واتە: حی و هەمیشە هەبووی زیندوو.

یهوه بەرامبەر ووشەی –الرب- لە عربی دانراوە,لە کتابی مقدس یهوه 6833 جار دووبارە بۆتەوە,وەلە سفرە عبرانیەکاندا 6961 جار هاتوە,لە سفری خروجی تەوراتدا هاتوە کە یهوه بە موسای فەرمو:ئائاوا بەرۆڵەکانی ئیسرائیل بڵێ,یهوەی پەروەردگاری باب وباپیرانتان ,پەروەردگارو

ج١اسماء الله الحسنى /ن.محمدعزيزلۆتەرى.

خوداوەندى ئيبراهيم و ئيسحاق و
يەعقوب,بۆلاى ئيوەى ناردوم,)سفرى خروج
8513/3

يەهوە بە گەليك شيوە نوسراوە: ئەهوە: واتە
بوون و وجودو پيك هاتە,جيوفا,يهوفا :
موسوعەى مويسرة دەڵێ ئەم ووشە داتاشراوە
لە ووشەى عبرانى –هەيە ,هەوە: وجود ،بوون
,كەواتە يەهوە واتە كائن بە عەرەبى
بەكوردیش هەيە و هەربووە , كوردیش دەڵێن
هەيەو هەبوە ،كێ دەڵێ ئێمە عبرانى وسريانى
عيساوموسى نين وتاسەرمان لێ بشێوێ
ئەوتورک ويۆنانى وفارس وعەرەبانە ناوى
كورديان بەسەردا بڕيوين،؟؟

يەهوە بەواتاى واجب الوجود و هەرهەبووى
پيويست ,و نەگۆڕاوى ئەزەلى وهەميشەيى و

ج١اسماء الله الحسنى /ن.محمدعزيزلۆتەرى.

هەتا هەتايى كە –خود وئاوەلناوەكانى ئاشكرا كردوە ,وەبۆ عەرەبى هەندێ جار بە رب و هەندێ جار بە الله دەكرێ.

لەكۆتايى سەدەى ٤ى پ ز ,حبرەكانى يهود ترسان كە ئيسمى يهوه پيس ببێ ,بۆيە ياساغيان كرد كە خەلكى ئاسايى دەرى ببرن,وە رايان گەياند تەنيا سەرۆكى كاهينەكان بۆى هەيە كە ئيسمى يەهوە دەر ببڕێ,ئەويش تەنياله كاتى خوێندنەوەى قداس و صلاتدا ,بۆ ئەوەى فەرو بەرەكەت بڕژێ بەسەر هەيكەلدا ,وە لە جێ ى يهوه بە ئاپورای خەلك ووشەى رب وسەيد يان بەكار هێنا.

ئەمە بوە هۆى پوكانەوەى دينى يهود وحوكمى تەورات ودیل بوونى لەچەندپەرستگايەيەك بۆچەند بۆنەيەكى دياری كراو،.

هەروا لە قورئانيشدا ئيسمى الله٢٦٩٩جار لە قورئان هاتوە،رب 950جار هاتوە ،لەوەتى

بەرامبەر بەم ئیسم وپاسۆردو کەلیمە ڕوحیانە وشەی وەرگێڕدراوی زمانەکان بەکاردەهێنرێ ،بۆیە کلیلەکە دەرگایەکە ناکاتەوە کەس ناتوانێ بچێتە ناوپەیجی ئیسلام ،چونکە پاسۆردەکەیان لەبیرکردوەوپشت گوێ خستوەو نایانەوێ بەکاری بێنن ،ئایادەکرێ مرۆڤ بەدوودڵ بژی؟ دەوڵەت بە سەدان پایتەخت وسەدان سەرۆک وگوتەبێژی هەبێ؟

ئایا کەستان کە بەبێجگە لەناوی خۆتان بانگ بکرێن ،وڵام دەدەنەوە؟ ئایاتوڕەنابن کەناوی هەڵبژاردەی خۆتان بگۆڕدرێ؟

وەک چۆن یهود دوای بەندکردنی یهوه نابووت بوون،ئێمەش دوای وەک مسوڵمان وئیسلام دوای جێ هێشتنی ئیسمی الله وهێنانی دەیان هەزاروشەی جێگرەوەلەسەدان زمان لەپانتایی وڵاتی ئیسلام دا یەک گرتویی و مەڵبەندی

بوونى ڕوحيمان نەماو پەرت پەرت بووين وژێر دەستە ولاوازبووين.

بەڵێ دينەكان لەدواى رۆژى خۆشيان بەردەوام دەبن و هەك يهود ، تەمەنى زياد لە چوار هەزار ساڵە , لە ئيسلام دا پاراستنى يەكگرتوويى ڕوحى ئاسانترە چونكە وەك دينەكانى پيشوو ئيسمى يەكەم وكۆكەرەوە لە دينەكانى ترلە هەمان زمان بوو,بەلام لە ئيسلام دا ئەوەى جياى كردۆتەوە لە دينەكانى پێش خۆى و گرێ ى نەداوە بە هيچ نەتەوەيەكى تايبەتى ,چونكە الله سەر بەهيچ زمانيكى تايبەتى لە وانەش عەرەبى نيە و ئيسلامەتى بە پاراستنى هەندێ زاراوەو چەمك هەر دەمينێ .

كيشەى نەبوونى كلمەو يەكەيە كى مەلبەندى ومەركە زى و جامع و كۆكەرەوە لە دين و شەريعەتەكاندا واى كردوە كە بەشيوەيەك

دەرکەون کە مشرك وهاوبەش دانەرن و تەنیا خالقیك و پەروەردگاریك ناپەرستن, ئەوەی باسم کرد لەسەر یهوه کە مەرکەزی روحانی تەورات بوو وەك الله لە قورئاندا ,بەلام بەهۆی وەرگیرانی بۆ زمانی تر و گریدانی بە تیگەیشتن و پیناسە فەلسەفیە ریژەی یەکان ئەو پیرۆزیە بزر کرا,,جاچونکە نەیان توانی یەکگرتوویی روحانی ئەم کەلیمە وئیسمە ونهینیانە بپاریزن و فرە ئیسمی یان بۆ الله،یهوه یان بەکار هینا ,بۆیە بە شیوازیکی هاوبەش دانەرو مشرك دەرکەوتن ,

پە یوەندی ئە م بابە تە بە تیرورە وە چونکە تاوشە ی الله بە دە رنە بێ لە گشت زمانونە تە وە کان نازیە ت وشوفێنی و ورە گەزپە رستی کوتایی نایە .توخمپە رستیش دایکی تیروریزمە.

جاكاتێ لەلايەن زمانەوانان و پسپۆرانى نحوو صرف و ريزمان ورستەسازى ووشەسازەكان ويستيان كه وشەى الله وەك وشەكانى تر ى قورئان دەبێ ئەويش سامانيكى زمانەوانى عەرەبى بێ چونكه قورئان عەرەبيه، ,وەدەبێ ئەويش هەمان رێ و شوێن ورێزمان و صرف و وشەسازى زمانى عەرەبى بەسەر دا بچەسپێنرێ, دەبێ كه الله وەك باقى كەليمەكانى عربى ژێدەر، مصدرو رەگ ى هەبێ و لەو ڕەگه وەرگيرابێ وداتاشرابێ ودروست كرابێ , ،ئەوەبێ ئاگا لەوەى كه الله نەى فەرمووه من عەرەبيم ،فەرمويەتى قورئان عەرەبيه.

ئەمانه واى كرد كه قودسيەتى كەليمەى الله و مەركەزيەتى له ئيسلامدا لاواز ببێ,چونكه كه الله مشتق وداتاشراوو وەرگيراو بى له مصدرو رەگ وژيدەر ,كەواته ئەو ئەصل و اول نابێ,

وەكە وشەيەكى عەرەبى يان هەر زمانيكى تريش بێ ,واتە كاتيك هەبوە كە ئەو نەبوەو لەگەڵ دروست بوونى زمانەكە ئەويش دروست بووە..

ژيانناممەى وليدى كوڕى موسليم:

ئەو فەرمودە گێڕەرەوەى كە ٩٩ئيسمە جوانترينەكانى الله ى كۆكردۆتەوە:

له سير أعلام النبلاء و ويكليپيديا له طبقه وچينى نۆيەم سەرژمێريان كردوەوبەم شێوە باسيان كردووە:

وەليد ى كوڕى موسلم ابو العباس ى قوڕەيشي شامي ١١٩-١٩٥ك مەولاى بنەماڵەى ئەمەوى بوو.

قورئانى لاى يەحياى زەمارى خوێندووە

قوتابى ئەم بەڕێزانە بووەوفەرمودەى لێ گێڕاونەو :

كوڕى عجلان، ثورى كوڕى يزيد، كوڕى جريج، مروان كوڕى جناح، ئەوزاعي، ئەبي بكر كوڕى ئەبي مريمى غساني، عفير كوڕى مروان، عثمان كوڕى ئەبي عاتكة، عبد الرحمن كوڕى يزيد كوڕى جابر، عبد الرحمن كوڕى يزيد كوڕى تميم، عبد الله كوڕى علاء كوڕى زبر، سليمان كوڕى موساى ئەشدق، ئيسماعيل كوڕى رافع، حنظلة كوڕى ئەبي سفيان، صفوان كوڕى عمرو، شيبة كوڕى ئەحنف، طلحة كوڕى نافع، عبد الرحمن كوڕى حسانى كناني، حريز كوڕى عثمان، هشام كوڕى حسان، عبد الرزاق كوڕێ عمر ى ثقفي، معان كوڕى رفاعة، شيبانى نحوي، سفيانى ثوري، مالكى كوڕى ئەنس، ليثى كوڕى سعد، كوڕى لهيعة، مثنى كوڕى صباح، يزيد كوڕى أبي مريم، سعيد كوڕى بشير.

ئەوانەى فەرمودەيان لێ گێڕاوەتەوە:

ليث كوڕى سعد، بقية كوڕى وليد - ئەم دوانە مامۆستاشى بوون وقوتابيشى بوون -، عبد الله كوڕى وهب، أبو مسهر، أحمد كوڕى حنبل، دحيم، أبو خيثمة، إسحاق كوڕى موسى، علي كوڕى محمد طنافسي، أحمد كوڕى أبي الحواري، نعيم كوڕى حماد، محمد كوڕى عائذ، داود كوڕى رشيد، سويد كوڕى سعيد، عمرو كوڕى عثمان، إبراهيم كوڕى موسى، محمد كوڕى المثنى كوڕى دينار ى عنزي، أبو قدامةى سرخسي، كثير كوڕى عبيد، محمد كوڕى عبد الله كوڕى ميمون ئەسكندراني، يحيى كوڕى موسى، أبو عمير كوڕى نحاس، محمد كوڕى مصفى، موسى كوڕى عامرى مري، محمود كوڕى غيلان.

پايەى لە زانستى جەرح وتەعديل دا:

محمد كوڕى سەعدى بەغدادى دەڵێ:

«وەليد متمانه پێكراوو ثقة بوو ،فەرمودەى زۆرى گێڕاوەتەوە ،ساڵى١٩٤ لەڕێى حەجێ مردووە.

ئيمام ئەحمەد دەڵێ «كەس لەناوشاميەكان هێندەى وەليد و ئيسماعيلى كوڕى عياش فەرمودەى زۆرى نەگێڕاونەوە.

أبو حاتمى رازي: دەڵێ:فەرمودەكانى باشە، صالح الحديث.

ذهبي دەڵێ: «بوخارى وموسليم كردوياندته بەڵگەوباوەڕيان پێى بووە،بەڵام له گێڕدراوەكانى ئەو چەند دانەيەكيان هەڵبژاردووە.

فەسەوى دەڵێ:لەهشام كوڕى عمارم پرسى لەبارەى الوليد بن مسلم ، وتى زاناو خۆبەكەم گر وخۆپارێزبوو،باوكى كۆيلەى ئەمەويەكان بوو،پاش نەمانى ئەمەويەكان

بەندەکانیش بڵاوبوونەوەوخۆیان بەئازاد دەزانی ،بۆیە وەلید کە ئەمەی زانی پارەی کۆیلەیەکی برد لە بەیت المال دای نا، تا بەشەرعی ئازاد بێ.

ئەبو تەقی یەزەنی لە سعیدکوڕی مسلمەی کوڕی عبدالملک مروان دەگێڕێتەوەکە ولیدکۆیلەی ئەوبووەوئازادی کردوە.

محمدی کوڕی سعد دەگێڕێتەوەکە ولید لە پێنجیەکی دەوڵەت بووە وبەر بەشی مسلمە کەوتوە، کاتێ عباسیەکان سەرکەوتن هەموو کۆیلەکانیان بردن، وەلیدبوە بەشی ساڵح کوڕی علی،ئەویش دایەفەزلی کوڕی، پاشان وەلید خۆی لێ کڕینەوە.

إبراهيم کوڕی المنذر ی حزامي دەڵێ :هاتمه بەسره علي کوڕی مديني هاته لام
گوتی :جارێ پێش هەموو شتێک
فەرمودەکانی الولید کوڕی مسلم م بۆجیاکەوە

. گوتم : سبحان الله ! خۆ بیستنی
تۆزۆرلەبیستنی من باڵاترە، چۆن شتی وادەبێ؟
بەڵام هەرسوربووڵەسەر داواکەی، گوتم :پێم
بڵێ هۆی ئەوهەموو تامەزرۆیەت چیە؟ گوتی
ئەوڵە پیاوی فەرمودەیە لەشام، زانیاریەکی
زۆری لاکەڵەکە بووە، تائێستا نەگەیشتۆتە من ،
وەڵەمەدینەش ،لەکاتی حەج فەرمودەتان لێ
وەرگرتوە،لەوێش خەڵکێکی
زۆرلەهەموولایەکەوەدێن وکۆدەبنەوە،ئەمەش
سودی زۆری تێدایە.

دەڵێ فەرمودەکانم بۆ دەرهێنان، زۆرسەرسام
بوو بە نوسراوەکە..

أبو زرعة ی رازي دەیگوت : ولید لە وکیع
شارەزاترە لە مەغازیدا ،بەڵام وەکیع لە
فەرمودەی عیراقیەکان شارەزایە.

هەندێک لە فەرمودەناسەکان دەڵێن کەئەو فەرمودانەی وەلید لەئەوزاعیەوە دەیانگێڕێتەوە لاوازن،چونکە هەندێ درۆزنیان لەنێواندان.

أحمد کوڕی حنبل دەڵێ : کەسم لەشامیەکان لە الولید بن مسلم عاقڵترنەدیوە .

صدقة کوڕی فضلی مروزي دەڵێ : کەسم نەدیوە وەک وەلید بۆ لەبەرکردنی فەرمودەی درێژو وفەرمودەکانی ملاحم.

وەلیدلە موحەڕەمی ساڵی ١٩٥کۆچی دوایی کردووە.

گوتەی زانایان لەبارەی فەرمودەکەی وەلید لەبارەی اسما الله الحسنى:

ترمذي کە فەرمودەکەی گێڕاوەتەوە بە غەریبی داناوە، ئەلبانی دەڵێ مەبەستی ترمزی لەو غەریبیە لاوازکردنیەتی.

ج١اسماء الله الحسنى /ن.محمدعزيزلۆتەرى.

ابن تيمية دەڵێ كه گێڕانەوەى ترمزى وئيبن ماجه ، هەموو زانايان لەسەرئەوەكۆكن كه كۆكردنەوەوڕيزبەندى ئيسمەكان لەفەرمودەى پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم نين،بەڵک لەهەڵێنجانى هەندێک لەزانايانى پێشينن.

وليد لەهندێ له شێخه شاميەكانى گێڕاوەتەوه وەک تەفسيروڕاڤەكردن بۆ فەرمودەكه....

محمد كوڕى صالح العثيمين دەڵێ:

ديارى كردنى ئەو ئيسمانه لەپێغەمبەرەوه صلى الله عليه وسلم نيه،چونكه ئەوفەرمودەى كه دەگێڕدرێتەوه لەوبارەوەلاوازه.

ابن حجر دەڵێ:بوخارى وموسليم كەئەم گێڕانەوەيان بەلاوازداناوه هەرلەبەرئەوەناكه وەليد بەتەنياگێڕاويەتەوه،بەڵكو لەبەرئەوەى زانايان بۆچونيان لەوبارە جياوازە،لەوەيه كه ڕاڤەكه مدرج وزيادكراوبێ.

ئەو ئيسمانەى كە وەليدى كوڕى موسليم بۆ فەرمودەكە زيادى كردوەو تورموزى لێى گێڕاوەتەوە ئەم ئيسمانەن.

أبو هريرةله رسول الله صلى الله عليه وسلم دەگێڕێتەوە كەفەرمويەتى:

إن لله تسعة وتسعين اسما ـ مائة إلا واحدا ـ إنه وتر يحب الوتر، من حفظها دخل الجنة، وهي: ١-الله،٢- الواحد،٣- الصمد،٤- الأول،٥- الآخر، ٦-الظاهر، ٧-الباطن، ٨-الخالق،٩- البارئ، ١٠-المصور، ١١-الملك،١٢- الحق، ١٣-السلام ١٤-المؤمن،

١٥- المهيمن،١٦- العزيز،١٧- الجبار، ١٨- المتكبر، ١٩-الرحمن، ٢٠-الرحيم، ٢١- اللطيف،٢٢- الخبير، ٢٣-السميع، ٢٤-البصير، ٢٥العليم، ٢٦-العظيم، ٢٧-البار،٢٨- المتعال،٢٩- الجليل، ٣٠-الجميل

٣١- الحي،٣٢- القيوم،٣٣- القادر،٣٤- القاهر، ٣٥-العلي،٣٦- الحكيم،٣٧- القريب، ٣٨- المجيب، ٣٩-الغني، ٤٠-الوهاب،٤١- الودود،٤٢- الشكور، ٤٣-الماجد، ٤٤-الواجد، ٤٥-الوالي،٤٦- الراشد، ٤٧-العفو، ٤٨- الغفور٤٩- الحليم،٥٠- الكريم، ٥١- التواب،٥٢- الرب، ٥٣-المجيد،٥٤- الولي، ٥٥- الشهيد، ٥٦-المبين،٥٧- البرهان،٥٨- الرءوف، ٥٩-الرحيم،٦٠- المبدئ،٦١- المعيد، ٦٢-الباعث، ٦٣-الوارث ٦٤-القوي، ٦٥- الشديد، ٦٦-الضار، ٦٧- النافع،٦٨- الباقي،٦٩- الواقي، ٧٠- الخافض، ٧١-الرافع،٧٢- القابض، ٧٣- الباسط، ٧٤-المعز، ٧٥-المذل، ٧٦- المقسط،٧٧- الرزاق،٧٨- ذو القوة ٧٩-المتين، ٨٠-القائم٨١- الدائم، ٨٢-الحافظ،٨٣- ٨٤- الوكيل٨٥- الفاطر، ٨٦-السامع،٨٧- المعطي،

٨٨-المحيي،٨٩- المميت،٩٠- المانع،٩١- الجامع، ٩٢-الهادي، ٩٣-الكافي،٩٤- الأبد، ٩٥-العالم،

٩٦- الصادق،٩٧- النور،٩٨- المنير، ٩٩- التام،١٠٠ القديم،١٠١ الوتر، ١٠٢الأحد١٠٣- الصمد،١٠٤ الذي لم يلد ولم يولد ولم يكن له كفوا أحد - .

ژمارە زیاد لەنەوەدو نۆ لەکۆکردنەوەی هەموو گێڕدراوەکانی دەقەکەیە.

زهیردەڵێ: زۆرێک لەزانایان بۆیان گێڕاوینەوەکە سەرەتاکەی بە گوتنی لا إله إلا الله وحده لا شريك له له الملك وله الحمد بيده الخير وهو على كل شيء قدير، لا إله إلا الله، له الأسماء الحسنى.

دەست پێدەکا

ج١اسماء الله الحسنى /ن.محمدعزيزلۆتەرى.

الترمذي گێڕاويەتەوەوگوتويەتى : حديث غريب.. ئەم فەرموده لە سەحابەى ترجگەلە أبو هريرة ش گێڕدراوەتەوەبەڵام بەسەندى لاواز.

صنعاني دەڵێ: اتفق الحفاظ من أئمة الحديث أن سردها إدراج من بعض الرواة. اهـ.

هەريەک لە :ابن حزم، وابن العربي، والداودي، والألباني،.دەڵێن ئەم فەرموده لاوازە.

ئەوئيسمانەى كەلەم ليستەداهەيەو نەلە قورئان ونەلە فەرموده دا نەهاتووە:

زانايان لەسەرئەوڕێسايەکۆکن كە ئيسمەكانى اللە تەوقيفين، ،واتە دروست نيە لەخۆمانەوە ئيسمى بۆدارێژين لەكردارێكە كە كردويەتى.دەبێ هەموو ئەوئيسمانە لە قورئان يان سونەت داهاتبن ،بەڵام ئەو ئيسمانەى لەو

لیستەی وەلید داهەن وەک هەریەک لە بەڕێزان:

الشيخ الرضواني و الشيخ عبد المحسن العبادو والشيخ ابن عثيمين بڕیاریان داوە کەئەم ئیسمانە لەقورئان وسونەتدا نەهاتوون:

١-الخافضُ ٢-الرافع٣- المعزُّ٤- المذِل ٥-العَدْلُ ٦-الجَلِيلُ ٧-البَاعِثُ ٨-المُحْصِي٩- المُبْدِئُ ١٠- المُعِيدُ ١١-المُمِيتُ١٢- الوَاجِدُ١٣- المَاجِدُ ١٤- الوَالِي١٥-المُقْسِط١٦- المُغْنِي ١٧-المَانِعُ١٨- الضَّارُّ ١٩-النَّافِعُ ٢٠-البَاقِي ٢١-الرَّشِيدُ٢٢- الصَّبُور.

قسەی زانایان لەبارەی ئەم ٢٢ئیسمە کەدروست نیە بەم ئیسمانە دوعاوپاڕانەوەبکرێ:

– عبد العزيز بن ناصر الجليل، له كتێبى ولله الأسماء الحسنى دەڵێ:

« چەند ئيسمێک لەوئيسمانەداهاتوون كە ڕاست نين ولەقورئان وسونەت نەهاتوون»

ابن حجردەڵێ:لەهيچ فەرمودەيەكدا ئەم ئيسمانە نەژمێردراون ودەرهێنانى ٩٩ئيسم لە قورئان وسونەت ئيجتهادى زانايانە.

محمد بن عثيمين و عبد المحسن العباد البدردەڵێن:،

«ئيسمەكانى الباعث والمحصي بەڵگەيان لەسەرنيە، تەنيا وەک فيعل وكردارى الله باسكراون، وەک دەفەرموێ: يَوْمَ يَبْعَثُهُمُ اللَّهُ جَمِيعًا فَيُنَبِّئُهُمْ بِمَا عَمِلُوا أَحْصَاهُ اللَّهُ وَنَسُوهُ وَاللَّهُ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ شَهِيدٌ (سورة المجادلة، الآية 6)، ئيسمى الباعث له يبعثهم، وئيسمى المحصي له أحصاه الله دەڕێژراون،وەلە ڕێساكان ئەوەيە كەئيسم لە فيعل وكردار داناتاشرێن.

. بەڵام هەردوو ئیسمی الضار و النافع ئەم دوانە تەنانەت وەک کرداریش نەلەقورئان ونەلەسونە پاڵ نەدراونەی لای اللە،وەدروستیش نیە لە ئایەتێکی وەک: قُلْ لَا أَمْلِكُ لِنَفْسِي نَفْعًا وَلَا ضَرًّا إِلَّا مَا شَاءَ اللَّهُ وَلَوْ كُنْتُ أَعْلَمُ الْغَيْبَ لَاسْتَكْثَرْتُ مِنَ الْخَيْرِ وَمَا مَسَّنِيَ السُّوءُ إِنْ أَنَا إِلَّا نَذِيرٌ وَبَشِيرٌ لِقَوْمٍ يُؤْمِنُونَ (سورة الأعراف، الآية 188) وەربگیرێن»

هەروەهانابێ الضر پاڵ بدرێتە لای اللە چونکەلەفەرمودەهاتووەکەموسلیم گێڕاویەتیەوە،.... والشر ليس إليك " کەواتە بەدکاری پاڵ نادرێتە لای اللە چونکە دەبێ ئیسمەکان هەموو حوسنابن واتە جوانترین وتەواوتین ودادگەرترین ومیهرەبانترین وفراوانترین وگونجاوترین وهەموارترینن.بەڵام زەرەر وزیان لەوئیسمانە نیە.

ابن القيم دەڵێ:

چۆن بەدكارى پاڵدەدرێتە لاى الله كه هەموو جۆرەكانى الحمد والشكر بۆئەوەو هەرچى نعمەت وفضل هەيە هى ئەوە؟..»

ابن القيم دەڵێ: «الله نەفسى خۆى وەسف نەكردووە بە بالكيد والمكر والخداع والاستهزاء بەڕەهايى، وەئەم ئيسمانەى نەخستۆتە ناو أسمائى الحسنى، هەرنەفامێک بڵێ: الماكر والمخادع والمستهزئ والكائدلەئيسمە جوانەكانن هەڵەيەكى گەورەى كردوە...مرۆڤەكان بەم ناوانە ڕازى نابن،ئەى چۆن بۆ الله دەبێ كەئەو هەموو ئيسمەكانى حوسانان ، ستايش كراون؟

خۆئەمانە ناوى نەوى وسەركۆنەكراون ، هەروەهانابێ بەالمريد والمتكلم و الفاعل و الصانع بانگ بكرێ، چونكەئەمانەش بۆچاک وخراپ بەكاردێن، بۆيەدەبێ ئيسمى حوسنى

ج١اسماء الله الحسنى /ن.محمدعزيزلۆتەرى.

يەكلايەنە تەنيابۆ جوانى بەكاربێ وەک حەكيم ورحيم ..

چونكه كەئەودەرگايەكرايەوه خەڵكانێک دێن به الداعي، والآتي، و الجائي، والذاهب، والقادم، والرائد، والناسي، والقاسم، والساخط، والغضبان، واللاعن،بالمريد و الشائي والمحدث،الزارع، الذارئ، المسعر.الماكر والمخادع والفاتن والكائد الصانع والفاعل والمتقن

.....هتد بانگی دەكەن،كەئەمەش دروست نيه....

محمد بن صالح العثيمين دەڵێ: « أسماء الله تعالى توقيفية، به عەقڵ داناتاشرێ، تەنيا ئەو ئيسمانه قبوڵ دەكرێن كەله كتاب وسونەت داهاتوون،نەڵێيان كەم دەكرێ ونەزياد،،چونكه

عەقڵ نازانێ الله شايانى چ ئيسمێكەوقورئانيش دەفەرموێ {وَلا تَقْفُ مَا لَيْسَ لَكَ بِهِ عِلْمٌ إِنَّ السَّمْعَ وَالْبَصَرَ وَالْفُؤَادَ كُلُّ أُولَئِكَ كَانَ عَنْهُ مَسْؤُولاً} وەدەفەرموێ: {قُلْ إِنَّمَا حَرَّمَ رَبِّيَ الْفَوَاحِشَ مَا ظَهَرَ مِنْهَا وَمَا بَطَنَ وَ الإِثْمَ وَالْبَغْيَ بِغَيْرِ الْحَقِّ وَأَنْ تُشْرِكُوا بِاللَّهِ مَا لَمْ يُنَزِّلْ بِهِ سُلْطَاناً وَأَنْ تَقُولُوا عَلَى اللَّهِ مَا لا تَعْلَمُونَ}،چونكه دانانى ئيسمێک كه الله بۆخۆى هەڵنەبژاردوەوولادان وئينكارى ئيسمێک كەبۆخۆى هەڵ بژاردووه گوناهێكى گەورەيە....

وەقياس وپێوانەش لەو بواره دروست نيه..وەک ئيسمى السخي چونكه له الكريم نزيكه،يان الجلد له القوى نزيكه،يان له القادر المطيق و المستطيع وەرگيرێ.

يان له (الرحيم) الرقيق والشفيق،وەرگيرێ وله(الحليم) و(الصبور) وەرگيرێ يان الوقور

والرزين وەرگيرێن.هەروەهادروست نيە لە ئيسمى(العليم) عارف وعاقل الفقيه ... دابنرێن....

يان له الخالق البارئ المصور ، ئيسمى الفاعل الصانع المشكل، وەرگيرێ ، يان له الغفور العفو ،ئيسمى الصفوح وەرگيرێ.

ابن القيم دەڵێ: «أسماؤه ....هي أحسن الأسماء وأكملها فليس في الأسماء أحسن منها، ولا يقوم غيرها مقامها، ولا يؤدي معناها وتفسير الاسم منها بغيره، ليس تفسيرا بمرادف محض بل هو على سبيل التقريب والتفهيم.....

بە گوێرەی ئەم ڕاڤەی ئيبن قەيم بێ هيچ ئيسم ودەستەواژەو هاوماناو موراديف و وەرگێڕان وتەرجومەيەک واتای ئەو ئيسمانە نادابەدەستەوە.

كەواتە ئيسم بۆئەوەى حوسنا بێ دەبێ يان لەقورئان يان لەسونەت بەشێوەى ئيسم هاتبێ ودوعاشى پێ كرابێ.

ئەوئيسمانەى لەقورئان وسونەت هاتوون ودوعاشيان پێكراوە بەڵام لە ڕيزبەندييەكەى وەليدى كوڕى موسليم دا باس نەكراون وەك :

السبوح. أرحم الراحمين، وخير الغافرين، ورب العالمين، ومالك يوم الدين، وأحسن الخالقين، وجامع الناس ليوم لاريب فيه، ومقلب القلوب.....

جۆرەكانى دەلالاى دەستەواژەكان بەگشتى ودەلالەتى ئەسماى حوسنا سێ بەشن:

١-دلالة المطابقة:ئيسمەكە هەموو بەشەكانى لەخۆدەگرێ ودەليل وبەڵگەى هەموو بەشەكانى واتاكانە،هەركەئەو دەستەواژەگوترا بيستەر هەموو واتاكانى ئەو گوتنەى دێنە بيروهۆش

چونكه ئەم دەربڕينه پڕبەپێستى واتاكانى ئەم ئيسمه دانراوه بێ زيادوكەم.

٢-دلالة التضمن:ئيسمەكه هەموو واتاكانى لەخۆناگرێ، بەڵكو هەندێک بەش له بەشەكانى دەگرێته خۆى،وەک ئەوەى خودى ئيسمەكه له واتاو بەڵگەوئاوەڵ ئيسمەكانى جيادەكەنەوه..

٣-دلالة التزام:ئيسمەكه لەگەڵ ماناكانى خۆى واتاى هێندێک ئيسمى ديكەش لەخۆى دەگرێ،يان هەندێک واتاوسيفەت لەخۆدەگرێ كەئەو واتايانه بەشێک نين لەواتاى ئەو ئيسمه.

نمونه بۆ ئەو سێ دەلالەته كه باسمان كرد، ئيسمى الرحمن بەڵگەيه لەسەر خودو نەفسى الله يەكى ميهرەبانترين بێ جياكردنەوەى الله له ميهرەبانى

به دەلالەتى المطابقة

ولەسەرخودى الله بەجيا وتاييەتكردنى ڕەحمەت ومیهرەبانى بە الله بەجيا،بوونى ئەم دوو دەلالەتە پێى دەڵێن دەلالەتى التضمن.

مادام الرحمن خاوەن خودێكى پڕ میهرەبان بێ، كەواتە دەبێ ئەوخودە خاوەنى عیلم و وژیان وهێزوشیان بێ بە دەلالەتى التزام ،چونكە میهرەبانى بەبێ زانست وعلم و ژیان وتوانا بوونى نیە، دەبێ ئەو میهرەبانە پێش ئەوەى میهرەبان بێ زیندوو بێ، وەدەبێ ئەم زیندووە میهرەبانە توانای هەبێ تا میهرەبانیەكەى بگەیەنێتە بەندەكانى، لەگەڵ ئەوەى هەریەک لە ژیان و هێزوشیان بەشێک نین لەواتاكانى ئیسمى الرحمن..

بەڵام عەقڵ وهۆش دەڵێن كەدەبێ تا بونەوەرێكى میهرەبان هەبێ ، دەبێ ئەو میهرەبانە زیندوو و بەهێزو توانابێ چونكە مردوو وبێ توانا ناتوانێ میهرەبان بێ..

هەموو بونەوەرێک چەندەها تایبەتمەندى وجیاکەرەوەى هەیە.

هەندێک لە زانایان گوتویانە کە ئیسمە حوسناکان نابێ مقید بن ودەبێ ڕەهابن، بەڵام لەقورئاندا زۆربەى ئیسمەکان بە دیاریکراوى و موقەیەدى هاتوون وبەشێکن لە ئیسمە حوسناکان.

ئەوزانایانەى کەهەوڵى سەرژمێرى ئیسمە حوسناکانى الله یان داوە ئەمانە هەندێکیانن:

١- ولید کوڕى مسلم.

لەگەڵ فەرمودەى "إن لله تسعة وتسعين اسمًا" کە ترمذي گێڕاویەتیەوە.نەوەدونۆ ئیسمى هاوپێچ کردووە.

ج١اسماء الله الحسنى /ن.محمدعزيزلۆتەرى.

٢- عبد الملكى صنعاني،لەگەڵ فەرمودەى "إن لله تسعة وتسعين اسمًا" كه ابن ماجه گێڕاويەتەوه. نەوەدونۆ ئيسمى هاوپێچ كردووه.

٣- عبد العزيز كوڕى حصين، لەگەڵ فەرمودەى "إن لله تسعة وتسعين اسمًا" كەحاكم گێڕاويەتەوه.نەوەدونۆئيسمى هاوپێچ كردووه.

٤-محمد كوڕى إسحاق كوڕى منده له بەشى دووەمى كتێبى التَّوحيد باسى كردووه.

٥-أبي محمد علي كوڕى أحمد بن حزم،له كتێبى المحلى باسى كردووه.

٦-أبي بكر محمّد كوڕى عبد الله القرطبي ناسراوبه ابن العربي المالكي له كتێبى أحكام القرآن.باسى كردوه.

٧-محمد كوڕى مرتضاى يماني ناسراوبەابن الوزير له كتێبى إيثار الحقِّ على الخلق باسى كردووه.

٨-أحمد كوڕى علي كوڕى حجر العسقلاني، له كتێبى فتح الباري باسى كردووه.

٩-أبو بكر أحمد كوڕى حسين البيهقي،لەكتێبى الأسماء والصِّفات باسى كردووه.

١٠-محمد كوڕى صالح كوڕى عثيمين،له كتێبى القواعد المثلَى.باسى كردوه.

١١-محمود عبدالرازق الرضواني، له كتێبى أسماء الله الحسنى الثابتة في الكتاب والسنة.بژاردوونى.

١٢-عبد الله كوڕى صالح كوڕى عبد العزيز الغصن،لەكتێبى أسماء الله الحسنى.

ج١اسماء الله الحسنى /ن.محمدعزيزلۆتەرى.

١٣-عبد العزيز كورِى ناصر الجليل,لەكتێبى (ولله الأسماء الحسنى).

١٤-سعيد كورِى علي كورِى وهف القحطاني، له كتێبى شرح الأسماء الحسنى في ضوء الكتاب والسُّنَّة.

١٥-عبد المحسن العباد،له كتێبى قطف الجني الداني.

كۆى هەموو ئەو ئيسمانەى كه ئەم پازده مامۆستا بەڕێزه لەدرێژايى هەزار ساڵ هەرلەسەردەمى ئەمەويەكانەوه تائەمڕۆ ٢٢٢ئيسميان بژاردوه كەلەم ليستەى خوارەوه هەموو كۆكراونەوه:

1الله

2الرحمن

3الرحيم

4الملك

5القدّوس

6السلام

7المؤمن

8المهيمن

9العزيز

10الجبار

11المتكبّر

12الخالق

13البارئ

14المصور

15الغفار

16القهّار

17الوهّاب

18الرزاق

19الفتاح

20العليم

21القابض

22الباسط

23الخافض

24الرافع

25المعز

26المذل

27السميع

28البصير

29الحكم

30العدل

31اللطيف

32الخبير

33الحليم

34العظيم

35الغفور

36الشكور

37العلي

38الكبير

39الحفيظ

40المُقيت

41الحسيب

42الجليل

43الكريم

44الرقيب

45المجيب

46الواسع

47الحكيم

48الودود

49المجيد

50الباعث

51الشهيد

52الحق

53الوكيل

54القوي

55المتين

56الولي

57الحميد

58المحصي

59المبدئ

60المعيد

61المحيي

62المميت

63الحي

64القيوم

65الواجد

66الماجد

67الواحد

68الصمد

69القادر

70المقتدر

71المقدم

72المؤخر

73الأول

74الآخر

75الظاهر

76الباطن

77الوالي

78المتعالِ

79البر

80التواب

81المنتقم

82العفو

83الرؤوف

84مالك الملك

85ذو الجلال والإكرام

86المقسط

87الجامع

88الغني

89المغني

90المانع

91الضار

92النافع

93النور

94الهادي

95البديع

96الباقي

97الوارث

98الرشيد

99الصبور

100الجميل

101القاهر

102القريب

103الراشد

104الرب

105المبين

106البرهان

107الشديد

108الواقي

109البار

110ذو القوة

111القائم

112الدائم

113الحافظ

114الفاطر

115السامع

116المعطي

117الكافي

118الأبد

119العالم

120الصادق

121القديم

122الوتر

123الأحد

124المالك

125المليك

126الجواد

127الخلاق

128الديان

129الرازق

129الرفيق

130السيد

131السبوح

132السريع

133الستار

134الشافي

135الشاكر

136الطيب

137الأعلى

138العلام

139الغافر

140الفاتح

141القدير

142الكفيل

143المعين

144المنان

145الموسع

146المنعم

147المفرج

148المعافي

149المُطعم

150الناصر

151النذير

152الوافي

153عالم الغيب والشهادة

154ذو الفضل العظيم

155ذو العرش المجيد

156ذو الطول والإحسان

157ذو الرحمة الواسعة

158ذو الجبروت والملكوت

159فاطر السموات والأرض

160فالق الحب والنوى

161منزل الكتاب

162سريع الحساب

163علام الغيوب

164غافر الذنب

165قابل التوب

166فارج الهم

167كاشف الكرب

168مقلب القلوب

169خير الفاصلين

170ذو المعارج

171خير الناصرين

172خير الفاتحين

173خير الراحمين

174خير الغافرين

175أرحم الراحمين

176المحيط

177الحنان

178الأكرم

179الإله

180المسعَّر

181الدهر

182رفيع الدرجات

183شديد المحال

184عدو الكافرين

185الحفي

186نور السماوات والأرض

187الغيور

188المنذر

189المدبر

190مخزي الكافرين

191النصير

192خير المنزلين

193خير الماكرين

194متم نوره

195المستعان

196المعبود

197أهل التقوى

198أهل المغفرة

199واسع المغفرة

200أحكم الحاكمين

201خير الحاكمين

202خير الرازقين

203أحسن الخالقين

204خير الحافظين

205الفعال لما يريد

206خير الوارثين

207فالق الإصباح

208نعم المولى

209كاشف الضر

210مخرج الحي من الميت

211مخرج الميت من الحي

212جاعل الليل سكناً

213أسرع الحاسبين

214ولي المؤمنين

215الغالب على أمره

216البالغ أمره

217ذو الانتقام

218المغيث

219المولى

220الحييّ

221المحسن

222الفرد

ئەمە ڕووپێویکی هەزارسالّانەیە
،بەرهەمی پازدە مامۆستاوزانایە کە ئیسمە
حوسناکانی الله یان کۆکردۆتەوەو کۆی

كۆكردنەوەوسەرژمێرى هەموويان ٢٢٢ئيسم بوو.

بێجگە لەم پازدانە زانايانى ديكەش هەوڵى بەرچاويان لەوبارەوە هەيە وەک ئيبن القيم وئيبن تەيميە وشێخ عبدالرحمن سعدى وحمودى نەجدى ومحمد زين شحاتەومحمد راتب نابلوسى وكەسانى ديكەش لەكۆن ونوێدا.

بەندەش شەرەفمەند دەبم كە منيش بچمە ناو ئەوكەسانەى هەوڵى سەرژمێرى ٩٩ئيسمە حوسناكانى الله بدەم.

وەكو دەركەوت كە مەرجى حوسنابوون بۆ ئيسمەكانى الله دوو مەرجى سەرەكين:

١-لەقورئان دا ئەوئيسمە هاتبێ وەک ستايش ومەدح پاڵدرابێتە لاى الله بەشێوەى ئيسمى مفرد وەک الحكيم يان ئيسمى لێكدراوو داڕێژراو وەک احسن الخالقين وعلام الغيوب و ذو الفضل العظيم... وەئەو ئيسمە ئيسمێكى جامد

نەبێ وەک الدهر ،بەڵکو ئیسمێک بێ بتوانرێ کردارو و واتای لێ وەربگیرێ و واتاکەش تەنیابۆ ستایش بەکاربێ بۆ سەرکۆنەو تانە لێدان بەکارنەیەت.

٢- ئەو ئیسمە بتوانرێ بۆ دوعاکردن وپاڕانەوەبەکار بهێنرێ وبەڵگە لەقورئان وسونەت هەبێ کەئەوئیسمە بۆدوعاکردن لەقورئان وسونەت بەکارهێنرابێ.

چونکە لەقورئاندا فەرمان بە پەیامبەر صلى الله عليه وسلم وياوەران کراوە کەئەم ئیسمە حوسنایانە لە دوعاوپاڕانەوەکانیان بەکاربێنن، وە قورئان لەچەندین ئایەت فێری چۆنێتی دوعاکردن بەوئیسمانەی کردوون ، وەهەروەها پێشەوامان لەدوعاکانی بەکاری هێناون.

بۆیە هەرئیسمێک پاڵ درابێتە لای الله ولەدوعابەکارنەهێنرابێ،ئەوە ئیسمی الله یە بەڵام ئیسمی حوسنا نیە.

من بۆ ڕیزبەندی ئیسمە حوسناکان هەرلە یەکەم ئیسم تائیسمی نەوەدو نۆ بە پێی ژمارەی دووبارە بوونەوەی ئەوئیسمە لەقورئاندا ڕیزیان دەکەم،اللە لەهەموویان زیاتر دووبارە بۆتەوە بۆیە یەکەمە وهەموو ئیسمەکان پاڵ دەدرێنە لای ئەو.

ئیسمی رب دوای اللە لەئیسمەکانی دیکە زیاتردووبارەبۆتەوە بۆیە وەک ئیسمی یەکەم کەپاڵدراوەتە لای اللە باسم کردوە...

کەدووئیسم وەک یەک دووبارەبوونەوە لەقورئان، ئەوە کامەیان لە پێش ئەوی تردابەزیبوو لە قورئاندا ئەو پێش دەکەوێ،بۆیە دەبێ هەوڵ دەم ڕیزبەندی ڕاست ودروستی دابەزینی سوڕەتەکانیش لەهەردوو سەردەمی مەککە ومەدینە بزانم .

لەدوای هەرئیسمێک ژمارەی دووبارەبونەوەی لەقورئان دەنوسم ،پاشان بەڵگەی بەکارهێنانی

ئەو ئيسمە لە دوعاكردن بە ئايەت يان فەرمودە دەنوسم.

ڕيزبەندى ئيسمەكان بەم مەرجانەى سەرەوە -الله جل جلاله:لا اله الا الله.

٢٧٢٤جارلەقورئاندا دووبارەبۆتەوەبە بەگوتەى عبدالعزيز جولەيل، بەڵام ماڵپەڕە ئەلكترۆنيەكان دەڵێن٢٦٩٩جارەوئەوژمارە بەسەريەكدانەبێ بەسەرهيچ ژمارێكدادابەش نابێ.

ژمارە ڕاستەكە ئەوەيە كە ئيسمى الله٢٨١٧جار لەقورئانداهاتووە ئەگەر ١١٢ئيسمى الله كەلە بسم الله الرحمن الرحيم ى سەرەتاى سوڕەتەكان نەبوێرين، بەڵام كە ئەوان ببوێرين ٢٧٠٥جار هاتووە.

كه لەهەموو ئيسمەكانى ترزياتردوبارەبۆتەوەو ئيسمى عەلەم ه بۆ الله وهيچ ئيسمێكى ترى الله ناتوانێ جێى الله بگرێ وڕۆڵى ئيسمى الله بگێڕێ،هەموو ئيسمەكان پاڵ دەدرێنه لاى الله .

هەرچەندە يەكەم جارله قورئان ولەسەرەتاى سورەتى علق ئيسمى رب پێش ئيسمى الله لەقورئان دا دابەزيوە،بەڵام ئيسمى الله دواى ئەوزۆر دوانەكەوتوەويەكەم جار ئيسمى الله و الرحمن الرحيم له سورەتى فاتيحه دابەزيون كەبەبۆچونى ڕاججى زانايانى سيرەوعلمى قورئان چوارەم سورەت سورەتى الحمد دابەزيوەو يەكەم سورەته كەهەرحەوت ئايەتەكەى بەيەكەوەهاتن،پێش فاتيحه پێنج ئايەت لەسورەتى علق وحەوت ئايەت له مدثر وحەوت ئايەتيش له مزمل دابەزيبوون.

گومانى تێدانيه كه الله كۆكەرەوەى هەموو ئيسمه حوسناكانه وبەڵگەش لەقورئاندا بۆ ئەمه يەكجار زۆرن لەوانه:

-﴿قُلِ ادْعُوا اللَّهَ أَوِ ادْعُوا الرَّحْمَنَ أَيًّا مَا تَدْعُوا فَلَهُ الْأَسْمَاءُ الْحُسْنَى وَلَا تَجْهَرْ بِصَلَاتِكَ وَلَا تُخَافِتْ بِهَا وَابْتَغِ بَيْنَ ذَلِكَ سَبِيلًا ١١٠﴾ [الإسراء:110]

-اللَّهُ لَا إِلَهَ إِلَّا هُوَ الْحَيُّ الْقَيُّومُ لَا تَأْخُذُهُ سِنَةٌ وَلَا نَوْمٌ لَهُ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَمَا فِي الْأَرْضِ مَنْ ذَا الَّذِي يَشْفَعُ عِنْدَهُ إِلَّا بِإِذْنِهِ يَعْلَمُ مَا بَيْنَ أَيْدِيهِمْ وَمَا خَلْفَهُمْ وَلَا يُحِيطُونَ بِشَيْءٍ مِنْ عِلْمِهِ إِلَّا بِمَا شَاءَ وَسِعَ كُرْسِيُّهُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ وَلَا يَئُودُهُ حِفْظُهُمَا وَهُوَ الْعَلِيُّ الْعَظِيمُ ٢٥٥﴾ [البقرة:255]

ئايەتى كورسى كەگەورەترين ئايەتى قورئانه ووەک دوعاوپەنادان مسوڵمانان ڕۆژى سونەته

هەشت جار بيخوێنن لەدواى پێنج نوێژەكەوله ويردى سبەينەوئێوارەو كاتى نوستن.

-قُلِ اللَّهُمَّ مَالِكَ الْمُلْكِ تُؤْتِي الْمُلْكَ مَنْ تَشَاءُ وَتَنْزِعُ الْمُلْكَ مِمَّنْ تَشَاءُ وَتُعِزُّ مَنْ تَشَاءُ وَتُذِلُّ مَنْ تَشَاءُ بِيَدِكَ الْخَيْرُ إِنَّكَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ ۝ تُولِجُ اللَّيْلَ فِي النَّهَارِ وَتُولِجُ النَّهَارَ فِي اللَّيْلِ وَتُخْرِجُ الْحَيَّ مِنَ الْمَيِّتِ وَتُخْرِجُ الْمَيِّتَ مِنَ الْحَيِّ وَتَرْزُقُ مَنْ تَشَاءُ بِغَيْرِ حِسَابٍ [آل عمران:26- 27].

﴿قُلِ اللَّهُمَّ فَاطِرَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ عَالِمَ الْغَيْبِ وَالشَّهَادَةِ أَنْتَ تَحْكُمُ بَيْنَ عِبَادِكَ فِي مَا كَانُوا فِيهِ يَخْتَلِفُونَ ٤٦﴾ [الزمر:46]

- ﴿فَإِنْ تَوَلَّوْا فَقُلْ حَسْبِيَ اللَّهُ لَا إِلَهَ إِلَّا هُوَ عَلَيْهِ تَوَكَّلْتُ وَهُوَ رَبُّ الْعَرْشِ الْعَظِيمِ ١٢٩﴾ [التوبة:129]

- ﴿دَعْوَاهُمْ فِيهَا سُبْحَانَكَ اللَّهُمَّ وَتَحِيَّتُهُمْ فِيهَا سَلَامٌ وَآخِرُ دَعْوَاهُمْ أَنِ الْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ ١٠﴾ [يونس:10]

-﴿وَإِمَّا يَنْزَغَنَّكَ مِنَ الشَّيْطَانِ نَزْغٌ فَاسْتَعِذْ بِاللَّهِ إِنَّهُ هُوَ السَّمِيعُ الْعَلِيمُ ٣٦﴾ [فصلت:36]

پاڕانەوەودوعا بە ئیسمی الله،اللهم له سونەتدا یەکجارزۆرن ئەمە نمونەیەکە:

(اللَّهمَّ إنِّي أسألُكَ منَ الخيرِ كلِّهِ عاجلِهِ وآجلِهِ ما علمتُ منهُ وما لم أعلمْ، وأعوذُ بكَ منَ الشَّرِّ كلِّهِ عاجلِهِ وآجلِهِ ما علمتُ منهُ وما لم أعلمْ، اللَّهمَّ إنِّي أسألُكَ من خيرِ ما سألكَ عبدُكَ ونبيُّكَ، وأعوذُ بكَ من شرِّ ما عاذَ منه عبدُكَ ونبيُّكَ، اللَّهمَّ إنِّي أسألُكَ الجنَّةَ وما قرَّبَ إليها من قولٍ وعملٍ ،وأعوذُ بكَ منَ النَّارِ وما قرَّبَ إليها من قولٍ أو عملٍ، وأسألُكَ أن تجعلَ كلَّ قضاءٍ قضيتَهُ لي خيرًا)

(اللَّهمَّ اهدِني فيمن هديت، وعافِني فيمن عافيتَ، وتولَّني فيمن تولَّيتَ، وبارِك لي فيما أعطيتَ، وقني شرَّ ما قضيتَ، إنَّكَ تقضي ولا يقضى عليْكَ، وإنَّهُ لا يذلُّ من واليتَ، ولا يعزُّ من عاديتَ، تبارَكتَ ربَّنا وتعاليتَ).